KURDISTAN




# رۆژئاوای کوردستان

# ROJ AVA

## لە پەراوێزی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

# پێرست


١- ئالینگاری و دەرفەتەکانی بەردەم کوردی رۆژاڤا........................................ ئاسۆ کەریم ..... ٥

٢- راوێژکارێکی کۆمارییەکان پێویستە ئەمریکا کورد بکاتە هاوپەیمانێکی نوێ.............. بڕیار جەلال ..... ١٩

٣- کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا؟................................................ هەندرێن شێخ راغب ..... ٢٣

٤- کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سوریا؛.............................................. روفیز حافزئۆغلو ..... ٢٦

٥- کشانەوەی ئەمریکا لە رۆژئاوای کوردستان............................................... ئارام هادی ..... ٢٨

٦- بڕیاری ترامپ و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا.............................. پەرویز ڕەحیم ..... ٣٠

٧- تویتێک بە تامی بۆمب......................................................... سامانی وەستا بەکر ..... ٣٦

٨- ترەمپ ڕاستگۆترین سەرۆکی سیستەمی سەرمایەداری کە کوردی ڕاچەڵەکاند...... ڕێبوار محەمەد ئەمین ..... ٤٠

٩- ئەنجامی سیاسەتی ترازان‌و ئەمریکا و چارەنوسی کوردستان (رۆژئاوا بۆ نمونە)......... مەلا بەختیار ..... ٤٢

١٠- ترەمپ و کورد................................................................ سەردار عەزیز ..... ٤٨

١١- هاوپەیمانی یان پەتپەتێن!...................................................... ئارام سەعید ..... ٥١

١٢- ساڵح موسلیم: ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئێمە نەهاتبووە رۆژئاوای کوردستان........... ئەحمەد مستەفا ..... ٥٣

١٣- لەناکاودا ترەمپ بڕیاری دا....................................................... بورهان شێخ ڕەئوف ..... ٥٦

١٤- بەرژەوەندی ئەمریکا........................................................... شوان کەریم کابان ..... ٥٩

١٥- ئەمریکا خیانەتی لە رۆژئاڤا کردووە یان سیستمی نوێی جیهانی بەڕێوەیە؟........... سەنگەر ڕەسوڵ ..... ٦١

١٦- شکۆی لەقبووی ئەمریکا!......................................................... سۆران عەلی ..... ٦٤

١٧- ئەفغانستان و سووریا لە دیپلۆماسیی تەلەفۆنی و تویتەریی ترامپدا................. قەرەنی قادری ..... ٦٦

١٨- گۆڕانکارییەکانی رۆژئاوا........................................................ مەسعودی مەلا هەمزە ..... ٧٠

١٩- ستراتیژی مانەوە................................................................ خەڵەف غەفور ............ ٧٢

٢٠- ترەمپ درۆی لەگەڵ نەکردین.................................................... هێمن عەبدوڵڵا .......... ٧٤

٢١- لێکەوتەکانی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا........................ فەرید ئەسەسەرد .......... ٧٦




سەرچاوە
Serchawe

٢٢- کێشەی کوردی رۆژئاوا لەگەڵ دیمەشقە نەک ئەنقەرە.................................. عارف قوربانی ..... ٧٩
٢٣- ترەمپ و کورد............................................................ لەتیف فاتیح فەرەج ..... ٨٣
٢٤- ترەمپ ئایا لە سەرەتای ساڵی داهاتوو هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە؟............. فرهاد محمد ..... ٨٥
٢٥- پاشەکشێکەی ئەمریکا..................................................... هیوا محەمەد ..... ٨٩
٢٦- کوردی سووریا لەنێوان کشانەوەی ئەمریکاو هەڕەشەی تورکیادا.................... سەلاح بەدرەدین ..... ٩١
٢٧- عەقڵی کورد، لە دوای شکست................................................. سەرتیپ جەوهەر ..... ٩٦
٢٨- بڕیاری ترەمپ و ئەگەرەکانی بەردەم رۆژئاڤا................................... دلاوەر عەلائەددین ..... ٩٨
٢٩- بژاردەی کورد لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا................................ مستەفا محەمەد ..... ١٠١
٣٠- ئەمریکا دەبوو ڕۆڵی بەیەک گەیاندنی کوردی ڕۆژئاوا و ئانکارایی گێڕابا!......... محەممەد سلێمانی ..... ١٠٣
٣١- رۆژئاوا، یان رۆژئاوابوون؟................................................... ئاریز عەبدوڵڵا ..... ١٠٨
٣٢- لێکەوتە هەرێمییەکانی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا................................ د. زوبێر رەسوڵ ..... ١١٠
٣٣- کۆتایی ئەمریکا لە خۆرهەڵات................................................... ئاراز رەمەزان ..... ١١٤
٣٤- ئیتان گیلبوا: بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا ناپاکیکردنە لە کورد............. گوڵان میدیا ..... ١١٧
٣٥- کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا؛ هۆکار و لێکەوتەکانی................................ د. نەوزاد هێتوتی ..... ١٢١
٣٦- بڕیارەکەی ترامپ و لێکدانەوەکان.............................................. هیوا مەجید خەلیل ..... ١٢٤
٣٧- سووتانی کارتەکانی گوشار لە هاوکێشە نوێیەکانی بەرژەوەندیدا........... هۆگر ئیبراهیم حەکیم ..... ١٢٨
٣٨- سیناریۆ و پێشهاتەکانی ئایندەی سوریا دوای کشانەوەی ئەمریکا..................... موراد محەمەد ..... ١٣٢
٣٩- هەڵهاتن لەئیدارەکەی ترەمپ!................................................... ئومێد عوسمان ..... ١٣٥
٤٠- جەنگە گەورەکە بەڕێگاوەیە..................................................... ئارام عەلی عەزیز ..... ١٣٦
٤١- گوتەبێژی یەپەگە بۆ رووداو: ئەرکی سوپای سووریایە هێرشی تورکیا رابگرێت..... سەرباز سیامەند ..... ١٣٩
٤٢- سیناریۆکانی پاش کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا................................... بورهان شێخ ڕەئوف ..... ١٤٣
٤٣- بڕیارە ترسناکەکە..!............................................................ عەدالەت عەبدوڵلا ..... ١٤٦
٤٤- دوکتور کامران مەتین لە بەرنامەی "چشم انداز..................... لە فارسییەوە: حەسەن قازی ..... ١٤٩
٤٥- کورد و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا.................................... پەرویز ڕەحیم ..... ١٥٥
٤٦- لینزی گراهام "کوردەکان بۆ شەڕی دژی داعش کەسی دیکە لە مەیدان دا نەبوو....... حەسەن قازی ..... ١٦١



سەرچاوە
Serchawe

٤٧- رێکەوتنەوە لەگەڵ بەشار ئەسەد.................................................. خەڵەف غەفور ..... ١٦٣
٤٨- ئایا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، ورە و زاتی زێتر وەبەر کەنداو دەنێ؟...........................
........................................ د. جیمس ئێم. دۆرسەی وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم ..... ١٦٥
٤٩- کشانەوەکەی ئەمریکا و ئایندەی رۆژئاوای کوردستان................................ د.کاوە رەزا ..... ١٧٠
٥٠- ترەمپیش بیری خستینەوە........................................................... هێمن لهۆنی ..... ١٧٣
٥١- کشانەوەی ئەمریکا لە رۆژئاوا.................................................. شادمان مەلا حەسەن ..... ١٧٥
٥٢- ئەمریکا لە نێوان حزووری نیزامیدا............................................. خالید حەسەنپوور ..... ١٧٧
٥٣- زلهێزەکان دێنەوە هەولێر........................................................ هێمن عەبدوڵڵا ..... ١٨٤
٥٤- سوریا و کورد پاش بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا............................. فەرید ئەسەسەرد ..... ١٨٧
٥٥- کورد لە پاشەکشەیەکی مەترسیداری بەردەوامدایە!................................. نەوزادی موهەندیس ..... ١٨٩
٥٦- وتووێژی سیما سابێت لە تێلێڤیزیۆنی مانگیلەی "ایران اینترنشنال" لەگەڵ پرۆفیسۆر عەبباس وەلی...........
.................................................. وەگێڕان لە فارسییەوە: حەسەن قازی ..... ١٩٣
٥٧- ئیدارەی ئەمریکا و هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست....................... هیوا مەجید خەلیل ..... ١٩٥
٥٨- ترەمپ چی پێ گوتین؟............................................................ دیدار عوسمان ...... ٢٠٠
٥٩- کاریگەریی جیۆپۆلیتیکی سووریا لەسەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر سووریا... بێستوون عومەر نووری ... ٢٠٢
٦٠- رۆژاڤا پاش بڕیارەکەی ترەمپ................................................. د. نەوزاد هێتوتی ..... ٢٠٩



# ئالینگاری و دەرفەتەکانی بەردەم کوردی ڕۆژاڤا



ئاسۆ کەریم

## ١- پێوەندیی نێوان "ئەمریکا" و "کوردی ڕۆژاڤا"

ئەگەر بمانەوێ لەبارەی ئەم پێوەندییە، لە دوای هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ (٢٠ی ١ی٢٠١٧) بنووسین، دەبێ پێشوەختە هەندێ پرسیار لە خۆمان بکەین و بەرچاومان ڕوون بێ. ئەمریکا وەک دەوڵەتی هەرەزل و نمرە یەکی دنیا، چۆن لە خۆی دەگا بەگشتی؟ ئەوجار چۆن تەماشای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سووریای ئێستە، دواڕۆژ و کوردی ڕۆژاڤا لە چوارچێوەی سووریادا دەکا؟ پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەمریکا سیاسەتێکی تایبەت بە سووریای هەبووە و هەیە، وەک لە عێراقدا پێش ٢٠٠٣ هەیبووە و لە ئەنجامدا "سەددام"ی پێ ڕووخێندرا و شیعەکان و ئێران لێی سوودمەند بوون، یان ئەگەر سیاسەتێکی واشی هەبێ بە هەمان ئەنجامی عێراق ڕازی دەبێ، یان دەیەوێ لە ڕێگەی بوون لەسەر ئەرزی واقع لە ڕۆژاڤا- باکووری سووریا و، لە ڕێگەی بەگەڕخستنەوەی دانوستانەکانی "جنێڤ"ەوە، چالاکانە بێتەوە مەیدان و هەموو گۆڕەپانەکە بۆ ڕووسیا و ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان جێ نەهێڵێ؟

دیارە ئاسان نییە سەرەدەری لە ڕوئیا و سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا دەربکرێ و ڕۆژانە گوێمان لە هەواڵ و زانیاریی جوداجودا دەبێ و نازانرێ ئەمریکا تا کەی و بۆچی لەوێ دەمێنێتەوە و پشت بە کێ دەبەستێ و چۆن پارسەنگ لە نێوان سیاسەتەکانیدا ڕادەگرێ. (١)

دەبینین تورکیای ئەندامی ناتۆ، ئێران و ڕووسیا گومانیان لە بوون و ڕۆڵی ئەمریکی لە ڕۆژاڤا - باکووری سووریادا

هەیە. بەم دواییيە، ڕۆژنامەی یەنی شەفەق-ی تورکیا (کە بە زمانی عەرەبی دەردەچێ و نزیکە لە حزبی حوکمڕان (AKP) لە تورکیا) جگە لە ئەمریکا، ناوی ئیسرائیل و سعوودیا و ئیماراتی عەرەبییش دەهێنێ کە گوایا پلانێکیان بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی لە ڕۆژاڤا- باکووری سووریادا هەیە.

لە کاتێکدا خەریکە نفووزی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فوراتدا کەم دەبێتەوە، دوای نەمانی داعش چی؟ ئەگەر مایەوە، ئەمریکا چیی لە کوردی ڕۆژاڤا دەوێ و، لە بەرانبەردا چ بۆ کورد دەکا؟ وەک دەزانرێ ئێستاکە چەندین فڕۆکەخانە و بنکە و پێگەی سەربازی و، زێتر لە ٢٠٠٠ سەربازێکی ئەمریکی بە ناوی Operation Inherent Resolve بەبێ هیچ ڕێگەپێدانێکی نێودەوڵەتی، یان لەسەر داوای حکوومەتی سووریا، لەوێ هەن؛ ئەمە سەرباری بوونی سەربازی بریتانی و فەڕەنسی لە هەمان ناوچەدا، بەڵام بە ڕێژە و ژمارەیەکی کەمتر.(٢)

ئەگەر ئەو دەستەواژەیەی ترامپ America First، بکەینە پێوەری پێوەندییەکان، ئەوا ڕەنگە هەندێ لایەن و جووڵەی سیاسیی کاربگێڕیی ترامپمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەبارەی ئەکتەرەکان، بەرژەوەندەکان، دەرفەتە پێکناکۆکەکان و ئالینگارییەکانی بەردەم سیاسەتی ئەو ئیدارەیە، کەمێک بۆ ڕوون ببێتەوە.

## ١- کوردی ڕۆژاڤا

کوردی ئەوێش، وەک کوردی پارچەکانی دیکە، لە ناوخۆیدا یەکگرتوو و تەبا و تفاق نییە. لەوێ یەک دامودەزگەی دانپێدانراوی بەڕێوەبردن و سیاسی نییە کە پێش خەڵکی دیکە، کوردی ڕۆژاڤا خۆیان، بە حزبەکان و خەڵکەوە، هەموویان ڕێزی لێ بگرن و بەرفەرمانی بن. ڕاستە ئیدارەیەکی خۆجێ لە ڕۆژاڤا- باکووری سووریادا هەیە، لێ ئەو ئیدارەیەی کەهەیە دامودەزگەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، لە باری تاقیکردنەوەدایە و ڕەنگە نموونەی جەربێندراوی لە دنیادا کەم بێ، یان هەر نەبێ. کەواتە دیسان دەبێ سنووری پرسیارەکە تەسکتر بکەینەوە: بەدیاریکراوی مەبەست ناوچەی باکوور و ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فوراتە کە بەکردەوە بەدەست حزبی یەکێتیی دیموکراتی (PYD) و دۆستەکانی و هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە- SDF)وەیە کە شەڕڤانەکانی PYD و YPG بڕبڕەی پشتی SDF پێک دەهێنن؟ کەواتە پێوەندییەکە، هەموو ڕۆژاڤای کوردستان و هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژاڤا ناگرێتەوە. بەڵام ئەگەر واقعییانە بەری خۆمان بدەینە ئەو بابەتە و سەیری ئەو فاکتەرانە بکەین، دەبێ هەڵوەستەیەک بکەین:

**١- فاکتەری خاک (لە سەرووی ٢٨%ی تەواوی خاکی سووریایە) و،**

**٢- فاکتەری دانیشتووان (دەوروبەری پێنج ملیۆن کەس لە ناوچەی ناوبراودا دەژین) و،**

**٣- فاکتەری خۆبەڕێوەبردن و ئاسایش، ئاخر جۆرێ لە ئیدارەی زاتی (کە هەندێکیان لە ڕێگەی هەڵبژاردن هاتوونەتە ئاراوە و هەندێکیشیان دانراون) هەیە و تا ڕاددەیەک هەندێ خزمەتگوزاری پێشکەش دەکا و، ئاسایشی ناوچەکە دەپارێزێ و،**

**٤- فاکتەری سەرچاوەگەلێکی سروشتی و داهاتی گاز و نەوت (بڕیکی زۆر نەوت و گاز لە جزیرە و دێرزوردا هەیە) و،**

**٥- فاکتەری بوونی هێزێکی سازدراو و شەڕدیتەی بەکار (هەسەدە دەڵێ دەوروبەری ٥٠٠٠٠ چەکداری هەیە و، بە قسەی جەنەراڵ "جۆزیف دانفۆرد"یش بێ، کە بۆ واشنتۆن پۆست قسەی کردووە، تا ئێستا نزیکەی ٢٠%ی ئەو هێزەیان مەشق پێ کردووە کە ٣٥ تا ٤٠ هەزار کەسە؛ ئەوە بێ لە تێچووی دارایی و پێدانی چەکوچۆڵ و کۆمەککردن بە ڕۆژاڤا) وەک چەند هۆکارێکی گرنگ، لە هاوکێشەکاندا حیسابێکیان بۆ دەکرێ. واتە هەم ئەمریکا، هەم ڕووسیا و تەنانەت موعارەزە و ڕژێمی سووریایش حیسابێکیان لەسەر دەکەن. بەڵگەیش، جەختکردنەوەی ڕووسیایە کە دەبێ کورد لە دانوستاندنەکان و دیاریکردنی پاشەڕۆژی سووریادا، بەشدارییان پێ بکرێ. ئەمە لە کاتێکدا ئەنەکەسە وەک هێزێکی سیاسیی کوردی لە دانوستانەکاندا بەشداری دەکا؛ واتە لێرەدا مەبەستی ڕووسیا، نوێنەرانی ئیدارەی زاتیی ئەو ناوچانەیە کە ئێستا لە بن کۆنترۆڵی "هەسەدە"دان.**

**بە هەر حاڵ، ئەم ئیدارە زاتییە، یان تۆ بڵێ ئەکتەرە نادەوڵەتییە (Non-State actor) کە وەک دیفاکتۆیەک هەیە و تا ئێستا بەپێوە ماوە، چۆن لە خۆی دەگا و، بەدیاریکراوی چیی دەوێ و، چ چاوەڕوانییەکی لە ئەمریکا هەیە، ئەو دەتوانێ، بێ لە شەڕی داعش، چ بۆ ئەمریکا بکا بەپێی خاڵی ژمارە (١)؟**

### ١- ئەو پێوەندییە چ قاڵب و بنەمایەکی یاسایی - دیپلۆماتیی هەیە؟

**ئایا ئەو پێوەندییە هیچ بنەمایەکی یاساییی هەیە؟ وەک لە سەرێ ئاماژەم بۆ کرد، بوونی سەربازیی ئەمریکا لەوێ بەپێی بڕیارێکی نێودەوڵەتی نەبووە، بە ڕەزامەندیی حکوومەتی ئەسەدیش نییە؛ ڕەنگە سەرچاوەکەی یان شەرعییەتێکی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم کە خەتەرێکی نێودەوڵەتییە وەرگرتبێ و تا ڕاددەیەکی زۆریش کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش هەبووە. ئەی دوای کەمبوونەوەی ئەو خەتەرە چی؟ چ**

شتێکی پەنهان هەیە، یان هیچ ڕەهەندێکی سیاسیی نزیک و مامناوەندمەودا هەیە لە مانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا؟ گریمان تەنیا پێوەندییەکە ڕەهەندێکی سەربازیی هەیە و لە سای داعش و بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بووە، یان بۆ هێنانەدیی سەقامگیری و هاوکاریکردنی تەقەلاکانی UNە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکانی سووریا، وەک جەنەراڵ جۆزیف دانفۆرد لەم رۆژانەی بەریێ بە واشنتۆن پۆستی ڕاگەیاند! ئایا هیچ ڕێککەوتنێکی نووسراو لە نێوان ئەنجومەنی سەربازیی "هەسەدە" و هێزەکانی هاوپەیمانان‌دا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، بۆ ئەم مەبەستە هەیە کە ئەو پێوەندییە تەنزیم بکا و ئیلییتیزامات و مافەکانی هەر دوو لا، ماوەی ڕێککەوتنەکە و ئامانجەکانی ئەو پێوەندییەی تێدا ڕوون کرابێتەوە، یان نەخێر تەنیا تەنسیقێکی مەیدانی و عەمەلیاتی و کاتەکییە، وەک جیمس جێفری لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە ئانکارا گوتی؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاسان نییە. چونکە ئەوەی لەسەر ئەرز دەگوزەرێ شتێکە و، ئاخاوتنە ناتەبا و لێکجیاوازەکانی ئەم بەرپرسی سەربازی و ئەو بەرپرسی سیاسی و مەیدانیی ئەمریکی شتێکی دیکەیە و جۆرێ لە تەمومژی هێناوەتە ئارا کە سەرلێدەرکردنیان زەحمەتە و لە هەمان کاتدا تا ئێستا هەڵسەنگاندنێکی تیۆرتەسەلی ئەو بابەتەمان لە لایەن بەرپرس و کاربەدەستانی ئیدارەی زاتیی ڕۆژاڤا - باکووری سووریا نەدیوە و نەخوێندووەتەوە. بەتایبەتی وەک دیارە، بەشێکی بەرچاوی کادیرە سیاسی و سەربازییەکانی "پەیەدە و یەپەگە" پەروەردەکراوی دەستی "پەکەکە"ن کە لە ماوەی ٤٠ ساڵی تەمەنی خۆیدا، ئەمریکای هاوپەیمانی تورکیای بە دوژمنی خۆی زانیوە؛ لەگەڵ ئەوەیشدا پەیتا پەیتا کاربەدەستانی ئەمریکا سەردانی ڕۆژاڤا - باکووری سووریا دەکەن و لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا کۆ دەبنەوە.

### ١- ئاراستەی ئەو پێوەندییە بەرەو کوێیە؟

وەک لەبەرچاوە، ئەو پێوەندییەی "ئەمریکا و ئیدارەی زاتیی ڕۆژاڤا- باکووری سووریا"، لە ناوچەیەکی پڕکێشمەکێش و ململانێ و پێوەندیی گرژی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا، چۆن ئیدارە دەدرێ؟ سوکانەکەی بەدەست کێوەیە؟ بەو مانایەی بە کام ئاراستەدا دەڕوا؛ ئایا بەرەو دامەزرانی ناوچەیەکی دژەفڕین (No Fly Zone) دەڕوا وەک هەرێمی کوردستانی نێوان ١٩٩١ - ٢٠٠٣ کە تا ڕووخانی سەددام بەپارێزراوی مایەوە، یان هەنووکەییە و تەنیا و تەنیا پەیوەستە بە جەنگی داعشەوە کە لە ڕووی گیانییەوە زۆر کەم لەسەر ئەمریکا کەوتووە و کەمتر لە ١٠ سەربازی لەوێ کوژراوە و قوربانییە زۆرەکە خەڵکی خۆجێ، بەتایبەتی کورد داویە؟ بەکورتی تا چەند ئەو ئیدارە زاتییە، لەنێو ئەو حەمکە ململانێ و بەرژەوەندە پێکناکۆکەدا، بوارێکی بۆ مانۆر و سیاسەتی سەربەخۆ



سەرچاوە Serchawe

لەدەست ماوەتەوە، چ بە بوونی ئەمریکا لەوێ، چ لە باری کشانەوەدا؟

## ١- کێشەکانی نیمچەئیدارەی ڕۆژاڤا چین؟

لە دووتوێی سایەدیکردنی ڕەوشی ڕۆژاڤادا، دەردەکەوێ کە ئەو ئیدارەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ تەحەددییاتی جددی بووەتەوە:

*** گرفت لەگەڵ نیزامی سووریادا:** سووریا، سەرباری کێشە و قەیرانەکانی، دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە و، سنوورێکی نێودەوڵەتیی دیاریکراوی هەیە. پێمان خۆش بێ یان نا، ناوچەی جوگرافیی ئیدارەی زاتیی ڕۆژاڤا- باکووری سووریایش بەشێکە لە قەڵەمڕەوی ئەو وڵاتە. ڕاستە لە دوای هەرای ٢٠١١وە، هێزەکانی نیزامی سووریا لە هەندێ ناوچەی کوردنشینی سەر سنوورەکان کشانەوە و لە هەندێ ناوچەیشدا دوای پێکدادانێکی کەم ناچاری پاشەکشە کران و بەکردەوە ناوچەکان لە کۆتاییی ٢٠١١دا کەوتنە دەست "پەیەدە"وە و لە ١٢ی ١ی ٢٠١٤دا کانتۆنی جزیرە و لە ٢٧ی کانوونی دووەمدا کانتۆنی کۆبانێ و لە ٢٩ی هەمان مانگدا کانتۆنی عەفرینی ڕاگەیاند. لە باری سیاسییشەوە ئەو حزبە، بەم یان بەو شێوەیە، خۆی وەک تەرەفێکی سێیەم لە نێوان تەرەفی یەکەم (واتە نیزام) و تەرەفی دووەم (واتە موعارەزە بە هەموو باڵە قەومەچیی عروبەوی و ئیسلامەویی ڕادیکاڵ و میانڕۆوەوە!) نمایش کردووە. بەڵام بەکردەوە لە پاڵ خۆقایمکردندا، زیتر بەرەنگاری داعش بۆتەوە و خۆی لە نیزامی سووریا نەگەیاندووە، هەندێ نموونە و حاڵەتی کەمی پێکدادان نەبێ. ئەمەیش تا ڕاددەیەک هەم بە قازانجی نیزامی ئەسەد بووە کە تواناکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی موعارەزە تەرخان بکا و هەم بە قازانجی کورد بووە کە ناوچەکانی نەبنە مەیدانی تەڕاتێنی هێزەکانی موعارەزە و پێکدادانی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و نیزام یان پێکدادانی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن خۆیان. بەڵام وەک دەبینرێ، وڵاتان، بەتایبەتی تورکیا و ڕووسیا و ئێران، جەخت لەسەر یەکپارچەییی خاکی سووریا دەکەنەوە و لە هەوڵی تاکلایەنەی ئەمریکا لە باکووری سووریا نیگەرانن. پرسیار ئەوەیە کە، تا چەند ئەگەری دانوستاندن لەگەڵ نیزامی ئەسەددا هەیە، کە بەگوێرەی "ترتیبات"ێکی دیاریکراوی نامەرکەزییەت، چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد و ئاییندەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی زاتی بێنێتە گۆڕێ؟ بەتایبەتی وەک گوتم ئەو ئیدارە زاتییە بەشێک نەبووە لە ئۆپۆزیسیۆن و، دووەم شەڕی نیزامی نەکردووە و، سێیەم باس لە ڕووخانی ئەسەد و شتی لەم بابەتەی نەکردووە و جەختی لەسەر یەکپارچەییی خاک و سەروەریی سووریا کردووەتەوە و "پەیەدە"یش نکوڵیی لە بوونی جۆرێ لە هامشۆ نەکردووە.

وەک دەزانرێ بەر لە چەند مانگێک هامشۆ لە نێوان نوێنەرانی ئیدارەی زاتی و نیزامدا هەبووە، بەڵام وێدەچێ لە جێیەکدا ڕاوەستابێ و، پێم وایە زێتر نیزام دەیەوێ کات بەدەست بێنێ و ئەو پرسە، ئەگەر بۆی بچێتە سەر، دوای دەرپەڕاندنی موعارەزە لە ئیدلب، بێنێتەوە گۆڕێ. ئایا تا سەر نیزامی ئەسەد، چاو لەوە دەپۆشێت، ئەو حەمکە بیرە نەوت و گاز و سەرچاوەی ئاوە لە بندەستی "هەسەدە" بێ و جۆرێکی دیکەی ئیدارە و دامودەزگە و سیستەم دابمەزرێنێ؟ وەک دەزانرێ، هێشتا لە هەندێ ناوچەی وەک قامشلۆ، حەسەکە و هی دیکەیشدا، جۆرێ لە دووانەییی ئیداری و دامەزراوەیی هەیە کە وەکوو "سینگولکە"کەی مەلای مەشوور وان لەناو ماڵی ئەو ئیدارە زاتییەدا. بەڵام بە هزر و مەزەندەی خۆم، وێناچێ پێوەندیی نیزام و "پەیەدە" بەتەواوی بڕابێ و گەیشتبێتە خاڵی نەگەڕانەوە و، ئەم مەسەلەیە بەر حوکمی هەلومەرجە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و پەرەسەندنە مەیدانییەکانە. بەڵام وەکوو گرفتێک دەمێنێتەوە.

* **گرفت لەگەڵ وجوودی میلیشیای ئێرانی لە سووریادا:** وەک دەزانرێ ئێران پلان و نەخشەی خۆی لە ناوچەکەدا هەیە. بوونی ئەو هەموو میلیشیا شیعییە ئێرانی و ئەفغانی و پاکستانی و عێراقی و لوبنانییە لە سووریادا، لە حزبوڵڵاوە بگرە تا نوجەبا و فاتمیون و زەینەبیون و نیرۆی قودسی سوپای پاسدارانی ئینقیلابی ئیسلامی، ڕەزامەندیی حکوومەتەکەی ئەسەدیان لەسەرە و ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرەنگاربوونەوەی موعارەزە و داعش و هێشتنەوەی ئەسەد و گرتنەوەی ناوچەکاندا گێڕاوە. ئەو میلیشیایانە، بەتەواوی ژمارەیان نازانرێ، بەڵام بوونێکی بەرچاویان هەیە و لە یەک کاتدا خزمەت بە ئامانج و مەبەستەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دەکەن: دیفاعکردن لە نیزامی ئەسەد و مانەوە لە سووریا وەک پێگەیەکی گرنگی قووڵاییی ستراتیژیی ئێرانی و خاڵی بەستنەوەی تاران- بەغدا- دیمەشق- بێروت، گۆڕینی دیموگرافیی هەندێ شار و ناوچە، ڕاهێنان و پڕچەککردنی هەندێ هێزی لۆکاڵ بە ناوی "القوات الشعبیە" بەتایبەتی لەناو عەلەوی و کەمینەکاندا، گوشارخستنە سەر نەیارەکان و شەڕکردن دوور لە تاران. بێ مەرامەت نییە کە جارێکیان خامنەیی گوتوویە: ئەگەر شەڕی داعش لە سووریا و عێراقدا نەکەین، دەبێ لە کوچە و کۆڵانەکانی تاراندا ئەو شەڕە بکەین. نەک هەر ئەوە، بەڵکە بەپێی هەندێ سەرچاوە، ئێران لە ٢٠١٢ وە (١٦) ملیار دۆلاری لە نیزامی ئەسەد و میلیشیا شیعییەکانی سەر بە خۆی خەرج کردووە.(٣)

لێ هەم ئیسرائیل و هەم ئەمریکا و هەم وڵاتانی کەنداویش لەو بوون و نفووزەی ئێران لە سووریا و نەخشە و پلانەکانی لە ناوچەکەدا سەغڵەتن و بە خەتەری دەزانن؛ ئەوە لە کاتێکدا ئەمریکا خۆی، بوونێکی لە باکووری سووریادا هەیە و دەیەوێ لە سنووری نێوان سووریا - عێراقەوە، پێش بە نفووزی ئێران بگرێ. هەروا قسە

لەوەیش دەکرێ کە عەرەبستان و ئیمارات هەم لە ڕێگەی پارەوپووڵ و هەم لە ڕێگەی ڕایەڵکەی خێڵەکییەوە، بەتایبەتی لەگەڵ عەشیرەتی شەممەردا، خەریکی دامەزراندنی میلیشیاگەلێکن لە ناوچەکەدا؛ ئایا لەم نێوەدا ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژاڤا - باکووری سووریا لەگەڵ ئێراندا ناهێننە پێشەوە؟ بەو مانایەی لە بری ئەمریکا و سعوودیا و ئیمارات، شەڕڤانان هەوڵی ڕێگرتن لەو میلیشیا شیعانە، واتە ئێران بدا؟

* **گرفت لەگەڵ بوون و ڕۆڵی ڕووسیا لە سووریا** و ناوچەکەدا کە لە کۆتاییی ٢٠١٥وە کاراتر بووە و بە هۆی ئەو دەستێوەردانەی ئەسەد توانی بمێنێتەوە. وەک دەزانرێ ئێستاکە سووریا بووەتە سەرەڕمی هاتنەناوەوەی ڕووسیا بۆ ناوچەکە. ڕووسیا لە ڕۆڵ و بوونی ئەمریکا لە باکووری سووریادا دڕدۆنگ و بەگومانە. چەند جارێکە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەمریکا دەیەوێ یاری بە کارتی کورد لە باکووری سووریادا بکا و دەیەوێ دامودەزگەی هاوتەریب کە زیانیان بۆ سەر یەکێتی و سیادەی خاکی سووریا هەیە، دابمەزرێنێ.(٤)

**پرسیار ئەوەیە**: ئەگەر سەردەمی جەنگی سارد لە نێوان کەمپی ئەمریکا و کەمپی سۆڤیەتدا تا ١٩٩٠، ڕێگر بووبێ لە بەدیهاتنی بەشێکی خەونەکانی کورد لە نیشتمانەکەیدا، وەدەرکەوتنەوەی سەرەتاکانی جەنگێکی نوێی سارد لە نێوان ئەمریکا - ڕووسیا و چیندا، تا چەند ڕێگرە لە بەردەم مافەکانماندا، لەم پارچەیەی کوردستاندا بێ یان لەوەی دیکەدا؟ ئایا دەکرێ جۆرێ لە بەلانس لە نێوان "ئەمریکا و ڕووسیادا"، بەتایبەتی لە سووریادا ڕابگیرێ؟ یان ئەوەتا دوای داگیرکردنی عەفرین لە لایەن تورکیا و لە سەودایەکی نێوان مۆسکۆ - ئانکارادا، ئیدارەی زاتیی ڕۆژاڤا- باکووری سووریا دەستی لە ڕووسیا شوشتووە و بەناچاری کەوتووەتە بەرەی ئەمریکاوە. لەم هاوکێشەیەدا کورد چەندی زەرەر و چەندی قازانجە؟

* **گرفت لەگەڵ تورکیای ئەردۆغاندا**: ئێستاکە ناوچەیەکی خاکی سووریا لە جەرابلووسەوە تا باب، بە ئیدلب و "عەفرین"یشەوە، چ ڕاستەوخۆ، چ ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە، لەژێر دەستی تورکیادان. لە حەلوفەسلی کێشەی سووریا و هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا، تورکیا وەستایانە یاریی پێ دەکا. بێ لەوە، تورکیا بەردەوام هەڕەشە لە کوردی ڕۆژاڤا دەکا و بە هەڕەشەی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەزانێ و "پەیەدە و یەپەگە" بە درێژکراوەی "پەکەکە" دەزانێ و هەرگیز نایەوێ ئیدارەیەکی زاتیی ددانپێدانراو لەسەر سنووری وڵاتەکەی وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ببینێ. ئەوە، بێ لەوەی تورکیا هەوڵ دەدا لە ڕێگەی

خوێندن و خزمەتگوزاریی تەندروستی و کاروباری ئاییینییشەوە، ڕەگی خۆی لەو ناوچانەدا دابکوتێ و تا بۆی بکرێ، پێکهاتەی دیموگرافییان تێدا بگۆڕێ، بەتایبەتی لە ناوچەی عەفریندا.(٥)

**پرسیار ئەوەیە:** ئایا تورکیا، پەلاماری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات دەدا؟ ئەگەر پەلاماری دا، هەڵوێستی ئەمریکا چ دەبێ؟ ئەوە لە کاتێکدا، ئەمڕۆ (١٢ی کانوونی یەکەم) ئەردۆغان هەڕەشەی پەلاماردانی ڕۆژهەڵاتی فورات دەکا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا.(٦)

* **گرفت لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا** کە سنوورێکی درێژی (زێتر لە ٦٠٠ کیلۆمەتر) لەگەڵ سووریادا هەیە و هێزەکانی حەشدی شەعبی (شیعە) لەسەر سنووری سووریا - عێراقدان. وەک دەزانرێ بەشێکی ئەو هێزانە سەروکارێکی نزیکیان بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە هەیە. ئایا ئەو هێزانە لە ئاییندەدا، بە فیتی ئێران کێشە و گرفت بۆ ناوچەکانی بندەستی "هەسەدە" دروست ناکەن؟ بەتایبەتی لە ناوچەی سنجارەوە کە شوێنێکی ستراتیژیی هەیە و بەشێکە لە عێراق؟

* **گرفت لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.** بەهەرحاڵ، پێوەندیی نێوان هەر دوو لا ئاسایی نییە. بەڵام ئەگەری لێکتێگەیشتن لە هەندێ ڕووەوە بە دوور نازانم.

* **گرفت لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە کورددا لە ڕۆژاڤا - باکووری سووریا:** واتە لەگەڵ عەرەب، تورکمان، کلدان - سریان، چەرکەس، ئەرمەن و هتد. نەخاسمە لەگەڵ عەرەبدا کە لە هەندێ ناوچەی وەک "گرێ سپی" و "منبج" و "حەسەکە" و شوێنی دیکەدا، ڕێژەی عەرەب، ئەگەر بە سەهو نەچووبم، زۆرتر نەبێ لە کورد کەمتر نییە. تا چەند ئەو فرەپێکهاتەیە، هۆکاری کزی و لاوازییە بۆ ئیدارەکە، یان هۆکارێکی بەهێزە؟ بەتایبەتی ڕەنگە ئەم پێکهاتە هەمەچەشنەیە، هەم لە لایەن تورکیا و هەم لە لایەن سووریاوە، بۆ نانەوەی ئاژاوە و ناسەقامگیری بەکار بهێندرێ... هەرچەندە "پەیەدە" لە ڕێگەی داهێنانی هەندێ شێوەی بەڕێوەبردن و مافەکانی ئافرەت و جەختکردنەوە لەسەر بەیەکەوەهەڵکردنی ئاییی و ئیتنی و...، خۆگۆڕین و خۆگونجاندن و بەشدارییپێکردنیان لەناو هەسەدە و ئاسایش و دەزگەکاندا، تا ڕاددەیەک ڕێگەی لەو نەخشە و پلانە گرتووە... لێرەدا، وەک دیققەت دەدرێ سێ جۆر لە عەرەب لەو ناوچانەدا هەن:

١- عەرەبی ئەسڵی و خۆجێ کە لە دێرزەمانەوە لەو شوێنانە نیشتەجێن،

٢- عەرەبی هاوردە لە چوارچێوەی تەعریب و سیاسەتی پشتێنەی عەرەبیدا،
٣- ئەو عەرەبانەی کە لە ناوچەکانی دیکەوە دوای ٢٠١١وە ڕوویان لە ناوچە کوردنشینەکان کردووە و تا وای لێ هاتووە ڕێژەی عەرەب بچێتە سەر و، پێکهاتەی دیموگرافیی هەندێ ناوچە بێتە گۆڕین؛ ئەوە لە کاتێکدا کە خەڵکێکی زۆری کورد لەبەر هۆی جوداجودا، یان ئەوەتا ڕوویان لە کوردستانی باشوور کردووە یان تورکیا و ئەورووپا.

هەرچەند بە گوشاری ئەمریکا، پێکهاتەی "هەسەدە" وردە وردە دەگۆڕێ و ئێستا بە قسان زێتر لە ٥٠%ی ئەو هێزە لە خەڵکی غەیری کورد، بەتایبەتی عەرەب، پێک دێ و بە قسەی کاربەدەستێکی ئەمریکی کە زوو زوو سەر لەو ناوچانە دەدا و دەڵێ: ئەگەر لە خەڵکی ڕەققە، تەبەقە و منبج بپرسیت، دەتەوێ بچیتەوە بن کۆنترۆڵی نیزامی ئەسەد یان لە بن کۆنترۆڵیهەسەدە (SDF)دا بمێنیتەوە، وەڵام ئەوەیە کە "دەمانەوێ لە سای SDF دا بمێنینەوە."(٧)

### تەحەددییەکە ئەوەیە: چۆن مامەڵە لە تەک ئەو بارە تایبەتەدا دەکرێ؟

⁎ گرفت لەگەڵ لایەنە سیاسییە کوردییەکاندا، بەتایبەتی حزبەکانی ناو ئەنەکەسە. وەک دەزانرێ و بە قسەی هەندێ شارەزا زێتر لە ٦٠ حزب و کۆمەڵە و بزاڤی سیاسی، کوردی و عەرەبی و کریستیانی و هیدیکە لە باکووری سووریادا هەن. بەڵام دەکرێ ئاماژە بۆ چوار کۆمەڵە و هەڤاڵبەندیی سەرەکی بکرێ:

١- تەڤدەم (TEVDEM)؛ واتە پەیەدە و هەڤاڵبەندییەکانی کە شەش حزب و لایەن دەبن و حوکمڕانیی ناوچەکە دەکەن،
٢- "هەڤاڵبەندییا نیشتمانی یا کوردی ل سووریێ" کە لە پێنج حزب پێک دێ و تا ڕاددەیەک وەک خەتی سێیەم لە نێوان تەڤدەم و ئەنەکەسەدا خۆی دەنوێنێ، بەڵام ددان بە ئیدارەی زاتیدا دەنێ و لە هەمان کاتدا ڕەخنەی لێ دەگرێ،
٣- "ئەنجومەنا نیشتمانی یا کورد" (ئەنەکەسە) کە چەند حزبێکی لەمێژینە و بەنفووزی لەخۆ گرتووە [بەگوێرەی سایتی ئەنەکەسە، چواردە حزب و کۆڕ و کۆمەڵی تێدا ئەندامە]، ئەوە سەرباری لەشکری ڕۆژ کە پێشمەرگەی ڕۆژاڤان و لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا لە کوردستانی باشوور ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا و ڕێگەیان پێ نادرێ بچنەوە

ڕۆژاڤا،

٤- گردبوونەوەی چەپ و دیموکراتەکانی کورد ل سووریا (شەش حزب و گرۆن) کە هەندێ گرۆ و حزبی بچووکی لەخۆ گرتووە. بەکورتی، جومگە سەرەکییەکانی ئیدارەی زاتی بەدەست "پەیەدە"وەن. هەرچی "هەڤاڵبەندییا نیشتمانی یا کوردی لە سووریێ" و گردبوونەوەی دیموکرات و چەپەکانی کوردن لە سووریا، ئەگەر لەم جومگە یان لەوێهێ بەشدارییەکیشیان پێ کرابێ، زۆر سەرەکی نییە و ناوە ناوە لە گوتار و خیتابەکانیاندا دەردەکەوێ کە نیگەرانن، بەڵام خۆبەڕێوەبردن بە دەسکەوت دەزانن. هەرچی ئەنەکەسەیە، ئەوا ددان بەو ئیدارەیەدا نانێ و دید و تێڕوانینێکی جودای هەیە و ڕکابەری سەرەکیی "پەیەدە" و هەڤاڵبەندییەکانی ئەو حزبەیە. لەم سەرینەیشەوە، هەم شاڵاوێکی توندی ڕاگەیاندن لە نێوانیاندا هەیە و هەم جاروبار، ئاسایشی سەر بە ئیدارەی زاتی، سەرکردە و کادیر و ئەندامە چالاکەکانیان دەگرێ و تا ئێستا نەتوانراوە، ئەو دوو بەرەیە ناتەباییەکانیان بەلاوە بنێن و لەسەر بەرنامەی لانی کەم ڕێک بکەون. گرفتێکی دیکەی حزبەکان لە ڕۆژاڤادا، ئەو هەموو لێکجیابوونەوە و کەرتبوونەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا، هەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن؛ تا وای لێ هاتووە حزبێک نەماوە وەک دەڵێن "ئینشیقاق- ئینشیعاب"ی تێدا ڕوو نەدابێ؛ سەرباری ئەوەیش، هەندێکیان زێتر حزبی لۆکاڵن بە مانای وشە و لە شوێنێکدا بوونیان هەیە، لە ناوچە و جێگەیەکی دیکەدا نا.

**پرسیار ئەوەیە:** ئایا هیچ ئاسۆیەک بۆ لێتێگەیشتنێکی کوردی- کوردی لە ڕۆژاڤادا هەیە کە هەموو تواناکان یەک بخرێنەوە؟

* **گرفت لەگەڵ پەکەکە و کێشەی کورد لە تورکیادا.** بەو پێیەی پەیەدە بە لانی کەمەوە وەک خۆیان دەڵێن، لە باری ئایدیۆلۆژییەوە، پەیوەستە بە دید و تێڕوانینەکانی ئۆجالانەوە، ئەوا ئەم تێڕوانینە، هەم کێشەی بۆ دروست کردوون لەگەڵ تورکیا و هەم لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژاڤادا، کە تۆمەتی تۆتالیتاریی دەدەنە پاڵ، هەم لە ئاستی نێودەوڵەتییش، بە ئەمریکایشەوە، کە داخوا پێوەندیی پەیەدە و پەکەکە لە چ ئاستێکدایە؛ داخوا پێوەندییەکە بەس ئایدیۆلۆژی و سیاسییە یان ڕایەڵکەی ڕێکخراوەییشی هەیە... هەرچەند ئەمریکا دەزانێ کە چ پێوەندییەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە نێوان "پەیەدە" و "پەکەکە"دا هەیە، بەڵام تا ئێستا جەخت دەکاتەوە کە پەیەدە لە پەکەکە جیاوازە و تیرۆریست نییە. ئەم جیاوازیدانانە لە نێوان پەکەکە و پەیەدا، هیچ ئیعتوبارێکی هەیە لە ڕووی شەرعییەتپێدان بە (پەیەدە)وە؟ بەڵام وەک لە سەرێ ئاماژەم پێ دا، پەکەکە ٤٠ ساڵە کادیر و ئەندامەکانی خۆی بە دوژمنایەتیی ئەمریکا، تەڵقین دەدا؛ ئایا ئەمریکا کە تا ئێستا "یەپەگە"ی

بە هێزێکی ڕێکخراو و کارای جەنگی داعش زانیوە و هاوکاریی لەگەڵدا کردووە، تا سەر متمانە و بەقای پێ دەکا کە وەکوو هێزێکی نزیک لە خۆی، نەک Proxy، بمێنێتەوە و ئایا هەوڵی دروستکردنی هێزی دیکە نادا؟

**پرسیار ئەوەیە:** لەم سۆنگەیەوە، ئەری کوردەکانی ڕۆژاڤا کەنگێ بەتەواوی وزە و تواناکانی خۆیان، بەتەنیا بۆ پارچەکەی خۆیان تەرخان دەکەن؟

* **کێشەی عەفرین وەک ناوچەیەکی داگیرکراوی زۆرینە کوردنشین.** چۆن و بە چ ڕێوشوێنێک وەردەگیرێتەوە و چۆن پێکهاتە دیموگرافییەکەی دەپارێزرێ و خەڵکە دەربەدەرەکەی دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و ئەو خەڵکە ئۆپۆزیسیۆنەی لە ناوچەکانی دیکەی سووریاوە هێنراونەتە ئەوێ و نیشتەجێ کراون، دەچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و پێش بە گۆڕینی دیموگرافی لەوێ دەگیرێ.

**ئەم پرسە کە پرسی خاک و داگیرکارییە، دەتوانێ کورد لە ڕۆژاڤا بکاتەوە یەک؟**

* **کێشە و گرفت لەگەڵ لایەنەکانی موعارەزەی سووریدا** بە پەرگیر و "میانەڕۆ"وەوە. بەشێکی بەرچاوی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە، پەیدە بە چڵکاوخۆری نیزام ناو دەبەن و بەم دواییەیش، سیفەتی "تیرۆریست" و "جیاخواز"ی دەدەنە پاڵ... ئەو کێشە و گرفتە، تەنیا سیاسی نییە، بەڵکە سەربازییشە، بەتایبەتی لە ناوچەی شەهبا و منبج و، ناوە ناوە پێکدادان لە نێوان هێزەکانی "درع الفرات- قەڵغانی فورات" و هێزەکانی "هەسەدە"دا ڕوو دەدا و تەنانەت جاروبار هەڕەشەی پەلاماری ڕۆژهەڵاتی فوراتیش دەدەن؛ ئەوە بێ لە ڕوووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی سەر بە "غصن الزيتون - چڵە زەیتوون" لە ناوچەکانی عەفریندا.

لە کەس شاراوە نییە کە موعارەزەی سووری، ڕوئیایەکی ڕوونی بۆ دواڕۆژی سووریا و مافەکانی کورد و "لامەرکەزییەت" پێ نییە و لە هەندێ ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەسەددا نییە، بەتایبەتی کە ڕۆحێکی قەومەچیی عروبەوی و ئیسلامەوی هێژموونی بەسەر موعارەزەدا بەگشتی هەیە.

**پرسیار ئەوەیە:** بە بوونی موعارەزەیەکی لەم بابەتە، تا چەند دەکرێ دەستوورێک بنووسرێتەوە، لانی کەمی مافەکانی کورد و کەمینەکانی تێدا بچەسپێندرێ؟

* **کێشەی ئاوارەکانی کوردی ڕۆژاڤا** (چ ئەوانەی لە تورکیان و چ ئەوانەی لە کوردستانی باشووردان) و گەڕانەوە و چوونەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئەو کێشە و گرفتە، تا چەند ڕاکردن بووە لەدەست توندوتیژی و شەڕ و هەرای سووری و، چەندی لەبەر ڕەوشی نالەباری گوزەران و بژێو و، چەندی لەبەر ناتەبایی ناوماڵی کورد بووە لە ڕۆژاڤا و، چەندی لەبەر یاسای دیفاعی زاتی بووە (بەزۆر کردنەسەرباز و چەکپێهەڵگرتن).

**ڕەنگە ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا، ڕێگە بۆ ئەو گەڕانەوەیە خۆش بکا.**

* **کێشە و گرفتە ئیداری و داراییەکانی ڕۆژاڤا.** وەک دەردەکەوێ هێشتا باری ئیداریی ناوچەکانی بندەستی ئیدارەی زاتی، سەقامگیریی کۆتاییان بەخۆوە نەگرتووە و لە حاڵەتی تاقیکردنەوە و گۆڕاندان. بەکورتی ئەو ئیدارەیە لە سەر سێ ئاستدا ڕێک خراوە:

**ئاستی یەکەم**: ئۆرگانەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن (یەکەکان پێک هاتوون لە "اقالیم و مقاطعات و مناطق"- بۆ نموونە "اقلیم الجزیره" پێک هاتووە لە "مقاطعة الحسكة" و "مقاطعة قامشلو" کە بەیەکەوە ٦ "منطقة" و ١٢ ناحیەیان هەیە).

**ئاستی دووەم**: شارەوانییەکانی گەل؛ بۆ نموونە هەرێمی جزیرە (٤٥) شارەوانیی تێدایە و ئەو شارەوانییانە، لە ڕێگەی ئەنجومەنی خۆجێی هەڵبژێردراوەوە بەڕێوە دەبردرێن و لەگەڵ کۆمۆنەکاندا هەماهەنگییان هەیە.

**ئاستی سێیەم**: کۆمۆنەکان کە لەسەر ئاستی گەڕەک و گوند پێک هاتوون. گومانی تێدا نییە جۆرێ لە تێکچڕژاوی هەیە لە نێوان ئەو ئاستانەدا و بارگرانییەکی داراییشیان هەیە، بەڵام لایەنی باش ئەوەیە کە جۆرێکە لە بەشداریپێکردنی خەڵک لە بنکەوە.

لە باری ئابووری و داراییشەوە، داهاتەکانی ئیدارەی زاتی بریتین لە: فرۆشتنی نەوت و گاز (جا لە ناوخۆ بێ یان بە حکوومەتی سووریا یان بە قاچاخ بەملا و ئەولا)، باجی ناوخۆ، ڕسووماتی گومرک لە دەروازە سنوورییەکاندا، داهاتی خزمەتگوزارییەکان، ئەو کۆمەکەی لەملا و ئەولاوە پێیان دەکرێ، کۆمەکی ناوخۆ (جا چ بە زۆر بێ یان بە خوایشت و ئارەزوو).

**بەڵام بەگشتی وەک تێبینی دەکرێ، شەفافییەت لە داهاتەکان و خەرجییەکاندا نییە؛ ئەوە بێ لە گرفت و کێشەی**

ئاوەدانکردنەوە و هەستانەوەسەرپێ و بووژانەوەی ناوچەکە...(٨)

* **کێشەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات و...** سەرەتاکانی ئەو خراپ بەکارهێنانە دەرکەوتوون؛ لە ئیحتیکاری بازرگانی، لە ڕاستکردنەوەی خانووبەرە و کۆمپانیا و زوو دەوڵەمەندبوونی هەندێ کەسدا خۆی دەنوێنێ، وەک لەو دیمانەیەدا بۆم دەرکەوت کە لە زانکۆی ئەمریکیدا، لە ١ و ٢ی ئەم مانگەدا سەبارەت بە ڕۆژاڤا- باکووری سووریا بەڕێوە چوو و نزیکەی (٣٠) نووسەر و ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری تێدا ئامادە بوون کە خودان بیر و ڕای سیاسیی پێکجودا بوون و زۆرینەیان کوردی ڕۆژاڤا بوون و لە نزیکەوە گوێم لێیان ڕاگرت.

* **گرفت و کێشەی داعش و گرووپی توندڕەوی دیکە:** هێشتا خەتەری داعش ماوە و جەنگ لەگەڵ ئەو گرووپەدا، درێژەی هەیە و تا ئێستا خوێن و وزە و توانایەکی زۆر لەبەر ڕۆژاڤا دەڕوا و لەگەڵیدا بارگرانیی ئینسانی و ماددی و دارایی بۆ سەر ئەو ئیدارەیە زۆرتر دەبێ. ڕەنگە خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکیش ئەوە بێ کە "تەجنیدکردن" (سەربازگیری)ی لاوان چ لەناو ئاسایش و چ لەناو "هەسەدە"دا و پێدانی مووچەیەک کە بۆ ئێستای سووریا لە نەبوونی باشترە، خولیای کارکردن و بەرهەمهێنان دەکوژێ و وردە وردە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر و عەسکەرتاری بێنێتە کایەوە. ئەمە ئەگەر ئێستایش، لەبەر داعش و وەزعی ناوچەکە، بە ڕۆژاڤا- باکووری سووریاوە دیار نەبێ، لە ئاییندەدا ئاسان نابێ ئەو خەڵکە بەسەربازبووانە بگەڕێندرێنەوە سەر باری ژیانی هاکەزایی و بەرهەمهێنان و کار و کەسابەتەوە.

١- چ دەرفەتێک لە بەردەم ئەو نیمچەئیدارەیەدا هەیە بۆ مانەوە، بەردەوامبوون و پێشکەوتن:

* سەرچاوەی ئاوی و نەوت و گاز و چۆنێتیی بەکارهێنان و مامەڵەپێکردنیان.
* جەنگی داعش و تەوزیفکردنی. ڕاستە جەنگی داعش زۆر کەوتووە لەسەر کوردانی ڕۆژاڤا، بەڵام هاریکاریشیان بووە کە پێگەیان لە ناوخۆی سووریا، لە ناوچەکەدا، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهێز ببێ و حیسابێکیان بۆ بکرێ. پێدەچێ داعش لەناو نەچێ و لەسەر سنووری نێوان عێراق- سووریادا بمێنێتەوە.
* ئاسۆی ناوماڵی کوردی ڕۆژاڤا وەک دەرفەت: یەکخستنی ناوماڵی کورد هەم تەحەددییە و هەم دەرفەت؛ بەو مانایەی تەبایی و تفاق، ئاسۆیەکی دیکە لە بەردەم مافەکانی کورددا دەکاتەوە و باشتر دەتوانێ ڕووبەڕووی

ئاستەنگەکان ببێتەوە.

※ خۆڕێکخستنەوە و ئیدارەدانی شەرعی لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان و چاودێریی هاوپەیماناندا.

※ سوودوەرگرتن لە ناکۆکییە جیوپۆلیتیکییەکان و ئەجێندا جیاوازەکان، چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

※ سوودوەرگرتن لەو دانوستاندنانەی کە چ لەژێر چەتری هەرێمایەتی بەڕێوە دەچن، یان چەتری نێودەوڵەتی، بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی گشتی لە سووریا. ئەمە لە کاتێکدا، کە هەم ڕووسیا و هەم ئێستە ئەمریکایش، باس لە پێویستیی بەشداریی کورد لەو دانوستاندنانە و نووسینەوەی دەستووردا دەکەن.

※ مانەوەی ئەمریکا لە سووریا: وێدەچێ ئەمریکا وەک ترامپ دەڵێ، پەلەیان نەبێ لە چوونەدەرەوە لە سووریا. ئەمەیش دەرفەتێکی بۆ کورد کردووەتەوە کە کەمێ لە خۆی ئەمین بێ و بپرژێتە سەر گرفتەکانی دیکەی... نموونە، دروستکردنی خاڵەکانی چاودێری لەسەر سنووری سووریا - تورکیا لە "کۆبانێ و گرێ سپی و سەری کانیێ". هەرچەند وەزیری بەرگریی تورکیا لە دیمانەی جیمس جیفری، نوێنەری حکوومەتی ئەمریکا و تایبەت بە سووریا، داوای لابردن و هەڵگرتنی ئەو پۆست و پێگانەی ئەمریکا لەو سنوورانە دەکا.

پرسیاری دیکە ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا، چاوی لەوەیە، کوردی ڕۆژاڤا یان "هەسەدە" وەکوو هێزێکی بەوەکالەت بەکار بهێنێ بۆ ڕێگەگرتن لە نفووزی ئێران یان کەمکردنەوەی ئەو نفووزە لە مەیدانی سووریدا وەک هەندێ لە ڕاوێژکارەکانی ترامپ دەیانەوێ... چونکە وەک دەزانرێ بە ٢٠٠٠ سەربازی ئەمریکی ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیاکانی شیعە لە سووریادا ناکرێ.

※ سوودوەرگرتن لە هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# راوێژکارێکی کۆمارییەکان بۆ خەندان: پێوستە ئەمریکا کورد بکاتە هاوپەیمانێکی نوێ کشانەوەی هێزەکانمان هەڵەیەکی ستراتیژی و سەربازییە



**برِیار جەلال**

**زەردەشت بابان** ئەندامی کۆمارییەکان و راوێژکاری لە حکومەتەکەی دۆنالد ترەمپ لەمیانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خەندان، باس لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات لە سوریاو رایدەگەیەنێت کشانەوەکە لەئێستادا هەڵەیەو ئەو هێزانە بەهێز دەکاتەوە کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکان لە سوریا، ئاماژە بەوەشدەکات وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پاڵپشتی لە کورد دەکات بەڵام ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیایە وەزارەتی دەرەوەیە.

**خەندان: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**زەردەشت بابان**: من پێشتر ئاگادار بووم و دەمزانی کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا روودەدات، لام سەیرە کە لە کوردستان خەڵک توشی شۆک بووە، چونکە ئەمریکا بەرگری لە کورد نەکردووە، بەڵکو ئەمریکا هاوبەشی کورد بووە لە شەڕی دژی داعش، کورد یەکێک بووە لە بەهێزەکانی ناوچەکە و ئەمریکا بە پاڵپشتی کورد توانیویەتی سەرکەوێت بەسەر داعشدا، بۆیە کورد هاوبەشی شەڕ بووە لەگەڵ ئەمریکا نەک هاوپەیمان، ئەمەش لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دوو بابەتی زۆر زۆر جیاوازن، ئەمریکا و کورد دوو هاوبەشی کاتی و تایبەتمەند بوون بە ناوچەکەوە.

**خەندان**: ئەگەر ئەمریکا کشایەوە هەڕەشەکانی ئەردۆغان بۆ هێرشکردنە سەر رۆژهەڵاتی فورات ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟

**زەردەشت بابان**: بێگومان ئەمە زەمینە خۆشکەر ئەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەردۆغان لە سێ لایەنەوە ئەو هەرەشانە دەکات، یەکەمیان بەهۆی هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو کە لە مانگی سێ لە تورکیا ئەنجام ئەدرێت و ئەیەوێت جارێکی تر هەستی نەتەوەیی خەڵک بجوڵێنێت تا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، خاڵێکی دیکە شاردنەوەی ئەو شکستە ئابوریەی تورکیایە کە ئێستا لە حاڵەتێکی زۆر خراپدایە، چونکە لە سیاسەتدا ئەوە هەیە کاتێک وڵاتێک تووشی کێشەیەک ببێت، دەیانەوێت لە دەرەوە بابەتێک دروست بکەن تاکو خەڵکی پێوە سەرقاڵ بکەن، هەروەها خاڵی سێیەمیش پاراستنی بەرژەوەندییەکانیەتی لە ناوچەکەدا.

**خەندان**: ئایا کورد توانیویەتی سود لە هاوبەشە ئەمریکییەکەی ببینێت لە شەڕی داعشدا؟

**زەردەشت بابان**: تەنها سەرکەوتنی سەربازی گرنگ نییە، بەڵکو سەرکەوتنی سیاسیش گرنگە، دەبوو کورد پێش ئەوەی کوڕو کچەکانی پێش سەربازانی ئەمریکا بخات بۆ رزگارکردنی ناوچەکە گرێبەستێکی سیاسی ئەنجامبدایە، بەڵام کورد ئەمەی نەکردوە، ئەوەش گەورەترین هەڵەی ستراتیژییە کە کورد بەدرێژایی مێژوی دوبارەی کردۆتەوە، کورد کێشەیەکی هەیە کە بەخەڵکی بێگانە سەرسام ئەبێت و هەر کەس ناوی جەیمس بێت و بڵێن لە ئەمریکا دادەنیشێت، یەکسەر پێی سەرسام دەبن و وادەزانن ئەوەی بیڵێت راستە، تەنانەت ئەگەر ئاژەڵیش ناوێکی بێگانەی پێوەبێت کورد سەرسام دەبێت پێی، کورد دەبوو گرێبەست لەگەڵ ئەمریکا بکات پێش شەڕی داعش، بۆ ئەوەی دوای شەڕی داعشیش ئەو هاوپەیمانێتییە بمێنێتەوە، دەبوو کورد زەمانەت وەربگرێت، ئایا ئێمە شوێنمان لە داهاتوی سوریا چی دەبێت؟ ئایا حوکمی زاتی وەردەگرین، یان سەربەخۆ دەبین؟ ئایا دەبینە بەشێک لە نووسینەوەی دەستوری سوریا؟ ئەمریکا زیاتر سەرنجی دەخاتە سەر رێککەوتننامەکانی جنێڤ و نەتەوە یەکگرتوەکانی (٢٢٤٢) کە لەو رێککەوتننامەیەدا بەهیچ شێوەیەک باسی کورد نەکراوە، لەهەردوو رێککەوتننامەی (٢٢٤٢) و (٢٢٥٤) باسی هەق و مافەکانی کورد لە سوریا نەکراوە، کەواتە دەبوو سیاسەتمەدارانی کورد لە سوریا ئەوەیان لەبەرچاو بگرتایەو پێشرەوی ئەمریکا نەبوونایە لە شەری داعش.

**خەندان**: ئایا تورکیا و ئەمریکا رێککەوتنی هاوبەشیان لەنێواندا هەیە؟



سەرچاوە
Serchawe

**زەردەشت بابان**: کاتی خۆی کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تیلەرسن بوو لەگەڵ ئەردۆگان گروپێکیان دروستکرد بەناوی گروپی کارکردنی ئەمریکا و تورک کە بەردەوام کاردەکات بۆ بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات، ئەم گروپە بوو بڕیاری کشانەوەیدا لە عەفرین، هەر دوای دروستبوونی ئەم گروپە دەبوو کورد چاوی بە ستراتیژ و پلانەکانی خۆیدا بخشاندایەتەوە، چونکە ئەم گروپە لە بەرژەوەندی کورد نەبوو بەهیچ شێوەیەک، بەداخەوە چەندین جار باسمان کردووە، بەڵام سیاسییەکانی کوردستان کاری لەسەر ناکەن.

**خەندان**: **ئایا کشانەوەی ئەمریکا نابێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی داعش و بەهێزبوونەوەی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانی نوێ نییە؟**

**زەردەشت بابان**: وەک ئەندامێکی کۆمارییەکان و راوێژکاری ئیدارەی سەرۆک ترەمپ، من پێموایە ئەگەر بمانەوێت ناوچەکە سەقامگیر بێت پێویستمان بە مانەوەی هێزێکی گەورەی ئەمریکایە، پێویستمان بە ستراتیژێکی باشتر هەیە لەوەی ئێستای ئەمریکا، وە پێویستمان بە خەرجکردنی پارەیەکی زیاتر هەیە بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا، پێویستمان بەوە هەیە جارێکی تر هاوپەیمانی نوێ بدۆزینەوە لە ناوچەکە، وە من کوردم کاندید کردووە بۆ ئەوەی ببێتە هاوپەیمانێکی نوێ لە ناوچەکەدا، چونکە بەپێی ئەو بەڵگانەی لە پنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە هەیە، کورد هاوپەیمانێکی باشی ئەمریکا دەبێت، وە من پێموایە بەبێ کوردەکانی رۆژئاوا نەماندەتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنین لە سوریا، وە لەکەوتنی سەدامیشدا بەهەمان شێواز لەکۆبوونەوەکاندا باسی گرنگی کوردم کردووە، بەڵام دووفاقی ئەمریکا لێرەدا دروست دەبێت کە هەموو کاتێک لەگەڵ بۆچوونەکانماندان، بەڵام کە دێتە سەر رێککەوتن ئەمریکا پابەند نابێت بە کەیسەکانی کوردەوە، بۆ نموونە وەزارەتی بەرگری هەموو کاتێک بەرگری لە مافەکانی کورد دەکات بەتایبەت کوردەکانی رۆژئاوا، زۆر بەباشی سەیری کەیسی کورد ئەکەن، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەندێک کەسی کۆنی تێدایە کە کارمەندن و لەوێ ئەمیننەوەو لەگەڵ گۆڕینی سەرۆکەکان ناگۆڕدرێن، ئەم کەسانە دەبنە بەربەست لەبەردەم سیاسەتی دەرەوەدا، نەک تەنها لە کێشەی کورد بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان ئەمانە کێشەن و زیاتر بەرژەوەندییەکانیان لە تورکیاوە نزیکە، بۆیە بەکشانەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە ئێران و بەشار ئەسەد و روسیا بەهێزئەبنەوە لە سوریا، وە من پێموایە کە تورکیا دۆستی ئەمریکا نییە و کێشەی خستۆتە بەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، زۆر کەس ئەوانەی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا دادەڕێژن بوونەتە دوژمنی سعودیە بەهۆی رووداوەکەی ئەمدواییەوە، کە ئەمەش لەبەرژەوەندی ئەمریکادا

نییە، کشانەوەی ئەمریکا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو هێزانەی دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکان، بۆیە لەمڕۆدا کشانەوەی ئەمریکا هەڵەیەکی سەربازی و ستراتیژییە.

**خەندان: ئایا مەترسییەکانی ئیسرائیل لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**زەردەشت بابان:** بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست سێ خاڵە ، یەکەمیان بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیرییە لە سوریا و عێراق، دووەم لەناوبردنی داعش بەشێوەیەکی هەمیشەیی، سێیەم جێگیربوونی ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی، بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلیش پەیوەستە بە سنوورەکەیەوە لەگەڵ سوریادا، کە خۆی لە دورخستنەوەی ئەو گروپانەدا دەبینێتەوە کە لە ئێرانەوە نزیکن بە دووری ٢٥ کیلۆمەتر کەبەهاوکاریی روسەکان توانیویەتی ئەوە بەدیبهێنێت، پابەندبوون بەرێککەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی سوریا و ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان، وە رێککەوتنی ئەمریکا و ئیسرائیل ئەوەیە کە هیچ هێزێکی بێگانە لە سوریادا نەمێنێت، وە چەکی قورس لەلایەن روسیاوە بە بەشار ئەسەد نەفرۆشرێت، وە بەرژەوەندی ئیسرائیل لەوەدایە هێزێکی زیاتری ئەمریکی لە سوریا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوە لەبەرژەوەندی ئەمریکا نییە، هەرچەندە هێز لە سوریا ئەمێنێتەوە بەلام هێزێکی گەورە نابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - رێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا...؟



هەندرێن شێخ راغب

## گۆشەی یەکەم:

یەکێک لە دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی کۆتایی شۆڕشی ئەیلول(١٩٧٤)، دروستکردنی دۆخێکی دەرونی بوو لای تاکی کورد، کە هەرکاتێک دەوڵەتێکی بەهێزی جیهانی، یان ئیقلیمی، وازی لە کۆمەکو پشتیوانی کورد هێنا، ئەوا لەروی مەعنەوییەوە یەکسەر وا دەزانین دنیا کۆتایی پێدێتو شەوی تاریک دەست پێدەکات. بەداخەوە ئەم دۆخە دەرونییە هەتا ئێستاش بە توخی لە لای ئێمەی کورد ماوە. وەک بڵێی شۆڕشمان پێ نەکرێت، ئەگەر دەوڵەتێک یان هێزێکی جیهانی لە پشتمان نەبێت، هەرچەندە ئەمە رەهەندی جیۆسیاسیو جیۆپۆلەتیکو جوگرافی خۆی هەیە، چونکە کوردستان شوێنێکی پڕ لە نەخشەو پلانو زەوی پڕ ململانێیە لەم بارەیەوە، بەڵام ئەمە بابەتی ئێستای ئێمە نیە لەم وتارەدا.

گەلی کورد بەهەموو شێوەیەک دەبێت ئەم دۆخە دەرونیە تێک بشکێنێت.

## گۆشەی دووەم:

### دوو ئەزمونی کشانەوەی ئەمریکا:

**یەکەم:** ساڵی (١٩٩١) ئەمریکا کوێتی لە چنگی بەعس دەرهێنا، بەڵام نەهاتە ناو بەغداو پاشەکشەی کرد،

ئەمەش صەدام حوسێنی مەست کردو هەوای پەلاماردانی کوردو شیعەی گرت، ئەوەبوو، کۆڕەو کرا، ئەمریکا گەڕایەوەو لەناو ئەنجومەنی ئاسایش پشتیوانی دروستکردنی هێڵی سیو شەشی کرد بۆ کورد لە عێراق، بەم فۆرمە گەڕایەوە؟؟.

دووەم: زۆری بەسەر نەچووە، لەم ڕۆژانە بوو کە باراک ئۆباما گوتی ئەگەر دەربچم بەسەرۆکی ئەمریکا، تەواوی هێزەکانمان لە عێراق دەکشێنینەوە، ئەوکات دەنگۆیەکی زۆر گەورە دروست بوو کە بەعسیەکان دەگەڕێنەوە، ئێران بەتەواوی دەست بەسەر عێراقدا دەگرێت، تورکیا دێت، کورد دەخورێت...ئیدی دنیایەک سیناریۆی دیکە، ئەوەبوو ئۆباما هاتو تەواوی سەربازەکانیشی لە عێراق کشاندەوە، بەڵام چی ڕوویدا؟ داعش هات، عێراق کەوت، بەئێرانیشەوە؟؟ هاواریان کرد بۆ گەڕانەوەی ئەمریکا، هاتەوە.

بۆیە دەشێ بڵێم کشانەوەی تەواوی ئەمریکا لەسوریا، مانای گەڕانەوەیەکی بەهێزیەتی بۆ سوریا.

## گۆشەی سێیەم:

تورکیا پەلاماری عەفرینی دا بە بیانوی تیرۆرو مەترسی ئاسایشی خۆی، تورکیا ئێستا هەڕەشە دەکات بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی فوراتو ڕۆژئاوای کوردستان، هەر بەبیانوی ناسەقامگیری سنورەکانیو داعشو تیرۆر؟؟.بەڵام کاتێک ئەمریکا بەفەرمی لەسوریا دەکشێتەوە، شتێکی گرنگ ڕوو دەدات، ئەویش گۆڕینی ناونیشانی شەڕەکەیە، لە ناوی شەڕی داعش، ئیدی ناونیشانی هەرە زیندوو(دەستپێکردنی شەڕی کوردو تورکیا) یە، بۆیە ئێستا کە ئەمریکا دەکشێتەوە مانای وایە داعش مەترسی گەورەی نەماوە، کە تورکیا هێرش بکات، مانای وایە پەلاماری کورد دەدات، پرسیار ئەوەیە تورکیا ڕۆژئاوای کوردستان داگیردەکاتو نقەی لێوە نایەو وەک ئێستای عەفرین دەبێت،؟ بۆچونم وایە نەخێر. بەڵکو یەکێک لە پێشهاتەکان ئەوەیە ئەمریکاو چەندین دەوڵەتی دیکە، تورکیا وەک صەدام مەست دەکەن، پەلاماری پێ دەدەن، دوایش هەر خۆیان لەناو ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێک بەناوی ناوچەی ئارامو پاراستنی کەمایەتیەکانو یان باکوروو ڕۆژهەڵاتی فورات دەردەکەنو سوریاو تورکیاو روسیایش دەخەنە ناو تەڵەیەکی گەورەوە، وەک ئەوەی دوای کشانەوەی ئەمریکا بەهۆی هێڵی سیو شەش بە عێراقیان کرد؟. دەشێت هەر خۆیان مەیدانەکە بۆ تورکیا چۆڵ بکەن، بڵێن فەرموو کورد بکوژە، کوردستان داگیربکە، وەرە ناو سوریا..بەڵام دوایی توند قورگی بگرن. مادام ئەزمونی لەمجۆرە هەیە دەشێت قەناعەتێک بەم گۆشەیە بکەین. ئەمە لەبەر

خاتری چاوی جوانی کورد نیە، بەڵکو ئەردۆغانو ستافەکەی قاچیان زۆر لەبەڕەکەی خۆیان راکێشاوە.

## گۆشەی چوارەم:

روسیا زۆر بە دوورخستنەوەی تورکیا لە ئەمریکا ماندوو بووە، چاوپۆشی زۆری لە کردەوەکانی تورکیا کرد، هەموو هەوڵێک دەدات تورکیا ببێتە هاوبەشێکی ستراتیژی بۆ روسیا، هەر بۆ نمونە سیستەمی موشەکی ئێس ٣٠٠ دەفرۆشێتە تورکیا، کە ئەمریکای زۆر هەراسان کردووە. لەهەموو بابەتو سیناریۆو سیاسەتەکانی ناو سوریا، روسەکان دەستی تورکیایان راکێشاوەو کورسی گرنگیان داتەوە تورکەکان، بۆیە کاتێک تورکیا موشەکی پاتریۆت لەئەمریکا دەکرێت، کاتێک لە ئەمریکا نزیک دەبێتەوە، روسیا ئەگەر هیچ نەکات، خۆ دەبێت ئەوەی چەندین ساڵە لە سوریا بۆی تەنازوول کردووە، لێی وەربگرێتەوە. بۆیە نزیک بونەوەی ئەمریکاو تورکیا، دەرفەت دروست دەکات، ئەمجارە کوردو روسیا لەیەکتر نزیک ببنەوە، تورکیا ناتوانێت هاوسەنگی ئەمریکاو روسیا بەمجۆرەی ئێستا رابگرێت، روسیا لە تورکیا قبوڵ ناکات تەواوی رۆژهەڵاتی فوراتو باکوری سوریا داگیربکاتو هەیمەنەی گەورەی خۆی دروست بکات، ئەوەی لە عەفرین بۆی کرد، بۆ خاتری ئەوەبوو لە ئەمریکا دوورکەویتەوە، بەڵام کاتێک دەچێت موشەکی پاتریۆتی ئەمریکی دەکرێت، مانای پێچەوانە بونەوەی هاوکێشەکانە، ئەمەش دەرفەتی ئەوە دەداتە کورد لەسوریا بەهۆی روسەکان زەبر لە تورکیا بوەشێنێتو بەرگری بکات، بە کۆمەکی روسەکان. ئەمەش بەرژەوەندی روس دروستی دەکات، نەوەکو چاوی جوانی کورد؟؟.

## گۆشەی پێنجەم:

سەرچاوەکانی ناو کۆشکی سپی، ئاماژە بەوە دەکەن، کە تەواوی راوێژکارەکانی کۆشکی سپی، جۆن بۆڵتۆن راوێژکاری ئاسایشی ئەمریکا، زۆرێک لە ژەنەراڵو ئەفسەرەکان، زۆرێک لە گۆنکرێسمانەکان، زۆر دژی ئەم بڕیارەی سەرۆک ترەمپن، ناکۆکی زۆر لەم بارەیەوە هەیە، ئەمەش دۆخێکی هەستیار دروست دەکات، کە کورد لەسوریا هەوڵ بدات، ئەم دۆخە هەستیارەی ئەمریکا باش مامەڵە بکات، لانی کەم مانەوەی ئەو هێزانەی کە بڕیاربوو ناوچەیەکی ئارام لەنێوان تورکو کورد دروست بکەن لەرۆژئاوای کوردستان. واتە نابێت بڕیاری کۆتایی بدەین، لەسەر خیانەتی ئەمریکا لە بەجێهێشتنی کورد بەتەنیا لەناو گەلەگورگی ناوچەکە، واقیعییە ئەگەر بڕوامان بەوە بێت، هێزە نێودەوڵەتیەکان رێگا نەدەن قەسابخانەی کورد دروست بێت، چونکە ئاسایشو بەرژەوەندی خۆیان وا

دەخوازێت، هەر زوو بەریتانیا رەخنەی لەم بڕیارە گرت، ئیسرائیل دژ بوو، ئەوروپییەکان مەترسیان هەیە. یەکێک لە راوێژکارەکانی کۆشکی سپی گوتی: کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا لێدانە لە هاوپەیمانیەتی عەرەبی-ئەمریکی، عەرەبەکان نایانەوێت ئێرانو تورکیا کەڵەگای ناو سوری

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - رێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سوریا ؛هەوڵێکی دیکەی فریودانی ئەنقەرە



**روفیز حافزئۆغلو**

راگەیاندنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکانی باکوری سوریا لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە، وەک سەرکەوتنێکی گەورە دەبینرا ئەوەش لە سەروبەندی ئامادەکارییەکانی سوپای ئەرتەشی تورکیا بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر چەکدارانی پەیەدە و یەپەگە لە سوریا.

ژمارەیەک لە شیکارە سیاسیەکانی تورکیا، ئەو بڕیارەی ئەمەریکایان وەک فشاری سیاسی تورکیا بۆ سەر واشنتن لێکدابووەوە، بێگومان کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکوری سوریا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئارتەشی تورکیا بۆ سەر چەکدارانی یەپەگە و پەیەدە ئاسان دەکات، بەڵام جارێ زووە بڕیاری سەرکەوتن بدەین.

بڕیاری کشانەوەی سوپای ئەمەریکا بە مانای ئەوە نایەت، ئەمەریکا ئەو چەک و یارمەتییە سەربازیانەی کە

پێشتر دابوی بە یەپەگە و پەیەدە ئیتر لێیان وەردەگرێتەوە.

لە رابـردوودا، دەسـەڵاتدارانی ئەمەریکـا بە بەردەوام بەڵێنیـان بە ئەنـقەرە داوە کە هەر لەگەڵ کۆتـایی هـاتنی شـەڕی دژی داعش لە سـوریا، ئەوا بەزویـی ئەو چەک و یـارمەتییە سـەربازیانەی بە "یەپەگە و پەیەدە"یـانداوە لێیـان وەردەگـرنەوە، ئەنـقەرە هەمیشـە بەگومـان بـوە لەو بەڵێنـانە؛ ئەگەرێکی بەهێـز هەیە کە ئەویش ئەوەیە تەنانەت دوای کشاندنەوەی هێزەکانیشی لە باکوری سوریا ئەوا چەکەکانی لە یەپەگە وەرناگرێتەوە.

ئەوە بە روونی دیـارە کە بـاوەڕکردن بەوەی "ئەمەریکا وا بە ئاسانی هێزەکـانی لە سوریا دەکشێنێەوە" شتێکی نـا ئـاقڵانەیە، کە پێشـتر پلانـی دانـاوە سـوریا وەک پردێکـی پەڕیـنەوە دابنێـت بـۆ لێـدانی ئێـران، بەتـایبەت بە رەچـاوگرتنی ئەو راستیەی کە کشـناوەی هێزەکـانی ئەمەریکا لە سوریا بە راستەخۆیی پێگەی تورکیـا و ئێـران و روسیا لە ناوچەکەدا بەهێز دەکات ئەوەش لە دژی بەرژەوەندیەکانی واشنتنە.

لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا، هێزەکـانی سـوپا فەرەنسـا، کە ئەگەرچـی ژمـارە و قەبارەشیان بچـوک بێـت هێشـتا لەناوخاکی باکوری سوریادان.

دەبێت ئەو راستیەشمان لە پێش چاوبێت، کە بە حاسب کـردن بـۆ هەمـوو ئەو ئەگەر و راستیانەی کە لەسـەرەوە ئاماژەم پێدا، رەنگە کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە باکوری سوریا بۆ دواخستنی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیـا بێت بـۆ سەر یەپەگە و پەیەدە، بەوەی ئەمەریکا  فشار بخاتە سەر تورکیا کە هەتا کاتی کشـانەوەی هێزەکـانی ئەمەریکـا هیرشەکای بۆ سەر یەپەگە و پەیەدا رابگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان  -  رێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# کشانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان



ئارام هادی

وەک هەمیشە لە باشوری کوردستانەوە شیکاریەکان زۆرن، ئەمە لە کاتێکدا هێشتا کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان قسەی خۆیان نەکردوە سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە خاکەکەیان، گومانی تیانیە (ڕوسیا. تورکیا. ئیران. سوریا. سعودیە. بەشێکی وڵاتانی ئەوروپا. بە خودی ئەمریکاشەوە)، بۆیان گرنگە بزانن هەڵوێستی فەرمی ڕۆژئاوای کوردستان چیە؟ بەنیازی چین؟ ئەگەرەکانی بەردەمیان بۆ مامەڵەکردن لە داهاتوودا کامانەن؟، بەگشتی کارتەکانی دەستیان تائێستا دیارنین، (جگە لەوەی تاوتوێی ئەوەدەکەن زیاتر لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دیلی داعشیان لایە کە هاوڵاتی وڵاتانی ئەوروپان بیان گەڕێنێتەوە بۆ وڵاتانی خۆیان)کەئەمەش خاڵێکی بەهێزە بەدەست کوردانی ڕۆژئاواوە، بڕیارەکەی ترامپ ناوخۆی ئەمریکا و جیهانی توشی شۆککرد، بەپێچەوانەوە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا چاوەڕوانکراوبو، چونکە شەڕڤانان بەپشت بەستن بەخۆیان و گەلی خۆیان لەسەر پێ وەستاون، سەرباری گرنگی پشتیوانی زلهێزێکی جیهانی، بەڵام خۆشبەختانە پشتیان بە وڵاتێکی دەرەکی نەبەستوە تا لەوەها بڕیارێکدا توشی شۆکیان بکات.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەڕۆژئاوای کوردستان قسە زۆر هەڵدەگرێت هاوکات ڕووداوگەلێکی زۆریش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە باسی لێوە بکرێت.

١- یەکەکە لەسەرەتاکانی ئەم هەفتەیەدا ڕایگەیاند لە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان ئەوان شەڕ دەگوازنەوە بۆناو قوڵایی خاکی تورکیا و ئەگەری زۆریشە دەست بەجوڵاندنی شەقامی باکوربکەن، لەهەمان هەفتەدا ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە ڕۆژئاوادا، لەکاتێکدا وەرەقەی دابەشکاری تورکیا لەسەر مێزی



سەرچاوە
Serchawe

گفتوگۆی زلهێزە جیهانیەکانە.

٢- مەترسی هێرشی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان تەنها بۆسەر کوردان نیە هاوکات مەترسیشە بۆ سەر سیاسەتی دەرەکی (ڕوسیا. ئیران. بەشار ئەسەد. سعودیە. بریتانیا. فەرەنسا. ئیسرائیل. بەخودی ئەمریکاشەوە)ئایا ئەم وڵاتانە ڕێگە بەوە دەدەن ئەردۆغان لە فراوانکردنی هەژمونی تورکیا بەردەوام بێت؟.

٣- لەهەمووی خراپتر ئەوەیە شیمانەی ئەوە دەکرێت ڕۆژئاوای کوردستان ڕاکێشنە نێو شەڕێکی ناوخۆیی کورد بە کورد لەنێوان هەردوو هێزی (پێشمەرگەکانی ڕۆژ و شەڕڤانان)کە ئەوەی یەکەمیان تورکیا و پارتی پشتگیریان لێدەکەن.

٤- بەشێک لە سیناتۆرەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێن پەیەدە بۆ سودی خۆی چوار ساڵە ئەمریکا بەکاردێنێت بەڵام ترامپ بەبێ بەدی هێنانی ئامانجەکانی بڕیاری کشانەوەیدا، بۆئەم مەبەستە ترامپیان بە نەزان لە قەڵەمداوە.

٥- ئەمریکا لەگەڵ هێزێکی نادەوڵەتی وەک پەیەدە تاسەر مامەڵەناکات و دەوڵەتێکی فەرمی وەک تورکیا لەخۆی ناڕەنجێنێت، ئەمەش قسەی بەشێکە لە خەڵک.

ئەوەی هەیە چاوەڕێی شەڕێک دەکرێت، لە ڕۆژئاوای کوردستان کە جارێ کەس نازانێت کەی و چۆن تەواو دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە شەڕڤانان و گەلی کورد و پێکهاتەکانیتری ڕۆژئاوای کوردستان تەسلیم نابن و تا دوائەندازە بەرگری دەکەن، ئەگەری زۆریشە پریشکی ئەم شەڕە تەنها ڕۆژئاوای کوردستان نەبێت و پەل بهاوێت بۆناو باکوری کوردستان و خاکی تورکیا، لە ئەگەرێکی واشدا کە ئێستاش وەرەقەی دابەشکاری تورکیا لەسەر مێزی گفتوگۆی (ڕوسیا. ئەمریکا)یە هیچ هێزێکی نێودەوڵەتی نیە لەسەر تورکیا بێتە دەنگ وەک ئەوەی لە سوریا ڕویدا چونکە (ئەمریکا. ڕوسیا. ئیران. سعودیە. ئەوروپییەکان)تورکیا بە مەترسی دەزانن، دوای تەواو بونی شەڕەکەش ڕۆڵ و قورسایی ئەمریکا. ڕوسیا لەلایەک و ئیران. سعودیە. ئەوروپیەکان لەلایەکیتر بەجۆرێکیتر دابەش دەکرێتەوە.

خاڵی جەوهەری لێرەدا ئەوەیە کە کورد چۆن هەنگاو بنێت؟، ئەمرۆش لە هەمووکاتێک زیاتر کورد پێویستی بە یەکێتی نەتەوەییە بۆ دەربازبون لەم قۆناغە سەختە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# بڕیاری ترامپ و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا



**پەرویز ڕەحیم**

**پەرویز ڕەحیم قادر - مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین**

## پێشەکی

{ۆژی چوارشەممە، "دۆناڵد ترامپ" لە پۆستێکی تویتەریدا ڕای گەیاند کە هۆکاری مانەوی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سووریا، سەرکەوتن لە جەنگی دژی داعش بووە و ئەم سەرکەوتنە دەستەبەر کراوە. ئەم هەواڵە بەخێرایی کاردانەوەی جۆراوجۆری بە دوای خۆیدا هێنا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و، هەروەها سیاسەتمەدارانی خودی ئەمریکایشی تووشی شۆک کرد. تەنانەت ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕای گەیاند، بەرپرسانی پێنتاگۆن تا دوایین چرکە هەوڵی پاشەگەزبوونەوەی ترامپیان لەم بڕیارە داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە. تەنانەت سیناتۆرە کۆمارییەکان و دیموکراتەکانی وەک "لیندزی گراهام"، "جین شاهین"، "جۆنی ئێرنست"، "ئەنگەس کینگ"، "تۆم کۆتۆن" و "مارکۆ ڕۆبیۆ" بە واژووی خۆیان نامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی دۆناڵد ترامپ کرد و ڕایان گەیاند، بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا جێگەی نیگەرانییە. ئەو هەنگاوە لەم کاتەدا هەڵەیەکە کە باجەکەی گەورە دەبێت و نەک تەنیا ئاسایش و سەقامگیریی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو هەر یەک لە داعش، بەشار ئەسەد، ئێران و ڕووسیایش بەهێز دەکات. هاوکات "نانسی پلۆسی" لە حزبی دیموکرات لە ئەنجومەنی نوێنەران و...، ئەم بڕیارەیان بە نادروست و لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زانیوە. بێجگە لەمەیش هەر یەکە لە فەڕەنسا و بریتانیا سەرسووڕمانی خۆیان لەم بڕیارە و نادروستبوونی کۆتاییهاتنی داعش لە سووریا ڕاگەیاندووە و



سەرچاوە
Serchawe

دەوڵەتی ئیسرائیلیش تاوتوێی کشانەوە هێزەکانی ئەمریکا و پاراستنی ئاسایشی خۆی دەکات. بۆیە بەو پێیەی کە لە ئەگەری دروستبوونی بۆشاییی هێز لە ڕۆژاوا و دروستبوونی جەنگ لە نێوان کورد و تورکیا، ئەوە مەترسی بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە ناوچەی شنگال و سنووری عێراق و تورکیا و کۆنترۆڵکردنی هەیە، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین سیناریۆ و لێکەوتە و ئەگەرەکانی ئەم بڕیارەی ترامپ بخەینە ڕوو.

## سیناریۆکان

### سیناریۆی یەکەم: هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی سعوودیا و وڵاتانی عەرەبی

لایەنگرانی ڕوانگەی ئابووری-تەوەری سیاسەتی ترامپ ئەم سیناریۆ دەخەنە ڕوو. بەپێی ئەم سیناریۆ و خوێندنەوەیە بێت، ئەوە ترامپ لەم ڕێگەیەوە جارێکی تر دەخوازێت سعوودیا و وڵاتانی عەرەبی ناچار بکات کە بۆ ڕێگەگرتن لە ئەمریکا لە جێبەجێکردنی بڕیار و پلانی کشانەوەی سوپاکەی لە سووریا، تێچووی خەرجییە سەربازییەکانی ئەمریکا بگرنە ئەستۆ؛ هەروەها ئەم وڵاتانە هاوڕا بکات لەگەڵ سیاسەتەکانی وزە و ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و بەتایبەتی لە دژی ئێران. بۆیە بەپێی ئەم سیناریۆیە بێت، ئەوە تەنیا بانگەشە یاخود هەڕەشەیەکی ترامپە بۆ تێکدانی هاوسەنگی و سەقامگیریی ناوچەکە و ناکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

### سیناریۆی دووەم: ڕێگەگرتن لە نزیکبوونەوەی تورکیا لە ڕووسیا

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە وای دەبینن، کە ئەمریکا لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و داواکارییەکانی تورکیا لە سووریا، ئەم وڵاتە لە ڕووسیا دوور بکاتەوە. لە ماوەی ڕابردوویشدا ترامپ و ئەردۆغان پەیوەندیی تەلەفۆنییان ئەنجام داوە و تەنانەت باس لە ئامادەکاری بۆ گەڕاندنەوە یاخود ڕادەستکردنەوەی "فەتحوڵلا گویلەن" بۆ تورکیا و، هەروەها بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و، ڕێگەدان بە تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەڕۆژهەڵاتی فورات و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ هێزەکانی یەپەگە بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە. لە لایەکی تریشەوە لەم ڕێگەیەوە ئەمریکا سیاسەتەکانی ناوچەییی خۆی لە ڕێگەی تورکیاوە جێبەجێ بکات، بەتایبەتی جەنگی دژی تیرۆر و، هەروەها لەسەر داهاتووی سیاسیی ئەسەد و سووریا. هەر بۆیە

هاوکات ڕاگەیاندنەکان باس لە ڕێککەوتن و پاشان ڕادەستکردنی سیستەمی مووشەکیی "پاتریۆت"ی ئەمریکی بە تورکیا لە بەرامبەر پاشەگەزبوونەوەی تورکیا لە کڕینی مووشەکی S-400ی ڕووسی دەکەن. هەروەها نابێت لە ئەگەری دروستبوونی ئەم سیناریۆیەدا، هاوڕاکردنی تورکیا لە ئابلۆوقە و سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێران فەرامۆش بکەین؛ چونکە تورکیا بە هۆی بارگرژییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لەلایەک و پەیوەندیی توندوتۆڵی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ ئێران و پاشان پێویستیی تورکیا بە دابینکردنی وزە لە ئێران دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزە لەلایەکی ترەوە، بەردەوام لە دژی ئەم ئابلۆوقە و سزایانەی سەر ئێران بووە. بۆیە دەکرێت ئەم بڕیارەی ترامپ، تورکیا لە ئێران دوور بخاتەوە. ئەمە جگە لە تەواوکردنی ئاڵقەی گەمارۆی ئێران و، هەروەها پەیوەندی بە پرسی کوشتنی ڕۆژنامەنووسەکەی سعوودیا (قاشقچی) لە کونسوڵخانەی سعوودیا لە ئەستەنبۆلی تورکیا، کە ئەردۆغان سوودی زۆری بۆ لێدان لە پێگەی شازادەی جێنشینی سعوودیا، "موحەمەد بن سەلمان" و ستراتیژی و ئەجێندای سعوودیا لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەرگرت، هەیە؛ چونکە سعوودیا تورکیای لە جیهانی عەرەبی- ئیسلامی و بەتایبەتی داهاتووی سووریا دەخستە پەراوێزەوە. بەم واتایە کە لە بەرامبەر کۆتاییپێهێنان بەم کەیسە لە لایەن تورکیاوە، ناڕاستەوخۆ ئەمریکا ڕێگە بە ئۆپەراسیۆنی سنوورداری تورکیا لە ڕۆژاوا دەدات، چونکە ترامپ نایەوێت لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا سعوودیا لاواز بکات. هەر ئەم خاڵەیش وای کرد، کە ئێران نیگەران بێت و لە ڕۆژی ٢٠ - ١٢ - ٢٠١٨دا سەرۆککۆماری ئێران "حەسەن ڕۆحانی" بەپەلە سەردانی ئانکارای کرد و لەگەڵ ئەردۆغان کۆ بووەوە.

### سیناریۆی سێیەم: بەرپرسیارێتی و پێسپاردنی ئەرک بە ئەوروپییەکان

بەشێک لە شرۆڤەکاران ئەم سیناریۆ بە ڕێککەوتن یاخود هۆشیارکردنەوەی دەوڵەتانی ئەوروپی بۆ گرتنەئەستۆی تێچوو و هێزی مرۆیی و بەشداریی سیاسی و بەرپرسیارێتیی وڵاتانی ئەوروپی لە لایەن ئەمریکاوە لێک دەدەنەوە. بەم واتایە کە پێوستە لە لایەک دەوڵەتانی ئەوروپی لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لەسەر پرسی کۆماری ئیسلامی هاوڕا بن و، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو بەرپرسیارێتییە بگرنە ئەستۆ و جێگەی هێزەکانی ئەمریکا بگرنەوە. هەروەها بێجگە لەمەیش ئەو وڵاتانە تێچووە سەربازییەکانی "ناتۆ" لە بری ئەمریکا بگرنە ئەستۆ، چونکە لە ڕاستیدا مەترسیی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هەروەها بارودۆخی ناسەقامگیری ئەم ناوچەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ئەوروپی دادەنێت.



سەرچاوە Serchawe

### سیناریۆی چوارەم: ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە وای دەبینن، کە ترامپ لەگەڵ ڕووسەکان بۆ داهاتووی سووریا و ناوچەکە و دابەشکردنی میتراتی پۆست-داعش ڕێک کەوتووە. هەروەها لەم ڕێگەیەوە بارگرژییەکانیان، بەتایبەت لە ناوچە و پرسەکانی جێگەی ناکۆکی چارەسەر بکەن. وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت: "ئەمریکا درکی بەوە کردووە کە دژایەتی بۆ هەوڵەکانی وڵاتانی گەرەنتیکار لە ئاستانە (ڕووسیا، تورکیا، ئێران) زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت. ئەو بڕیارەی ئەمریکا کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت لەسەر پێکهێنانی لیژنەی دەستووری سووریا و ڕەوشی ناوچەکە، بەتایبەت ناوچەی سنووری نێوان سووریا و ئوردن لە تەنەف". لە لایەکی تریشەوە، لەم ڕێگەیەوە ڕووسیا لە جەنگی ئابووری دژی چین و، هەروەها سزا و ئابلووقەکانی دژی ئێران لەگەڵ ئەمریکا هاوڕا بێت. بێجگە لەمانەیش، ئەمریکا لەم ڕێگەیەوە، ڕووسیا کە هێزە سەربازییەکانی (بێجگە لە هێزی ئاسمانی و ڕاوێژکاری و بنکە سەربازییەکانی لە سووریا) کشاندۆتەوە، بخاتە ژێر گوشارەوە و ناچار بێت لەگەڵ ئەمریکا هاوکاری بکات کە لە ماوەی ڕابردوودا بەرپرسانی ڕووسیا، دژی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا لێدوانیان دەدا. باشترین بەڵگەیش ئەوەیە کە دۆناڵد ترامپ دەڵێت: "ڕووسیا، ئێران، سووریا و ئەوانی دیکەیش خۆشحاڵ نین لەبارەی کشانەوەی ئەمریکا؛ هەرچەندە میدیای ناڕاست وا دەڵێن، چونکە ئێستا دەبێ خۆیان شەڕی داعش و ئەوانی دیکەیش بکەن". هەروەها ترامپ دەڵێت: "ئایا ئەمریکا دەیەوێ ببێتە پۆلیسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ هیچی دەست نەکەوێت، بەڵام ژیانی بەنرخ ببەخشێ و بە تریلیۆن دۆلار لە پاراستنی ئەوانی دیکەدا خەرج بکات، لە کاتێکدا لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا ئەو کارانە بەرز نانرخێنن کە ئێمە دەیانکەین. ئایا دەمانەوێ بۆ هەتاهەتایە لەوێ بین؟ ئێستا کاتی ئەوەیە ئەوانی دیکە شەڕ بکەن." بۆیە ئەمە وا لێک دەدرێتەوە کە جەنگی دژی داعش وەکوو کارتێک لە هاوکێشە سیاسی و جیۆسیاسییەکاندا دەبیندرێت. بەم پێیە، لەم ڕێگەیشەوە هێزەکانی کورد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تورکیا، لە ڕووسیا و بەشار ئەسەد نزیک دەبنەوە و تەنانەت مەترسیی داعش ڕووبەرووی ڕووسیا و سووریا و ئێران دەبێتەوە.

### سیناریۆی پێنجەم: پرس و کێشە ناوخۆییەکانی ترامپ لە ئەمریکا

بەشێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە کە ئەم بڕیارەی ترامپ دەکەوێتە چوارچێوەی ململانێ و قەیرانەکانی ئیدارەی ترامپ، بەتایبەتی کێشە یاساییەکانی لە بەردەم دەزگەی دادوەریی ئەمریکا و لە سەرووی هەموویانەوە دەربارەی



سەرچاوە
Serchawe

دانپێدانانی بەرپرسانی لەسەرکارلابراوی ئیدارەی ترامپ، لە دژی وتەکانی ترامپ یاخود وتەکانی پێشووتری خۆیان لە بەرگری لە ترامپ و ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکان لەم بارەیەوە و دەستێوەردانی ڕووسیا و بەم پێیە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ترامپ و ئەگەری لەسەرکار لاچوون یاخود ئەگەری هەڵنەبژاردنەوەی ترامپ لە خولی داهاتووی سەرۆکایەتیی کۆماری ئەمریکا. بەم واتایە کە ترامپ لەم ڕێگەیەوە ئەم پرسانە دەخاتە پەراوێزەوە و دژبەرانی دەخاتە دۆخێکی سەخت و، پرسی بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەمریکا دەبێتە ئەولەوییەتی ڕای گشتی و سیاسەتی ئەمریکا. بێجگە لەمەیش لەم ڕێگەیەوە ترامپ دەتوانێت ئەمە بە سەرکەوتنێک بۆ خۆی تۆمار بکات کە توانیویەتی لە جەنگی دژی داعشدا ئەمریکا بە کەمترین تێچووی مرۆیی و پاشان دارایی سەر بخات و ئێستا سەربازەکان دەگەڕێنێتەوە ئەمریکا. بۆ نموونە لە ٢٠ - ١٢ - ٢٠١٨ دا ترامپ دەڵێت: "کشانەوە لە سووریا سوپرایز نەبوو، چونکە من ماوەی چەندین ساڵە بانگەشەی بۆ دەکەم؛ شەش مانگ پێش ئێستایش بەئاشکرا ڕام گەیاندووە کە دەمەوێ بکشێینەوە، بەڵام دواتر ڕازی بووم ماوەیەکی دیکەیش بمێنینەوە."

### سیناریۆی شەشەم: کشانەوەی سنووردار یاخود زەمینی و بەردەوامبوونی ئاسمانی

لەم سیناریۆیەدا ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوت لە ئاستی ناوخۆیی ئەمریکا و پاشان ناوچەیی و بەتایبەت لەگەڵ ڕووسیا و تورکیا، لە ڕووی هێزی زەمینیی سەربازییەوە دەکشێتەوە، بەڵام وەکوو ڕووسیا لە ڕێگەی ئاسمانی و بە ڕێگەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی لە جەنگی دژی داعش بەردەوام دەبێت. لایەنگرانی ئەم سیناریۆیە پێیان وایە کە ئیدارەی ترامپ لە ئەمریکا لەم ڕێگەیەوە چەندین دەسکەوت و قازانجی ناوخۆیی و هەرێمی کە لە سیناریۆکانی پێشووتردا خرایە ڕوو، دەستەبەر دەکات. تەنانەت لەم ڕێگەیەوە ترامپ بەڵێنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، کە پێشووتر باسی لێوە کردبوو، دەباتە سەر.

## کۆبەند

پێدەچێت هۆکار و پاڵنەری بڕیاری ترامپ هەر چییەک بێت و هەر کام لە سیناریۆکان بێت، لە کورتمەودا کورد لە ڕۆژاوا زیانمەند بێت و پاشان تورکیا لەم ڕێگەیەوە لە کورتمەودادا سوودمەند و لە ڕووسیا دوور بکەوێتەوە. هەروەها بە تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لە سووریادا، بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیا و، لە لایەکی ترەوە ڕووسیا و تورکیا بکەوێتە بەرامبەر یەکتری و پێکناکۆک بێت. لە لایەکی دیکەیشەوە کێشەکانی ترامپ لە ناوخۆی



سەرچاوە
Serchawe

ئەمریکا و، هەروەها ڕوانگەی تایبەتی ئابووریی ترامپ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیهانی و پاشان پرسی ئێران و چارەسەرکردنی بە سەرکەوتنی ئەمریکا، یەکێک لەو فاکتەرە گرنگانەیە کە ترامپ بیری لێ دەکاتەوە و، دەبێت پرسی سووریا لەو سۆنگەیەوە ببیندرێت.

بێجگە لەمانەیش ململانێکانی ڕووسیا و ئەمریکا و، هەروەها دابەشکردنی میراتی پۆست-داعش و گرێدانی ئاسایشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی، بەشێکە لەو وێنە گشتییە. بەڵام نابێت ئەوە فرامۆش بکرێت کە ئەردۆغان لە ئەگەری هێرشی سەربازی و داگیرکردنی ڕۆژاوای کوردستان، لە ئاستی ناوخۆیی و، هەروەها لە ڕووی ئابووری و ڕای گشتیی جیهانی و تەنانەت لە ڕووی هاوکێشە جیۆسیاسییەکاندا ئالینگاری و دژایەتیی زۆری ڕووبەڕوو دەبێتەوە؛ بۆیە ئەمە جیاوازیی لەگەڵ پرسی عەفرین و ڕۆژاوای فورات و ئۆپەراسیۆنی "چڵە زەیتۆن" دەبێت. هەرچەندە سیناریۆیەک لە ئارادایە کە لە ئەگەری بەشداریی هێزەکانی دیکەی پەراوێزخراوی کوردی (پێشمەرگەی ڕۆژاوا) لە ڕۆژاوا و دوورکەوتنەوە لە پەکەکە و پڕکردنەوەی بۆشاییی ئەمریکا لە لایەن وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی (بۆ نموونە فەڕەنسا)، هاوکێشەکان گۆڕانی بەسەردا بێت؛ بەڵام جارێ ئەمە لاوازە و تەنیا لەسەر وەرقەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# تویتێک بە تامی بۆمب



**سامانی وەستا بەکر**

لەگەڵ تویتەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاشکرا بوو گڕ لە خەرمانی کورد بەربوو لەچەندین سەرچاوە و میدیای جیاوازەوە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرا تا ئاستی هێرش کردنە سەر ئەو وڵاتە و سەرۆکەکەی و دابەزاندنی لە دۆستەوە بۆ دوژمن و خائین!

## ئایا ئەمریکا خائینە یان کورد بە هەڵە پشتی پێ بەستووە؟

لە دونیای سیاسەتدا دوژمن و دۆست تا سەر نییە، دەکرێ دوژمنی ئەمڕۆ دۆستی سبەی بێ و پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەڵام شتێک هەیە پێی دەوترێت بەرژەوەندیی ستراتیژی کە دەکرێت بۆ چەندین دەیە بەردەوامیی هەبێت کە کورد هەندێک جار لە یەکەمیاندا سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەرگیز بە درێژای مێژوو لە دووەمیاندا سەرکەوتوو نەبووە.

کورد توانیویەتی لە قۆناغێکدا دۆستی ئەمریکا بێ ئەگەرچی خوێنێکی زۆریش بەرامبەر ئەو دۆستایەتییە لەجەستەی ڕژابێ، بەڵام لەپای ئەو هەموو قوربانی و گوێڕایەڵییە تا ئاستی خۆچەمانەوە نەیتوانیووە بەرژەوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا گرێبدات.

ئەوانەی گلەیی لە ئەمریکا دەکەن بە مەنتیقی خێزان بیردەکەنەوە کە هەمیشە خێزان دەبێ یەکگرتوو و

هاوسۆزبێت کە ئەمە لە سیاسەتدا بوونی نیە، بەڵکو لەبری گلەیی گرنگە بەدوای ئەو کۆدانەدا بگەڕێت کە دەرگا بەڕوی گرێدانی بەرژەوەندیی ستراتیژیدا لەگەڵ ئەمریکا یان هەر هێزێکی تردا دەکاتەوە کە لەو ڕێگەیەوە بتوانیت کارێک بکەیت بەشێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانە بە بەردەوامی بەدرێژەپێدانی دۆستایەتیکردنتدا هەڵبواسرێ.

گومانی تێدانییە سەرۆکی ئێستای ئەمریکا  کۆی تەمەنی پیاوێکی بازرگان بووە، ئێستاش بۆ زۆربەی پرسە گرنگە جیهانییەکان و لە ناویشیاندا پرسی جەنگ بەزمانی ژمارە قسەدەکات کە هەمیشە بۆ هەر پرسێک باس لە تێچوون و دەستکەوتەکانی دەکات. ئەوەی ئەم سەرۆکەی زۆر سەرقاڵکردووە ئەو بەڵێنانەیە کە بۆ چاککردنی باری ئابورییە لاوازەکەی ئەو وڵاتەیە بە بەراورد بە پێشووتر داویەتی بە خەڵک کە باشکردن و تۆکمەکردنی ئابوری ئەو وڵاتە کلیل و گرەنتی هەڵبژاردنەوەیەتی بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی  وڵاتەکەی.

ئەو وڵاتە لە کاتێکدا گەورەترین زلهێزی جیهانی بوو کە وەک ئیمپراتۆری گۆی زەمین خۆی ناساندبوو بەهۆی ئابوریە بەهێزەکەیەوە، بەڵام ئێستا چەندین قەرزی جۆراو جۆر بەردەرگای پێگرتووە و لەماوەی سالآنی ڕابردوودا چەند جارێک ڕووبەڕووی کورتهێنانی بودجە بووەتەوە، هەر ئەوەش وایکردووە کە ئەم سەرۆکە نوێیە چاو بە چەندین ڕێککەوتنی مۆرکراوی جیهانیدا بخشێنێتەوە کە خودی ئەمریکا کۆڵەکەی ڕاگرتنی بووە. بۆ نمونە "ڕێککەوتنی دابەزاندنی پلەی گەرمی جیهان کە بەشێوەیەکی بەرچاو ساڵانە بەرزدەبێتەوە، ڕێککەوتنی بازرگانیی بێ سنور و دانانی باج لەسەر هەناردەی زۆرترین وڵاتانی جیهان بۆ ئەو وڵاتە، چاوخشانەوە بەو بڕە پارەیەی ساڵانە ئەمریکا تەرخانی دەکات بۆ ناتۆ.....هتد"

لە دواترین تویتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نوسیوویەتی "ئێمە پۆلیسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین تا ژیانی بەنرخمان لە پێناویدا ببەخشین، "ئاخۆ ئەمریکا بێ ئەوەی هیچی دەستبکەوێت دەیەوێت ببێتە پۆلیسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ کە ژیانی بەنرخی خۆی ببەخشێت و چەندین ملیار دۆلار بەخەرجکردن بدات، کەچی ئەوانەی تر کە ژیانیان دەپارێزین پێی نازانن، ئێستاش کاتی ئەوەیە ئەوانی دیکە شەڕ بکەن"، ئەمە دووبارە جەختکردنەوەی ئەو سەرۆکەیە لەسەر دەستگرتنەوە لە تێچووی جەنگ کە ئەو پێی وایە هەر وڵاتێک پێویستی بە هاوکاری ئەوان بێت، دەبێت هاوکاری تێچووی جەنگیان لەگەڵدا بکات.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دوور نییە ئەمەریکا بە بەشداریکردنی لە شەڕی سوریادا بڕی تێچووی زیاتر بوو‌بێت لە دەستکەوت و کوردیش نەیتوانیوە هیچ بەرژەوەندییەکی ستراتیژی ئەمریکا گرێبدات بە خۆیەوە، لەبەرامبەریشدا ئەو وڵاتە ناتوانێت دەستبەرداری یەکێک لە گەورەترین دۆستە دێرینەکانی بێت کە ساڵانێکە زۆرترین بەرژەوەندی ستراتیژی ئەو دوو وڵاتەی پێکەوە گرێداوە، هەربۆیە دەکرێت کشانەوەی ئەمریکا کشانەوەیەکی کاتی و تاکتیکی بێت تا ئەو کاتەی تورکیا ئامانجەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەپێکێت و پاشان ئەمەریکییەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. بەو شێوەیە ئەمریکا دوو دەستکەوتی دەبێت :

یەکەم: دڵی دۆستە دێرینەکەی ڕازی دەکات و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیادا دەپارێزێت کە خاکی ئەو وڵاتە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگە بۆی، هەروەک چۆن ڕێگە دەگرێت تورکیا ببێت بە دۆستی ڕوسیا کە ئەمەیان گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە.

دووەم: بەو کشانەوە تاکتیکییە پەستانێک دەخاتە سەر ئەو وڵاتانەی کە بەرژەوەندییەکانیان گرێدراوی ئەمریکایە و لەژێر چەتری ئەواندا پارێزراون لە هەڕەشەی ئێران، تورکیا و ڕوسیا کە گیرفانیان زیاتر بکەنەوە بۆ تێچووی ئەو شەڕەی کە چەند ساڵێکە لە سوریا بەردەوامی هەیە، تێچووەکەی پشکی شێری بەر ئەمریکا کەوتووە.

سوپایەک کە لە ١٧٧ وڵاتدا بە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار سەرباز بوونی هەبێت و بە شێرپەنجە ناوبرێت کە بچێتە هەر شوێنێک هەرگیز پاشەکشەی لێ ناکات ئاسان نیە هەر وا بەئاسانی دەستبەرداری ئەو ناوچەیە بێت کە بۆتە چەقی ململانێی نێوان ئەمریکا و دووژمنە مێژوویی و دێرینەکەیان ڕوسیا کە ئەگەر بەرژەوەندییەکی ئابوری و ستراتیژیی گەورەتر لە پشت ئەم کشانەوە کت و پڕەوە نەبێت کە بەندە پێم وایە کاتی و تەکتیکیە کە کەبوو کورد حسابی بۆ ئەم ئەگەرە بکردایە و لەبری ئەم ڕاچڵەکانە زەمین لەرزێنە بۆ کورد تەنها وەک هەواڵێکی بێزارکەر وەرگیرایە.

لە ئێستادا کاریگەرترین وەڵامی هەنووکەیی هێزە کوردیەکان و بەتایبەت هەسەدە بۆ ئەمریکا بەجێهێشتنی بەرەکانی شەڕی داعشە بۆ هێزەکانی ئەمریکا تا ئەو وڵاتە پێداچوونەوە بۆ ئەو کشانەوە کت و پڕە بۆ کورد و داڕێژراوە پێش وەختە لە بەرژەوەندی تورکیادا بکات. هێزە کوردییەکان بە تایبەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە هەوڵی توندوتۆڵکردنی سنورەکانیان بن بەڕوی داگیرکارییە چاوەڕوانکراوەکەی تورکیادا.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە کورد ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو دەبێتەوە کە گرنگە زۆر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ بکات، چونکە دوور نییە تورکیا تەنها شەڕی سنورەکان بکات هەر کە گەشتە ئامانجەکەی خۆی کە پشتێنەیەکی ئەمنییە بە قوڵایی ٤٠ کیلۆمەتر و درێژایی کۆی سنوری ئەو وڵاتە بە هێزە کوردیەکانەوە ئیتر لەوەودوا ئەو شەڕە بە ئەنەکەسە و پارتە دژەکانی پەکەکە یان پەیەدە بسپێرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە کورد خۆی لە شەڕی کورد دژ بە کورد بپارێزێت، چونکە سۆزی جیهانی بۆ مەسەلەی کورد کەم دەکاتەوە، دوور نیە دواتر تورکیا لەبری داگیرکەر بکات بە فریاد ڕەس.

گرنگە کوردانی هەر چوار پارچە لەوە دڵنیابن کە چیتر کەیسی کورد نە لە ڕۆژئاوا و نە لە باشور ناچێتەوە چوارگۆشەی یەکەم و دۆزی کورد چەندین قۆناغی سەختی تێپەڕاندووە و تاکی کورد وره لە تواناکانی خۆی وەربگرێت و لە ئەگەری هەر ڕوداوێکدا خۆی ڕادەستی هەرەس نەکات .

گرنگە ئەم ڕووداوانەی توزخورماتوو، کەرکوک، عەفرین و ئەوەشی کە لە منبج و بەشێکی خاکی ڕۆژئاوی کوردستاندا ڕوودەدەن ببێتە هۆکارێک کە چیتر کورد لەبری گەڕان بەدوای دۆستێک و پارێزەرێک لە چنگی داگیرکەرانی کوردستان بەدوای بەرژەوەندیەکی ستراتیژی، ئابوری یان جیۆپۆلیتیکی بەهێزدا بگەڕێت کە زلهێزەکان ناچاربکات لەبری دۆستایەتییەکی کاتی دڵبەستێکی هەمیشەییت لەگەڵدا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢١ی دیسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ترەمپ ڕاستگۆترین سەرۆکی سیستەمی سەرمایەداری کە کوردی ڕاچەڵەکاند



**ڕێبوار محەمەد ئەمین**

هەموومان دەزانین سیستەمی سەرمایەداری سیستەمێکی کتومت بەرژەوەندی ئابوری خوازە و مرۆڤ تێیدا وەکو ڕۆبۆت وایە هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤ بوون نییە، بەڵام بە درێژایی مێژوو بۆشاردنەوەی ئەم ڕاستیە هاتوون دیوێکی تریان بۆ زیادکردوە  بەرگری لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا گورگن لە پێستی مەڕدان و هەموو مرۆڤایەتی دەکەنە وزە بۆ بەگەڕخستنی ماشینی بەرژەوەندی ئابوریان.

دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا لەبەرئەوەی کەسێکی سەرمایەدار و بازرگانی گەورەیە و لەگەڵ ژمارەدا هەڵسوکەوتی کردوە و ژمارەش درۆو دووڕووی و فرت و فێڵ نازانی چونکە ئەگەر درۆبکات هاوکێشەکان تێک دەچن.

بۆچی ئەم سەرۆکە ڕاستگۆیە ؟ لەبەرئەوەی پێشووتر وەکوسیاسی کاری نەکردوە و درۆنازانێت و ناتوانێت فرت وفێڵ و درۆبکات لەڕوو مجامەلە و لەژێریشەوە وەک دووپشک پێتەوە بدات، وتەیەک هەیە دەڵێت هەرکاتێک باوەڕت بە بەڵێنی سیاسیەک کرد ئەوە بڕیاری خۆ فریودانت داوە.

لەم بڕیارەی ترەمپ لەسەر کشانەوەی لەڕۆژئاواو دەرهاویشتەکانی بەڕاستی جیهانی بەگشتی وە کورد بەتایبەتی توشی شۆک کرد و شپرزەی کردین لەبەرئەوەی هێشتا فێرنەبووین چۆن سیاسەت لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا بکەین و بەسۆزوعاتیفە سیاسەت دەکەین.



سەرچاوە
Serchawe

بەپێی ئەو بەدواداچونانەی من کردوومە و ئەوەندەی تێگەشتبم و شیکردنەوەم کردبێت ترەمپ دەڵێت ئێمە لەجیاتی کەس بەخۆڕایی نەشەڕدەکەین و نەکەس دەپارێزین چونکە زەردەکەین و هیچمان دەست ناکەوێت، ڕاستدەکات ئەو ڕێک بەپێی فەلسەفەکەی خۆی کاردەکات لەسەر بنەمای قازانج و زەرەر کاردەکات، دەبێت لەبەرامبەر هەرهەنگاوێک دەستکەوتێکی مادی هەبیت ئەگینا خۆی بە دۆڕاو دەزانێت فەلسەفەی ئابوریش وایە ئەمە حەقیقەتی سیستەمی سەرمایەدارییەو شتێک نییە ناوی وەفاو ڕەوشت و مافی مرۆڤ و دۆستی تاسەربێت بەڵکو بەرژەوەندی تاسەرهەیە.

سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەی سەلماند بۆ هەمووجیهان و بەتایبەت کورد کە بوون و ئامادەییان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنهاوتەنها وەکو کۆمپانیایەکی ئەمنی ئامادەن کاربکەن و بە ئیعترافی ترەمپ کێ سەفقەی گەورەتر و دۆلاری زیاتر بدات و بەردەوامبێت، ئەوە دۆستی ڕاستەقینەی ئەمەریکایە و تاسەر دەیپارێزن .

پێویستە کوردیش لەمەودوا فێری سیاسەت بێت و دووربکەوێتەوە لە عاتیفەو دڵداری و عاشقبوونی تاک لایەنە و دۆڕاو دەبێت کوردیش فێری سیاسەت ببێت بەپێی تێۆری قازانج و زەرەر و بۆ هەموو هەنگاوێک قازانج لەبەرچاو بگرێت.

کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی گەورەترین سەرمایەیە کە نەوت و گاز و مادەکانی ترە و دەتوانێت گەورەترین سەفقاتی پێبکات و ئەوکۆمپانیا ئەمنیەی ناوی ئەمریکایە بکاتە پاسەوانی پارێزەری خەڵک وخاکی کوردستان و لەپێناوی گەیشتن بەئامانجەکانی بە کەمترین نرخ نەوت وگازیان پێ بفرۆشێت، یان بیانکات بەشەریک لەم نیشتمانە بۆئەوەی بگەینە ئامانجەکانمان.

هەمووممان دەزانین کە تورکیا لە ڕووی وزە و یەدەگی نەوت و گازەوە لە چ دۆخێکدایە و داهاتی سەرەکی وڵاتەکەی گەشتیاریە،

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەگەر بەم فەلسەفە سیاسەت بکەین دەبینە یەکێک لە گەورەهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستە گەلی کورد لە باشورو ڕۆژئاوا هەرچی زووە بەم شێوە لەگەڵ ئەمەریکا ڕێک بکەون چونکە کات و شوێن

رۆڵی دەبێت لەم جۆرە سەفەقاتانە ئەگەر لەدەست بچن و خەڵکی تر هەلەکە بقۆزێتەوە ئەوا ڕێسەکە دەبێتەوە بە خوری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## ئەنجامی سیاسەتی ترازانو ئەمریکا و چارەنوسی کوردستان (رۆژئاوا بۆ نمونە)



**مەلا بەختیار**

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رۆژی (٦ - ١١ - ٢٠١٨) بڕیارێکی چاوەڕوانکراوی دژی رابەرانی پەکەکە، کە لەم دۆخەدا دەکاتە بڕیار دژی خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان لەباکوری کوردستان دەرکرد. لەم دوو رۆژەشدا، سەرۆکی ئەمریکا، سیاسەتی وڵاتەکەی لە سوریاو رۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئاشکرا کرد. ئەویش کشانەوەی هێزەکانێتی لەڕۆژئاوا، هەروەها لەئەفغانستانیش.

بەندە، لەدوای سەرهەڵدانی داعشەوە، پێچەوانەی رەفتارو گفتاری بەشێکی بەرپرسان، سەرقاڵی دەستەبازیو موزایەدەخوازییو پیلانگێڕی بوون،هەمیشە، یەکێک بوم لەوانەی وتومە:

دۆخی کۆتایی جەنگی ساردو پاشان سەرهەڵدانی داعش بقۆزینەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکانمان. با ئەمریکاو زلهێزەکان، وا نەزانن دژی داعش تەنها جەنگاوەری باشین. با باشتر تێیان بگەیەنین کە پێش داعشو

ماعش، نەتەوەی کورد، ئازادیخواز بوینو هەین. بۆ باشتر رونکردنەوەی ئەم بۆ چوونانەم، پەیتا پەیتا، سەر وتارم نوسیووە. کۆڕم بەستووە. چاوپێکەوتنم کردووە. لەسەر ئەم هەڵوێستانەش، دژایەتییەکی زۆر کراوم. بەتایبەتی لەلایەن ئەوانەی لەناو کێشمەکێشەکاندا پلە پەرستبوونو، دەستکەوت مەستی کردبوونو لەئاست مەترسییەکانیش، بۆ سەر نەتەوەکەمان، لەگوێی گادا نوستبوون!!

وا ئەمریکا (١٩ - ١٢ - ٢٠١٨) بڕیاری کشانەوەی لەڕۆژئاوای کوردستان داوە. سەرسوڕمانێکی سیاسی هەموولایەکی گرتووە. بەتایبەتی ئەوانەی لایەنیکەمی پێشبینی رووداوەکانیان لەسیاسەتی زلهێزەکانو هاوکێشەی ناوچەکەدا نەبووە. بەشبەحاڵی خۆم، سەرم لەم بڕیارەی ئەمریکا سوڕنەماوە، تەواوی بەڵگەکانیشم هەڵگرتووە، کە دەهەیەک لەمەوبەر، کەسێک بوم لەوانەی زەنگی مەترسی دۆخی ئێستام لێداوە. بەڵام مەخابن، زۆربەی سەرکردەو لایەنەکان، لەسەر سیاسەتی "ترازان" بەردەوام بوونو "سازان"ی راستەقینەیان دەکردە قوربانی رقی سیاسی. وایاندەزانی، کێشە گشتییەکان لەناوچەکەدا بەردەوام دەبێو لایەکی سیاسی دەتوانێ، لەهەر بەشێکی کوردستاندا، سەربکەوێ و لاکانی تر فەرامۆش بکات. هەمان هەڵەی کوشندە، کە لەسەردەمی جەنگی عیراق- ئیران، بۆ یەکتر لەناوبردن لەشەڕی ناوخۆدا، پەیڕەو دەکرا. ئەوکاتەش دژی ئەو سیاسەتە بووم.

بۆ ئەوەی بیری خوێنەری بخەینەوە، کە ساڵەهایە، لەسەر ئەم مەترسیانە زەنگمان لێداوە، فەرموون ئاماژە بەهەندێک لەو بۆچوونانە دەکەین.

## یەکەم زەنگ

دوای راپەڕین، خرۆشانی جەماوەری لەوپەڕیدا بوو. کۆنگرەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە(٣٠ - ١٠ - ١٩٩١) بەسترا. بەندە رۆژی (١٠)ی تشرینی دووەمی (١٩٩١) وتارێکم نوسی بەناونیشانی (کۆنگرەی رۆژهەڵاتو فەرامۆشکردنی کێشەی کوردستان)، تیایدا رەخنەم لەفەرامۆشکردنی کێشەی کوردستان، لەو کۆنگرەیەدا گرتبوو. بەڵکو بەمەترسیداریشم لەسەر چارەی خۆنوسینی نەتەوەکەمان زانیبوو. هێزەکانی بەرەی کوردستانی، بەچەپو راستو ناوەڕاستەوە، سەرقاڵی ئاودیوکردنی ئامێرە دزراوەکانی کوردستانو گومرگو وەرگرتنو دابەشکردنی بوون بەسەر لایەنەکانی بەرەی کوردستانیدا. بەئاشکرا وڵاتەکەیان تاڵان دەکردو خوێندنەوەیان بۆ کۆنگرەکە هەر نەبوو!! خواکردی، لەناو ناکۆکییەکانی ئەمریکاو عیراقدا، ئەزمونەکەمان لەناو نەچوو.

## دووەم مەترسی

### لەسەر وتاری رۆژنامەی چاوێردا، رۆژی (١٦ - ٦ - ٢٠١٤) وتومانە:

"دەستمان بەدامێنی مێژووتان، هەڵەکانی رابوردوو مەکەنەوە. مەترسی ئاوێتەبونی ئایدۆلۆژیەتو سیاسەتی ناسیونالیستی سەلەفی "بەعس- داعش" وەکو خۆی لەبەرچاوبگرن، خوانەخواستە ئەمانە سەربکەون، ئەنفالێکی سامناکتر چاوەڕوانمانە".

دەپرسم: بەعسی سوریا، دژی عەرەب، چەکی کیمیایی بەکارهێنابێ، کە ئەمریکا دەکێشتەوەو شەڕ کۆتایی بێت. چی لەرۆژئاوای کوردستان دەکات؟ ئەگەر چارەسەری سیاسی نەدۆزرێتەوە؟!

## سێهەم وریایی

لەسەر وتاری کوردستانی نوێ (١٥ - ٣ - ٢٠١٦) لەوتاری "مەترسی لۆزانە تر، دوای سەدەیەک لەسایکس پیکۆ"دا، نوسیومانە:

ئەگەری رێککەوتنی سیاسی لەناوچەکەدا، بە مەرجێک کۆتایی بەتیرۆریزم بێنێت، بێتە ئاراوە، باوەڕناکەین ئەمریکا رەتیبکاتەوە.

لەدرێژەی وتاری ناوبراودا، جەختمان کردۆتەوە، کەوا:

"لەهەموو بارێکەوە، ئەگەری جۆرێک لەرێککەوتن، بەپاراستنی سیستەمەکانی ئێستای ناوچەکە، بەسیستەمی سوریاشەوە، لەپێشمانە. ئەم رێککەوتنەش رووبدات، راستە مەترسی لەسەر فیدراڵی باشوری کوردستان نییە. بەڵام بێگومان، مەترسی ئاشکرا لەسەر رۆژئاواو باکوری کوردستان، سەرەتاتکێی سیاسیمان لەگەڵ دەکات".



سەرچاوە
Serchawe

ئەم بۆچونانەمـان لەتەک پەیەدەدا، لەهەمـوو دانیشـتنەکاندا دووپاتـدەکردەوە، بەڵام ئەوان تەنهـا لە لـولەی تفەنگو شەکاندنی ئاڵای پەکەکە، رووداوەکانیان دەخوێندەوە.

## چوارەم راچەڵەکاندن

لەسەر وتاری چاودێر (١٥ - ٨ - ٢٠١٦) لەدوو پەرەگرفدا، ئاماژەمان بەمەترسییەکان کردووە، وتومانە:

"ئێستا ئەرکی سەرکردایەتی سیاسییە، سەرەتای رووداوەکان، قوڵ هەڵبسەنگێنیو بەرەنجامی بابەتیش بۆ بڕیاری بەرپرسانە هەڵبهێنجێ، ئەگینا کە کار لەکار ترازا، هیچ پەشیمانییەک دادمان نادات".

## کۆتایی ئەم وتارەشمان، ئاوها قفڵداوە:

"سەرکردایەتی سیاسی هێزە سیاسییەکانیش، مادام دەستەبەری سیاسی ئایینـدەی رووداوەکانیـان نییە، چارەسـەری کێشە ناوخۆییەکان، دەبێتە ئۆبـاڵێکی مێژوویی ئەستۆمانو بەهەر پاساوو بیـانوویەک ئەم چارەسـەرە لەمە زیـاتر داوابخرێت، ئێستا سزای ویژدانیو لەئاییندەشدا، سزای مێژوویی، هەیە".

مەخابن، ئەوەتا دوای سزای ویژدانی، خەریکە سزا مێژووییەکەشمان دەرخوارد دەدەرێ!!

## پێنجەم شۆک

کە زانیمـان تەنهـا دڵسـۆزانی کوردستان وتارەکـان دەخـوێننەوە و لایەنە سیاسییەکان نەبایـان دیـو مە نەبـاران، ناچار بوین لە (١٣ - ٦ - ٢٠١٦)دا، لەزانکۆی سلێمان کۆڕێکی فراوان ببەستین بەناونیشانی (مەترسییەکانی دۆخی ئێستا؛ سازان یان ترازان). هۆڵی زانکۆ ئاپۆرە بوو لەسەرکردەی حزبەکانو مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکارو کـادر. لەو دۆخەدا مەترسی لەسەر چارەنوسی بەشەکانی کوردستانو تەقینەوەی کێشە ناوخۆییەکـان، دایگرتبـووم. چـونکە ناکۆکییە ناوخۆییەکان چارەسەر نەدەکرانو موزایەدەخوازی برەوی هەبوو.

لەمەتنی کۆڕەکەدا، وتمان: "لەبەرئەوەی تائێستا هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی، لەنێوان پەیەدەو هەندێک لەهێزە رادیکاڵەکانی رۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا نییە، هەروەها لەکۆنگرەکانی جنێف قبوڵیان ناکەن، لەبەر ئەم دوو خاڵەیە:

**یەک**: لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا، هیچ جۆرە ڕێککەوتنێک و دەستەبەرێک نییە.

**دوو**: لەکۆنگرەی جنێف، تائێستا مافی کورد دەستەبەر نەکراوە و پەیەدە قبوڵ نەکراوە. ئەم سیناریۆیانە ئەگەر بچێتە سەر، بەم سیاسەتەی ئێستای حکومەتی سوریا، بەم عەقڵییەتەی ئێستای ئۆپۆزسیۆنی سوریا و بەو ڕێککەوتنەوەی کە لەنێوان سوریا و تورکیا بەڕێوەیە، رۆژئاوای کوردستان، لەهەموو بەشەکانی تری کوردستان زیاتر، مەترسی لەسەرە".

لەدوا بەشداریشمان لەکۆنفرانسی میری (٢٣ و ٢٤ - ١٠ - ٢٠١٨) لەهەولێر، دووپاتمان کردەوە، کە: دەبێ پەیەدە، کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی رۆژئاوا چارەسەر بکاتو لەدانوستانەکاندا، بۆ نوسینەوەی دەستورو ئاییندەی سوریا، مافی کورد دابینبکات. هەروەها لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیشدا، هەمان بابەتم باسکرد و پەسەندیشکرا. لەهاتنی وەفدی رۆژئاواشدا، مەترسییەکانمان لەگەڵ باسکردنو وتمان:

پەیامی ئێمە ئەوەیە، چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی رۆژئاوای کوردستان لەناو سوریادا بدۆزرێتەوە، ئەگینا مەترسی بەڕێوەیە.

وا ئەمریکا، بڕیاری خۆیدا، جارێ دوا ئەنجام دیار نییە، روسیاو فەرەنسا، چیان پێدەکرێ بۆ چارەسەری سیاسی. هێزە کوردستانییەکانیش، لایەنیکەمی ڕێککەوتنی گشتیان لەناو خۆیاندا نییە. مەخابن:

- پەیەدە سورە لەسەر سیاسەتی حاکمییەتی خۆی.

- هەندێک لایەنی سیاسیش هەن، سیاسەتی کاردانەوەیان بەرامبەر پەیەدە گەیاندۆتە رادەیەک، داگیرکەران سودی لێوەردەگرن.

وەرزێکی سیاسی مەترسیدارە. بەڵام کەرامەتی سیاسی لەهەموو لایەک دەخوازێ، بەرەنگاری بکەنو مەترسییەکان کەمبکەنەوە. خەبات بۆ چارەسەری سیاسی گونجاو بکەن. ناکۆکی ناوخۆیی کەمبکەنەوە. لەبەشەکانی کوردستانیشدا، پشتیوانی رۆژئاوا، باشتر بکرێ.

ئەمریکا بڕیاری خۆیدا، ئێستا ئیتر ئەنجومەنی ئاسایشو یەکێتی ئۆرۆپا، کاتێتی نەهێڵن تراژیدیای سیاسی لۆزانو رێککەوتننامەی جەزائیر، سێپات ببێتەوە. روسیا، لەسوریادا کاریگەرترین دەوڵەتی ئەنجومەنی ئاسایشە، دەتوانێ چارەسەر بسەپێنێ. بۆیە، ئومێدەوارم، بەپشتیوانی فەرەنسا، داکۆکی لەچارەسەری گشتگیر بکەن. نەک چارەسەرێک سوپای سوریا ئازاد بکرێ بۆ سەرکوتکردنو بێبەشکردنی گەلانی سوریا لەمافە دیموکراسییەکان.

ئەگەر، ئەنجومەنی ئاسایشو یەکێتیی ئۆرۆپا، داکۆکی لەچارەسەری سیاسی بکەنو لەپرۆژە دەستوری ئێستادا، لەکۆنگرەی ژنێفدا، روسیا پێداگیری بکات بۆ مافە دیموکراسییەکانی کوردو پێکهاتەکانی تریش، بەدڵنیاییەوە، ئەمریکاش پەسەندی دەکاتو دەوڵەتانی هەرێمایەتیش ناتوانن، دوژمنی چارەسەری دەستوری بن.

بەپێچەوانەشەوە، تراژیدیا بەرێوەیە. گەرچی دڵنیاین گیانی بەرەنگاری لەرۆژئاوادا، بەرزە. تابتوانن، ناهێڵن ئەزمونی شێخ مەحمودی دوای جەنگی یەکەمو، ئەزمونی کۆماری کوردستان دوای جەنگی دووەمو، ئەزمونی شۆڕشی ئەیلول لەجەنگی ساردداا، روبداتەوە. بەهیواشین، حزبە کوردستانییەکانیش، خۆیان شەرمەزاری مێژوو نەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - رێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## ترەمپ و کورد



**سەردار عەزیز**

تویتەکەی ترەمپ جارێکی تر کوردی هەژاندەوە، بەڵام تراژیدیای گەورە ئەوەیە کە کورد ناهەژێت. لێرەدا چەند خاڵێک دەخەمە بەرچاو بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پاشخانێک بۆ ئەم پەشۆکانە.

**یەکەم:** ئەمە یەکەم جارنیە کە ترەمپ دەیەوێت لە سوریا بکشێتەوە، پێشتر لە مانگی سێ ئاماژەی بە کشانەوە لە سوریا دابوو. ترەمپ ئەو کاتە ووتی بەم زوانە.

**دووەم:** هەر لە سەردەمی ئۆباماوە ئەمریکا کێشەی هەبووە کە چۆن لە گەڵ سوریادا مامەڵە بکات، بە بیرهێنانەوەی پرسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و هێڵی سور، دەرخەری ڕاڕایی ئەمریکایە بەرامبەر سوریا.

**سێیەم:** بەڵام کشانەوەی لەمجۆرە یان پێدانی رۆژئاڤا بە ئەردۆغان خواستی ترەمپە تەنانەت خواستی ئیدارەکەشی نییە، نەک خواستی ئەمریکا. ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ئەو ئەفسانەیە لە گۆڕبنێت کە لە لە دونیای کوردیدا باوە و ساویلکانە دووبارە و دووبارە دەکرێتەوە، ئەویش ئەمریکا وڵاتێکی دەزگاییە.سەرباری ئەمە ئەمریکا هەرگیز نەیوت هەمیشە لە سوریا دەمێنێتەوە، جەیمس جێفری هەنگاوەکانی باش نەبوون، پەیەدەی وەک حیزبوڵلا لە قەڵەمدا.

**چوارەم:** پێشتر ترەمپ پاشەکشەی پێکرا، ئێستاش هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن، بەڵام ترەمپ بە ئاشکرا پاشەکشە لە بڕیارەکە ناکات، بەڵکو بە دروستکردنی دۆخێک کە نەبوونی هیچ کاتێکی دیاریکراو، دروستکردنی ئاڵۆزی لە دەرەوەی پرۆسەکە. ترەمپ لە پرسی دیوارەکە هەفتەی پێشوو ووتی من شانازی دەکەم کە حکومەت

پەکبخەم، ئێستا دەڵێت دیموکراتەکان حکومەت پەکدەخەن. درۆکردن کرۆکی سیاسیە شەعبەوییەکانە.

## بۆچی ترەمپ ئەم کارەی کرد:

**یەکەم:** ترەمپ هەمیشە لە گەڵ ئەوەدا نەبوو کە سوپای ئەمریکی لە سوریا بێت.

**دووەم:** بۆ دروستکردنی دۆخێک کە فشارەکانی تر لاببات، وەک پێنەدانی پارە بۆ دروستکردنی دیوارەکەی، مۆلەر، روسیا.

**سێیەم:** ئەمریکا چیدی گرنگی نادات بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئۆباما بوو وتی کە ئەمریکا نەتەوەیەکی پاسفیکە.

سێیەم: وەرچەرخان بەرەو تورکیا لە میانەی فشارەکان لە سەر سعودیە.

**چوارەم:** بۆ فرۆشتنی هەندێک چەک.

## ئایا جێبەجێ دەکرێت؟

خوێندنەوەی نامەکەی جیم ماتیس ئاماژە بە ئەوە دەکات کە نارەزایی دەربارەی ئەم پرسە لە بالاترین ئاستدا لە ئارادایە. نەدانی هیچ لێدوانێک لە پنتاگۆن و ناوەندەکانی ترەوە ئەنجامدانی کارەکە دەخاتە گومانەوە، ئاماژە بەئەوە دەکات کە ترەمپ دەڵێت بەڵام مەرج نییە جێبەجێ بکرێت. لە کاتی قسەکردنی ترەمپ و ئەردۆغاندا، جۆن بۆلتن لە سەر خەت بوو، ترەمپ پێی وت ئەنجامی بدە، بەبێ هیچ پەیوەندییەک بە پۆمپیو و ماتییەس.

هەنگاوەکە پشێویی دروستکردوە، پشێویی ئەو دۆخەیە کە ترەمپ حەزیی لێیەتی، ترەمپ لە ماوەی پێشوودا سیاسەتی بەمجۆرە بووە. کاتێک هەر پرسێکی جوڵاندبێت، هەرایەکی لە سەر دروستکردوە، دونیای بە تویت هەژاندووە، بەڵام بە گشتی زۆر کەم لە سەر ئەرزی واقیع گۆڕاوە، هەر لە پرسی گواستنەوەی باڵوێزخانە بۆ قودس هەتا ئابلۆقەی ئێران.



سەرچاوە Serchawe

بۆیە گومان هەیە جێبەجێ بکرێت. بەڵام وەک جێفری ئاماژەپێیکرد ئەمریکا دەیەوێت سوریا دەستوری هەبێت، پەیدە پارتێکی سیاسی سوری بێت، هەتا لە ڕێگایەوە فشار بکەن. ئەمە مۆدێلی عێراقە، بەڵام سوریا عێراق نییە.

## چی بکرێت باشە؟

پلانی ئەمریکا بۆ سوریا بە مۆدێلی عێراق، بۆ سوریا سەرناگرێت. کورد دەبێت بیر لە ڕێگای تر بکاتەوە، ئەمریکا هەمیشە ئاماژەی بە ئەوەداوە کە پەیوەندییەکی کاتی و تەکتیکییە، ئێستا کاتی ئەوەیە کە کورد شاندێکی هەبێت و باس لە پرۆسەی ئاشتی بکات، لە ئەوروپا و ئەمریکا. ئێستا ئەمریکاییەکان لە قۆناغی پرۆسەی ئاشتین لە یەمەن، هەروەها لە گەڵ تاڵیبانـدا. ئەم قەیرانەی ئێستا دەبێت بۆ فشاری ئاشتی بەکاربێت، بەڵام ئەگەر شاندێکی کوردی بەرفراوان هەبێت لە باکور و باشور و ڕۆژئاڤا، کاریگەری زۆرتر دەبێت. جیاوازییەکانی نیوان کوردانی پارچەکان جیاوازی دروێینەو شەخسیین، نیشانەی بچکۆلەیی سیاسیی کوردن نەک جیاوازی تر، هیچ نەبێت با ئەم قەیرانە بتوانێت تێیپەڕێنێت.ئەوروپا لە دۆخێکی خراپدایە، ناتوانێت خۆی بپارێزێت و هەتا بێت باوەری بە ئەمریکا نامێنێت بۆیە دەکرێت بە ئاسانی بکرێتە هێزێکی پشتیوان. ئێمە گەر داوای پرۆسەی ئاشتی بکەین پێشوازی زیاتر دەبێت لە پاراستن و جەنگکردن.

ئەم قەیرانە سەختە، بەڵام بۆ یەکەمجارە کاریگەری هەیە لە سەر ئاسایشی ئەوانی تریش. بۆیە دەکرێت دەرفەتێکیش بێت ئەگەر عەقڵێکی باڵا هەبێت.هاتنی تورک کارێکی ترسناک دەبێت، چونکە تورک لە تەل عوبەیدەوە دێنە ناوەوە، هەتا زیاتر بکشێن عەرەبێکی زۆر دەهێنێت کە ئاوارەن لە تورکیا بە مەبەستی گۆڕینی دیموگرافی ناوچەکە وەک ئەوەی لە عەفرین ئەنجامیدەدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# هاوپەیمانی یان پەتپەتێن!



**ئارام سەعید**

یەکەم جار نیە کە ئەمریکا یان وڵاتی تری زلهێز لە هاوپەیمانیەتیەکەی بکشێتەوە، لەمێژوودا زۆر روداوی لەوجۆرە هەیە و هەمیشە ئەو لایەنە لێی زەرەرمەند دەبێت کە زۆر پشتی بەستوە بە هاوپەیمانیەتەکە، کە ئەوەش خاڵی لاوازی ئەوانەیە کە هەموو ئایندەی خۆیان بە هاوپەیمانیەتی وڵاتێکی ترەوە دەبەستن کە چەندین نمونە لە مێژوودا هەن.

من نامەوێت بەرگری لە ئەمریکا و ترەمپ بکەم کە ئێستا سەرۆکی ئەمریکا سەرقاڵی داکوتینی بزمارەکانی سەر تابوتی دیموکراسیە لەگەڵ ژمارەیەک هێزی هاوپەیمانی خۆی لە جیهاندا، ئەویش بە پاشەکشێ لە دیموکراسی لە بەرگری کردن لە ئازادی ناوخۆو وڵاتانی دەرەوەی خۆیان.

ئەوکاتەی لە کوردستاندا ئەمریکا بڕیاری کشانەوە دەدات لە رۆژئاڤا زۆر لە هاوڵاتیان و هەندیک لە نوسەران لە هەرێمی کوردستان شیکردنەوەیەکی سۆزداریانەی بۆ دەکەن و دەستدەکەن بە جنێودان بە ئەمریکا کە هیوادارم هێزەکانی رۆژئاوا و دیموکراسیخوازانی سوریا وانەیان لە عەفرین وەرگرتبێت و جارێکی تر ئەو کارەساتە دووبارە نەبێتەوە. هەرچەندە بەهەموو توانایانەوە بەرگریان کرد لە عەفرین.

بەڵام ئایا هەرێمی کوردستان لەو کشانەوەیە زەرەرمەند دەبێت یان نا؟ ئەگەر ترەمپ لە ماوەی ئایندە هەمان بڕیاریشی دا دەربارەی عێراق؟ کە ئەگەریکی نزیکە و خۆئامادەکردنیشی پێویستە. بەڵام کێ دەبێت ئەوە بکات و

چۆن بیکات؟ ئەگەر ئەم پرسیارە لەهەر هاوڵاتیەکی سادە بکەیت دەزانێت و بیرکردنەوەی ناوێت کە پارتی و یەکێتی پێویستیان بە ئامادەکاری نیە چونکە بەدیل حازرە و ئەمریکا بکشێتەوە ئەوا وڵاتانی دراوسێ هەن و پەنایان بۆ دەبەن و ئەوانیش لە بەرامبەردا داواکاریان هەیە و بۆیان جێبەجێ دەکرێت. کەواتە لە باوەشی ئەمریکا وە بۆ باوەشی ئێران و تورکیا، ئەگەر پێویستی کرد ئەوا وڵاتی تریش زۆرن.

بۆ ئەوەی لەم میحنەتە رزگارمان بێت دەبێت رۆحی بەرگری هەبێت، عەقڵانی بیر لە کێشەکان بکرێتە نەک سۆزداریانە. لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کێ دەتوانێت بەرگری بکات؟ چۆن دەیکات؟ حزب یان حکومەت دەبێت بیکات؟ ئەم پرسیارگەلانە وەڵامیان هەیە و ئاشکراو روونە کە بەرگری و شەڕی مقاوەمەت بەو هێزانە دەکرێت کە نوێنەری راستەقینەی خەڵک بن و بەرگریکار بن لە ئازادی و حوکمڕانیی شەفاف، هاوڵاتی بەرگری لە وڵاتێک دەکات کە تیایدا کەرامەتی پارێزراو بێت و هێزەچەکدارەکانی سەربە حزب نەبن، هەڵبژاردنی راستەقینە و بێ تەزویر بەڕێوەبچێت، بڕوای بە پێکەوەژیانی راستەقینە هەبێت.

ئەوکاتەی پارتی بڕیاری ریفراندۆمی دا و ئەوانی تریش هاوئاوازی بوون، حکومەتی عێراق زۆربەڵێنی داو چووە ژێر باری جێبەجێکردنی ژمارەیەک بەڵێنی گرنگ، بەمەرجێک ریفراندۆم نەکرێت. وڵاتانی هاوپەیمانیش لە هەموو کەناڵەکانیانەوە هەوڵیان داو بەدەنگی بەرز وتیان کە ئەو بڕیارە زەرەری زۆری تێدایە لە ناوچەکە و هەرێمی کوردستان لێی زەرەرمەند دەبێت. کە دواتر بە زوویی باجەکەی درا.

تا ئەوکاتەی ئەقلیەتی حزبی ئێستا حوکمڕان بێت ئەوا دەبێت هەر خەریکی پەتپەتێن بێت و ناتوانێت متمانەی ئەوەی هەبێت کە هاونیشتیمانیان بەرگری لێبکەن، خەڵک بەرگری لە هێزێک ناکات کە داهێنەری روبعە مووچە بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٢ی دیسەمبەری ٢٠١٨

## ساڵح موسلیم: ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئێمە نەهاتبووە رۆژئاوای کوردستان




ئەحمەد مستەفا

بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات (تەڤدەم) رایگەیاند، هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئەوان نەچوونەتە رۆژئاوای کوردستان، بەڵکو ئامانجی خۆیان هەبووە، دەشڵێت، دوای کشانەوەی ئەمەریکا ئەوان کاری خۆیان دەکەن و بەردەوامی بە بەرخۆدان دەدەن.

**سالح موسلیم**: بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکرات (تەڤدەم) لەمیانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خەندان دەڵێت، "ئەمەریکا ئازادە لە کشانەوەی لە سوریا و رۆژئاوای کوردستان، بەڵام دەبوو پلانیان بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە هەبووایە و هەماهەنگی زیاتر بکرایە، بەڵام لە غیابی ئەواندا بێگومان ئێمە پلانی خۆمان دەبێت بۆ قۆناغی پاش کشانەوەیان".

لەبارەی بۆچوونی حکومەتی سوریا بۆ بڕیاری کشانەوەی ئەمەریکا موسلیم ئاماژەی بەوەکرد، "ئێمە لەوە تێدەگەین هەر لایەن و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی مامەڵە دەکات، بەڵام وا دەردەکەوێت بەشێک لە لایەنەکانی ناو حکومەتی سوریا و رژێمی ئەسەد بە بڕیارەکە دڵخۆشبن".

**خەندان: دۆخی رۆژئاوای کوردستان لە رووی سەربازیی و ئەمنییەوە لە ئێستادا چۆنە، بەتایبەت کە ئەمەریکا بڕیاریداوە هێزەکانی بکشێنێتەوە؟**

**سالح موسلیم**: لە ئەرزی واقعدا شتەکان هیچ نەگۆڕاون، هێزەکانی ئەمەریکا لە جێگەی خۆیانن، بەڵام پێمان وتراوە کە دەکشێنەوە، و تا ئێستاش هۆکاری کشانەوەکەیان پێی ڕانەگەیاندووین، بڕیارەکەش مەترسی لەسەر هەموو هێز و لایەن و خەڵکی سڤیلی ناوچەکە دروستکردووە.

**خەندان**: ئەمەریکا بڕیاریداوە هێزەکانی لە سوریا بکشێنێتەوە، هۆکاری ئەو بڕیارە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**سالح موسلیم**: ئەمەریکا بۆ پاراستنی ئێمە نەهاتبوو، ئامانجێکی خۆی هەبووە و ئێمەش لە چوارچێوەی شەڕی داعش هاوبەشیمان لەگەڵ کردن، ئەمەریکاش بکشێتەوە و کاری خۆمان دەکەین و بە ڕۆشتی ئەمەریکا و هاوپەیمانانیش بەردەوامی بە بەرخۆدانی خۆمان دەدەین، چونکە پێش هاتنی ئەوانیش ئێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەکانی دیکە بووینەتەوە، لە ڕاستیدا ئێمە هێرشمان لەسەر کەس نەکردووە، بەڵام هەرکەس و لایەنێک هێرش بکات ناوچەکان و خۆمان دەپارێزین.

**خەندان**: بڕیارەکەی ئەمەریکا چ پێناسەیەکی بۆ دەکرێت؟

**سالح موسلیم**: بڕیار بڕیاری ئەمەریکایە و ئازادە لە بڕیاری خۆی، ئەوە کاری ئێمە نییە بڵێین ئەوەی کردویەتی خیانەتە، بەڵام دەبوو پلانیان بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە هەبووایە و هەماهەنگی زیاتربکرایە، بەڵام لە غیابی ئەواندا بێگومان ئێمەش پلانی خۆمان دەبێت بۆ قۆناغی پاش کشانەوەیان.

**خەندان**: لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد گفتوگۆکراوە بۆ پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکان؟

**سالح موسلیم**: پێشتر گفتوگۆ هەبووە، بەڵام پاش بڕیارەکەی ئەمەریکا هیچ گفتوگۆ و هەماهەنگییەک نەبووە، بەڵام ئێمە وەک ئەنجومەنی سوریای دیموکرات و هێز و لایەنەکان ئامادەیی هەموو جۆرە گفتوگۆ و لێکتێگەشتنێکین، ئەوەش کەوتووەتەوە سەر لایەنەکان کە دەیانەوێت چی بکەن، ئێمە لە هەموو کاتێکدا خاکی خۆمان دەپارێزین و لەسەر هەڵوێستی هیچ لایەنێکی دیکە ناوەستین، بەڵام هەر هێزێکیش بیەوێت هەماهەنگی بکات دەبێت گفتوگۆ بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

**خەندان**: بۆچوونی حکومەتی سوریا لەبارەی بڕیارەکەی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا چییە؟

**ساڵح موسلیم**: تا ئێستا حکومەتی سوریا هەڵوێستێکی فەرمی نییە، بەڵام ئێمە لەوە تێدەگەین هەر لایەن و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی مامەڵە دەکات، وا دەردەکەوێت بەشێک لە لایەنەکانی ناو حکومەتی سوریا و ڕژێمی ئەسەد بە بڕیارەکە دڵخۆشبن.

**خەندان**: خوێندنەوەتان چییە بۆ هەڕەشەکانی تورکیا و هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی فورات؟

**ساڵح موسلیم**: ئەوەی ئەردۆغان ڕایگەیاندووە شەڕ پێفرۆشتن و پیلانی شەڕە لەسەر ڕۆژئاوا و باکووری سوریا، کە دەیەوێت لە ڕێگەی پیلانی جیاجیاوە بگاتە ئامانجەکەی.

هێرشەکانی تورکیاش هەمان بەرنامەڕێژی ڕێکخراوی داعش بووە، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر سستبوونی لە ناوبردنی ئەو ڕێکخراوە، کە ئێستا چوار هەزار شەڕڤان لە هەجین و ناوچەکانی دێرەزوور سەرقاڵی لەناوبردنی گروپەکەن، وە ئەو هێرشەی تورکیا هەمان ئامانجی عەفرینی لە پشتەوەیە.

**خەندان**: ئەگەر سوپای تورکیا هێرش بکات، چ ناوچەیەک مەترسی لەسەر دەبێت؟

**ساڵح موسلیم**: ئێمە نازانین پلانی تورکیا چییە، بەڵام ئەوان دیارە کە مەبەستیانە ڕۆژهەڵات و باکووری و سوریا داگیربکەن، ئەوەش مەترسی لەسەر تەواوی ڕۆژئاوا و ناوچە گرنگەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) دروستدەکات.

**خەندان**: جگە لە وڵاتی فەڕەنسا هیچ وڵاتێکی دیکەی بە فەرمی پشتیوانی بۆ دەربڕیوون، دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا؟

**ساڵح موسلیم**: ئەوەی هەیە تا ئێستا وڵاتی فەڕەنسایە، کە بەفەرمی پشتیوانی دەربڕیوە و گفتوگۆمان لەگەڵیاندا هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێک و وڵاتێکی دیکە گفتوگۆی لەگەڵ لایەنەکانی ڕۆژئاوا نەکردووە، ئەگەرچی

لێرە و لەوێ باس لە پشتیوانی بۆ هێزەکانمان دەکرێت، ئەوەش جێگەی دڵخۆشی و مایەی گفتوگۆکردنە لەگەڵ لایەنەکانی ڕۆژئاوا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## لەناکاودا ترەمپ بڕیاری دا



بورهان شێخ ڕەئوف

رۆژی ١٩ - ١٢ - ٢٠١٨ لە کۆتا ڕۆژەکانی ئەمساڵەدا دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا لە بڕیارێکی کتوپڕو لە ناکاودا فەرمانی دا کە هێزەکانی ئەمریکا کە زیاتر لە ٢٠٠٠ (دووهەزار) کەسن لە ماوەی شەست تا سەد ڕۆژ بنکە و بارەگاکانیان چۆڵ بکەن و بکشێنەوە وەکو باس دەکرێت بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

ئەگەرچی ئەم بڕیارە زۆر بە کتوپڕی و چاوەڕوان نەکراوو بە لێدانی خەنجەری ژەهراوی لە پشتەوە لە لایەن دۆستەکانی ئەمریکا لە سوریا کە بەشی زۆریان کوردن وەرگیرا هەروەها لەلایەن هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان و تەنانەت بەشێک لە بڕپرسانی ئیدارەی ئەمریکا و لە لایەکی تریشەوە بۆ نەیارانی سیاسەتەکانی ئەمریکاش هەر بە کتوپڕ ناوزەدکرا.

### بۆ ئەم بڕیارە بە کتوپڕ ناوبرا؟

ئەم بڕیارە بەبێ هیچ هەماهەنگی و ڕاوێژێک لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و هەروەها بە بێ ئاگاداری دامەزراوە سەربازییەکانی خودی ئەمریکاش دراوە هەروەها بەبێ ڕاوێژ لە گەڵ کاراترین و بە هەڵمەتترین هێزی جەنگاوەر کە خۆیان لە هێزەکانی سوریای دیموکراتدا دەبیننەوە (هەسەدە) کە بە هەزاران لە ئەندامەکانیان خوێنی خۆیان بەخشی و بوونە قوربانی.

### کاریگەری ئەم بڕیارە بۆ ئایندەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا

ئەگەرچی ترەمپ لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووی فەرمانڕەوایی لە کۆشکی سپی زۆر بڕیاری سەرپێی و کتوپڕی وای داوە و بووەتە جێگەی نیگەرانی زۆرێک لە ئەندامانی کۆنگریس و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی ئەمریکا و تەنانەت تاکە سەرۆکێکە لە مێژووی ئەمریکادا لە ماوەیەکی کورتی فەرمانڕەواییدا هێندە وەزیر و ڕاوێژکار و بەرپرسانی ئیدارەکەی دەستیان لەکارکێشابێتەوە و یان لەکاری خستوون، بۆیە ئەم جۆرە بڕیار و هەڵوێستانە زیانی گەورە بە هەیبەت و شکۆی ئەمریکا وەکو هێزێکی گەورە لە سەرئاستی جیهاندا دەدات و متمانەی لەلای وڵاتان و گەلان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش وەکو پێویست نامێنێت.

ئەگەرچی ترەمپ ڕایگەیاندووە کە کۆتایی بە شەڕی داعش و تیرۆر لە سوریا هاتووە و هێزەکانی ئەوان بۆ ئەو ئامانجە چوونەتە سوریا، ڕاستە ڕەقەی پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی ئازادکرا بەڵام هەموو پاساوەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە توندئاژۆ تیرۆریستەکان هەرماوون لە سوریا و عیراق و تەنانەت ناوچەکەش هەر چەند خولەکێک پێش تویتەکەی ترەمپ لە مەڕ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا لە شاری ڕەقە داعش تەقینەوەیەکی ئەنجامدا و قوربانی لێکەوتەوە هەر لەم شەڕانەی دوایی دا بۆ ئازاد کردنی چەند شارۆچکەیەک لە ڕۆژهەڵاتی سوریا ٧٠٠ کەس لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا کە ئێستا بە جێیان دێڵێت بە بێ هیچ ڕاوێژێک بوونە قوربانی ئیتر داعش چۆن تەواو بووە ترەمپ ئەم زانیارییانەی لە کێ وەرگرتووە؟

وا دیارە لە ئەردۆغان چونکە هەردوای پەیوەندی تەلەفۆنیەکەی لەگەڵ ئەودا ئەم تویتەی کردووەو بووە بە بڕیار

ئێستا باسی بۆندێکی گەورەی ڕۆکێت و سیستمی پاترویێتی ئەمریکی دەکرێت لە نێوان ئەمریکا و تورکیادا بە بەهای سێ ملیار دۆلارونیو دۆلار تەنانەت باسی ڕادەستکردنەوەی فەتحولڵا گولەنیش کراوە بە تورکیا کە ئێستا لە ئەمریکایە.

لە لایەکی ترەوە سەرۆکی ئەمریکا لە مانگی نیسانی ڕابردووش نیازی هەبوو بڕیارێکی وا بدات بەڵام ئەوکات بەشێک لە ڕاوێژکار و ئەندامانی تیمەکەی لە کۆشکی سپی قایلیان کرد بۆ ئەوەی جارێک پەلە لەو بڕیارەدا نەکات تاوەکو کۆتایی بە شەڕی داعش دێت و زەمینەسازی ئەکرێت بۆ لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانە هەربۆیە ئەمریکا ئەوکات هاوکاری و هەماهەنگییەکانی زیاترکرد بۆ هەسەدەو بنکە سەربازییەکانی فراوانکرد و هانی وڵاتانی تری وەکو فەرەنسا و ئیتالیای دا تاوەکو ئەوانیش هێزو شارەزای تر ڕەوانەی باکوری سوریا بکەن تا قەبارەی ئەو هێزە گەیشتە زیاتر لە دوو هەزار کەس.

**ئەگەرچی ئامانجی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا بۆ سێ مەبەست بوو ئەوانیش ئەمانەن:**

کۆتاییهێنان بەداعش و بەرگرتن لە هەژموونی ئێران و یارمەتیدانی سیاسەتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ماتیس بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ قەیرانی سوریا بدۆزنەوە بە گوێرەی بڕیاری (٢٢٥٤) ئەنجومەنی ئاسایش.

بەڵام ئەوانە هیچی وەکو پێویست ئەنجام نەدران و ئەم بڕیارە نیگەرانی زۆری لێکەوتووەتەوە هەوڵێکی زۆر دەدرێت لە لایەن هاوپەیمانانەوە بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت بۆ ماوەیەک ئەم بڕیارە دوابخرێت تاوەکو چارەیەکی سیاسی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دێتە ئاراوە و ئەو مەترسیەی کە بۆ کوردەکانی سوریا دروست دەبێت ئیتر ناوچەیەکی دژە فڕین بێت یان هەر میکانیزمێکی تر یان بۆ فەراهەم بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# بەرژەوەندی ئەمریکا



شوان کەریم کابان

ئەمریکا، زلهێزێکی ئابوری، سەربازی، روناکبیری جیهانە، هەمیشە سیاسەتی واکردوە، بەقازانجی خۆی بشکێتەوە و بەرژەوەندی ئەمریکا و گەلی ئەمریکا لەلای کاربەدەستانی لەسەروو هەموو شتێکەوەیە و ئەمەش مافێکی رەوای دەوڵەتی ئەمریکایە.

بەدرێژایی مێژووی دروست بونی ئەمریکا و بەتایبەتیش لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە ئەمریکا وەک هێزێکی کاریگەر لەسەر ئاستی دونیا دەرکەوتوە و لەپاش جەنگی جیهانی دووەم ئەم دەرکەوتنە بەرفراوانتر و بەرجەستەتر بوەو ئەمریکا سەرکردایەتی بەرەی رۆژئاوای لەدژی بەرەی کومونیستی بەسەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا کرد و لەوساشەوە بەپێی بەرژەوەندییە بالآکانی خۆی لە سەرتاسەری دونیادا جولآوەتەوە و سیاسەتی کردوە و لەکوێدا و لەهەر ساتێک دا زانیبێتی بەرژەوەندی سیاسی، یان ئابوری ئەمریکا لەمەترسیدایە دەست وەردانی کردوە و چۆتە پێشەوە و بەهەموو تواناییەکیەوە چۆتە مەیدان و گەر بەگفتوگۆ و دانوستاندن توانیبێتی بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ دەست بەرداری بژاردەکانی تر بوە، گەر نا، پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هێز و گەمارۆ و هەموو ئەو رێگایانەی تر کە لەبەرژەوەندی خۆیدا بوە.

ئەم سیاسەتەی ئەمریکا روون و ئاشکرا بوە و بەئاشکراش بانگەشەی بۆ کردووە و مافی خۆشیەتی وەک ولآتێک وا هەڵس و کەوت بکات.

ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکە لەپاش گرتنی کوێت لەلایەن عیراقەوە زیاتر دەرکەوت و ڕوونتر بووەوە. ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و دۆستەکانی لەناوچەکە لەڕێی بڕیارەکانی UN ەوە، سوپای خۆی و دەیان دەوڵەتی تری هێنایە سعودیە، بەسەرکردایەتی خۆی و لە شوباتی ١٩٩١ پەلاماری هێزەکانی عیراقی دا لە کوێت و لەماوەیەکی کورت دا عیراقی لە کوێت دەرکرد. دواتریش لەساڵی ٢٠٠٣ بە بیانوی بونی چەکی قەدەغەکراو یارمەتی تیرۆریستان بەپشت بەستن بە یاسای ئازادکردنی عیراق، پەلاماری عیراقی دا و ڕژێمی سەدام حسەینی ڕوخاند و چاکەیەکی گەورەی لەگەڵ گەلانی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی کرد.

بەر لەچەند ساڵێکیش، کاتێک بارودۆخی سوریا تێک چوو چەندین وڵات دەستیان وەردایە نێو سوریا، ئەمریکا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی بەتوندی داخڵی ئەو پرۆسەیە بوو لەماوەی دوو ساڵی ڕابوردودا نزیکەی ٧ هەزار سەربازی خۆی بەچەک و تفاقی پێشکەوتوی جەنگیەوە لە سوریا جێگیر کرد بەتایبەت لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا کە ٦٠٪ و نەوت و گازی سوریا لەسەر وشکانی تیادایە و لەم دوو ساڵەش دا هاوکارییەکی زۆری هەم شەرڤانانی پەیەدە، هەم شەرڤانانی هەسەدەی کردوە.

ئێستاش کە بڕیاری کشانەوەی تەواوەتی داوە لە سوریا، نابێ بەلامانەوە هەڵوێستێکی سەیر، یان چاوەڕوان کراو نەبێ، وەک گوتمان ئەمریکا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی سیاسەت دەکات، وەک چۆن لە کوریا و ڤێتنام و ئەفغانستان و چەند ساڵێکیش پێش ئێستا لەعیراق کشایەوە ئاوهاش ئێستا لەسوریا دەکشێتەوە.

ئەمریکا سیاسەت لەبەرخاتری کەس ناکات، کە مافی تەواوی خۆیەتی، سیاسەت و مامەڵە و دۆستایەتی بەپێی بەرژەوەندی خۆی دەکات، دەبێ ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دۆستایەتی دەکەن و هاوکاری دەکەن، هەمیشە ئەوەیان لەبەرچاو بێ و چاوەڕێی ئەوە بکەن ئەمریکا بڕیارەکانی زۆرجار کوتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوە و بەپێوانەی بەرژەوەندی خۆیەتی و دەبێ ئەوانەی چاوەڕێی هاوکاری و دەست گیرۆیی ئەمریکان خۆیان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکەن و لەسەر سەعاتەکەی ئەمریکا خۆیان قورمیش بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## ئەمریکا خیانەتی لە رۆژئاڤا کردووە یان سیستمی نوێی جیهانی بەرێوەیە؟



سەنگەر ڕەسوڵ

لەناوەراستی نیسانی ١٩١٧ شەمەندەفەرێک دەگاتە وێستگەی فینلاندی پترسبێرگ لە رووسیا، گەیشتنی ئەو شەمەندەفەرە بووە دەسپێکی مێژوویەکی نوێ هەم بۆ رووسیاو هەمیش بۆ سیستمی جیهانی چونکە ئەو شەمەندەفەرە لینین-ی گەیاند کە سیستەمێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا گەیاندو جیهانی دابەشی دووبەرەی سۆشیالیزم و سەرمایەداری کرد، بەشێوەیەکی گشتی. ئیدی لەوکاتەوە رۆژهەڵاتی ناوەراست بووە خاڵی گرنگ و یەکلاکەرەوە بۆ ناکۆکییەکانی هەردوو بەرەکە بەتایبەتی لەسەردەمی جەنگی سارد-دا.

بۆچی رۆژهەڵاتی ناوەراست؟ کێشمە کێشم و ململانێکانی سۆڤییەت و رۆژئاوا لەپەرەسەندن و تەشەنەکردن دابوو، هەروەها دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەوروپا لەخۆ بنیادنانەوە و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رووسیاش لە فراوانکردنی هەژموونی خۆیاندابوون و بۆ هەر لایەکیشیان ووزە بنچینەبوو، لەبەر ئەو هۆکارە و بەهۆی بەشدارییەکی باشی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ووزەی جیهانی، ئەوا خاڵی هەر گرنگ و هۆکاری سەرکەوتنی هەژموونەکان ئەوێ بوون، بۆیە ئەو ناوچەیە بووە جێی گرنگی پێدانی رۆژئاواییەکان و رووسەکان بەتایبەتی.

لەو کاتەوە رۆژهەڵاتی ناوەراست گرنگ و بەهای خۆی هەبوو، بۆیە ئەمریکییەکان بەهەر نرخێک بووبێت بەدرێژای سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەم بوونی خۆیان لەو ناوچەیە چەسپاند.

ئەگەر رۆژهەڵاتی ناوەراست هێندە گرنگە، بۆچی لەئێستادا ئەمریکا وا بە سانایی جێی دیڵێت؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە هەمووانی تووشی سەرسوورمان کردووە بەتایبەتی لەکەیسی کشانەوە لە سووریا و جێهێشتنی هاوپەیمانە کوردەکان لە رۆژئاڤا بەبێ هیچ درعێکی نێودەوڵەتی.

بۆ تێگەیشتن لەو بریارە و خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ بارودۆخی سیستەمی جیهانی ئێستا بکەین دەبێت چەند خاڵ و وێستگە بکەین تاوەکو بتوانین بەشێک لەو هۆکارانە روون بکەینەوە کە بۆچی جێهێشتن و کشانەوەی ئەمریکییەکان لەناوچەکە دەبینین و کە بۆ زۆرێک چاوەروانن‌ەکراو و پێشبینی نەکراوبوون:

هۆکاری یەکەم: دەبێت بگەرێینەوە بۆ مێژووی مامەڵە وهەژموونی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی قارەی ئەمریکا و ئەگەر قارەی ئەوروپا و ئاسیا بە نموونە وەربگرین ئەوا دەبینین: بەجێبەجێکردنی مارشال پلان لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لەئەوروپا بە هاوکاریکردنی ئەوروپییەکان بە ١٢ ملیاردۆلار (کە بەبەراورد بەئێستا ١٠٠ ملیار دۆلار دەکات)، بۆ بنیادنانەوە و پلانی هاوشێوەش بۆ کۆریای باشوورو ژاپۆنیش جێبەجێکراو هەروەها بە جێگیرکردنی مارینزی ئەمریکی لەهەردوو پێگەکەدا دەرئەنجامی باشی ئابووری و سیاسی لێکەوتەوە و لەئەنجامدا هەم ئەورووپا و هەمیش هەردوو وڵاتی قارەکە بوونە سەرچاوەی دیموکراسییەت و پێشکەوتن.

بەڵام کاتێک ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دێت هەمان پلان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست جێبەجێ دەکات بە تایبەتی لە عیراقدا، دەبینێت نە وڵاتەکە پێشدەکەوێت و نە ئیستقرار و دیموکراسییەتیش دروست دەبێت و خەرجییەکی زۆرو زەبەلاح بەناوی ئاوەدانکردنەوە پێشکەش دەکرێت و هیچ شین نابێت؟! هەروەها خەرجی و قوربانی سوپاکەشی لەولا بوەستێت! بۆیە ئەو سیاسەتە لە گۆشەی پرسیارکردن لەبەرهەم و دەرئەنجام لەسۆنگەی گەمەی سیاسەتی دەرەودا لەدوای ٢٠٠٧ەوە دەکرێت بڵێین سەفرە لەچاو پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو. بۆیە یەکێک لە پاڵنەرەکانی بریاری کشانەوەی ئەمریکا دەگەرێتەوە بۆ ئەم خاڵە.

هۆکاری دووەمی دەگەرێتەوە بۆ ئەمنییەتی ووزە بەتایبەتی لە ئەمنیەتی دەسخستنی نەوتی رەشدا، بەتایبەتی دوای پەرەپێدان و ئەنجامی باش لە نەوتی شێڵ-ئۆیل و زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی و پێشکەوتن و دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکە و ئەلتەرناتیڤ وایکردووە کە رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەو پێگەی قورس و کاریگەرەی

بەرەو لاوازی بچێت. بۆیە سەرچاوەی کۆنترۆڵی ووزە و کاریگەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕاوە بۆیە ئەمەش هۆکارێکی دیکە زیاد دەکات کە ئەمریکا لە گۆڕینی یارییەکانی لەو ناوچەیە نزیکبۆتەوە و ئەو کشانەوەیەش یەکێک لەو نیشانانە.

هۆکاری سێیەمی پەیوەستە بە قەبەبوون و بەهێزبوونی چاینایە بەتایبەتی دەرکەوتنی سەربازی چینییەکانی لەئاوەکانی باشووری چاینا و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گرنگی جیۆپۆلەتیک و ململانێکانی داهاتوو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەگەر ئەمریکا وەکو زلهێزێک هەر نیازێکی هەبێت پێگەکەی بپارێزێت و سنوورێک بۆ فراوانبوونی هەژموونی چاینییەکان، کە لە ئێستادا تەنها لەڕووی ئابووری و دیبلۆماسیەوە، دابنێت ئەوا هەموو ووزەو کار دەکەوێت ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو پێگە گرنگەی خۆی لە دەستدەدات چونکە لە ئێستادا بۆ ئەمریکا شوێنی گرنگتر و هەستیارتر هەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەداهاتوو و هەژموونی ئەمریکاوە هەیە.

هەروەها هۆکاری دیکەش زۆرن، لەوانە: پەیوەندی نێوان تورکیای ئەندامی ناتۆ لەگەڵ ڕووسیا و گەمەکانی ڕووسیا لەڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و لەگەڵ چۆنیەتی جەنگی نوێ کە لەجیاتی بەکارخستنی مارێنز هێزی تاکتیکی و پاڵپشتی ئاسمانی و بەکارهێنانی پێگەی سەربازی وەک ئەوەی لەکەنداوی عەرەبی ڕوودەدات کە شەری یەمەن سوپاو هێزی ئاسمانی سعودی بەهەبوونی کەشتیگەل و بنکەی سەربازی ئەمریکی بەڕێوە دەچێت.

ئەو سێ هۆکارەی سەرەکییەی سەرەوە و لەگەڵ هۆکارەکانی دیکە هەموویان یەک شت دەردەخەن کە بەهۆی قەبەبوون و فراوانبوونی هەژموونی ئابووری چاینا و تەعریفکردنەوەی پێگەی ئەمریکا لە سەدەی بیستویەکەم، ئەوا هەسارەی زەوی لەڕووی سیاسییەوە ژانی لەدایکبوونی سیستمێکی نوێی جیهانی گرتووە هەروەک چۆن لەد ابەزینی لینین لەشەمەندەفەرەکە هەستی پێکرا!

لە بارەی ئەوەی کە ئایا لە چوارچێوەی سیستمی نوێی جیهانی، پێگەی کورد لە کوێدایە و کشانەوەکەی ڕۆژئاوا خیانەتە؟ ئەمە چاوەڕوانی و دیراسەی وورد‌تری دەوێت، بەڵام یەک شتی گرنگ هەیە تەنانەت ئەو کاربەدەستە باڵایانەی کە دەستییان لەکارکێشاوە وەک نارەزاییەک بەرامبەر بڕیاری کشانەوە هاوڕان لەگەڵ ئەو هۆکارانەوە، بەڵام ئەوەی کە هاوڕانین لەگەڵیدا ئەوەیە کە ڕۆژئاوا دەتوانێت هاوپەیمانەکانی بەبێ هیچ پارێزبەندییەک جێ

بێڵێت؟ چونکە ئەو بەجێهێشتنە خەلەلێک بۆ بنەما سەرەکییەکانی رۆژئاواییەکان و ئەمریکییەکان دروست دەکات کە ئەو خاڵە جەوهەریشە کە پێی دەڵێن مۆراڵ لەسیاسەت دا بەنەمانی مۆراڵیش لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ئەوا ئەو هێزە جیاوازییە گەورەکانی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی وەک رووسیا و دیکتاتۆرو تۆلیتارەکان کاڵدەکاتەوە و نامێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## شکۆی لەقبووی ئەمریکا!



### سۆران عەلی

ئەو کاردانەوە رەخنەئامێزو توڕانەی بڕیارەکەی سەرۆک دوناڵد ترەمپ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وروژاندنی، جێی سەرسوڕمان نەبوون، چونکە هەنگاوێکی لەو شێوەیە لە کاتی جێبەجێکردنیدا دەشێت کاریگەری نەرێنی لەسەر جەنگی دژ بە تیرۆری داعش هەبێت کە قۆناغە سەربازییەکانی خەریکە کۆتاییان دێت. هەروەک هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا تێکدەداتو شڵەژانێکیش بۆ هەموو لایەنەکان دروست دەکات، بەتایبەتیش هاوپەیمانەکانی واشنتۆن، ئەمە سەرباری ئەو ئاسەوارانەی دیکەی لەمەودای دووردا لەسەر لەقبوونی شکۆی ئەمریکا دەبیبێت.

## زیان بە بەرژەوەندییەکانی ویلایە یەکگرتووەکان دەگەیەنێت

راستە چەند مانگێک لەمەوبەر کشانەوەی ئەمریکا مەسەلەیەکی جێی گفتوگۆ بوو، زۆر کەسیش پێیان وابوو هەر دەبێت روویدات، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی ترەمپ لە لێدوانەکانیدا سەبارەت بە بڕیارەکە باسی دەکات کە «کتوپڕ» نەبووە، هاوپەیمانەکانی هاوڕانین لەسەر کاتو هەلومەرجی وەرگرتنی، چونکە تەنانەت کەسە نزیکەکانی ئیدارەکەیشی ئاگایان لە دەرچوونی نەبووە، چجای ئەو هاوپەیمانانەی لەگەڵیدا لەدژی داعش جەنگاونو بەردەوامیشن.

پاڵنەرە ئاشکراو شاراوەکانی بڕیارەکە کە پەیوەندیدارن بە سیاسەتی دەرەکیو سەربازیو ئابووریی واشنتۆن هەرچییەک بنو سەرۆک ترەمپ لەکاتی وەرگرتنی بڕیارەکەدا بیری لە هەرشتێک کردبێتەوە، ئەوا چاودێران پێیان وایە سەرەتا زیان بە بەرژەوەندییەکانی ویلایە یەکگرتووەکانو هەژموونی لە جیهانو بەتایبەتیش لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگەیەنێت کە دەمێکە وەکو دڵی ئابووریو ستراتیجی هەموو جیهان دادەنرێت.

## دەرکەوتنی یاریزانی نوێ لە گۆڕەپانی سوریادا

کشانەوەی ئەمریکا ئەگەر روویدات، بۆشاییەکی گەورە لە هەڵمەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدژی تیرۆر دروست دەکاتو دەبێتە مایەی دەرکەوتنی یاریزانی نوێ لە گۆڕەپانی سوریادا کە مەرج نییە کۆک بن لەگەڵ تێڕوانینی واشنتۆن و سیاسەتەکانی لەو ناوچەیەدا، بەم پێیەش رەنگە ئەمریکا ئەو دەستکەوتە گەورانە لەدەست بدات کە ساڵانێکە لەسەر زەوی بەخوێنی سەربازانیو بەپشتیوانی هاوپەیمانە نزیکەکەی (هێزەکانی سوریای دیموکرات) بەدەستی هێناون، دووریش نییە کاریگەرییەکانی پەلبکێشن بۆ نێو ماڵی ئەمریکا کە ئاماژەکانی بە دەست لەکارکێشانەوەی جیمس ماتیس وەزیری بەرگریو برێت مەکگۆرک نێردراوی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆرو تورەییو نیگەرانی نێو هۆڵەکانی کۆنگریس لەدژی بڕیارەکە، دەرکەوتوون.
ئیدارەی ئەمریکا ئازادە لە وەرگرتنی بڕیارەکانیدا، بەڵام دەبێت وەک دەوڵەتێکی زلهێز مەودای ئەخلاقی بڕیارەکانی لەبەرچاو بگرێت کە دەڵێت ناکرێت دۆستەکان لە گۆڕەپانی شەڕێکدا بەجێبهێڵرێن کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە ئەویش لە پێشێلکردنێکی ئاشکرای لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکا سەبارەت بە پابەندبوونیان بە پشتگیری هاوپەیمانو دۆستەکانیانو مانەوە لەگەڵیان لە سەختییەکاندا.

### بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبن

کاردانەوەکان لەسەر بڕیارەکەی ترەمپ بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبن‌و پێدەچێت چەند رۆژی داهاتووش پێشهاتی خێرای سیاسی‌و سەربازی بەخۆوە ببینن لەبەر رۆشنایی ئەو گوشارانەی کە رەنگە سەرۆکی ئەمریکا رووبەڕوویان ببێتەوە یاخود ئەو پێشنیارانەی لەوانەیە لەلایەن ئەو دەوڵەتو لایەنانەی سوورن لەسەر مانەوەی ئەمریکا لە سوریا، پێشکەشی بکرێن، بەڵام کاریگەرییەکانی بڕیارەکە لە تێڕوانینی هاوپەیمانانی واشنتۆن یان ئەوانەی لە ئایندەدا دەبنە هاوپەیمانی هەر دەمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨

---

## ئەفغانستان و سووریا لە دیپلۆماسیی تەلەفۆنی و تویتەریی ترامپدا



**قەرەنی قادری**

ناسینی ترامپ و کۆدەکانی ئەو لە سیاسەتدا ئاسان نییە، چونکە لە چرکەساتدا بۆی هەیە هەڵوێستەکانی بگۆڕێت؛ هەر بەو پێیەیش ئەوەی یان ئەوانەی بیانەوێ سیاسەتی لەگەڵدا بکەن، دەبێ بەردەوام چاوەڕوانی هەڵوێستی "جاڵە"یی ئەو بن لە سیاسەتدا. تەنانەت ئەو هەڵوێستە خێرایانەی ترامپ، کابینەکەی خۆیشی دەگرێتەوە. هەر لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، ٢٨ کەس لە کابینەکەی ترامپ، یان بەرپرسی باڵا، دەستیان لە کار کێشاوەتەوە یان وەلاوە نراون.

ئەم چەشنە سیاسەتکردنەی ترامپ تەنانەت تەکووزی سیاسی و سیاسەتی ئابووریی ئەورووپایشی تووشی قەیران کردووە، چونکە تا ئێستا ڕووبەڕووی کەسێکی وا نەبوونەتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان لە ڕوانگەیەکی ڕووتوقووتی ئابوورییەوە کە بڕبڕەی پشتی سیاسەتە، خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان دەکات و هەڵوێستی بەدوادا دێت؛ کە ئەمەیشیان لە جیهانی سیاسەتدا و بەو شێوەیە شتێکی نوێیە.

فەرمانە تویتەرییەکەی ترامپ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، ڕێک باس لە جووڵە خێراکەی ترامپ لە سیاسەتدا دەکات و، هەر بە دوای ئەویشدا دەوری هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. ترامپ دەپرسێت: "ئاخۆ ئەمریکا دەخوازێت ببێتە ژاندارمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کاتێکدا لە بەرانبەر ئەم کارانە هیچ شتێکی دەست ناکەوێت و، تەنیا گیانی سەربازەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە و تێچووەکەیشی بە ملیار دۆلارە؟"

سەبارەت بە پرسی ئەفغانستانیش هەروا بیر دەکاتەوە و بنەمای بڕیارەکەیشی بۆ ئەفغانستان ڕێک وەکوو سووریا وایە. هەر بەپێی بڕیاری ترامپ، لە ١٤ هەزار سەربازی ئەمریکی، بڕیارە ٧ هەزار سەبازی ئەو وڵاتە ئەفغانستان بەجێ بێڵن؛ ئەوەیش لە کاتێکدایە هێزەکانی تالیبان دەسەڵاتیان بە سەر نزیکەی (٥٠٪)ی خاکی ئەو وڵاتەدا هەیە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢ هەزار و ٤٠٠ سەربازی ئەمریکی کوژراون و تێچووی جەنگی ئەفغانستانیش بۆ ئەمریکا زیاتر لە ٩٠٠ ملیار دۆلار بووە.

بەشێک لە کارناسان پێیان وایە کە کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدایە و ئەگەری ئەوەیش زۆرە کە تاران چەک و هێزی زیاتر بۆ سووریا بنێرێت. بەڵام بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، هەر ڕێک دوای بڕیارەکەی ترامپ ڕای گەیاند: "خەباتی ئیسرائیل دژ بە بوونی کۆماری ئیسلامی لە سووریا، خەستتر دەبێتەوە." ئایا کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا هەروەکوو کشانەوەی ئەمریکای سەردەمی ئۆباما وایە کە دەستی کۆماری ئیسلامیی لە عێراقدا زیاتر کردەوە؟

بەپێچەوانەوەی ئەم تێڕوانینانە، ئەمریکا بە کشانەوەی لە سووریا هاوکێشەکان لە ناوچەکەدا (لەوانە تورکیا) تووشی سەرقاڵیی زیاتر بە پرسی سووریاوە دەکات بۆ ئەوەی دەوری هاوکێشە ناوچەییەکان (هاوکێشە دەوڵەتییەکان) زەقتر ببێتەوە؛ لە لایەکی تریشەوە، دەرفەتێک بێت بۆ کۆشکی سپی تا دەستی کراوەتر بێت بۆ

ئەوەی سیاسەتەکانی لە ئاسمانی ئێراندا دژ بە کۆماری ئیسلامی چڕتر بکاتەوە. هەر بەم ڕێگەیەوە هێزەکانیشی لە ناوچەکەدا تەنیا لە چەند شوێنێک کۆ بکاتەوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ماوەیەکە بەرپرسە سوپایی و ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەڕەشەی ئەوە لە ئەمریکا دەکەن کە ئەو توانایەیان هەیە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەنە ئامانج. وا وێدەچێت سیاسەتی سوپایی ئێستای ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لەسەر بنەمای چڕبی هێز و بنکە سوپاییەکانی ڕۆ بنێت.

بەڵام ئەوەی جارێ زۆر ڕوونە، ئەو هەڵوێستەی ترامپ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، سەرنج و ڕای گشتیی ناوچە و جیهانی لەسەر ڕادەستکردنەوەی فەتحوڵڵا گولەن بە تورکیا و پرسی کوشتنی خاشقچی، ڕۆژنامەوانی سعوودی و ئەو گوشارانەی سەبارەت بەو دۆسیەیە کە زۆرتر لە لایەن تورکیاوە خرابوونە سەر سعوودیا، چوونەتە پەراوێزەوە؛ هەروەها لە ئێستادا پرسی هاوپەیمانیی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ سعوودیا بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی، لە پرسە گرینکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلە. ئەمەیشیان ڕێک لە کاکڵی قسەکانی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دەچێت کە سەبارەت بە دۆسیەی خاشقچی و دەوری بەرپرسە باڵاکانی سعوودیا لەو دۆسیەدا کە بەردەوام لەژێر گوشاردا بوون گوتبووی: لەو پەیوەندییەدا، پێویستە سەبارەت بە گرینگیی سعوودیا لە ناوچەکەدا ڕەچاوی هاوسەنگیی دیپلۆماسی بکەین و خۆمان لە گوشاری زیاتر بۆ سەر عەرەبستان بپارێزین.

ئایا بە کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، ئەوە کوردەکانن دەبنە قوربانیی ئەو دانوستانەی کە جارێ بەشێکی ناڕوونە و لەسەر کات دەوەستێت؟ هەروەها ئەو هەڵوێستەی ترامپ ئەو دەرفەتەیش بۆ ئەردۆغان دەڕەخسێنێت کە لە ڕۆژاوا و باکووری کوردستاندا سیاسەتی هێرشبەرانەتر پەیڕەو بکات، یان وەکوو ئەوەی کە ڕۆژنامەی "فیگارۆ"ی فەرەنسی نووسیویەتی: "هەر ئێستا تورکیا وەکوو کۆگەی باڕووتە و خەریکە مەکینەی دەبابەکانی بۆ لێدانی کوردەکان گەرم دەکات."

بە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، کێ جێگەی ئەمریکا پڕ دەکاتەوە؛ ئایا ئەو ئەرکە بە فەرەنسا دەدرێت یان ئەوەتا تورکیا لە سووریا و لە ڕۆژاوای کوردستاندا تەڕاتێن دەکات؟ جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بڕیارەکەی ترامپ سەبارەت بە سووریا، دوای وتووێژە تەلەفۆنییەکەی ترامپ لەگەڵ ئەردۆغان بوو. دەرچوونی هێزە ئەمریکییەکان لە سووریا، دەکرێت ئاوایش لێک بدرێتەوە کە بۆ باشترکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئانکارا و واشنگتۆنە کە ماوەیەکە ساردیی تێ کەوتووە. دەبێ هەوڵی ترامپ ئەوە بێت کە هەم سیاسەتی دابەشکردنی دەور لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتە بەر- کە بەشێکی بەر تورکیا دەکەوێت- هەمیش بەو ڕێگەوە بەر بەوە بگرێت کە تورکیا نەکەوێتە ناو جغزی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە سووریادا؛ هەروەها تورکیا بکاتە هاوکێشەیەک کە بتوانێت لە سووریا شان لە شانی ڕووسیا و کۆماری ئیسلامی بدات. لە لایەکی ترەوە هێنانەوە بەرباسی پرسی فرۆشتنی سیستەمی بەرگریی پاتریۆت و فڕۆکەی جەنگیی ئێف ٣٥ی ئەمریکییش بە تورکیا، یەکێک لەو دەستندە سیاسی و سوپاییەیە کە بە جێبەجێکردنی دەتوانێت کەلێنی زیاتر لە نێوان تورکیا و ڕووسیادا دروست بکات.

## کۆبەند

ئەوەی کە لەناو ئەو ئالۆزییەی سیاسەت و تێکچڕژانی بەرژەوەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەت لە سووریا بەرچاو دەکەوێت، سیاسەتەکانی کۆشکی سپییە کە سێرە لە کۆماری ئیسلامی دەگرێت؛ چونکە ئاماژەکان باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا خەریکە سووریا بۆ چەندان هاوکێشە- لەوانە کۆماری ئیسلامی- بەجێ دێڵێت و، تا مەکینەی جەنگیی کۆماری ئیسلامی لەناو زەلکاوی سووریادا باشتر حاسێ بێت کە ئەمەیان تێچووی ماددی و مرۆڤیی بۆ کۆماری ئیسلامی گەلێک زۆرە و، ئەمەیش لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی گوشارەکانی ئەمریکاوە خەریکە لە ناوەوە لە ڕێسمە دەربچێت. پێویستە ئاماژەیش بەوە بدرێت کە دەور و کارتێکەریی هاوکێشە دەوڵەتییەکان، تا دێت زەقتر و بەرچاوتر دەبێتەوە، کە بنەمای کاریشیان پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکیانە؛ هەر بەو پێیەیش دەوری هاوکێشە نادەوڵەتییەکان کەمتر و کەمڕەنگتر دەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووسە - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# گۆڕانکارییەکانی رۆژئاوا



مەسعودی مەلا هەمزە

بڕیارە بەپەلەکەی ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە سوریاو دەستلەکارکێشانەوەی جەیمس ماتیس‌و بریت مەکگۆرگ، رووداوگەلێکی خێران‌و بەشێک لە شرۆڤەکارانی تووشی شۆک کردووەو تورکیاو هاوپەیمانەکانیشی پێشوازیی لە بڕیارەکە دەکەن‌و هاوپەیمانانی دژ بەداعشیش نیگەرانن لە بڕیارێکی لەمجۆرە، ئەوەی پەیوەستە بەدۆخی کورد لەناوچەکە ئەوەیە ئایا ئەم کشانەوەیە بە زیان بۆ دۆزی کورد لەڕۆژئاوا کۆتایی دێت، یان قۆناغێکەو کورد تێیدەپەڕێنێ؟.

بەر لە وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە هەموو کورد لەو واقیعە تێبگا کە ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە جەنگی دژ بەداعش هاوپەیمانی کورد نەبوونە، بەڵکە هەمیشە وەک جەنگاوەری ئازا لەکوردیان روانیوەو لەکاتی ناخۆشیو تەنگژەکانی خۆیان‌و کەوتنە مەترسی بەرژەوەندییەکانیان، کوردیان لەبیرە، ئەویش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، نەک شتی تر، بەداخەوەش مێژووی کورد هەمیشە ئەوەی نیشانداوین هەرکاتێک وڵاتە زلهێزەکان پشتیان لەکورد کردبێ، شۆڕشەکانی شکستی هێناوەو بە ئاشبەتاڵ سپێردراوە، وەلێ ئاخۆ ئەمجارەش وادەبێ، یان کوردانی رۆژئاوا مێژوویەکی نوێ دەنووسنەوەو رووداوەکانی رابردوو ئاوەژوو دەکەنەوە؟.

ئاشکرایە لە سەرەتای سەرهەڵدانی داعش لە عیراق‌و سوریاو دروستبوونی هێزە کوردییەکان لەڕۆژئاواو رزگارکردنی ناوچەیەکی زۆری کوردی لەژێر دەستی داعش، چاوی وڵاتانی دراوسێ‌و بەتایبەت تورکیای خستەسەر رۆژئاواو لەوساوە تا ئەمڕۆ رۆژئاوا بۆتە کەرەستەیەکی باشی مامەڵەکردن لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان‌و لەماوەکانی رابردووشدا بینیمان چۆن چەندین جار مامەڵەی پێوەکرا!.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی گرنگەو پێویستە قسەی لەسەر بکرێ، کورد لەڕۆژئاوا ئەرکێکی یەکجار قورسی لەسەرەو قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو دەست لەکارکێشانەوەی نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆدژایەتی تیرۆر، دەکرێ بپرسین هێزە کوردییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغە دەکەنو پلانو بەرنامەیان چییە بۆ پاراستنی ناوچە کوردییەکان؟ لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕو هەوڵدان بۆ داگیرکردنی ناوچەکان، ئایا ئەو هێزانە تا دوا سات بەرگریی دەکەنو کۆڵنادەن، یاخود وەک رابردووی تاڵی کورد تەسلیم دەبنو هەموو ریسەکەیان دەکەنەوە بە خوری؟.

ئەوەی چاوەڕوانکراوەو ئومێدبەخشە ئەوەیە کە ئەمجارە کورد لەڕۆژئاوای کوردستان مێژوویەکی نوێ تۆماربکاو لەڕووی دەروونییەوە نەڕووخێنو تەسلیمی ئیرادەی داگیرکەر نەبن، هاوکات پێویستە لەسەر هێزە کوردییەکان هەوڵە سیاسیو دیپلۆماسییەکانیان بخەنەگەڕ بۆ لۆبیکردن بۆ دۆزی کورد لە ناوچەکە، تا هیچ نەبێو لەکاتی لێقەوماندا وڵاتانی زلهێز بێنە سەرخەتو کارەساتی گەورەی مرۆیی روونەدات، هاوکات پێویستە لەسەر لایەنە کوردییەکانی باشوورو باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستان هەموو هەوڵێکی سیاسیو دیپلۆماسیو سەربازی بخەنە خزمەتی پاراستنی ئەزموونی رۆژئاواو رزگارکردنی لەچنگی رێککەوتنو سەفەقاتە گەورە نێودەوڵەتییەکان.

ئەوەی گرنگەو پێویستە هەموومان درکی پێبکەین ئەوەیە کە وەک چۆن لە سیاسەتدا دۆستو دوژمنی هەمیشەیی نییە، ئاواش ئەمریکاو وڵاتانی زلهێز هیچ ئومێدێکیان لەسەر هەڵناچنرێو دەبێ تێبگەین لەوەی هەمیشە کوردو دۆزەکەی یەکێکە لە بابەتەکانی دانوستانو سەفەقاتی نێوان وڵاتانی زلهێز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ستراتیژی مانەوە



**خەڵەف غەفور**

تویتەکەی دانۆڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە بڕیاری کشانەوەی بەشێک لە هێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە رۆژئاوای کوردستان جێگای شۆک نەبوو، بەڵکو رەنگە بڕیاردانی کتوپڕی لەو شێوەیە لە چاوی زۆرێک لە ئێمەدا نائاسایی بێت، بەڵام بۆ وڵاتێک کە خاوەن ستراتیژ و روئیای سیاسی بێت شتێکی ئاساییە، بگرە واش وێنا دەکرێت بۆ بەرژەوەندیی ئەمەریکایە لەپێش ئەوانی دیکەوە.

دوا سەردانەکەی جۆن بۆڵتۆن، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بۆ روسیا، هاوکات سەردانی ئەنجێلا مێرکڵ، راوێژکاری ئەڵمانیا، ڤلادمیر پوتین، سەرۆکی روسیا و ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆک کۆماری فەرەنسا بۆ تورکیا و کۆبوونەوەیان لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا باس لەوەکرا ستراتیژێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ٧ ساڵەی سوریا باسی لێوەکراوە. هەڵبەت دوایترین پێشڤەچوون پەیوەندییە تەلەفونییەکەی نێوان ئەردۆغان و ترەمپ بوو کە بەقسەی ئەردۆغان لێکتێگەیشتنی باش لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەبووە سەبارەت بە چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا.

سوریا و رژێمەکەی تا ئەندازەیەکی زۆری دڵنیابوون لە کۆتاییهاتن و سەرکەوتنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بەسەریدا دەربازیان بووە، هەرچی تورکیایە رازی بووە بەمانەوەی بەشار ئەسەد، روسیا لە پرۆسەکەدا سەرکەوتووە بووە، ئێران بووەتە خاوەن پێگە و هەیمەنە خۆی لەو وڵاتەدا، هێزەکانی کوردی لە وێنەی پەیەدە نیمچە قەوارەیەکی لۆکاڵییان هەیە، لەگەڵێشیدا مەترسی گەورەی لەسەرە، هەڵبەت تاڕادەیەکی زۆر بوونی ئەو مەترسییانە

پەیوەندی بەوەوە هەیە کورد کارەکتەرێکی لۆکاڵییە، هەروەک خاوەن پرۆژەی ستراتیژی نییە و سیاسەت و بیرکردنەوە و پێگەکەشی لۆکاڵییە.

ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلول بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و عیراق بەنێوبژیوانی ئەمەریکا و جەزائیر تووشی نسکۆ بوو، زۆری نەبرد هێنری کیسنجەر، وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە کرایەوە کەوا بۆچی پشتیان لە شۆڕشی کورد کردووە؟ کیسنجەر بێ دوودڵی وەڵامەکەی ئەوەبوو «ئەمەریکا ڕێکخراوی خێرخوازی نییە، بەڵکو بەرژەوەندییەکانی لەسەرووی هەڵوێستەکانییەوەیەتی».

تێگەیشتن لە سیاسەت و ستراتیژی ئەمەریکا پەیوەندی بە تێگەیشتن لە بەرژەوەندییەوە هەیە، بەڵکو هەر بەرژەوەندی بنەمای سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایە، ئەمە شتێکی هەڵە نییە بۆ وڵاتێک کە ویستی ئەوەی هەیە ڕێبەرایەتی سیاسەتی جیهانی بکات، گەڕانەوەشی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و تەنگهەڵچینینی بە ڕژێمەکانی ئێران، ڕوسیا و کۆریای باکوور بەشێک بێت لە ئەجێندا سەرەکییەکەی.

لەماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا بەپێوەرەکانی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری، کورد لەسەر ئاستی بەشە جیاوازەکانی نەیتوانی ئۆفەری باشتر لە ئۆفەری ئەوانی دیکە پێشکەش بە ئەمەریکا بکات، نەشیتوانی لینکی بەرژەوەندیی باشتر لەگەڵ ئەمەریکا دروست بکات، هەر ئەوەشە وایکرد کەوا کورد و کوردستان وەکو کارەکتەری لۆکاڵی بکرێنە قوربانی.

لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەزموونی پەیەدە لەبەردەم مەترسی گەورەدایە، ڕێگای زۆر هەن بۆ دەربازکردنی ئەزموونەکە، ڕەنگە باشترینیان چەند شتێک بن لە وێنەی ڕێککەوتنی ناوخۆیی بەمەرجی دەستەبەرکردنی بەشێک لە مافەکانی کورد، لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، بەشدارپێکردنی هێزە کوردییەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان کەوا تائێستا پەیەدە ڕێگەی نەداوە ڕۆڵیان هەبێت، ئەگەر لەسەر ئاستی شکڵییش بێت دابڕانێک لەگەڵ سیاسەتی پەکەکە دروستبکەن بۆ ئەوەی جۆرێک لە هاوسۆزی بۆ ئەزموونی ڕۆژئاوا دروست بێت.

پەیڕەوکردن لە ستراتیژی مانەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان گرنگە، لەو نێوەندەدا بەژەوەندیی گرنگە نەک

دروشمبازیی، حەق نییە پێمانوابێت هاوسۆزیی فەیسبووکەوانان توانای رزگارکردن و مانەوەی رۆژئاوای کوردستانی هەیە، بەڵکو پەیڕەوکردن لە سیاسەتێکی واقیعی دەستەبەری مانەوەی کورد دەکات لەو بەشەی کوردستان، بە پێچەوانەیشەوە دۆخەکە مەترسیدارتر دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## ترەمپ درۆی لەگەڵ نەکردین



**هێمن عەبدوڵڵا**

دۆناڵد ترەمپ بە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و بەتایبەتیش لە رۆژئاوای کوردستان ئیشێکی چاوەڕواننەکراوی نەکردووە، بەڵکو ئەوەی کرد کە لەسەرەتاوە ویستوویەتی بیکات و چەندین مانگە دەستوپێوەندەکەی هەوڵیاندەدا دوایبخەن و ئیدی قسەیەکیان بۆ دواخستنی نەمابوو. بۆیەش ئەگەر کوردێک هەبێت بەو بڕیارە شۆک بووبێت، نیشانەی ئەوەیە لەسەرەتاوە ترەمپی نەناسیوە و لەوەش واوەتر مێژووی بێوەفایی هەمیشەیی ئەمریکییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی نەبیستووە یان لەبیرچووەتەوە. راستییەکەی ئەوەی دەبێ وەک کورد لەسەری رابوەستین ئەوەیە کە مادام زانیومانە ئەمڕۆژە هەر دێت، بۆ خۆمان بۆ ئامادە نەکرد؟

ئەو رۆژانەی شەڕی سارد کۆتاییان پێدەهات و ئەمریکییەکان مەستی گەیشتنە خەونی سەروەریی دنیا بوون، دۆناڵد ترەمپی گەنجی بازرگان لەسەر شاشەی کەناڵێکی ئەمریکی چاوپێکەوتنی دەکرد و دژی ئەوە بوو ئەمریکا هێندە خۆی بە ئەودیوی سنوورەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بکات. هەر ئەو پیاوە لە ساڵانی رابردوودا بەبەردەوامی کە باسی

سیاسەتی وڵاتەکەی کردبێت، وەک بازرگانێک کە دەیەوێ حیسابی ماڵی زۆرتر بێت لە حیسابی بازاڕ قسەی کردووە. بناخەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکەشی لەسەر ئەو مۆتۆیە دانا کە دەیگوت: ئەمریکا لە پێش هەمووان.

پار کە خیانەتی شازدەی ئۆکتۆبەر ڕوویدا و هەرێمی کوردستان کەوتە بەر هەڕەشەیەکی جدی، ڕۆژنامەڤانێک لەنێو کۆشکی سپی پرسیاری ئەوەی لە ترەمپ کرد کە چۆن دەهێڵن هاوپەیمانی سەرەکییان لە شەڕی دژی داعشدا ئاوا هەڕەشەی لێبکرێت؟ وەڵامی ترەمپ، کە بە ماڵباتەوە بەپەلە دەبووایە سواری فڕۆکەکەی بێت، ئەوە بوو کە ئەو قەت لەگەڵ ئەوە نەبووە ئەمریکا خۆی بەو شتانەوە سەرقاڵ بکات و لەبنەڕەتدا هەر لە عێراقیش بێت، ئێستاش ئەوەی ڕوودەدات دەبێ عێراقییەکان لەنێوخۆیاندا چارەسەری بکەن.

ترەمپ لەو قسانەیدا ڕاستگۆ بوو، جاری قۆناخێکی نوێی لە مێژووی ئەمریکادا دەدا. ئەو دەیگوت ئەمریکا پێویستی بە کوێخایەتیی دنیا نییە و ئەو وزەیەی لەوێ سەرفی دەکات دەبێ لە نێوخۆی ئەمریکادا بۆ خۆبەهێزکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵکەکەی خەرجی بکات. دوای کوژرانی ڕۆژنامەڤانە سعودییەکەش، ترەمپ لە تویتەکانیدا پاساوی بەردەوامیی پشتیوانیکردنی لە شازادە محەممەد بن سەلمان بەوە دەهێنایەوە کە لە سعودییەوە بە فەردە پارەی هێناوەتەوە و هەلی کاری زۆری لە نێو ئەمریکادا ڕەخساندووە. واتە بە ناڕاستەوخۆ دەیگوت ئەوەی لە نزیکەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا بەناوی بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە کردوویەتی تووڕێکی تەڕ ناهێنێت و لەمەودوا ژیانێکی خۆش بۆ ئەمریکییەکان گرنگترە لەوەی لەودیوی سنوورەکان دیموکراسی هەیە یان نییە. دیسان لەوەشیاندا ترەمپ ڕاستگۆیە و بازرگانێکی ڕاشکاوە کە پاساو بۆ هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکی لەسەر بنەمای قازانج و زیانی نێو باخەڵی ئەمریکییەکان دەهێنێتەوە.

لەو نێوانەدا دیسان ئێمەین کە شاعیرانە و ئەڤیندارانە چاو لەو دڵشکانە دووبارەیەمان لەگەڵ ئەمریکا دەکەین. بەتایبەتیش لە ڕۆژئاوا لە یەکەمین ڕۆژەوە گوتاری ئەمریکییەکان ئەوە بووە کە کورد ئەو هێزە شەڕکەرە هاوپەیمانەی ئەمریکان لەسەرزەوی شەڕی دژی داعش دەکەن. ئێستا کە شەڕەکە تەواو بووە، ئەمریکا بەشێوەیەکی دینامیکی بەو هاوپەیمانییەدا دەچێتەوە و دەشزانێت کورد بشفرۆشێت هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دروستنابێت. بەپێچەوانەوە ڕازیکردنی تورکیای سەردەمی ئەردۆغان لەجیاتی زیان دەتوانێ قازانجساز و یارمەتیدەر بێت بۆ ئەو هەڵمەتە نوێیەی لەدژی ئێران دەستیپێکردووە.

هێشتا دیار نییە ترەمپ چەند بۆی دەچێتە سەر کە نەزمێکی نوێ لە جیهاندا بسەپێنێ، بەڵام هەرچییەک رووبدات بۆ ئێمە ئەو رووداوانەی ئەمدواییە دوو وانەی گرنگیان تێدایە: یەکەمیان ئەوەیە کە بەداخەوە دۆزەکەمان هێندە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، بۆ پاراستنی خۆمان و لە پێناوی ئایندەی نەوەکانماندا ناچارین لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی تێیاندا دەژین خۆمان بەهێزبکەین و بگونجێنین و باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ دراوسێکانی هەر پارچەیەکدا هەبێ، دووەمیش ئەوەیە کە دەبێ بزانین دۆستایەتیی ئەمریکا بەس نییە بۆ مانەوەمان لەم ناوچەیەدا. چونکە وەک لە کەیسی سووریادا دەیبینین، رووسیا و ئێران تا کۆتایی لەپشت هاوپەیمانەکەیان راوەستان و مانەوەی ئەسەد یانیش بەزۆر دەرنەکردنیان کردە دیفاکتۆ، بەڵام ئەمریکا هاوپەیمانە کوردەکەی خۆی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا فرۆشت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٤ی دیسەمبەری ٢٠١٨

## لێکەوتەکانی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا



**فەرید ئەسەسەرد**

کتوپڕو بەشێوەیەکی ناچاوەڕوانکراو سەرۆکی ئەمریکا ترەمپ ئارەزوی کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا دەربڕی. ئەمەش کارێکی دەگمەنە لە مێژوی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چونکە ئەمریکا وەک یەکێک لە پێشکەوتوترین سیستەمە دامەزراوەییەکان، تەنها پاش راوێژو لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنی بابەتەکە لەهەموو رویەکەوە، بڕیار دەدا نەک کتوپڕ و بەهەڵەداوان.

بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، گەورەترین سەرکەوتنە بۆ ئەردۆغان کە لە ماوەی رابردوودا، زیرەکانە و بەشێنەیی، تەنگی بە ترەمپ هەڵچنی و کارتەکانی دەرچون لە ناتۆ و پشت کردنە جیهانی رۆژئاوا و کڕینی چەکی روسی و مەسەلەی کوشتنی خاشقچیی بۆ سەرلێشێواندنی ترەمپ بەکار هێنا و لە دواییشدا کارتی هەڕەشەی هێرش کردنە سەر رۆژهەڵاتی فوراتی بەکارهێنا کە ئەگەری شەڕی ئەمریکا - تورکیای زیاد کرد. لە ئەنجامدا ترەمپ کشانەوەی لە پێکداداں پێ باشتر بوو.

ترەمپ نایەوێ ببێ بەهۆی دەرچونی تورکیا لە کامپی رۆژئاوایی چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پەیوەندی کردنی تورکیا بە بەرەی روسیا و چینەوە. وەک سەرۆکێک کە هیچ دەربارەی سیاسەتی نێودەوڵەتی نازانێ، زۆر ئاساییە بڕیارەکانی بێ سەروبەر بن. هەموو نەیارانی ئەمریکا، بەتایبەتی تورکیا و روسیا و ئێران، قازانج لە بڕیارەکانی ترەمپ دەکەن. ئەمەش تەنها یەک مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ترەمپ بەبێ پلان کار دەکا و هەڵسەنگاندنی وردی بۆ بڕیارەکانی خۆی و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی نیە.

دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری بەرگریی ئەمریکا جیم ماتیس پەیوەندیی بە بڕیارەکەی ترەمپەوە هەیە. ماتیس راوێژی پێ نەکراوەو وەک لە نامەی دەست لەکارکێشانەوەی دەردەکەوێ، ئەو دژی کشانەوەیە لە سوریا و نوسیویەتی کە دەبێ ئەمریکا بەشێوەیەکی شایستە مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆری بکات. ئەو لێرە مەبەستی کوردی سوریایە. لەناو کۆنگرێس، سیناتۆرەکان لە رارایی و بڕیارە کتوپڕەکانی ترەمپ نیگەرانن، تەنانەت ئەندامانی حزبەکەی ترەمپیش نیگەرانیی خۆیان لەم بارەیەوە ناشارنەوە. مارکۆ روبیۆ لە پارتی کۆماری وتویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەرەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە و نیشانی داوە کە ئەو سیاسەتە بەرەو «زنجیرەیەک هەڵەی سیاسی» دەچێ. هەروەها مارک وارنەر لە پارتی دیموکرات وتویەتی دەست لەکارکێشانەوەی ماتیس کارێکی «مەترسیدارە».

لەڕاستیدا ماتیس تاکە وەزیر نیە دەست لەکار بکێشێنێتەوە. پێش ئەو، هەر یەک لە وەزیرەکانی دەرەوە، ناوخۆ و داد دەستیان کێشاوەتەوە. هۆی هەموو دەست لەکارکێشانەوەکان ئەوەیە کە سەرۆک راوێژ بەکەس ناکا و راپۆرتەکان ناخوێنێتەوە و خۆی لەهەموان بە زیرەکتر دەزانێ. لەبڕیاری کشانەوەی هێزەکان لە سوریا، نە وەزارتی دەرەوە پشتیوانە و نە راوێژ بە لێپرسراوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کراوە.

ڕۆژنامەی «گاردیان» ی بریتانی مەسەلەیەکی گرنگی وروژاندووە، ئەوەیش ئەوەیە کە ماتیس دووەم بەهێزترین لێپرسراوی ناو حکومەتەکەی ترەمپ بووەو وا گوزارشتی لەم مەسەلەیە کردووە کە ماتیس»یارمەتیی جیهانی داوە تا بتوانرێ جڵەوی ترەمپ بگیرێ». ئەمە بەم واتایە دێت کە جیهان پاش دەست لەکارکێشانەوەی ماتیس لە مەترسیدایە.

تەنانەت مۆسادی ئیسرائیلیش کە شانازی بەوەوە دەکرد کە ئاگای لە هەموو شتێکە لە جیهاندا، ئاگای لە بڕیارەکەی ترەمپ نەبوە. ئیسرائیل یەکێک لە گەورەترین زیانلێکەوتووەکانی بڕیارەکەی ترەمپە چونکە لە سوریا بەرامبەر بە ڕژێمی ئەسەد و روسیا و تورکیا و ئێران تەریک ماوەتەوەو لێرە بەدواوە بژاردەکانی ئێجگار تەنگەبەر دەبن.

لەناو سوریا، کورد گەورەترین زیانلێکەوتووە. لەخۆبایی بون و بوغرایی سەرکردەکانیان و هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و هەڵبژاردنی سەنگەرە چەوتەکە، زۆر گران لەسەریان دەکەوێ. لەم هەلومەرجەی ئێستادا جگە لە رادەست کردنی ناوچەکان بە هێزەکانی رژێمی سوریا، هیچ رێگایەکی تر نیە. بێگومان ئەمە زیانێکی زۆر بەکورد دەگەیەنێ بەڵام ئەو زیانە لە زیانی هاتنی تورکیا بۆ ناوچەکانیان کەمترە. لانی کەم دەشێ ئەم هەنگاوە ببێ بە مایەی چاککردنەوەی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ سوریا و دیمەشق، بەتایبەتی کە چونی هێزەکانی تورکیا بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فورات لە بەرژەوەندیی روسیا و دیمەشق دا نیە، چونکە تورکیا بەبێ بەرامبەر لە ناوچەکان ناکشێتەوەو رەنگە بەشێکی ناوچەکان رادەستی هێزە بەرهەڵستکارە دۆستەکانی خۆی بکات کە ئەمەش هەم پرۆسەی ئاشتی ئاڵۆزتر دەکا هەم پێگەیەکی بەهێزتر لەسەر مێزی گفتوگۆ بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سەر بە تورکیا و خودی تورکیا لەمەسەلەی دیاریکردنی ئایندەی سوریا دابین دەکات.

کوردەکانی سوریا زۆر هەڵەیان کردووە. کاتی ئەوە هاتووە دەستوبردی لێ بکەن و بڕیارێکی دروست بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## کێشەی کوردی رۆژئاوا لەگەڵ دیمەشقە نەک ئەنقەرە



**عارف قوربانی**

هەرچەندە بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانیان لە سووریا تا ئەندازەیەکی زۆر چاوەڕواننەکراو بوو، بەتایبەت کە لە یەک دوو هەفتەی رابردوودا ژمارەی هێزەکانیان لەوێ زیادکرد و پێش کەمتر لە هەفتەیەکیش لە ئاستی باڵای ناوەندە فەرمییەکانی ئەمریکاوە وەڵامی هەڕەشەکانی تورکیا درایەوە بەوەی رێگە نادەن سنووری سووریا ببەزێنێ و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەو ناوچانە بکات کە هێزی ئەمریکای لێیە. لەگەڵ ئەوەی لە ناوخۆی ئەمریکاش بڕیاری کشانەوەکە کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتووەتەوە و بەبڕیارێکی مەترسیداری دەزانن، بەڵام لە حەقیقەتدا ترەمپ شتێکی تازەی نەکردووە.

ترەمپ دەیانجار ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە پێویست ناکات ئەمریکا پاسەوانیی کەس بکات و نابێ سەربازی خۆمان بەکوشت بدەین بۆ ئەوەی گەلانی ناوچەکە بە ئارامی بنوون، پێویستە خۆیان پارێزگاری لەخۆیان بکەن. ساڵی رابردووش لە نیوە شەوێکی درەنگدا هەمان بڕیاری دا، ئەوکات بەوە لە بڕیارەکەی پەشیمان بووەوە کە بەشێکی تێچووی مانەوەی سەربازەکانیان سعودیە گرتیە ئەستۆ. ئەو لە دیدێکی ئابوورییانەوە دەڕوانێتە هاوکێشەکان و بەرژەوەندییەکی کاتیی ئابووری لەکوێ بێت، ئەو رێگەیە دەگرێتەبەر. بۆیە دەبێت بە ئاسایی ببینرێت کە لە شەو و رۆژێکدا چەندین بڕیاری هاوشێوە و پێچەوانەی پرنسیپە گشتییەکانی ئەمریکاش بدات.

ئەوەی نائاساییە چاوەڕوانیی ئێمەیە لە ئەمریکای سەردەمی ترەمپ کە بمانەوێ لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی ئێمەدا بێت و بەدڵی ئێمە سیاسەت بکا و پشت بکاتە وڵاتانی سەردەستەی ناوچەکە، لەکاتێکدا بۆ هەر یەکێکیان

چەندین بەرژەوەندی و رایەڵە پێکیانەوە دەبەستێتەوە. نەک تورکیا کە بەشێکی گرنگی هێزی ناتۆ پێکدەهێنێ، تەنانەت بۆ سووریا و ئێرانیش رایەڵەی پێکەوەبەستن و بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەمریکا ئاسانتر و زۆرترە لە ئێمەی کورد. هیچ بەدوور نازانرێت لە راگەیێندراوێکی کتوپڕدا رۆژێک هەڵوێستی ئەمریکا لەمەڕ ئێرانیش بگۆڕێت و رێککەوتنێکی نوێی لەگەڵ بکات. یان دان بەوەدا بنێت کە سەقامگیریی سووریا بەمانەوەی ئەسەد دەستەبەر دەبێت و رێز لە شکۆی وڵاتەکە بگرێت.

ئەمە حەقیقەتی ترەمپ و ستراتیجی کارکردنیەتی، هەموو ناوەندە گرنگەکانی ئەمریکا و خودی حیزبەکەی خۆشی دەزانن و جارێ لەگەڵی دەڕۆن، لەکوێدا ئەمریکا هەڵوەستەیەک دەکات لەنێوان بەرژەوەندی کاتیی ئابووری و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی، کاری خۆیانە. چاوەڕوانیی ئێمە و هەڵواسینی ئومێد و خەونەکانمان بە سیاسەتی ئێستای ئەمریکاوە، دەمانگەیەنێتە کوێ؟ ئەرکی ئێمە گەڕانە بەدوای وڵامێکی لۆژیکی کە دەستەبەری مانەوەمان بکات لە ناوچەکە. ئەمریکا شوێن بەرژەوەندی خۆی کەوتووە، هاوکێشەکانی ئەم ناوچەیە لە چاوی ئێمە و لە دیدگای ئەمریکاوە وەک یەک نابینرێن، ئەزموونەکانی ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، دوای زیاتر لە چل ساڵ دووبارەبوونەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر، لە داگیرکردنی عەفرین، سبەینێش چاوپۆشیی ئەمریکا لە تورکیا بۆ داگیرکردنی ناوچەی تر، دەبێ ئەوەندەی لێوە فێربووبین کە بۆ رێککەوتنی نێوان ئەم دەوڵەتانە هیچ شتێک مەحاڵ نیە. ئەوەی مەحاڵە ئەوەیە کە ئەمریکا یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێمە نێوانی خۆیان لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە تێکبدەن.

هەرچەندە ئێستا بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا لە زۆر ناوەندی ئەمریکی و ئەورووپی وەک جۆرێک لە بێوەفایی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد وێنا دەکرێت و دووریش نییە لێکەوتەکانی، بڕیارەکە بە ترەمپ بگۆڕێت، یان ئەمریکا ناچار بکات هیچ نەبێت لەم کاتەدا رێگە نەدەن تورکیا هێرش بکاتە سەر رۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەمە تەنیا شتێکی کاتییە و چارەسەری کێشەکە ناکات.

تەنانەت ئەو ئومێدەش کە بە فەرەنسا و ئەورووپا دروست بووە لەدوای کاردانەوەی بڕیارەکەی ترەمپ، هەر جۆرێکە لەو هیوایەی پێشتر بە ئەمریکاوە بەسترابوو. کورد دەبێت دەست بەرێت بۆ ریشەی کێشەکە لەنێوان تورکیا و رۆژئاوای کوردستان. دەبێ ئەو پاساوانە نەهێڵین کە بیانووی داوە بە تورکیا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر رۆژئاوا،



سەرچاوە
Serchawe

چونکە دەرکەوت دواجار ئەمریکا و رووسیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، تورکیایان بەلاوە گرنگترە لە ئێمەی بێ دەوڵەت.

پێویستە راشکاوانە بیر بکەینەوە، ئایا باوەڕمان بە مەسەلەی کورد لە چ چوارچێوەیەکدایە، کێشەی کورد یەک کێشەیە؟ یان چەند مەسەلەیەک لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا؟ ئەگەر بە رووکەش و بە خواستی دڵ هەمووشمان پانکوردستانی بین، بەو مانایەی باوەڕمان بە سنووری نێودەوڵەتیی نێوان وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیش نەبێت، بەڵام لە واقیع و لە پراکتیکدا هێزێکی سیاسی یان فکرێکی وا لەناوماندا بڵاو نییە. ئەوەی هەیە لە هەر بەشێکی کوردستان هێز و بزووتنەوەی سیاسی و حیزب و رێکخراوی فکری و سیاسی تایبەت بەخۆی هەیە. کەواتا پێویستە شتێک وەک حەقیقەت قبوڵ بکەین، کێشەی کورد لەهەر پارچەیەک، کێشەیە لەگەڵ دەوڵەتی سەردەستە نەک لەگەڵ دەوڵەتانی تری داگیرکەر بە مانا فراوانەکەی.

کورد بەیەک ئاست و بەیەک ئەندازە لە هەر چوار وڵاتەکە لەلایەن دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستەوە دەچەوسێنرێتەوە، ئەگەر لە بەشێکیاندا کەمێک ئازادی یان پێشڤەچوون لە مەسەلەی کورد بەدیهاتبێ، شاباش و خێری دەوڵەت نەبووە بۆ کورد، بەڵکوو بەخوێن و قوربانی و بارودۆخێکی تایبەت دروستیکردووە. هەرکاتێکیش هەلومەرج بۆ دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستە گونجاو بووبێت، درێغی نەکردووە لە زەوتکردنەوەی ئەو کەمە ئازادییەش. بۆیە هیچ جیاوازییەک نیە لە نێوان هیچکام لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. بەڵام هەندێجار دەوڵەتەکان بەهۆی ناکۆکیی نێوان خۆیانەوە، کەڵکیان لە بزووتنەوەی کورد وەرگرتووە بۆ ئازاردانی یەکتری و کوردیش سوودی لە ناکۆکیی نێوانیان بینیوە. لێرەوە بزووتنەوەی کوردی لە بەشێکی کوردستاندا بەچاوێکی جیاواز لە دەوڵەتی داگیرکەری بەشێکی تری کوردستانی روانیوە، ئەمەش لە رابردوودا دەستکەوتی بۆ کورد هەبووە. بەڵام بەدرێژایی مێژوو رووینەداوە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە بەشێکی کوردستان کە هێشتا ماف و ئازادییەکانی لەو پارچەیە دەستەبەر نەکردبێت، یان دەوڵەتەکە دانی بە مافەکانی کوردی ژێردەستەی خۆیدا نەنابێت، بزووتنەوەی کوردی شانبەشانی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستە هەڵگەڕابێتەوە بۆ دوژمنایەتیکردنی دەوڵەتی دووەم.

سەرباری ئەوەی ئەمە هیچ لە پێناسە و عەقڵیەتی تورکیا ناگۆڕێت کە دوژمنی سەرسەختی کوردە، بەڵام پێویستە ئەوەش راست بکەینەوە کە کێشەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ دیمەشقە نەک ئەنقەرە. بەشەڕ، بە ئاشتی،

بەهەر رێگایەک دەمانەوێ کێشەی ناسنامە، مافی هاوولاتیبوون، کێشەی خاک، خۆبەڕێوەبەرێتی، شەراکەت لە حوکمڕانی، چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، پێویستە کورد لە رۆژئاوا رووی لە سووریا بێت نەک لە تورکیا. ئەوەی ئێستا تورکیا کردوویەتی بە پاساو و سەرنجی زلهێزەکانی پێ ڕادەکێشێت، ئەو پاوانخوازییەی پەیەدە و وابەستەبییەتی بە پەکەکەوە.

چاوپۆشیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی داگیرکاری عەفرین، بۆ ئەو پاساوە دەگەڕێتەوە.

بۆیە پێش ئەوەی لۆمەی سیاسەتی ئەمریکا بکەین، یان ئومێدمان لەسەر ئەوروپا بێ، پێویستە لۆمەی خۆمان بکەین و ئومێدمان لەسەر پێکەوەیی خۆمان بێ. ناکرێ رێگە بەکاری سیاسی چەندین حیزبی تری سیاسی نەدرێت، کێشەی کورد لەو وڵاتە تەحویل بکرێت بۆ کێشە لەگەڵ تورکیا و بشمانەوێ جیهان پشتمان بگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## ترەمپ و کورد



**لەتیف فاتیح فەرەج**

**١**

**پیرەمێردی شاعیر دەفەرموێ**

**لە دەرگای نامەرد مەکە تەقو لباب**

**نانی ڕق بخۆ نەک منەت قەساب**

ئەگەر ترەمپ، یان هەر سەرکردەیەکی دیکەی دنیا هاوکاری گەلانی ستەملێکراوی سەر زەوی بکەن، ئازایەتی نیەو بەشێکە لە ئەرکی ئاکاری ئەوان، ئەوە ئەگەر هێشتا سیاسەت گۆشەیەکی بۆ ئاکار تیا مابێتەوە، تویتە سەیرەکەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا، دیسان بۆنی مامەڵەی ژێر بە ژێرو ڕێکەوتنی تاکڕەوانەی ترەمپی لە پشت هەموو ئەمەریکاوە لێدێت، ترەمپ لە بری هەموو ئەمەریکا هەنگاو دەنێت و لەو کابرایە دەچێت کە بە خۆی و سەگەکەی و تفەنگەکەیەوە ڕاوی ئەو مەکسیکیانە دەکات کە بە دوای بەهەشتی ونبوودا دەگەڕێن، ترەمپ هەموو ئەمەریکای کردوە بە هۆلیود و ئەویش وەک پاڵەوانی فیلمەکە، بەڵام ئیتر گەلی ئەمەریکی خۆیان ئەو بڕیارەیان دا.

**٢**

ئەمەریکا بڕۆنەوە یان نا، کورد لە سەر خاکی خۆیەتی، ترەمپ پۆلیسی بکات یان نا، کورد دەمێنێتەوە، لێ کورد هەزاران شەهیدی بۆ ئارامی دنیاو ئەمەریکاش بەخشی، ترەمپ و هەموو ئەوانەی شەڕوانەکانی کوردیان دەبینی لە



سەرچاوە
Serchawe

شەڕدا ئەو راستیە دەزانن، شەرمە پاداشتی چاکە بە نامەردی بدرێتەوە، ئێوە سەیری نامەی دەستلەکار کێشانەوەکەی « جێمس ماتیس» ی وەزیری بەرگری بکەن، کە ٢٦مین وەزیری بەرگری ئەمەریکایە، بە ترەمپ دەڵێ »هەقی خۆتە کەسێک بکەیتە وەزیربیرو باوەڕەکانتان لە یەکەوە نزیک بێت».

سیاسەتی ئەمەریکی بەرانبەر گەلانی ستەمدیدە پاسەوانی و پۆلیسی نیە بەرپرسیارەتیە، ئەوە لە ١٤ بەندەکەی ویلسن دا بە ڕوونی دیارە، دیارە بەرژەوەندیەکە زۆر ترە، کاتی خۆی دۆگلاس سیلمان پێی وتین ئێمە هەم بەرژەوەندی هەم دۆستایەتی دەکەین، ئەو باسی ئەوەی نەکرد بەرژەوەندیەکە گرنگترە.

٣

پێم وایە کوردی شاعیر دێڕە شیعرێکی جوانی هەیە

کورد ئەوەند کوردن بە سەت شەیتان لە کوردی ناکەون

ئیکە خەڵکی بۆچی بۆ خۆی دەردی سەر پەیدا ئەکات

پێش ئەوەی ئەم دەوڵەتەی ئێستای ئەمەریکا هەبێت، کوردو کوردستان هەبوو، تەمەنی ئەمەریکای ئێستا نزیک هاوتەمەنی شاری سلێمانیە، کە یەکێک لە شارە تازەکانی کوردستانی باشورەو ئەگەر ترەمپ یەکجار لە گەزۆکەی بخوات ئیدی هەرگیز بیری ناچێتەوە، لەو رۆژەوەی کورد هەیە لە گەڵ سروشت و ستەمدا لە شەڕدایە، تەنها کێشەیەک کە هەیبووە، بە ئاسانی رامکراوە بۆ ئەوەی ببێتە دوژمنی خۆی، لێ هەر بە کوردی ماوەتەوە.

کوردەکان دەڵێن کەڵەشێریش نەبێت رۆژ دەبێتەوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ترەمپ لە نیوەی دووەمی چوار ساڵی ئیدارەکەیدا ئایا لە سەرەتای ساڵی داهاتوو هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە؟




نووسینی: فرهاد محمد

نەیارانی ترەمپ، سەرۆکایەتیی ترەمپ وەک کەسێکی (Dilettante) پێناسە دەکەن، ئەمەش بەو مانایەی هیچ لێهاتوویی و مەعریفەیەکی سەبارەت بە دەوڵەتداری و دەوڵەتمەداری تێدا نییە، بەڵام ئێستا سەرۆکی بەهێزترین دەوڵەتی جیهانە کە ئەمریکایە، ئەمەش ڕاشکاوانە خۆی لە دووتوێی ئەو پەندە کوردییە جێدەکاتەوە کە دەڵێت:

«سەری بێ دەلاک دەتاشێت.»

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەماوەی ئەو دوو ساڵەی ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بووە، کارێکی وایکردووە کە ئەمریکا و جیهانیش دوچاری شەڕێک، یان کارەساتێکی گەورە بکات؟ یان ئایا ئەو هەموو هەڕەشانەی کە بە زمانی زبری غەیرە تەقلیدی و نادیپلۆماتییانە ئاراستەی هاوپەیمانیی ناتۆ و دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی بازرگانیی جیهانی و... هتد، کردوون، هیچیانی جێبەجێ کردووە؟ یان چەند جارێک باسی لە کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان و سووریا کردووە، ئایا جێبەجێی کردوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەتا تویتەکەی هەفتەی ڕابردووی کە نووسیبووی: «تەنیا ئامانجی من لە ماوەی سەرۆکایەتیدا ئەوە بوو داعش لە سووریا تێکبشکێنم، ئێستا ئەو ئامانجە هاتۆتەدی و چیتر مانەوەمان پێویست نییە.»

ئەم تویتەی ترەمپ جارێکی دیکە هەموو لایەکی تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان کرد و، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی فەڕەنسا هاتە سەرخەت و بەڵێنی دا لەو کاتەی ئەمریکا هێزەکانی دەکێشێتەوە، فەرەنسا جێگەیان پڕدەکاتەوە و لەسەر ئاستی رای گشتیی کوردستانیش هەرایەکی گەورەی دروست کرد و لە چوارچێوەیەدا خوێندرایەوە، ئەمجارەش ئەمریکا خیانەتی لە کورد کردەوە. دیارە لەسەر ئاستی حکومەت و کونگرێسی ئەمریکاش شڵەژانێکی گەورەی دروست کرد، لەلایەک جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی ترەمپ کرد، لەلایەکی دیکەش لەسەر ئاستی کۆنگرێس و ئەنجومەنی سەنات، چەندین کۆنگرێسمان و سیناتۆر داوایان کردووە هەتا لەناو کۆنگرێس و سەنات دانیشتنی گوێگرتن بۆ ئەو کەسە سەربازییە پسپۆڕانە نەکرێت کە شارەزایی تەواویان لەسەر شەڕی دژی داعش هەیە، نابێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت.

بێگومان ئەمە جاری یەکەم نییە کە ترەمپ داوای کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا دەکات، هەر لە مارتی ئەمساڵدا، جارێکی دیکە لە تویتێکدا رایگەیاند: «هەرچی زووە هێزەکانمان لە سووریا دەکشێنینەوە..»، بەڵام ئەوە ساڵ کۆتایی هات و هێزەکانیشی هەر لە سووریا ماونەتەوە، هەروەها داوای کرد، هەرچی زووە هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بکشێنەوە، بەڵام پاشان هەر خۆی گوتی: «دانیشتن لە پشت مێزی سەرۆکایەتی لە کۆشکی سپی و بڕیاردان وەک سەرۆکی ئەمریکا، جیاوازە لەوەی لە شوێنێکی دیکەوە قسە بکەیت، لەبەر ئەوەی زۆر جار بڕیارەکان ئاکامی چاوەڕواننەکراوی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بۆ ئێستا باشترە هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بمێننەوە.»

سەرهەڵدانی دیاردەی (ترەمپ) وەک سەرۆکی ئەمریکا، دیاردەیەکی مەزندەبۆنەکراو بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە قۆناخی سەرۆکایەتیی ترەمپ، قۆناخێکی نوێی سیاسەتی حوکمڕانییە لە ئەمریکا و قۆناخێکی نوێی سیستمی جیهانییە لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەرنا، وەک ئیلۆت ئەبراهام گەورە توێژەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا لە تازەترین توێژینەوەیدا بە ناونیشانی (ترەمپ لەبەرامبەر حکومەت)دا نووسیویەتی، ئەمە جاری یەکەم نییە لە مێژووی حوکمڕانیی ئەمریکادا سەرۆک دیدوبۆچوونێکی هەبێت و حکومەت دیدوبۆچوونێکی دیکە، لەسەر ئەم پرسە ئەبراهام نووسیویەتی: لەوانەیە ترەمپ چیرۆکی سەرۆکەکانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە، هەر بۆ نموونە:

١- لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جۆن کەندی، یەکێک لەو میوانانەی سەردانی کۆشکی سپی کردبوو، پێشیارێکی دابووە

کەندی، لە وەڵامدا کەندی گوتبووی: ئەمە باشترین پێشنیار و باشترین فیکرە، بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین وابکەین حکومەت ئەم پێشنیارە قبووڵ بکات؟

٢- لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جیمی کارتەردا، ئاشکرایە کارتەر یەکێک لە بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەوە بوو کە هێزەکانی ئەمریکا لە کۆریای باشوور بکشێنێتەوە، بەڵام کە بوو بە سەرۆک و ویستی بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکات، لەلایەن CIA و پێنتاگۆنەوە بەرهەڵستییەکی زۆر کرا، بۆیە سەرەنجام کارتەر رایگەیاند:

**«دەستمان کردووە بە پاراستنی هێڵی پشتەوە، بۆیە بڕیاری کشانەوەی هێزەکان دواخرا.»**

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە کە لەسەر پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریاش کە تا ئەو ئاستە لەلایەن پێنتاگۆنەوە رەتدەکرێتەوە کە وەزیرەکەی ناچار بێت دەست لەکاربکێشێتەوە، ئایا بۆشایی نێوان سەرۆک و حکومەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە نەتوانن پێکەوە کار بکەن، یان سەرۆک هیچ ئیعتوبارێک بۆ حکومەکەتەکەی دانانێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە رادەیەک ئاڵۆزە کە ئێستا بیرمەندان و توێژەرانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێن کە (دەبێت مەزهەبی ترەمپ چی بێت؟ Trump doctrine) ئەمەش بەو مانایەی ترەمپ مەزهەبێکی نوێی لە مەزهەبەکانی سەرۆکی پێش خۆی بەرهەم هێناوە، یان ترەمپ سەرۆکێکی ئاساییە وەک سەرۆکەکانی دیکەی ئەمریکا و بۆشاییەکی گەورە لە نێوان سەرۆک و حکومەتدا هەیە.

لێرەوە ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا بکەین و بپرسین: ئایا جیمس ماتیس کتوپڕ و وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر تویتەکەی ترەمپ، دەستی لەکار کێشاوەتەوە، یان کێشەیەکی دیکە لە نێوان سەرۆک و وەزیری بەرگریدا هەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵوێستی ماتیس دەیداتەوە بەرامبەر تویتەکەی ترەمپ بۆ هەمان مەبەست لە ئاداری ساڵی ٢٠١٨ دا، پرسیار ئەوەیە بۆچی ماتیس لە مارتی ٢٠١٨ دەستی لەکار نەکێشایەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر لە مارتی ٢٠١٨ دەستی لەکار بکێشابایەوە ماناو بایەخێکی زیاتر دەبوو، لەبەر ئەوەی ترەمپ لەو کاتەدا ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی و ماکماستەری راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ناردبوونەوە بۆ ماڵەوە، هەر بۆیە ئەگەر ماتیس لەو کاتە دەستی لەکار بکێشایەتەوە، ئەوا ئەو مانایەی دەبەخشی کە سێ ستوونە سەرەکییەکەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە و ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی کە بریتین لە (وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی) لەگەڵ



سەرچاوە Serchawe

سەرۆک ترەمپ هەڵناکەن و ئەوەی ترەمپ وەک سەرۆک دەیڵێت و بڕیاری لەسەر دەدات، تەعبیر لە هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی ئەمریکا ناکات.

سەبارەت بەم هەڵوێستەی جیمس ماتیس، پسپۆڕان و بەرپرسانی باڵای پێشووی ئیدارەکانی پێشتری ئەمریکا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هۆکاری سەرەکیی دەست لەکارکێشانەوەکەی جیمس ماتیس، پەیوەندیی راستەوخۆی بە تویتەکەی ترەمپەوە لەبارەی کشانەوەی هێزەکان لە سووریا نییە، بەڵکو هۆکاری راستەقینەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ماتیس ئەوەیە کە توانای فڕینی لەگەڵ دوو دایناسۆرە باڵدارەکە (Pterosaurs)ی دیکەی نییە، کە ئەو دوو تیراسۆرەش بریتین لە مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوە و جۆن بۆلتۆنی راوێژکاری ئاسایشی نیشمانیی ئەمریکا. وەک ئیللوت ئەبراهام-یش لە نووسینەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، جیمس ماتیس لەماوەی یەک دوو مانگی رابردوودا چەند جارێک لە چەندین بۆنەی جیاوازدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بیرکردنەوەی ئەو لەگەڵ بیرکردنەوەی ترەمپ ناگونجێت، هەر بۆ نموونە لە گوتارەکەیدا کە لە ئاهەنگی دەرچوونی کۆلیژی دەریایی ئەمریکا پێشکەشی کرد، زۆر راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمریکا ناتوانێت بە تەنیا شکۆی خۆی بپارێزێت و هێزی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیەتی. لە سێپتەمبەری رابردووشدا دیسان جارێکی دیکە لە کۆنفراسێکدا لەبەحرێن رایگەیاند: «ماوەی چل ساڵە بەرگی سەربازیی ئەمریکام لەبەردایە، بەڵام هەرگیز بەشداریی هیچ ئۆپەراسیۆنێکم نەکردووە، کە بە تەنیا ئەمریکا بەشدار بوو‌بێت.» ئەمەی وەک ئاماژەیەک دژی ترەمپ بەکار هێنا کە خەریکە لە هاوپەیمانیی ناتۆ پاشەکشە دەکات، یان پشت دەکاتە دۆستەکانی لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە ئەمە بە راشکاوی پێمان دەڵێت، ئەگەر ماتیس لەگەڵ دوو تیراسۆرەکەی دیکە (پۆمپیۆ و بۆڵتن) هاوڕا بوایە، ئەوا دەستی لەکارنەدەکێشایەوە، بەڵکو سەرەنجام ترەمپ ناچار دەبوو بێتە سەر هەمان بۆچوونی ئەو سێ لایەنە (وەزارەتی دەرەوە و بەرگری و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی)، بەڵام لەبەر ئەوەی ماتیس لەگەڵ پۆمپیۆ و بۆڵتۆن رای جیاواز بووە، ئەوا دڵنیا بووە لەگەڵ دەستپێکی ساڵی سێهەمی سەرۆکایەتیی ترەمپ، ئەویش وەک تلیرسۆن و ماکماستەر رەوانەی ماڵەوە دەکاتەوە و وەک لە دوای دەست لەکار کێشانەوەکەشی، ترەمپ رایگەیاند، ماتیس لە شوباتی ساڵی داهاتوو خانەنشین دەکرێت.

ئەم باکگراوەندە گرنگ بوو بۆ ئەوەی دەروازەیەک بکەینەوە و بپرسین: ئایا لە سەرەتای ساڵی داهاتوو ترەمپ، قسەکەی خۆی جێبەجێ دەکات و تەواوی هێزەکانی لە سووریا دەکشێنێتەوە؟ لەوانەیە باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بێت، کاتێک دۆناڵد ترەمپ لە لوتکەی وڵاتانی G7 داوای ئەوەی لە سەرۆکەکانی ئەو وڵاتانە



سەرچاوە
Serchawe

دەکرد کە دەبێت رووسیا لەم لوتکەیە بوونی هەبێت، هەر هەمان کات هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری پۆلەندا لە گەورەترین مانۆڕی هێزە تایبەتەکانی ناتۆ بەشداربوون، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، ئەوەی ترەمپ لە تویتەکانی دەیڵێت، شتێکە و ئەوەشی دەبێتە بڕیاری فەرمی بە ناوی حکومەتی ئەمریکاوە شتێکی دیکەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## پاشەکشێکەی ئەمریکا



**هیوا محەمەد**

لە شەڕی ستالینگراد سوپای سوور لەبەرامبەر سوپای نازییەکان هەر پاشەکشەی دەکرد تا وای کرد خستنیە ناو بازنەیەکەوەو ئیدی چواردەوریان گیراو تا دوو مانگ بەرگەیان گرت و دواتر ئەوی کوژرا کوژرا ئەوەش کەمایەوە بەدیل گیرا، دەکرێت ئەمە پاشەکشەیەکی تاکتیکاوی سەربازی بوو بێت و ئەنجامەکەشی جگە لە رووی سەربازی سەرکەوتنی سیاسیشی بەدەست هێنا.

ئەمریکا لەساڵی ٢٠١٤ وە دەستی کرد بە لێدانی داعش و لەگەڵیدا تەداخولاتەکانی هەڵکشان لە بۆردومانەوە بۆ زەمینی و دروست کردنی قاعیدەی سەربازی، بۆ ئەمەش تەنها کوردەکانی بەباش زانی کە بیانکاتە هاوبەرەی شەڕ، دەکرێت بڵێین هەر ئەو کات تورکیای بەبەڵێنێکی ژێر بەژێر ڕازی کردبێت کە ناهێڵێت ئەم هاوکاری کردنە ببێتە هۆی گەشەی کانتۆنەکان و بناغەی دروست بوونی کیانێکی کوردی.

چەند جارێک باسمان لەوە کردوە کە شۆڕشەکانی کورد هیچ کات نەیانتوانیوە گرەنتی هاوکاری لە وڵاتێکی زلهێز لەسەر کاغەز وەربگرن واتا بەڵێننامەیەک مۆر بکەن، هەر لەبەر ئەمەش هەرکات بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکەو ناوچەکە وەرچەرخا ئەوە کوردەکان بە گورگان خواردن دەدرێت.

ساڵی ٢٠١٦ بەڕێز ساڵەح موسلیم لە شاری ئورەبرو لە سوید کۆڕێکی گێڕا، تیایدا لێم پرسی: ئەمریکیەکان هاتنە عێراق و دوای ئەو هەموو شەڕ و کاولکارییە جێیان هێشتین بێ ئەوەی کێشە سەرەکییەکانی ناو عێراق چارەسەر کرابن، ئێستاش لەگەڵ بەغدا لە کێشەداین و ئەمریکاش هیچ فشارێک ناکات لەبەرژەوەندی ئێمە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو هاوکارییانەی ئەمریکا ئایا وەک کوردی لای ئێمەتان لێ ناکەن؟ بەڕێزیان ووتی نەک هەر ئەمریکا بەروسیاشمان ووتوە هەرکەس هاوکاریمان بکات ئێمە مەرجی خۆمان هەیە.

بەم وەڵامە بۆم دەرکەوت کە داهاتوی رۆژئاوا لە ئێمە باشتر نابێت، چونکە ئەو توانا و هێزو جوگرافیایەم بەدی نەکرد لە رۆژئاوادا کە بتوانن مەرج دابنێن یان بەرگەی هێرشەکان بگرن.

تورکیا جەرابلوس و عەفرینی داگیرکرد، نە ئەمریکا و نەهیچ وولاتێک فزەی لێوە نەهات، کەچی ئەم دەرەنجامە وای نەکرد لە قیادەی کوردی لە رۆژئاوا کە تاکتیکێک بەکار بهێنێت و بە داوای کەمتر لەوەی دابویانە دیمەشق بچنە پێش تا قەدەمی ئەسەد بگەڕێننەوە بۆ سنووری نێوان تورکیا و سوریا، ئەوکات وەک سنووری نێودەوڵەتی تورکیا بیانویەکی نەبوو بێتە ناو.

کاتێک پەیەدە لە رۆژئاوا وێنەی بەڕێز ئوجەلان بەرز دەکاتەوە، بەمە بەتورکیا دەڵێت ئێمە لێرەوە بەرەو باکوور دێین، ئەی ئەمە کوێی تاکتیکی سیاسییە کە تۆ لە سوریاوە ئوجەلان بەرابەری خۆت بزانی؟ نەدەکرا وەک تاکتیک ئەم شتە بە نهێنی بکرایە؟ ئوجەلان خەباتگێڕێکی کوردە و لەزیندانی فاشیەکانی تورکیادایە، بەڵام وەک ڕابەر دەکرێت کوردانی باکوور بەکاری بهێنن، ئەگەر لە بۆنەکاندا هەموو ئاڵاو دروشمەکانی رۆژئاوا هی پەکەکە بێت ئەوە دەبێت چاوەڕێ بین کە تورکیا هێرشیان دەکاتە سەر، دەکرا کوردانی رۆژئاوا بۆ ئەوەی پێویستیان بە ئەمریکا نەبێت و مەجبور نەبن تەنازولی بۆ بکەن تەنها هاوکارییان لە گەڵ دیمەشق بکردایە، بەمەش چ روسیاو چ ئێرانیشیان بۆ دەبوە دۆست.


دەکرێت قیادەی سیاسی لە ڕۆژئاوا ئەمریکا سڕی کردبێت، کاتێک دەبینێت چەندین بنکەی سەربازی و هاتوچونی تەیارەو هینانی چەک لە دەوروبەری کانتۆنەکان هەیەو تورکیا بێدەنگەو ناوێرێت هێرش بکات، بەڵام خۆدەکرا بیر لەوەش بکەنەوە کە ئایا چ نەتەوەیەکی بن دەست لە جیهاندا و لە مێژوودا بە پشتگیری ئەمریکا ڕزگاری بوە؟

ئەوە کام جوالانەوەی سوشیال دیموکراتە کە خۆی دەخاتە ژێر پاراستنی ئەمریکاوەو باوەڕی پێ دەهێنێ؟ دەبێت کوردانی ڕۆژئاوا لۆمەی سیاسەتی هەڵەی خۆیان بکەن، نەک ئەوەی ئەمریکا لەدواوە خەنجەری لێداون، لەئێستاشداو وەک یەکەم کاردانەوە دەیانەوێت لەگەڵ فەرەنسا ڕێکبکەون کە بیانپارێزێت.

باشترین شت بۆ ڕۆژئاوا لە ئێستادا ڕێکەوتنە لەگەڵ ئەسەد، تا هەیبەتیان ماوە و هێزیان هەیە، دەنا ئەگەر تووشی شەڕ ببن زیانی زۆریان لێ دەکەوێت و ئەمەش وادەکات تورکیا تا زاخۆ جێ پێی خۆی قایم بکات، کە ئەمەش ڕوویدا ئەوکات بەرەو دیمەشقیش سودی نابێت چونکە تەرازووەکە زۆر لاسەنگ دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## کوردی سووریا لەنێوان کشانەوەی ئەمریکاو هەڕەشەی تورکیادا




نووسینی: سەلاح بەدرەدین

بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا بە کشاندنەوەی هەموو کارمەندانی دەرەوەی وڵاتەکەی بە شێوەیەکی کتوپڕی و سەربازەکانیشی کە ژمارەیان دوو هەزارن لە بنکەکانیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە ماوەی سێ مانگدا، بۆ

هەموو چاودێران شتێکی سەرسوڕهێنەرو چاوەڕواننەکراو بوو، هاوکات بێزارییەکیش بوو لای وەزارەتی بەرگری - پنتاگۆن - و هەندێ لە ئەندامانی کۆنگریسەوە، پەرچەکرداری ئەم بڕیارە لەنێوان وریایی و پەلەنەکردن لەلایەن رووسیاوەو لەنێوان راگەیاندنی ئیسرائیلدا هات، بەوەی کە پشت بەخۆی دەبەستێت، دوای رۆیشتنی ئەمریکا لە سووریا، هەروەها تۆمەتبارکردنی ئیدارەی ئەمریکا بە خیانەت لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە، دیسان سەرلێشێواوی و سەرسامیی ناوەندەکانی هەموو گروپەکانی سەر بە پەکەکە. لەبەرامبەر بڕیاری کشانەوەی ئەمریکاو هەڕەشەکانی تورکیا بە هێرشکردن، سەرۆک مسعود بارزانی نیگەرانیی خۆی پیشاندا لەهەمبەر چارەنووسی کوردانی سووریا، هەروەها لێکدانەوەکانی ئەوەی کە ئەم کشانەوەیە هاوئاوازە لەگەڵ حەزو ئارەزووی تورکیا دوای رێککەوتن لەسەر گرێبەستی پاتریۆت بە (٣.٥٠) ملیار دۆلار و هەڕەشەکردن بە داگیرکردنی منبج، هەروەها پێداگریی هەسەدە بە بوونی هێزگەلێکی دیکەو ئیدارەکی سەرسنووری تورکیاو سووریا.

لەبەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا بە هێرشبردنی سەربازی بۆ رۆژهەڵاتی فورات، واتا ئەو ناوچە کوردییانەی کە ماون دوای ئەفرین و ئەو لێکەوتانەی لەم دوژمنکارییەدا دێنەئاراوە لە راگواستن و کوشتن و کاولکاری، دەبێ بڵێین ئەو حزبانە و بە دیاریکراویش سەرکردەکان خۆیان ئەو کارەساتەیان بەسەر ناوچەکەدا هێنا، ئەوانن کە کوردی سووریایان بەم دەردە برد، گەلی ئێمە یەکڕیز دژی رژێمێکی ستەمکار وەستابوونەوە بۆ ئەوەی بگەنە مافەکانیان لەسەردەمی راپەڕینە نیشتمانییەکەی سووریا، چونکە هەر ئەوە کە دوژمن و چەوسێنەری سەرەکییانە، چەکدارانی پەیەدە هاتن بۆ پاڵپشتیکردنی رژێم و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕش، حزبەکانی ئەنەکەسەش بێ لایەن بوون، ئەوەی لەئێستادا چاوەڕوانمان دەکرد، رووینەدەدا ئەگەر پەیەدە پابەند بوایە بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردانی سووریا، هەروەها ململانێی پارتی دایک (پەکەکە)یان لەگەڵ تورکیا نەگواستبایەوە بۆ ناو خاکی سووریا بە دیاریکراویش ناوچەکانی ئێمە، ئەوەش پاساو بوو بۆ حاکمی تورکیا دوای ئەوەی ئەو هەلەی قۆستەوە تاکو شەڕەکە لە تورکیا دووربخاتەوەو بتوانێت زیاتر تێکەڵ بە دۆسیێ سووریا ببێت، سەرەتا ئەفرین بوو کە داگیرکرا، ئێستاش جەزیرەو کۆبانێ، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوانەی تێوەگلاون لەوەی ئەم دۆخەیان هێنایە ئاراوە، دەبێ چارەسەریشی بۆ بدۆزنەوە، پێموانییە ئەوەی گەلەکەی بۆ چەند جارێک سەرشۆڕ کرابێت، چاوەڕوان بکات داکۆکی لە ئەجێندا گومانکراوەکەی بکرێت، هەروەها پێموانییە کە بژاردەی ئەنەکەسە لە قۆستنەوەی دۆخەکە بەشێوەی هەلپەرستی بە گەڕانەوە بۆ رێککەوتنەکانی هەولێر و دهۆک کاربکاتە سەر هەڵوێستی تورکیا، وێڕای ئەوەی کە نیگەرانیی ئەمریکای هاوپەیمانی تازەی گروپەکانی پەکەکە سوودی هەبێت، کەواتە تاکە بژاردە کە من دەیبینم کە هەست و کەفوکوڵی تورکیا دامرکێنێتەوە، ئەوەیە کە پەیەدەو حزبەکانی دیکەی ئەنەکەسە مل

بدەنە بانگەوازی رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانی و گەڕانەوە بۆ کۆدەنگیی میللی، هەروەها رادەستکردنی چارەنووسیان بە کۆنگرەی نیشتمانیی کوردی سووریا، هاوکات یەکسەر دەستکردن بە وتووێژ لە قامشلی، یان کۆبانێ، یان هەولێر، بۆ پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری، بەمەش هەموو پاساوەکان دەڕەوێنەوەو کوردانی سووریاش دەبنە خاوەنی خۆیان و نابنە ژێردەستەی هیچ کەسێک.

گروپەکانی پەکەکە لە سووریا چەکداران بە چەندین ناوی دیکە دەقۆزنەوە، لەوانە رێکخستنی سەربازیی ئافرەتان، کە قوربانییەکانیان سەدان کەسە، کە لە بیابانەکانی رەقەو دێرزور لەبەر ئامانجی سیاسی مایەی رێزن، لەوانەش لابردنی تۆمەتی تیرۆرە لەسەر سەرکردەکانیان لە قەندیل و پارەدارکردنی پرۆژەو پیلانەکانیان، وەک بەشداریکردن لە ئیدارەدانی ململانێی ناپرەنسیپیی شێوەیی لەگەڵ تورکیا لەسەر حیسابی کێشەکانی سووریاو کوردان، بەڵام حزبەکانی ئەنەکەسە بەخۆڕایی ناوبەناو دەیانەوێت لاسایی ئەو گروپانە بکەنەوە بۆ خۆبەهێزکردن بە پێشمەرگەی رۆژ کە مایەی رێزن، لە کاتێکێشدا ئەوان بەشێکن لە رێکخستەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق و لەژێر فەرمانی ئەواندان، ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە کە هەردوولا نەخشەڕێگا و بەرنامەی کاری سەربازی و ئامانجی روونیان نییە پەیوەست بە کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی، لەو سێ رۆژەی رابردوودا ئەوە ئاشکرابوو کە ئایا پێشمەرگەی رۆژ چوونە ناو خاکەکەوە، یان نا! ئەمە ئەو پەڕی داوەشان و سەرشۆڕییە بۆ حزبە کوردییەکانی سووریا- ئەوە وێڕای کاریگەرییان بە فاکتەری دەرەکی، لێدوانی تەمومژاوی مستەر جیفری وای لە حزبەکان کرد کە سەریان لێ بشێوێت، ئەو گوتی: پێشمەرگەی رۆژ چوونەتە نێو سووریاوە بە ئاگاداریی ئێمە و هەسەدە، بەڵام روونی نەکردەوە چۆن و لەکوێوە چوونەتە ژوورەوە و چەند سەعاتی لێ مانەوەو کەی گەڕانەوە.

ئەی ئەوانەی بەخۆتان دەڵێن سەرکردەی حزبەکان و بەدرۆ خۆتان کردۆتە نوێنەری گەلی کوردی سووریا، بڕوام پێ بکەن، بگرە هەر لە گەورەتانەوە تا بچووکتان و لە پەکەکەشەوە بەو هەموو پۆستە سەربازی و سیاسی و ئەمنییەوە تادەگەنە هەموو رێکخستنە شکستخواردووەکانتان کە لەسەر خێرو پاشماوەی لیوای ئەمنی محەمەد مەنسوورە دەژین، هەمووتان تۆزقاڵێکتان لە شەرعییەتی نەتەوەیی و نیشتمانیتان نییە، ئێوە تەنیا نوێنەرایەتیی خۆتان دەکەن، ئێوە بوونەتە فاکتەری نائارامی و سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر سوورییەکان و لەسەرووشیانەوە کورد، بەرپرسیارێتیی تەنگژەکەی ئێستاتان لە ئەستۆدایە بە هەموو دەرهاویشتەکانی حازری و دوارۆژیشەوە، ئەوانەی لەپشتیشتانەوە دەوەستن، لەوانە رژێمی ئەسەدو تاران و ئەمریکاو رووسیا، یان تورکیا هەموویان لە بەرژەوەندیی کێشەکەماندا نین، بەڵکو بۆ تێکدان کاردەکەن، دوژمن و دۆستیش ئەمە چاک دەزانێت، یەک شت



سەرچاوە
Serchawe

ڕەنگە تووڕەیی گەلتان لەسەر لابباتت ئەویش ئەوەیە بە هێمنییەوە وازبێنن و چارەنووستان بدەنە دەست نیشتمانپەروەرانی خەباتگێڕ کە زۆرینەن لە ڕێی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردیی سووریاوە...

ئەی نیشتمانپەروەرانی بەشەرەف تاوانەکان پەردەپۆش مەکەن، لەسەر ناحەقی بێدەنگ مەبن و بجووڵێنەوەو کۆببنەوەو بە ئازایەتییەوە باسی چارەنووسی خۆتان بکەن.

ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە پێویستە تێیدا هەموومان لەپشت هێزەکانمانەوە بوەستین و ڕاپەڕینی گشتی کە ئیدارەی خۆیەتی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕایگەیاند فەرمانەو پابەندبوون پێیەوە ئەرکێکی نیشتمانییە، بەڵێ ئەمە لۆژیکی حزبە تۆتالیتارییە سەرکێشیکارە ناشەرعی و هەڵنەبژێردراوەکانە لەلایەن گەلەوە، کە ڕێگە بەخۆی دەدات بێ گەڕانەوە بۆ گەل ڕاپەڕینی سەرتاسەری ڕابگەیەنێت، ڕاپەڕینی گشتی لە کاتی چارەنووسسازی وەک ئێستا ڕوودەدات، کە پێویستە بەخۆداچوونەوەیەکی جددی هەبێت لەگەڵ بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەو بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ لە هەردوو ماڵی کوردی و سووریدا، هاوکات جێبەجێکردنی ئەو بڕیارو پرۆژانەی لێیانەوە دەردەچن، لەسەر ئاستی کورددا ئەوا کۆنگرەی نەتەوەیی کە لەلایەن بزاڤەوە خراوەتەڕوو تاکە ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە کۆدەنگیی شەرعیی نەتەوەیی، هەروەها دیاریکردنی شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە بە ئاشتی و بە شەڕ، یان بە دیپلۆماسی، وێڕای دەستنیشانکردنی هێزو ئامرازەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی تەحەددییەکانی هاوشێوە.
تێڕوانینی گشتی سەبارەت بە ئەرکەکانی بیناتنانەوەی بزووتنەوەی کورد و بەدیهێنانی کۆنگرەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردیی سووریا دەردەکەوێت کە سڕینەوەی ڕەشبینی لای زۆربەی دەستەبژێری ڕۆشنبیر و سیاسیمان جۆرێک لە بێسەروبەریی پێوە دیارە، پێموایە ئەمە بۆ مەیلی پشتبەستن بە خەڵکی دیکە دەگەڕێتەوە، هەروەها لەدوورەوە چاودێریکردن، یان بڕوابوون بەو شتەی کە ڕەنگە زۆر بە خێرایی ڕووبدات، ئەم شتەش تەنیا پێویستی بە بەیاننامەی ژمارە یەک و ڕاگەیاندنی ژمارەیەکی تازەی حزبی هەیە، بەڵام ڕاستییەکە بەم شێوەیە نییە، بزووتنەوەیەک بە قەبارەی بزووتنەوەکەی ئێمە کە دوچاری ستەم و دزەکردن بۆتەوە لەلایەن ڕژێمی شۆڤێنییەوە بە درێژایی زیاتر لە شەش دەیە، هاوکات ڕووبەڕووی لاساری و ساختەکاری بۆتەوە لەگەڵ ئەوەی کە ناوەڕۆک و ناوەڕۆکە خەباتگێڕییەکەی لێ شێوێندرا لەلایەن سەرکردەی هۆزە حزبییەکانەوە کە تێکچرژابوون لەپێناو بەرژەوندییە تایبەتییەکانیان، ئەمە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەو کاری بە کۆمەڵ هەیە، هاوکات پێویستی هەیە بە کات و کۆششی فیکری و پیادەکردنی پراکتیکی و قوربانیدان، بەڵێ ئێمە لەبەرامبەر فاکتەرێکی خۆمانەی لاوازداین، جگە لە فاکتەرگەلێکی بابەتییانەی ناوخۆیی و دەرەکیی ناسەقامگیر، قەدەریشمان وایە کە پشت

ببەستین بە ئیرادەی گەلەکەمان بۆ گۆڕینی هاوکێشەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان، کە بزووتنەوەکانی گەلانی دیکەش بە درێژایی مێژوو لەمەدا پێش ئێمە کەوتوون.

لە رێی ئەو سەکۆیەی (گولان)ەوە داوا لە برایانم دەکەم لە کوردستانی عێراق و لە حکومەت و پەرلەمان و بەتایبەتی لە برای بەڕێزم سەرۆک مسعود بارزانی کە نیگەرانییەکەی لەهەمبەر گەلەکەمان بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی یەکێتی و تەبایی لەنێوان کوردانی سووریادا دێتەئاراوە، ئەویش بە پشتیوانی و پشتگیری لە پرۆژەی گرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی- نیشتمانیی کوردانی سووریا بە زۆرینەیەکی نیشتمانیی بێ لایەن، لەلایەن بزاڤی لاوان و رێکخراوەکانی کرمەڵگەی مەدەنی، هەروەها بەشداریکردنی لایەنگرانی حزب بە یەک لەسەر سێ، چونکە سەرکردەی حزبەکان بێ جیاوازی بەتایبەتیش ئەوانەی سەر بە پەکەکەن هۆکاری ئەو مەینەتییەی ئێستان، پێویستە بوار بدەنەوە زۆرینە تاکو خەبات بەڕێوەبەرن دوای گەڕاندنەوەی هەردوو شەرعییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی لە رێی ئەو کۆنگرەیەی کە ئاواتی ئێمەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گولان میدیا - رێکەوتی: ٢٥ی دیسەمبەری ٢٠١٨

# عەقڵی کورد، لە دوای شکست




**سەرتیپ جەوهەر**

دوبارە ناچارم دوبارەی بکەمەوە بڵێم «خۆزگە بە عەقلی کورد دوای ڕووداوەکان!» ئەم وتەیە هی ئەمڕۆ نییە، زادەی زنجیرەیەکی نەپساوەی ڕوداوەکانە بەسەر کورددا هاتووەو دێت، مەبەست لێرەدا کورد تا لێی نەقەومێت بیر لەکەموکوڕیی و کێماسیەکانی خۆی ناکاتەوە، کاتێک دەقەومێت ئینجا تێدەگەن چ هەڵەیەکی گەورەیان کردووەو چ هەلێکی زێڕینیان لەدەست خۆ داوە.

ئەوەی ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕودەدات، مەبەستم کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە، یەکەم بەسەرهات و دوا بەسەرهاتی میللەتی کورد نییە، وایلێهاتووە دەق شکست و ڕوداوە کارەساتبارەکانەوە بگرین! چونکە هەر چەند ساڵێک دوبارە دەبێتەوەو ئێمەش نەک سودی لێ نابینین و نابێتە دەرس.

هەموو دەزانین کە بارودۆخ و هاوکێشەی هێز لەناوچەکە ئاڵۆزە، ڕەنگە جموجۆڵی کوردی سنورداركردبێت، بەڵام هۆکاری هەرە سەرەکی، گرفتی زاتی کورد بووە، بەتایبەت تێگەیشتنی سەرکردایەتی کورد بۆ چارەسەرو چۆنییەتی ئیدارەدانی ململانێ و سیاسەتکردن لە ناوچەکە.

یەکگرتوو نەبونی لایەنە سیاسییەکان و نەخوێندنەوەی واقع و نەزانینی قەبارەو کاریگەری کورد لەهاوکیشەی ناوخۆیی و هەرێمەکە لەلایەن بەشێک لەسەرکردایەتی کورد، یەکێکە لەهۆکارە هەرە سەرەکییەکانی زۆربەی کارەساتەکانی بەسەر کورددا هاتوون، بۆیە دەبینین لەدوای نەخۆشکەوتنی سەرۆک مامجەلال و غیابی (حەکیم

هەم پەرتەوازەیی ناو ماڵی کورد هێدی هێدی زیاتر بوو، هەمیش بەشێک لەسەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان تێگەیشتنێکی زۆر نا واقعیان بۆ هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ و ئەمریکاو تەنانەت عیراقیش هەبوو، بۆیە بەبێ لێکدانەوەی ئەنجامەکان، دەستیاندایە ریفراندۆم و سەرەنجام نەک نەیگەیاندن بەکەناری ئارام، بگرە ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیش هاتبون بەشێکی لەدەستدرا، بەتایبەت لەدەستدانی بەشێک لەخاکی کوردستان لەڕووی سەربازییەوە! سەرباری ئەو کارەساتە دەبینین ئێستا پەرتەوازەییەک لەنێو ماڵی کورددا هەیە لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوو کوردستان بەخۆوەی نەبینیوە! ئێستا لەبری یەک ئەجێنداو پرۆژە بۆ بەردەم بەغداو وڵاتانی ناوچەکە، هەر حزبە بەجیا دەچێتە بەغدا شەڕ لەپێناو پلەو پۆست دەکات! لەکاتێکدا هەق بوو پرسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستورو گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و بەشی کورد لە بودجەی گشتیی عیراق و ..تد خەمی لایەنە سیاسییەکان بوایە!

لەرۆژئاوای کوردستانیش سەرباری جیاوازیی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و بگرە جیۆپۆلەتیک، کەچی بەهۆی تێنەگەیشتن لەواقعی ناوچەکەو قەبارەی هێزی خۆیان، دوای بەرگرییەکی زۆرو قوربانیەکی زۆر، عەفرینیان لەدەستدا، ئەمە سەرباری ئەوەی چەند کەسایەتی و لایەنێک داوایانکرد بەدیلی پێشنیارکراو قەبوڵ بکەن، نەک لەبەرخاتری رژێمی سوریا بەڵکو لەبەرخاتری پاراستنی خاکی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدا روداوی عەفرین دوای پەلاماردانی کەرکوک بوو لەلایەن هێزەکانی عیراق!

ئێستا دەیان هەزار عەرەبی هاوردە لەشارەکە نیشتەجێکراوەو دەیان هەزار خێزانی کوردیش ئاوارەبوون و لەبارودۆخێکی خراپدایە. ئێستاش لەگەڵ بڕیاری (چاوەڕواننەکراو)ی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەبەردەم بارودۆخێکی هەستیاردایە، بۆ کورد لەهەمووکات زیاتر پێویستی بەیەکگرتویی و خۆڕاگریی و خوێندنەوەی واقعیانەی بارودۆخی ناوخۆی سوریاو تێگەیشتنی وڵاتان بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە هەیە، ئەگەرنا لەوانەیە دیسان چیرۆکی ئاوارەبون و ماڵوێرانی کورد دوبارە ببێتەوەو سەرەنجام جگە لەزیاتر بونی قوربانیی و خوێنڕژانی زیاتر هیچی دیکە نەگێڕینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# بڕیاری ترەمپ و ئەگەرەکانی بەردەم رۆژئاڤا



٭ دلاوەر عەلائەددین

بە بڕیارێک و چەند تویتێکی لەناکاو، دۆناڵد ترەمپ نەک تەنیا زەلکاوەکەی سووریا و ناوچەکەی شڵەقاند، بەڵکو تەواوی دامەزراوەکانی حوکمڕانی وڵاتەکەشی هەژاند و خۆشی خستە بەر هەڕەشەی فشاری ناوەکی و دەرەکی. لەوانەیە، خەڵک و سیاسەتمەدارانی کوردی سووریا ئومێد لەسەر ئەو فشارانە هەڵچنن، بەڵام نەخێر، ئەگەری گۆڕینی بڕیارەکان زەحمەتە. ترەمپ زۆر لەوە سەرسەختترە کە خۆی تووشی شەرمەزاریی پەشیمانبوونەوە بکات. تەنانەت، رێگەی لەوەش گرتووە کە بەرپرسەکانی پێنتاگۆن فێڵی نوێ بدۆزنەوە بۆ خاوکردنەوەی کشانەوەی هێزەکان. بۆیە، تەنیا ئومێدێک کە لە ئارادابێ بۆ کوردی سووریا ئەوەیە بە هەوڵی خۆیان و دۆستەکانیان ئەڵتەرناتیڤێکی مامناوەندی بهێننە ئاراوە.

دۆناڵد ترەمپ، وەک سەرۆک، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە سەرجەم فشارەکان پشتگوێ بخات. خۆشی دوور لە سۆز و بەها ئەخلاقیەکان، زیاتر گوێی لەوەیە ئایا تورکیا ئامادەیە لەجیاتی مووشەکی رووسیی زەمین - ئاسمانی S400، مووشەکی پاتریۆتی ئەمەریکی بە بەهای زیاتر لە سێ ملیار دۆلار بکڕێ. دەشزانێ کە دەنگدەرەکانی (بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی) گرنگی بە کەمکردنەوەی خەرجیە دەرەکیەکان و گەڕاندنەوەی لەشکرەکەیان بۆ ناوماڵ دەدەن، نەک شەڕی داعش یان پاراستنی چارەنووسی هاوپەیمانێکی ناحکومی لە وڵاتێکی بیانی.

بۆیەش، لە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەدا، سەرۆک ترەمپ وەک بزنسمانێکی خراپ هاتە پێش. سەرۆک ئەردۆگان

میچی داواکارییەکانی بایی ئەوەندە بەرزکردبووەوە کە خۆشی بڕوای نەبوو ترەمپ بێ دوودڵی پێیان ڕازی بێ، وای دانابوو کە لە ناوەڕاستدا یەکتر دەگرنەوە و ترەمپ داوای سەبرگرتن و دواخستن یان ڕێککەوتنی دیکەی لێ بکات. کەچی ترەمپ ئەردۆگانیشی تووشی شۆک کرد لەوەی کە، بە پێچەوانەی راوێـژی راوێژکارەکـانی، بە هەمـوو داواکارییەکان ڕازی بوو. تەنانەت ئەردۆگان ترسی لێ نیشت و ئامۆژگاری ترەمپی کرد لەوەی کە کشانەوەکە نـابێ لەناکاو بێ. دیارە تورکیاش هێشتا ئامادە نییە وا زوو هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاڤا. بێگومان ئەوەش وا دەکات کە تورکیا پەلە لە ئامادەباشیی سەربازی بکات، بەڵام مانای ئەوە نییە کە جارێ وازوو هێرش دەکات. هاوکات، ڕەنگە سیاسەتی تورکیا ئەوە نەبێ کە هەتا قووڵاییەکی زۆر هێزەکانی پەیەدە بڕەتێنێ، بەڵکو تەنیا بە قووڵایی ٢٠ هەتا ٣٠ کیلۆمەتەر زنجیرەیەکی سنووری داگیر بکات و بە هاوکاریی (لەشکری سووریای ئازاد) ئیدارەیەکی هاوشێوەی عەفرین دابمەزرێنێ و پەناهەندەکانی ناو تورکیا بگەڕێنێتەوە ناو سووریا. ئەوجا لە گفتوگۆیەکانی لەگەڵ ئێران و ڕووسیا بۆ نەخشەکردنی ئایندەی سووریا ڕۆڵی بڕیاردەرێکی سەرەکی ببینێ. ئەوەش بێجگە لەوەی دەتوانێ گورزێکی مەزن لە پەیەدە بدات و لەنێو دوو بەرداشی هێزی تورکی لە باکوور و هێزەکانی داعش و ڕژێمی سووریا لە باشوور، بیگوشێ و زۆربەی خاک و سامانەکانی ناوچەکەیانی لەدەست دەربێنێ.

بێگومان ئێران و ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەد بە دەرئەنجامی ئەو کارانە سوودمەندن، چونکە دەمێکە هەرسێکیان کەمپەینیان بۆ وەدەرنانی ئامەریکا لە سووریا کردووە، بەڵام چاوەڕوان نەبوون کە تورکیا وا بە ئاسانی بەدیاری بۆیانی مسۆگەر بکات. ئەگینا، هیچکام لەو سێ لایەنە لە دژی هێزە کوردیەکان نەبوونە. هەرسێک لەوانەش جیددیترن لە شەڕی داعش بە بەراورد لەگەڵ تورکیا، چونکە دەزانن ئەو پازدە هەزار شەڕکەرەی داعش کە لە دیوی سووریا ناوچەکانیان لەدەستداوە، دەتوانن بەخێرایی ناوچەکانی وەک ڕەققە داگیر بکەنەوە. ئەوەش دەرگایەک بەکراوەیی بەجێدەهێڵێ بۆ ئەوەی هێزی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ڕوو بکاتە ئەو سێ وڵاتە و دەست بە گفتوگۆی چارەنووسساز بکات. بێگومان ئەوەش باجی خۆی هەیە و هەسەدە مەجبوور دەکات کە چارەنووسی هەتا ئایندەیەکی نادیار بە ڕژێمی ئەسەدەوە ببەستێتەوە.

لێرەدا، پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی ئەوروپییەکان بکرێت. ئەوانە نزیکترین دراوسێی ناوچەکەن کە ئامانجی هیجرەتی پەنابەران و لەگەڵیشیاندا ئامانجی تیرۆریستانن. بۆیەش ترسیان لەوەیە کە بە ئاڵۆزبوونی بارودۆخ و دواتر سەرهەڵدانەوەی داعش، دیسانەوە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران ڕوو لە ئەوروپا بکەن. دەشترسن کە ئەو هەزاران شەڕکەرەی داعش کە لە بنەڕەتەوە ئەوروپایین و لە ناوچەکەدا قەتیس ماون، یان لای پەیەدە زیندانین، دەرفەتی

ئازادبوونیان دەستکەوێ و بگەڕێنەوە ئەوروپا. بەریتانیا و فەرەنسا بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆیان لە بڕیارەکەی ترەمپ دەربڕیوە، بەڵام هێشتا نزیک نین لە بڕیارێک بۆ ئەوەی هێزی وڵاتەکانیان بنێرنە سووریا و بۆشایی هێزی ئەمەریکی پێ پڕ بکەنەوە. ئەوروپاییەکان هەتا ئێستا باجی سیاسەتەکانی ئەمەریکایان داوە بەبێ ئەوەی خۆیان بتوانن ڕۆڵی رابەر لە سیاسەتی ناوچەکەدا ببینن. دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپا بە شێوازێک دروستکراون کە نەتوانن سیاسەتی دەستێوەردان یان هەنگاوی لەشکرکێشی بهاوێن، بۆیە ڕۆڵەکە بۆ ئەندامە گرنگەکانی یەکێتی ئەوروپا ماوەتەوە. ئەوان دەتوانن ڕێگە لە سەرهەڵدانی شەڕێکی قورسی نێوان هاوپەیمانێکی ستراتیژی وەک تورکیا (ئەندام لە ناتۆ) و هاوپەیمانێکی تاکتیکیی لۆکاڵی (دژ بە داعش) بگرن. ئەوەش مانای وانییە کە تورکیا بە قسەیان دەکات، بەڵام توانای فشاری نەرمیان لەسەر هەیە.

جا لەو نێوەدا، ئایا کوردی ڕۆژئاڤا چی بکەن؟ جارێ زووە کاردانەوەی نێگەتیڤ بەرامبەر ئەمەریکا نیشان بدەن، یان تۆمەتی خیانەتیان بدەنە پاڵ، چونکە پرۆسەی بڕیاردان لە ئەمەریکا ئاڵۆزە و ڕۆژگاریش هێشتا زۆری پێوە ماوە. بە واتایەکی دیکە، لەوکاتەی کە ئامادەباشی بۆ ڕۆژی ڕەش دەکەن، هەوڵی کردنەوەی دەرگای زیاتر یان ئەلتەرناتیڤ بدەن.

شاراوە نییە کە لە رابردوودا کوردی ڕۆژاڤا لە پاراستنی پارسەنگی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سەرکەوتوو بوونە. لە چوارچێوەی شەڕی داعشدا، لە یەک کاتدا پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا و سعودیە و ئێران و رووسیا و ڕژێمی ئەسەد هەبووە، بەبێ ئەوەی لە هەناودا متمانەی هاوبەش لەگەڵ هیچکام لەوانە پەیدا بووبێ. ئەو دەرەنجامەی ئێستا بۆ کورد هەموو کاتێک پێشبینیکراو بووە. هاوکات، هیچکام لە هێزە جیهانیەکان پەیوەندیەکانیان لەگەل هەسەدە نەپچڕاندبوو. ئێستاش، دیارە کە گفتوگۆی راستەوخۆ لەنێوان هەسەدە و تورکیا کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو بەلای تورکیاوە مەحاڵە. بەڵام لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا، ڕەنگە ئێران و رووسیا ئامادەبن پشتگیری لە کوردی ڕۆژئاڤا بکەن بە مەرجێک لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد ڕێکبکەون. ئیمڕۆ کاتی بیرکردنەوەی چڕو پڕ و زیادکردنی دۆست و کەمکردنەوەی نەیارە، سەرکردەکانی ڕۆژئاڤا زیاد لە هەموو کاتێک پێویستیان بە حیکمەت و هونەری لۆبیکردنە.

* سەرۆکی ئینستتیوتی مێری

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# بژاردەی کورد لەدوای کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا



**مستەفا محەمەد**

بڕیارە چاوەڕواننەکراو و لەناکاوەکەی دۆنالد ترەمپ بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا لێکەوتەی زۆری بەدوای خۆیدا ێنا و نیگەرانیەکانیش لە ئیدارەکەیدا گەیشتونەتە لوتکە، کاردانەوەکان هێندە خێران کەدور نیە کۆشکی سپی پازگەزبکەنەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕونەدا لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی داهاتوودا تەواوی هێزەکانی ئەمریکا کە ژمارەیان لە دوو هەزار تێپەڕی کردووە سوریا جێ دێڵن، ئەم بڕیارە هەرچۆنێک درابێ بۆبەرپرسانی باڵای ئەمریکا پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو و نامەدروس بووە و کاریگەری خراپیشی لەسەر سیاسەتی ئەمنی قەومی ئەمریکا داناوە و لەڕووی متمانەشەوە سومعەی ئەو وڵاتەی توشی داکشان کردوە، زۆرینەی چاوەکانیش لەسەر خودی ترەمپن کە تاک لایەنە بڕیارەکەی دابێ، چونکە بڕیارەکە لە حساباتی ئەمریکادا بەهیچ شێوەیەک وارید نەبووە، دەستلەکارکێشانەوەی ژمارەیەک بەرپرسی باڵای ئەمریکاش لەسەروی هەموشیانەوە جەیمس ماتیس و برێت مەکگۆرک بەمانای خۆداماڵین دێ لەبەرپرسیارێتی لێکەوتەکانی دوای ئەو بڕیارە.

جارێ ڕوون نەبۆتەوە ئەو سەفقەیەی ترەمپی ڕازی کردوە چییە، بەڵام گومانی تێدانیە کە لێکتێگەیشتن و ئەجندایەکی هاوبەشی تورکی - ئەمریکی لەپشتی ئەم بڕیارەوە هەیە و کاریگەری ڕاستەوخۆشی بۆ تەواوی ناوچەکە بەعیراق و هەرێمی کوردستانیشەوە دەبێ، خۆ ئەمە ڕاستە لەو پێشهاتەدا ستراتیژی واشنتۆن ڕوون نیە و تەوقیتەکەشی وەک موبادەرەیەکی ناعەقڵانی لە سیاسەتی ئەمریکادا لێک دەدرێتەوە، بەڵام ناشبێ ئەوە لەبەرچاونەگرێ کە دەکرێ وەک هەنگاوێکی تەکتیکی ئەمریکا تەڵەیەک بێ بۆ اکێشانی تورکیاو هاوپەیمانەکانی

بۆ ناو قوڵایی کێشەکانی سوریا و دواجاریش نغرۆ کردنیان، هەر ئەمەشە وای لە تورکیا کردوە بەحساباتی خۆیدا بچێتەوە و وەک هەفتەیەک پێش ئێستا مکوڕ نەبێ بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی فوڕات و پلانی لەشکرکێشیەکەشی تا کاتێکی نادیار دواخستوە.

هەروەک دیارە بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە سوریا و ئەفغانستانە، لەکاتێکدا بۆ وجودی خۆی لەو دوو وڵاتە ئیدارەی ئەمریکا تەفویزی لە کۆنگرێسەوە وەرگرتوە و ستراتیژیەتی تەواجودی سەربازیشی لەو وڵاتانە بەدەرەجە یەک بۆ دژایەتی و لێدانی ئێران و پاراستنی هاوپەیمانەکانیەتی لە پێشیشیانەوە ئیسرائیل کە لەئەمڕۆدا بەم هەنگاوەی ترەمپ نیگەرانە و پێچەوانەی چاوەڕوانیەکانیەتی، ڕێگەش بۆ ئێران و ڕوسیا دەخاتە سەرپشت تا بەئارەزوی خۆیان لە ناوچەکەدا ڕۆڵ و پێگەی بەهێزترلەجاران بسەپێنن، بەتایبەتتریش کە ئێستا روسیا و ئێران بەهەماهەنگی تورکەکان خەریکی پێشنیازێکی نوێن بۆ داڕشتنەوەی شێوەی مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەسپێکیش لەئایندەی سوریاوە دەستیان پێ کردوەو دەیانەوێ لە ڕێگەی دانانی لیژنەی پێداچونەوە و ەرلەنوێ نوسینەوەی دەستور بگەنە تەوافوقێکی نێودەوڵەتی بۆ کەیسی سوریی! تێگەیشتن لە بڕیارێکی ئاوا بۆ دۆخی سوریا وا سانا نیە، چونکە پرسیار زۆرە و وەڵامیش نادیار، لێ لۆژیکی نیە ئەمریکا وا بەئاسانی سوریای دابێتە دەستی تورکیا و هاوپەیمانەکانی و بەبیانوی کۆتایی هاتنی داعش لەئان و ساتێکدا لە پرچەککردنی کوردانی خۆرئاوا کە ژمارەیان لە پەنجا هەزار تێپەڕدەکا و زیاتر لە یەک لەسەر چواری کۆنتڕۆڵی خاکی سوریایان بەدەستەوەیە پاشگەزبوبێتەوە! لەوەش خراپتر ڕەوایەتی بە لەشکرکێشی سوپایەکی وەک تورکیا بۆ سەر هەسەدە و هێزەکانی تر بدا کە هێشتا بەهێزترین وجودی سیاسی و عەسکەریان لە باکوری خۆرهەڵاتی سوریادا هەیە!

دوا سەرنجیش ئەوەیە کە لەئەگەری دوای کشانەوەی ئەمریکا بوار دەڕەخسێ بۆ ئەردۆگان تا هێرش بکاتە سەر خۆرئاوای کوردستان، ئایە هەسەدە و هێزە کوردیەکان پێویستە چ هەڵبژێرن، شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ تورکیای بەهێزترین هاوپەیمانی ناتۆ و دوبارەکردنەوەی ئەوەی لە عەفرین ڕویدا، یا پێکهاتن و ڕێگەخۆشکردن بۆ هەماهەنگی لەگەڵ سوریای ئەسەد؟ لەئەگەرێکی ئاوا کراوەشدا گومانی تێدا نیە پێویستە «پەیەدە » بێ دودڵی بژاردەی دووەم هەڵبژێرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ئەمریکا دەبوو ڕۆڵی بەیەک گەیاندنی کوردی ڕۆژئاوا و ئانکارایی گێڕابا!



**محەممەد سلێمانی**

کشانەوەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان و پشتکردنە کورد لە بارودۆخێکی هەستیاری تۆدا، بێگوومان دەرئەنجامی ڕوانینی هەڵەیی سیاسەتی دەرەوەیی "دۆناڵد ترامپ" سەرکۆماری ئەو وڵاتە لە هەمبەر کۆی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی گێتی و هەرێمیدا و بە تایبەتیش کێشە و ئاڵۆزیەکانی سووریە دەگەیەنیت و بەوجۆرەش ناتوانی لالوتبوونی حکوومەتی تورکیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە قازانجی خۆیان بگۆڕێت و ساردی بخاتە نێوان مسکۆ و ئانکارایە.

هیچکام لە وڵاتانی زلهێزەیی جیهان لە بەر خاتری کورد و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان ڕوویان لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان نەکردوە، بەڵکوو هەر یەک لەلایەنەکان بەدوایی پەرەپێدان بە نفووز و دەسەڵاتی خۆیاندان و هەوڵیانداوە لە ژێرناوی شەڕی دژی تیرۆر و داعشدا، پارێزگاری لە قازانج و بەرژەوەندییەکانیان بکەن و هێزەکوردیەکانیشیان بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێناوە و بەداخەوە گەلێک جار زیانی زۆریان بە دۆخی سیاسی کورد گەیاندوە و بەجدی لە گەڵ چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورستان دانین و وەک گەمەیەکی سیاسی دەستپێکراو ڕۆڵیان لە ناوچەکەدا بینیووە.

ئەو ڕووداوانەی بەدوایی بڕیارە لە ناکاوەکەی دۆناڵد ترامپدا دێنە ئاراوە، زیاتر ناوەرۆکی ئەو خاڵە ڕوون دەکاتەوە، کە کورد بەداخەوە تەنیا دۆستێکی دیار و بەوەفای کە هەیەتی خەڵک و چیاکانی کوردستانن. پرسی

سیاسی و نەتەوەیی کورد بەگشتی بە بارودۆخێکی گەلێک هەستیار و مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت و نیگەرانیەکان زۆر لەوەیی بەرفراوانترن و ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا ڕۆژێک بڕیاری کشانەوەی لە عێراقیشدا بدات و لەوێشدا هێزەکانی بەرەو وڵاتەکەی پاشەکشەپێبکات و کورد بە تەنیا جێ بهێڵێ.

باشە ئەو کات بارودۆخی کوردچی بەسەردێ و بەرەوکوێ دەچێت و ئایا بیر لە هاوپەیمانێکی نوێ کراوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە؟

سەرکردایەتی سیاسی کورد لازمە لە باشووردا بەدوایی هاوپەیمانی نوێدا بگرێ و متمانەی خۆی نەکاتە سەر ئیدارەی ترامپ و سەرینی دڵنیایەی نەخاتە ژێر سەریەوە، چوونکی ها لەناکاو بە تەنیایی جێهێشتن و ئەو وڵاتەش بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئێران و هێزە شیعەکانەوە!!

بەو بڕیارە لەناکا و جیاوازەیی ئیدارەی ئەمریکا، کاردانەوەیی جۆر بەجۆری لە نێوخۆی ئەمریکادا بەدوایخۆیدا هێناو و وەزیری بەرگری و نیردەیی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە بۆ شەری داعش لە عێراق و سووریەدا، وەک نارەزایەتی دەربڕین دەستیان لە پۆستەکانیان هەڵگرتووە و بە نیگەرانیەوە دەڕواننیە داهاتووی سیاسەتی دەرەوەیی وڵاتەکەیان لە هەمبەر دۆستاکانیاندا.

هەرلەو پەیوەندیەشدا و بە نیشانەی ئیدانەکردنی بڕیارە کت و پڕی سەرکۆماری وڵاتەکەیان، کۆمەڵێکی تر لە کەسایەتی سیاسی و ئاکامیدی و ڕۆشنبیر و سیاسەتوانی دیار و بەئەزموونی نێو نەتەوەییش دژی ئەو کردارەی ترامپ هەڵوێستیان ڕاگەیاندوە و بە خۆدزینەوە و پشتکردنە هاوپەیمانەکانی لێکدانەوە لەسەر ئەو بڕیارەدەکەن و هەتا وەزیری بەرگری ئەمریکا زۆر بە جدی و دیاریکراوی ئەو بابەتەی وەک خەیانەت بە کورد ناوبردووە و بەهەڵەیەکی گەورەی مێژووی دەزانێت.

ئەمریکا بەو بڕیارە تازەیەیی زیانێکی گەورەی بە ئیعتبار و پرستیژی سیاسی و دیپلۆماسی خۆیی گەیاند و دەرکەتووە کە ئەو وڵاتە تەنانەت لە وەختی تەنگانێدا هاوپەیمان و دۆستەکانی لە مەیدانی ململانەی ئاڵۆزی سیاسی و سەربازیدا بەتەنیا بە جێدێڵێت و بێگوێدانە ئەنجامی ڕووداوەکان، سیاسەتی خۆیان دەگۆڕن و لەسەر ڕێڕەوێکی تر و بەتەواوی پێچەوانەدا دەڕۆنە بەرەوە. کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی بە ئەمریکاشەوە هەرگیز نەدەبوو

بەو ڕادەیە بێلوتفیان دەرهەقی کوردی ڕۆژئاوا بکردایە و چاویان لە ئاستی قوربانی و فیداکارییەکانیان بنووقێنن و گڵۆپی سەوز بۆ ئانکارا هەڵبکەن بۆ ئەوەی چی پێیانخۆش بێت لە دژی کوردی ڕۆژئاوا بیکا!

ترامپ پێیووایە لەو ڕێگایەوە دەتوانێت پێش بە لێک نزیکبوونەوەی زیاتری مسکۆ و ئانکارا بگرێ و لانیکەم بە چوونەدەریان لە سووریە و دەرفەت ڕەخساندن بۆ تورکیە کە هەژمونی خۆی بەسەر ڕووداوەکانی سووریەدا بسەپێنێت، تورکیە سیاسەتی خۆی دەگۆڕێ و رووی لە رووسیە لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوادا وەردەگێڕێت و کۆی ڕێککەوتنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە لە گەڵ مسکۆدا.

ئەو گۆڕانکارییە بەو خێرایە و بە سەرنجدان بە کۆی ناکۆکی و لێک هەڵبەزین و دابەزینەوەیی واشنگتۆن و ئانکارا جارێ مەجالی ڕوودانی گەلێک لاوازە و تورکیە وەک لایەنێکی کاریگەر و بەهێزی ناوچەیی هەڵسووکەوت دەکا و ئەگەر ئەمریکا بەژیری و وشیاری نە جووڵێتەوە و هەڵەکانی خۆی ڕاست نەکاتەوە، پێگەی زۆر زیاتر لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەیدا لاواز دەبێت و بەشێک لە هاوپەیمان و دۆستەکانی ئەمریکاش دۆستایەتی لە گەڵ مسکۆ دا هەڵدەبژێرن.

چوونکی ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دەریانخستووە کە رووسیە لە هیچکات و بارگرژییەکی سیاسی و سەربازیدا پشتی حکوومەتی سووریەی بەرنەدا و هەتا ئەمڕۆش بەتەواوی دەیپارێزێت. کەوابوو سیاسەتی عرووسەکان لانیکەم ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان دەکەن و لە نیوە ڕێگادا ڕوویان لێوەرناگێڕن و بەتەنیا نایان هێڵنەوە!!

بە زۆر هۆکار تورکیە پەرەپێدانی دۆستایەتی لە گەڵ حکوومەتی ڕووسیەدا وەک هێڵێکی جەوگەری و گرینگ لە ساسەتی دەرەوەیدا سەیردەکات، چوونکی لە زۆر بواردا لە سەر ئاستی ناوچەیشدا لە گەڵ عرووسەکان سنوور و هەرێمی هاوبەشی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و سەربازییان پێکەوە هەیە و خۆیان زیاتر بایخ بەو خاڵەی پەیوەندیەکانیان دەدەن. دیارە ئەو بابەتەش هۆکاری گەورەی پێکەوە گرێدانی مسکۆ و ئانکارایە و لە گەڵ ئەمریکادا ئەو ستراتیژییە سیاسی و جوگرافییان پێکەوە نیە و هەوڵێش لەلایەن ئانکارایەوە نیە بۆ ئەوەی بۆ جارێکیتر باوەڕ بە ئەمریکا بکەنەوە و بۆ باوەشی یان بگەڕێنەوە.

سیاسەتی تورکیە زۆر روونە و بە دیاریکراوی خۆیان خزاندۆتە بەرەیی رووسیە و ئێران و دیداری نێوان حەسەن ڕوحانی و ڕەجەب تەیب ئەردۆخان کە بەیەکەوەبوویان، دەرکەوت کە وەک دوولایەنی نزیک و هاوبەشی سیاسی و بارزگانی ناوچەیی لە سەر کۆمەڵێک خاڵ گفتی پێکەوە کارکردن و هاوکارییەکان بۆ یەکدی ڕاگەیاندوە و لە سەر زۆربابەتی گرینگ بیرو ڕایان بەتەواوی وێکچوونی هەیە.

کەوابوو ئەوەش بە نۆبەی خۆی ئەو سیگناڵە دەگەیەنێتە کاربەدەستانی کۆشکی سپی کە چی تر ئانکارا خۆی بە منەتبار و شەریکی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نازانێت!

ئەمریکا ساسەتێکی روون و جێگیرکراوی لە ساسەتی دەرەوەدا نیە و هەرکاتێک بیهەوێت خۆی لە کێشە و ئاڵۆزیەکان دەدزێتەوە و زۆربەی کات دۆستەکانی بەتەنیا لە مەیداندا بە پاساوی ناروون و لێڵی سیاسی و بازرگانی و سەربازی، بەجێدەهێڵێت.

ئیدارەی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەگەر ویستبایی و کەیفی لێبووایە، دەمێکبوو دەیتوانی بەقەولی خۆیان دۆست و هاوپیەمانەکانیان لە شەڕ بەدژی داعشدا بەیەک بهەیەنێت. بۆ نەموونە ئەمریکا خۆی بە دۆست و هاوپەیمانی توکیە و پەیەدە دەزانی و کە ئەو دوو لایەنەش بەتەواوی دژی یەکبوونە و هەردەم چاوەڕوانی بەریەککەوتن و شەڕ و ئاڵۆزیی هەبووە، بەڵام سەیرە بۆ حکوومەتی ئەمریکا لە ڕابروو و بە ئێستایشەوە ڕۆڵی نێوبژیوانیان لەو بارەوە نەگێڕاوە و هەرکاتێک کەیفیان لێبوویێت، کوردیان وەک کارتێکی فشار بۆ سەر حکوومەتی ئانکارا بە کار هێناوە.

ئەو خاڵە بێگوومان لایەنێکی گرینگی جەوهەری سیاسی و سەربازی هەیە و ئەگەر وڵاتێک قەراربێت دۆستایەتی دوولایەنی دژبەیەک بکا، لانیکەم ئەگەر لە بەرخاتری قازانج وبە سوودی خۆیشی بووایە دەبوو کوردەکانی ڕۆژئاوای لە گەڵ حکوومەتی تورکیە بەیەک گەیاندبا و کۆتایی بە کێشەو ناکۆکیە کان هێنابایە و هەر سێ لایەن لە بەرەیەکی بەهێزتردا یەکیانگرتبایە.

حکوومەتی ئەمریکا ئەگەر بەتەواوی رووی خۆی لە کورد وەربگێڕێ و ڕوانینێکی دروست و بەجێ بۆ داهاتووی سیاسەتەکانی دەرەوەیی لە هەمبەر رووداوەکانی سووریە و عێراقدا نەکا و هەر بەوجۆرە درێژە بە هەڵسووکەوتی

خۆیبدات، بۆ هەمیشە لاواز دەبێ و رووسیە و هاوپەیمانەکانی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەرێمەکەدا دەسەپێنن و ئەمریکاش تەنانەت لە دوورەوەش ناتوانێت چاوەدێری بەسەر بارودۆخەکەدا بکا.

دۆناڵد ترامپ زیاتر وەک مرۆڤێکی بازرگان و سوودخواز دەڕوانێتە بارووودۆخە سیاسی و ناوچەیەکان و ئەوەی ئەمریکایەکان بە درێژایی مێژوو هەوڵیان بۆداوە و بەدەستیان هێناوە، لە دەستی بدات و سەرکۆماری نوێ بە هێوری و ئارامی خەریکە گەورەترین زیان بە پێگە و نفووزی سیاسی و ئابووری و سەربازی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت. بەڵام لەبەرچی ئەمریکایەکان ئەو کارەیاننەکردوە، ڕەنگە ئەوەیش ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ ڕوانینی کرچووکاڵی سیاسەتی دەرەوەیی ئەمریکا بۆ پرسی کورد و کۆی ئالۆزییە هەرێمیەکان بێت!

ئەو وڵاتە لەلایەک هاوپەیمانی تورکیایە و لەولایش دۆست و هاوپەیانی کوردەکانە لە ڕۆژئاوایی کوردستان. بەڵام چۆن بوو وڵاتێکی بە نفووز و بە هێزی وەک ئەمریکا نەیوانیووە یان نەیوویستووە ئەو دوو هاوپیمانە دژ بەیەکەی لێک نزیک بکاتەوە و ڕۆڵی نیوبژیوان بگێڕێت؟

کەوابوو ئەو وڵاتە بەجدی هەوڵی چارەسەرکردنی هیچکام لە کێشە و ناکۆکیەکان نادات، ئەگەر کەمێک سەیری بارووودۆخی سیاسی و ئابووری و سەربازی حکوومەتی عێراقیش بکەین، دەبینین بارودۆخی ئەو وڵاتەش زۆر لە سووریە باشتر نیە و هەتا ئێستا لایەنە ناکۆکەکان لەسەر ئەساسی لێک تێگەیشتنێکی گشتی چارەسەری پرس و بابەتە جێ ناکۆکەکانی خۆیان نەکردەوە و ئەمریکاش زیاتر ڕۆڵی تەماشی چی و خۆی لە چارەسەری ڕیشەی پرسەکان بە دوورگرتووە.

ڕێبەری سیاسی بزووتنەوەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا کە ئامانج لە بەرخۆدان و تێکۆشانی سیاسی ڕزگاری نەتەوەییە، لازمە بە شێوەیەکی زۆر جدی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی داهاتووی سیاسی و جێگۆڕکەی زلهێزەکان لە سەر ئاستی ناوچەیدا بکەن و بەدوایی هاوپەیمانێکدا بگەڕین کە دۆستێکی ستراتیژی و پاڵەپشتی خەباتی گەلی کورد بکات لە پێناوی دابینکدنی مافی سیاسیدا.

بارووودۆخی سیاسی و سەربازی ناوچەکە بە ئاڕاستەیەکدا دەڕوات کە چاوەڕواندەکرێت کۆمەڵێک فاکتەر و

میکانیزمی نوێی سەرهەڵبدەن و کوردیش یەکێک بێت لەو بکەرانەی کە رۆڵی خۆی پێبدرێت لە داهاتووی سیاسی سووریەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## رۆژئاوا، یان رۆژئاوابوون؟



**ئاریز عەبدوڵلا**

کورد لە رۆژئاوا ئازایەتیو قارەمانێتییەکی وایان نواند جیهانیان سەرسام کرد، ئەووە درندەیی داعش وایکرد کە لەلایەن ئەمریکاو هەندێ وڵاتی تر پشتیوانی بکرێن. سەرەڕای هەڕەشەکانی تورکیاو پیلانەکان، کەموکوڕییەکانی خۆیشیان، هێشتا توانیان سەرکەوتنی گەورە تۆماربکەنو ببنە هێزی سەرەکی شکاندنی داعشو رزگارکردنی رەققەی پایتەختیان.

چاوەڕوانی ئەوە دەکرا لەدوای داعشو بنیاتنانەوەی سوریای نوێ، کورد رۆڵێکی سەرەکی هەبێو مافەکانی لەدەستووردا جێگیر بکرێن، بەڵام لە پڕ بەبڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەرۆژئاوا نەک هەر لەبەدەستهێنانی مافەکانیان دووردەخرێنەوە، بەڵکو روبەڕوی هەڕەشەیەکی گەورەتر لەهەڕەشەکانی داعشیش دەبنەوە. ترەمپ؛ بۆ وایکردو چی دەقەومێ؟ شتێکەو دەبێ کورد چۆن بڕوانێتە ئەو رووداوە گەورەیە؟ شتێکی ترە.

لە کەس شاراوە نییە ترەمپ لەژێر کاریگەریی هەڵوێستەکانی ئەردۆغانو رەنگە رێککەوتنێکی ژێربەژێریشی لەگەڵ روسیا، ئەو بڕیارەی دابێ، بەڵام دەبێ ئێمە چی بکەین؟ کشانەوەی ئەمریکا لەسوریا کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر هەرێمو عیراق دەبێ، سەرەڕای ئەوەی لەمەودوا متمانە بەسیاسەتو هێزەکانی ئەمریکا نامێنێ، ئەوا هەڕەشەکان بۆ سەر عیراقو هەرێمی کوردستانیش گەورەترو زەقتر دەبنەوە.

لەم رۆژگارەدا نابێ هیچ هێزێک تەنانەت دژ بە پەیەدەو پەکەکەش، دڵیان بەو بڕیارەی ترەمپ خۆشبێت، چونکە بەبێ پڕکردنەوەی بۆشایی ئەمریکا لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان یان زلهێزێکی تر، ئەوا پەکەکەو پەیەدە نین بەتەنیا زەرەر دەکەن، بەڵکو گەلی رۆژئاواو تەواوی کورد روبەڕوی مەترسیو کارەسات دەبنەوەو ئومێدیش بۆ سوریایەکی دیموکراسی زۆر کز دەبێت. یەکێک لەکاریگەرییەکی کشانەوەی ئەمریکا، هاندانی تورکیاو ئەو وڵاتانەیە کە دژی مافە رەواکانی کوردن، هەنگاو لەدژی هەرێمی کوردستانیش بنێنو دەستکەوتەکانمان لێ بەرتەسک بکەنەوە. ئەم بڕیارەی ترەمپ دەبێ باش دیراسەبکرێو لەسەر لایەنە سەرەکییەکانی وەک یەکێتیو پارتیو هەموو حزبەکانی تریشە، کە بەڕاستی لانی کەم لەبواری دیپلۆماسی بچنە مەیدانو حکومەتی هەرێمیش لەچوارچێوەی دەوڵەتی عیراقو لەڕێگای پەیوەندییەکانییەوە هەوڵی رێگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی کارەساتی مرۆیی لەڕۆژئاوا بگرن. دووبارە دەڵێم هەڵوێست لە پەکەکەو پەیەدە لەبەشداریکردن لەدژی رۆژئاوا یان بێدەنگ بوون لێی، پاساوێکی رەواو راست نییەو نابێ هەشبێت، دەنا ئەگەر ئەمڕۆ رۆژئاوا بێت، سبەینێش نۆرەی باشوور دێت.

لەکۆتاییدا دەپرسم، ئایا ئەو بڕیارەی ترەمپ دەبێتەهۆی لەسەرپێخۆمانەوەی رۆژئاوا، یان رۆژئاوابوونەوەی کورد؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# لێکەوتە هەرێمییەکانی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا



د. زوبێر رەسوڵ

ئامادەیی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا ئەگەرچی بەشێکی پەیوەندی بە داعشەوە هەبوو لە سووریا و عێراق، بەڵام بەشەکەی تری پێوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە هەبوو بە تایبەتیش ململانێی هێزە هەرێمییەکانی وەک ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەلایەک و، لەلایەکی تریش ململانێی نێوان رووسیا و ئەمریکا بە جۆرێک لە جۆرەکان فاکتەرێکی تری مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە سووریا. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە بوو کە لە ئەگەری دارشتنی هەر فۆرمێک بۆ سیستمی سیاسی ناوچەکە، ئەمریکا بتوانێت بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی و هاوبەشەکانی بپارێزێت.

ئەمریکا ئەگەرچی ئامادەگییەکی زۆر بەرفراوانی نەبوو لە سووریا چ لەرووی جیۆگرافی و چ لەرووی ژمارەی سەربازەکانی بەراورد بە هێزەکانی لە ئەفغانستان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامادەبوونێک بوو کە کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر هاوکێشەکانی شەڕ لە سووریا. بەجۆرێک کە هێزە هەرێمییەکانی وەک تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداویش حسابی تایبەتیان بۆ دەکرد، ئەمە جگە لەوەی کە هێزە نێودەوڵەتیەکانی وەک یەکێتی ئەوروپا و رووسیا و چین چاویان لەسەری بوو. بۆیە کشانەوەی لە ناکاوی ئەمریکا لە سووریا بەگشتی و لە رۆژاڤا بە تایبەتی، لێکەوتەی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێت و کاریگەری دەبێت لەسەر باڵانسی هێز لەنێوان ئەکتەرە ئەکتیڤەکانی ناوچەکەدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

## بەهێزبوونی رۆڵی هەرێمیی تورکیا

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەوەی پێیدەگوترێ "بەهاری عەرەبی"، تورکیا توانیویەتی وەبەرهێنانێکی باشی تێدا بکات، زیادەرۆیی نییە گەر بڵێین راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی کێرڤی ئاکپارتی و بە تایبەتیش کەسایەتی ئەردۆغانی وەک مۆدیلێک بۆ حوکمڕانی لە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەرزکردەوە. ئەردۆگان هەر کاتێک هەستی بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی خۆی و بەرژەوەندیی تورکیا کردبێت دەستی وەرداوەتە کاروباری زیاتر لە وڵاتێک، هەر لە خستنە خوارەوەی فڕۆکەی رووسیا تا دەگاتە بەکارهێنانی هێز دژی رۆژئاڤا و بۆردومانکردنی شنگال و ئەو هەڕەشە سەربازیەی ئێستاش بۆ سەر رۆژهەڵاتی فورات. ئەم کشانەوە لەناکاوەی ئەمریکا بە تایبەتیش لە ئانوساتێکدا کە ئەردۆگان هەڕەشەی لەشکرکێشی دەکرد، پێمان دەڵێت کە تورکیا لە ئەمریکا بەهێزترە لە ناوچەکە و لە سووریاش. بەدیوێکی تردا ئەمە وا دەکات کە لەمەودوا دەستی تورکیا درێژتر بێت لە هەڕەشەکردن لە نەیارەکانی نەک تەنیا لە هێزەکانی سووریای دیموکرات، بەڵکو لە هەرێمی کوردستان و سووریاش. ئەم کشانەوەیەی ئەمریکا دوور نییە لێکەوتەی هەرێمیشی هەبێت بەسەر گەڕێکی تری ململانێ لە نێوان سووریا و تورکیا و وڵاتانی کەنداو، بە تایبەت ئەگەر هێزە کوردییەکان بچنە پاڵ رێککەوتنێک لەگەڵ سووریا. ئەگەرێکی وەها دوو نییە کاریگەری هەبێت لەسەر پێوەندییەکانی عێراق و تورکیا و دواتریش گەڕێکی تری ململانێ لە ناوچەکەدا.

## ئێران بۆشاییەکە پڕدەکاتەوە!

کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا لە زۆر لاوە لە بەرژەوەندیی ئێراندایە، چونکە هێزەکانی تورکیا ناتوانن تا سەر لە سووریا بمێننەوە، ئێران لە رێگای میلیشیاکانی لە سووریا دەتوانێت گوشار و سەرئێشە بۆ هەریەکە لە وڵاتانی کەنداو و یەکێتی ئەورووپاش دروست بکات. دوور نییە سووریاش بەکاربهێنێ بۆ سووککردنی ئەو گوشارە ئابووریانەی کە ئەمریکا خستوویەتیە سەری، بە تایبەت ئەو ناوچەیەی ئێستا هێزە کوردییەکانی لێیە چەند کێڵگەیەکی نەوتی تێدایە. بەدیوێکی تردا ئەمە پاشەکشەی ئەمریکایە لە دژایەتی رژێمێکی دڕندەی وەک رژێمی بەعسی سووریا کە ئەمریکا چەند جار بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی مەدەنی تاوانباری کرد. هەڵبەتە لە ئەگەری جموجوڵی زیاتری ئێراندا دوور نییە وڵاتانی کەنداو دووبارە دەست بکەنەوە بە دەستێوەردان لە رێگای میلیشیا



سەرچاوە
Serchawe

سوننەکانەوە. چونکە ئەم بڕیارەی ترەمپ بە پێچەوانەی سیاسەتی ئێستای ئەمریکایە کە بریتیە لە گوشارخستنە سەر ئێران و دەورەدانی بۆ ئەوەی ناچاری بکات بچێتە ژێر باری دەستبەرداربوون لە پرۆژە ئەتۆمیەکەی.

## گەڕاندنەوەی هیوا بۆ چەکدارانی داعش

ئەوروپییەکان و خودی ئەمریکییەکانیش ئەو زانیاریەیان لایە کە داعش ڕاستە لاواز بووە و جەنگەکەی دۆڕاندووە، بەڵام هێشتا لەناونەچووە. لە مانگی ئابی ٢٠١٨ دا بەپێی یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی پێنتاگۆن ١٤،٥٠٠ چەکداری داعش هێشتا لە سووریا و عێراق ماون و هەردەم ئامادەن لە پەیدابوونی هەر بۆشاییەکدا بێنەوە مەیدان. بەدیویکی تردا کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا زیانێکی زۆر بە هێزە ئەوروپی و کوردییەکانیش دەگەیەنێت کە تا ئێستا لە مەیداندا شەڕیان دەکرد لەدژی داعش، چونکە ئەو هێزانە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەو زانیاریانە دەبەست کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پێیان دەگەیشت. واتا کشانەوەی ئەمریکا بەگشتی پاشەکشەی هێزەکانی تریش دەگەیەنێت لە شەڕی دژ بە داعشدا. هەڵبەت ئەمە هێزەکانی سووریای دیموکراتیش پاشگەز دەکاتەوە لە بەردەوامبوون لە شەڕی دژ بە داعش، چونکە ئێستا مانەوەی ئەوان لەخەتەردایە و دەبێت بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی تردا بگەڕێن کە جگە لە سووریا و ئێرانیش ئۆپشنێکی تریان نییە.

لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئەمە لە خزمەتی پرۆسەی لەناوبردنی داعش و تیرۆریزمدا نییە، چونکە لە دوای کشانەوەی ئەمریکا ئەولەویەتی هێزەکانی سووریای دیموکرات بریتی دەبێت لە پاراستنی خۆیان نەک شەڕی دژی داعش.

## ئیسرائیل لە ئامادەباشیدا

کشانەوەی ئەمریکا لە بەرژەوەندی هەریەکە لە ئێران و سووریا و تورکیا بوو کە هیچیان دۆستی ئیسرائیل نین، بەڵکو دوویان مەترسی گەورەشن بۆ سەر ئیسرائیل. لە حاڵەتی کشانەوەی ئەمریکادا دوور نییە ئیسرائیلیش هەروا دەستەوەستان نەوەستێ بەرامبەر گەشەکردنی هێزە ئێرانییەکان لە سووریا. تاوەکو ئێستا زۆر پرس هەبوون کە ئیسرائیل لەبەر ئامادەیی ئەمریکا لە سووریا تەدەخولی نەدەکرد لەپێناوی ئاڵۆزنەکردنی دۆخەکە لە ئەمریکا، بەڵام لەمە بەدواوە ئیسرائیلیش دێتەوە ناو دۆخی سووریا، چونکە کشانەوەی ئەمریکا بەمانای لاسەنگیی بەڵانسی

هێز دێت لە بەرژەوەندیی نەیارەکانی ئیسرائیل. بۆیە هەر زوو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل گوتی ئێمە ناچارین پارێزگاری لە خۆمان بکەین. ئیسرائیلییەکان دوای کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا وەک توێژەرێکی ئیسرائیلیش دەڵێت، خۆیان بە تەنیا دەبینن لە بەردەم هەڕەشەکانی ئێران و حیزبوڵڵادا.

## کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان

کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا و جێهێشتنی کوردی ڕۆژاڤا ئاماژەیەکی خراپە بۆ ئایندەی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، دواتریش جۆرێک لە بێمتمانەیی دروست دەکات کە وا دەکات دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بیر لە هێزێکی تری هەرێمی بکەنەوە لەبری ئەمریکا. بۆ هەرێم ئەو دۆخەی ڕۆژئاڤا دەکرێت وەک دەرسێکی دووبارە سەیر بکرێت کە گرنگیی ئەکتەرە نادەوڵەتیەکانی وەک ئێمە دیاری دەکات لە ستراتیژیەتی ئەمریکادا. ئەمە جگە لەوەی کشانەوەی ئەمریکا کەمتوانایی ئەمریکا دەگەیەنێت لە ئیدارەدان و چارەسەرکردنی کێشە هەرێمییەکان لە بەرامبەر هێزە هەرێمییەکانی تری وەک تورکیا و ئێران و ڕووسیا.

کشانەوەی ئەمریکا ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئێستا بەرژەوەندیی ئەمریکا نە پەرەپێدانی دیموکراسی و نە پاراستنی مافی کەمینەکان نییە. لەلایەکی ترەوە ئەم کشانەوەیە دەستی هەریەکە لە تورکیا و ئێران والاتر دەکات بۆ ئەوەی زیاتر دەست وەربدەنە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و هەرکات ویستیان سنووری عێراق و سووریا بە پاساوی دژایەتی هێزە کوردییەکان ببەزێن. ئەمە جگە لەوەی لە ئەگەری لەشکرکێشیی تورکیادا بۆ سەر ڕۆژئاڤا، هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەردەم ئیلتیزامێکی ئەخلاقی کە لەڕووی مرۆییەوە یارمەتی پێشکەش بە کوردی ئەوێ بکات یاخود ئەوانەی کە لە ترسی لەشکرکێشی ڕۆژاڤا جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان. لەڕووی ستراتیژیشەوە ڕۆژئاڤا سەرەڕای ئەو ناکۆکییە سیاسیانەی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیبوو، بەڵام ئەوان وەک هێزی پاراستنی شوورەی ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان وابوون. بە نەمانی ئەوان هەرێمی کوردستان جگە لە زیان هیچ سوودێکی پێناگات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# کۆتایی ئەمریکا لە خۆرهەڵات



**ئاراز رەمەزان**

لە دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ لەڤیدیۆ تیوتێکداو لە ١٩ی دیسێمبەری ئەمساڵدا، راگەیاند کە لەبەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەجەنگدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوەو تەواوی سەربازانی ئەمریکا لەسوریاوە دەگەڕێنێتەوە وڵاتەکەی، دواتر پێنتاگۆن و بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمریکا دووپاتی ئیمزاکردنی کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکایان لە سوریا دووپاتکردەوە.

لە دوای ئەم هەنگاوەی ترەمپ و پنتاگۆن، کە لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە بەشێک لەسوپای ئەمریکا لەسوریا دژی داعش لەپاڵ هاوپەیمانە عەرەب و کوردەکانیان جەنگان، ئەم بڕیارەی ترەمپ رووبەروی رەخنەی زۆری دیموکراتەکان و سەرکردەکانی پێشووی حکومەتی دیموکراتەکان و کەسێتییە سیاسیی و سەرکردە سیاسییەکان بۆوە، چونکە ئەم بڕیارە خێرایەی ئەمریکا ئەگەری دروستکردنی مەترسی بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە سوریا و بە تایبەتیش کوردەکان لەلایەن تورکیاوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کشانەوەی ئەمریکا دەبێتە هۆی سەرکەوتنی زیاتری ئەمریکاو روسیا کە لە ئێستادا لەسوریا هێزیان هەیە. هەربۆیە لە23ی دیسێمبەردا مارکۆن- سەرۆکی فەڕەنسا رەخنەی لەبڕیارەکەی ترەمپ گرت و باسی لەوەکرد کە «پێویستە هاوپەیمانیی متمانە پێکراو بێ». هەربۆیە لەگەڵ بڕیارەکەی ترەمپ ماتیسی دەستلەکارکێشانەوەی لەسەرۆکایەتی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆک ترەمپ کردو دواتریش دەستلەکارکێشانەوەی برێت مەگۆرکی نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ رووبەروبونەوەی داعشی بەدوای خۆیدا هێنا.

سوریا ماوەی حەوت ساڵە شەڕی ناوخۆیی تێدایە و بەرەی روسیا و ئێران ئەسەدیان هێنایە و حکومەت و لەبەرامبەریشدا ئەمریکا و تورکیا دژی حکومەتی سوریا جەنگان. لەگەڵ ئەوەشدا داعش بەجیا جەنگاو چەندین ناوچەی لەسوریاو عێراق داگیرکردو خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)ی راگەیاند.

هەرچەندە بەشێک لە شیکەرەوانی سیاسیی لەئەمریکاو ئەوروپا رای پێچەوانەیان خستۆتەڕوو دەربارەی بڕیارەکەی ترەمپ و پێیانوایە کە ترەمپ هەنگاوێکی لۆژیکیانەی ناوەو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەدوای (١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١)ەوە سیاسەتێکی ژیرانەو سودبەخش نەبووەو بۆتە هۆی بەفیڕۆدانی هەزاران تریلیۆن دۆلارو بەخشینی زیاتر لەملیۆن ژیان، بۆیە ئەو شیکەرەوە سیاسییانە پێیانوایە کە پێویستە کۆنگرێس و حکومەتی داهاتووی ئەمریکاش کار لەسەر گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە بکات.

پرسیاری جەوهەری ئەوەیە، لەدوای کشانەوەی دوو هەزار سەربازە ئەمریکیە لەسوریا چی روودەدات، و داهاتووی ئەو وڵاتە چی بەسەر دێت، هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، بۆ کوردەکانیش پێویست دەکات بەدوای هاوپەیمانی نوێدا بگەڕێن چونکە گوتارە سیاسییەکەی ترەمپ کوردەکانی بێ هیوا کرد کە وتی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەرکی لەناوبردنی داعش دەکەوێتە ئەستۆی تورکیا، لەبەرامبەریشدا روسیاو ئێران لەسوریان و بەرگریکاری حکومەتی ئەسەدن و کوردەکانیش لەناو جەرگەی ئەم ململانێیەدان و ناتوانن هیچ جۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ تورکیا بکەن و چەندین ساڵیش لەدژی سیستەمی ئەسەد جەنگاون، چەکی هەمیشەیی تیرۆریش دراوەتە دەست تورکیا بۆ تەداخولکردن و چونە ناو سوریا، بۆیە هەڵوێستی فەرەنسا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدەرەوەی ئەمریکاو رۆڵی روسیاو ئێران، گرنگی زۆر دەگێڕن لەداهاتووی سوریادا.

داهاتووی سوریا لەدوای ریشتنە دەرەوەی ئەمریکا لەو وڵاتە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات، بڕیارەکەی ترەمپ دەرگا کردنەوە بوو بۆ تورکیا و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لەدژی کوردانی رۆژئاوا کە لەهاوپەیمانی دژی گروپی تیرۆریستی داعش جەنگاون، بەڵام تورکیا وەکو گروپی تیرۆریستی سەیریان دەکات، بۆیە ئەگەری رووداني جەنگی خوێناوی لەسوریا لەئارادایە.

لێپرسراوانی سەربازی ئەمریکا لەکۆماریی و دیموکراتییەکانیش پێیانوایە ئیتر جیهان بەهاوپەیمانێکی ناڕاستگۆ سەیری ئەمریکا دەکات و دەشڵێن تەنیا لەبەرئەوەی ترەمپ لەتویتێکدا دەڵێ داعشمان تێکشکاندووە مانای ئەوە

نییە سەلامەتین.

پێشبینی جیاواز هەیە بۆ سوریای دوای ئەمریکا، لە روانگەی پێشبینییەکانی بەندەوە، ئەگەر هەیە گروپە بچوک و بەرش بووەکانی داعش کۆببنەوەو بەهێزی زۆرەوە بگەڕێنەوە سوریاو عێراقیش، ئەگەری بەهێزبوونەوەی بەشار ئەسەد هەیە کە بە دوژمنێکی گەورەی ئەمریکا ناسراوەو پێدەچێت لەداهاتوویەکی نزیکدا بەهێزەوە سوریا بگرێتەوە دەست، هەروەک سەرکەوتنی سوریا لەدەرەنجامدا دەبێتە دەستکەوتی مێژوویی بۆ روسیاو ئێران و دواجار حیزبوڵڵای لوبنانیش بەشێک دەبێت لەسەرکەوتنەکانی ئەسەدو ئێران و روسیا. ئەوەش شکستی سیاسەتی ئەمریکا دەبێ لەسوریا. یەکێکی تر لە پێشبینییەکان پەلاماردانی تورکیایە بۆ سەرکوردانی رۆژئاوا، ئەوەش لەدواجاردا دەبێتە شکستی گەورەی مێژوویی ئەم سەدەیەی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئیتان گیلبوا تایبەتمەندی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:
## بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا ناپاکیکردنە لە کورد



**ئیتان گیلبوا**: پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی بار ئیبیان، تایبەتمەندی بواری دیپلۆماسییەتی گشتی و سیاسەتی ئەمریکایە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە هەمان زانکۆ. هەروەها لە چەندین زانکۆی دیاری ئەمریکی و ئەورووپی پرۆفیسۆر بووە و لە چەندین وڵاتدا کاری راوێژکاری کردووە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە بڕیاری سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و هۆکارو پاڵنەرو دەرئەنجامەکانی ئەم بڕیارە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**گوڵان**: وەک کەسێکی شارەزای بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چۆن لەو سیاسەتەی ئەمریکا و بەتایبەتی بڕیاری سەرۆک ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەڕوانیت؟

**ئیتان گیلبوا**: بە بۆچوونی من سەرۆک ترەمپ هەڵەیەکی گەورەی کرد، دواتر من پێموایە ئەم مەسەلەیە پتر پرسێکی سایکۆلۆژییە، نەک پەیوەندی هەبێت بە چۆنیەتی ئیدارەدانی ئۆپەراسیۆنەکانەوە. هەروەها ئەمە پەیامێکی هەڵە دەنێرێت بۆ جیهان و بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، کە چیتر ئەمریکا بایەخ و گرنگی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادات. رەنگە ئیدی چیتر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە پشت بە پابەندبوونەکانی ئەمریکا نەبەستن.

**گوڵان**: **باشە لە تێڕوانینی ئێوەدا هۆکارە بنەڕەتییەکانی پشت دەرکردنی ئەم بڕیارە چی بوون؟**

**نیتان گیلبوا**: لە ڕاستیدا چەند هۆکارێک هەن، یەکێکیان بریتییە لەوەی کە سەرۆک ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا ئەم بڕیارە بدات و جێبەجێی بکات، هۆکاری دووەم ئەوەیە کە ئەمریکا تێڕوانینێکی زۆر سادەی هەیە لەبەرامبەر پەیوەندیی نێوان ڕەهەندەی سەربازی و ڕەهەندی سیاسیدا. بۆ نموونە، سەرۆک ترەمپ ڕایگەیاند کە ئامانجی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بریتی بوو لە تێکشکاندنی داعش و ئێستاش ئەمریکا ئەم ئامانجەی بەدەستهێناوە. بەو پێیە ئەمریکا دەتوانێت هێزەکانی لەو ناوچەیە بکێشێتەوە- کە ژمارەی ٢٠٠٠ سەرباز دەبێت-. بەڵام لە واقیعدا دۆخەکە بەم شێوەیە نییە، چونکە هێشتا هەلومەرجی سووریا یەکلانەبۆتەوە و تەنانەت چەند مانگێک پێش ئێستا، چەند سیاسەتدارێژەرێکی ئەمریکا، بۆ نموونە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، جۆن بۆڵتۆن ڕایگەیاند، ئەمریکا ناکشێتەوە تاوەکو ڕووسیا و ئێران نەکشێنەوە، بەڵام پێدەچێت، ئێستا ئەم سیاسەتە گۆڕابێت و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ترەمپ کەسێکە و دەیەوێت سیاسەتێکی گۆشەگیرانە پیادە بکات. ئەو ڕایگەیاند کە ئەمریکا شەکەت بووە بە دەست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا لە سووریا کاری لەگەڵ کوردا کرد، لەبەر ئەوەی کورد باشترین هاوپەیمان بوون لە شەڕی دژ بە داعشدا، تەنانەت لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباماشدا ئەمریکا ڕایگەیاند کورد باشترین لایەنن لە شەڕی دژ بە داعشدا، بەڵام ئێستا کە بە نیازی کشانەوەیە لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردە، بە مانای ناپاکیکردنە لە کورد، ئەمەش دووبارە گومان لەسەر ئەمریکا دروست دەکاتەوە وەک هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو.

**گوڵان**: **باس لەوە دەکرێت ئەم بڕیارەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە سووریا، دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەک کە هێزەکانی دیکە هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئاکامەکانی ئەم بڕیارە چی دەبن و چ لایەک سوودی لێ وەردەگرێت؟**

**نیتان گیلبوا**: چەند لایەنێک هەن سوود لەم کشانەوەیەی ئەمریکا وەردەگرن، یەکێک لەو هێزانە ئێرانە، چونکە ئێران بواری ئەوەی بۆ دروست دەبێت کە پەرە بە هەژموونی خۆی بدات لە سووریا. هەروەها ڕووسیاش سوودمەند دەبێت، چونکە ڕووسیاش خوازیاری ئەوە بوو کە ئەمریکا لەم وڵاتە بکشێتەوە و خۆی ببێتە تاکە هێزی باڵادەست بۆ دیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان لە سووریا، هەروەها بەشار ئەسەدیش سوودمەند دەبێت لەم بڕیارە. کەواتە ئەم فاکتەرانە هۆکاری ناسەقامگیری و توندوتیژی و تیرۆریزمن لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە ئەم

بڕیارەی ئەمریکا دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو هێزانە بەردەوام بن لە سەر سیاسەت و کردارە نەرێنییەکانیان کە کاریگەری خراپی لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەم بڕیارەی ترەمپ دژیەکی لەخۆدەگرێت لە ئاست ئێراندا، چونکە ترەمپ لەلایەک رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا هەڵوەشاندەوە و سزای سەختی بەسەر ئێراندا سەپاندووە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کاریگەری و دەستێوەردانەکانی ئێران لە سووریا فەرامۆش دەکات. لەلایەکی دیکەوە ترەمپ هەوڵیداوە هاوپەیمانێتیەکی ناوچەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران دروست بکات، ئەو هاوپەیمانێتیەش چەند وڵاتێک لەخۆ دەگرێت، وەک سعودیە و ئەردەن و میسر و ئیسرائیل و ئێستاش ئەم هاوپەیمانانە پرسیاری ئەوە دەکەن، ئایا چی روودەدات و ئەوە بۆچوونەیان لا دروست بووە کە ئەم هاوپەیمانێتیە وەک پێویست بەهێز نابێت.

**گوڵان:** ئایا ئەمە چ کاردانەوەیەکی لە ناو بەرپرسانی ئەمریکا دروست کردووە؟

**نیتان گیلبوا:** سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە من لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە، پێموایە ئەم بڕیارە هەڵەیەکی گەورە بوو. بۆیە چەندین بەرپرسی نێو کۆشکی سپی بەرهەڵستییان کرد، وەک جەیم ماتیس-وەزیری بەرگری، کە ئێستا دەستی لەکارکێشاوەتەوە-، جۆن بۆڵتۆن- راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی-، هەروەها دامەزراوەی هەواڵگرییش بەرهەڵستییان کردووە. کەواتە ئەم بڕیارەش بە چەشنی بڕیارەکانی دیکەی ترەمپ، هیچ یەکێک لەو دەرئەنجامانەی لەبەرچاو نەگرتووە کە بۆی هەیە بێنەئاراوە کە من پێشتر ئاماژەم پێکردن.

**گوڵان:** هەروەک پێشبینی دەکرێت کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران بتوانێت پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لەو وڵاتەدا، ئایا تا چ رادەیەک ئیسرائیل بە ترسەوە چاودێری ئەم پەرەسەندنانە دەکات؟

**نیتان گیلبوا:** من پێموایە ئەم پەرەسەندنانە دەبنەهۆی زیانگەیاندن بە ئاسایشی ئیسرائیل، ئێمە دەزانین ئیسرائیل هاوپەیمانی ئەمریکایە لەم ناوچەیەدا، کاتێک ئەمریکا بوونێکی بەهێزی دەبێت لەم ناوچەیە، ئەوا ئیسرائیلیش لە پێگەیەکی بەهێزدا دەبێت. بەڵام پێموایە لە دوای ئەم کشانەوەیە دەبێت ئیسرائیل ستراتیژیەتێکی نوێ بگرێتەبەر و دەبێت لەوە دڵنیابێت ئەگەر ئێران ئەم دۆخە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت لە سووریا، ئەوا دەبێت ئیسرائیل بەو زمانە لەگەڵ ئێران بدوێت کە تێی دەگات، ئەویش بەکارهێنانی هێزە. کەواتە ئەم دۆخە



سەرچاوە
Serchawe

دەبێتەهۆی ئەوەی دوژمنەکانی ئیسرائیل بیانەوێت سوودی لێوەربگرن و ئەگەر هاتوو ئەمە روویدا، ئەوا دەبێت ئیسرائیل هێز بەکار بهێنێت.

**گوڵان: پێتوایە دۆخەکە بە چەشنێک هەڵکشێت کە ئەگەری شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل بێتەئاراوە؟**

**ئیتان گیلبوا:** لە راستیدا هەمیشە ئەم مەترسییە لە ئارادایە، ئەگەرچی من لە ئێستادا رووداني ئەمە بەدی ناکەم، چونکە پێدەچێت هیچ لایەک خوازیاری ئەمە نەبێت. بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێمە راهاتووین لەسەر ئەو راستییەی کە ئەگەرچی هیچ لایەک خوازیاری توندوتیژی نین، بەڵام ئەمە روودەدات، ئەویش لەبەر چەندین هۆکار، وەک پەرەسەندنە پێشبینی نەکراوەکان و تێڕوانینە هەڵەکان. ئەوەتا ئێستا ئیسرائیل ئەو تۆنێلانە ئاشکرا دەکات کە لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ لوبنان دروستکراون، کە حزبوڵا ئەم تۆنێلانەی دروست کردووە، ئەمەش دۆخێکی پڕ لە مەترسی و تەقینەوەی دروست کردووە، کە ئێمە دەزانین حزبوڵا باڵی ئێرانە لە لوبنان و قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە، ئەمە بۆ حەماسیش راستە، بۆی هەیە کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، وەک ئاماژەی لاوازیی لێکبدرێتەوە، بەڵام هەروەک پێشتر باسمکرد، ئەگەر ئەم لایەنانە بیانەوێت سوود لەم دۆخە وەربگرن، ئەوا دەبێت ئیسرائیل هەوڵبدات بیانوەستێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا؛ هۆکار و لێکەوتەکانی



د. نەوزاد هێتوتی

دۆناڵد ترەمپ، بە تویتێک لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ دا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا دا. ئەم بڕیارە لەناکاو و چاوەڕواننەکراوەی ترەمپ، زۆربەی بەرپرسانی ئەمریکا، چاودێرانی سیاسی و دۆست و نەیارەکانی، تووشی جۆرێک لە سەرسوڕمان کرد. بەتایبەتی ئەم گۆڕانە بەپەلەیەی سیاسەتی ئەمریکا، بە پێچەوانەی زۆربەی لێدوان و بۆچوونەکانی بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپە کە جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد، هێشتا کاتی کشانەوە لە سووریا نەهاتووە.

لەم رووەوە، جۆزێف دانفۆرد سەرۆک ئەرکانی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا، لە ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ دا ئاماژەی بەوە کرد کە هێشتا رێگەیەکی دوور و درێژ ماوە بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانەکانی ئێمەدان و هێزکانی سووریای دیموکرات HSD کە بڕیار وایە ئەرکی پاراستنی ئاسایش لە ئەستۆ بگرن، تەنیا ٢٠%ی راهێنانیان تەواو کردووە. بە هەمان ئاراستەش، جۆن بۆڵتن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و جیم جێفری نوێنەری تایبەتی ئەمریکا لە سووریا، لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا، زیاتر لە جارێک جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە مانەوەی هێزی سەربازیی ئەمریکا لە سووریا پەیوەستە بە سێ خاڵی سەرەکییەوە: تێکشکاندنی داعش، سەقامگیرکردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی HSD و ئیحتیواکردنی ئێران و دەرکردنی میلیشیاکانی لە سووریا.

کەواتە، بۆچی لە کاتێکدا ئەمریکا هیچکام لەو ئامانجانەی سەرەوەی دەستەبەر نەکردووە، بڕیاری کشانەوەی



سەرچاوە
Serchawe

هێزەکانی لە سووریا دەدات؟ هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارەی ترەمپ لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم بڕیارە چی دەبن؟ کورد و بەتایبەت رۆژئاوای کوردستان لەم هاوکێشەیەدا چییان بەسەردێت؟

وێڕای ئەوەی کە زۆربەی بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ، لەوانە وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ ئەم بڕیارە بەپەلەیەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نین، بەڵام زۆر هۆکار هەن بۆ ئەم بڕیارەی ترەمپ.

یەکێک لە فاکتەرەکان پەیوەندی بەو بۆچوونەی ترەمپەوە هەیە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەمریکا پارەیەکی زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرج کردووە و چیتر ئامادە نییە بێ بەرامبەر ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە بپارێزێت. ترەمپ لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ دا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چیتر ئەمریکا رۆڵی پۆلیس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابینێ و کاتی ئەوە هاتووە ئەو پارەیەی کە ئەمریکا لەو ناوچەیە خەرجی دەکات، بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی ئەمریکا خەرج بکرێت. لەلایەکی تریشەوە، ترەمپ پێیوایە کە لەناوبردنی داعش تەنیا ئەرکی ئەمریکا نییە، کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتانی ناوچەکە خۆیان ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا ترەمپ دەیەوێت بە خەڵکی ئەمریکاش بڵێت کە پابەندە بە بەڵێنەکانی کەمپینی هەڵبژاردن لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە.

بەهەمان ئاراستە، دەکرێت هۆکارێکی تر، پەیوەندی بە هەڕەشەکانی تورکیاوە هەبێت لە رۆژئاوای کوردستان. لە پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان ئەردۆغان و ترەمپدا لە ١٤ی ئەم مانگە، پێدەچێت تێگەیشتنێک دروست بووبێت بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. بەپێی هەندێک سەرچاوەش، تورکیا بەڵێنی بە ترەمپ داوە کە لە جیاتی هێزە کوردییەکان شەڕی داعش لە سووریا بکات. هەروەها ترەمپ مەبەستێتی لە رێگەی ئەم بڕیارەوە، تورکیا لە رووسیا دووربخاتەوە و گرێبەستی کڕینی مووشەکی ئێس ٤٠٠ ی رووسی هەڵبوەشێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە، دەیەوێت تورکیا یارمەتی ئەمریکا بدات لە پرسی سەپاندنی گەمارۆکانی سەر ئێران.

بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع، ئەم بڕیارە بەپەلەیە و بەتایبەت لەم کاتەدا، ئەنجامی پێچەوانەی خواستەکانی ترەمپ دەبێت، کێشە و گرفتی گەورە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروستدەکات و بەرژەوەندییەکانی رووبەڕووی مەترسیی راستەقینە دەکاتەوە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەم:

یەکەم: ئەم بڕیارەی ترەمپ بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەبێتە هۆی بەهێزکردنی رووسیا و رژێمی ئەسەد و دەستیان کراوە دەکات لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی خاکی سووریا بە ناوچە کوردییەکانیشەوە. رووسیا و رژێمی ئەسەد دەبنە تاکە هێزی بڕیاردەر لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە لەو وڵاتەدا و ئەمەش وا دەکات رژێمی ئەسەد هیچ سازشێک بۆ چارەسەری ئاشتییانەی قەیرانی سووریا پەسەند نەکات.

دووەم: بە دەرچوونی ئەمریکا، ئێران و ئەو میلیشیایانەی پاڵپشتییان دەکات، پێگەیان بەهێزتر دەبێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە یەکێک لە پایەکانی ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بریتییە لە ئیحتیواکردنی ئێران. جیم جێفری نوێنەری تایبەتی ئەمریکا بۆ سووریا، لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە میلیشیاکانی ئێران لە سووریا مەترسین لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. هەربۆیە تا ئەو میلیشیایانە دەردەچن، ئەمریکا لە سووریا دەمێنێتەوە. بۆیە گومانی تێدا نییە کە بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا، پێگەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران بەهێزتر دەبێت و دەستیان کراوە دەبێت بۆئەوەی هەڕەشە لە ئاسایشی ئیسرائیل بکەن. لەلایەکی تریشەوە، میلیشیاکانی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکانی سووریا لەگەڵ عێراق دەدەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی سنوورەکانی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی ئەو میلیشیایانەدایە. ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی ئەو کۆریدۆر و هیلالی شیعەیەی کە ئێران خەونی پێوە دەبینێ.

سێیەم: کشانەوەی ئەمریکا، دەبێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان، بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق و سووریادا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هێشتا داعش لە سووریا بەتەواوەتی تێکنەشکاوە و لە عێراق چالاکی و جموجوڵی هەیە، ئەم بڕیارەی ترەمپ دووبارە بۆشاییەکی گەورەی سیاسی و ئەمنی دروست دەکات، تەنانەت بەدوور نابینرێت کە سیناریۆی هاوشێوەی ڕووداوەکانی ٢٠١٤ رووبدات و داعش رووبەرێکی فراوان لە خاکی سووریا و عێراق داگیر بکات.

چوارەم: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا تەگەرەیەکی گەورە دەخاتە بەردەم سیاسەتەکانی لە عێراق. بەتایبەت کە ئێستا ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەژموون و کاریگەریی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا و لەڕێگەی گەمارۆی ئابوورییەوە هەوڵی پەکخستنی تواناکانی ئێران دەدات. بەڵام دەرچوونی ئەمریکا لە سووریا و بەهێزبوونی ئێران لەم وڵاتە، کاریگەریی راستەخۆی دەبێت لەسەر بەهێزبوونی پێگەی ئێران و هاپەیمانەکانی لە عێراقدا. ئێران بە هاوکاریی دۆستەکانی هەوڵی دەرکردنی ئەمریکا لە

عێراقیش دەدات. ئەمە بەدەر لەوەی کە ئەمریکا بەو سیاسەتەی ئێستای متمانەی لای زۆربەی هاوپەیمانەکانی لاواز دەبێت و کوردی سووریاش پاڵ دەنێت بۆئەوەی بە یەکجاری بچنە پاڵ ئێران و رژێمی ئەسەد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## بڕیارەکەی ترامپ و لێکدانەوەکان



**هیوا مەجید خەلیل**،

دکتۆرا لە گەشەسەندنی سیاسی

تویتە لەناکاوەکەی ترامپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، مشتومڕی زۆری لێ کەوتەوە و تەنانەت وەک شۆکێکیش بوو. ترامپ کاتێک هاتە سەرکار، دروشمە سەرەکییەکەی بریتی بوو لە "پێش هەموو شتێک ئەمریکا، کاڵای ئەمریکی بکڕە و کاڵای ئەمریکی کرێ بکە." لە کاتی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانیشی لە سووریا، قسەیەکی تری کرد و گوتی: "ئەمریکا پۆلیسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە." دەکرێت ئەم قسەیەی ترامپ بچێتە خانەی ئەو گوتارەی کە هەمیشە دەڵێت بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتانی تر لە لایەن ئەمریکاوە، دەبێ ئەم وڵاتانە باج و پارەکەی لە ئەستۆ بگرن. لە ڕاستیدا، ئەوەی کە ترامپ دەیکات پێش هەموو شتێک تێکدانی ئەو نەزمە نێودەوڵەتییەیە کە خودی ئەمریکا لە ڕێگەی ڕێکخراوە جیهانییە ئابووری و سیاسییەکان بۆ ماوەی پتر لە سێ دەیە هەوڵی بۆ دەدات؛ واتە ئەو کاتەی کە لە دوای رووخانی دیواری بەرلین و نەمانی یەکێتیی سۆڤیەت نەزمێکی نوێی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکای ڕاگەیاند و زۆرتر لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی بەجیهانیبووندا

ڕەنگی دایەوە و لە چوارچێوەی ئەم نەزم و ئەدەبیاتەدا ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپاراست.

ئایدیۆلۆژیی ئەم جیهانبینییەیش بریتی بوو لە لیبراڵ دیموکراسی و بازاڕی ئازاد. بەڵام ئەوەی کە ترامپ دەیکات زیاتر لە چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمدا دەخولێتەوە، بەتایبەتیش کاتێک کە دەڵێت "سنوورەکان بەهێزتر دەکەم." بەڵام ئەوەیش بەو مانایە نایەت کە ئەمریکا وازی لە بەرژەوەندییەکانی هێنابێت. بەڵام وەها هەست دەکات کە لە ڕێگەی جیهانبینییەکی تر و بە تێچووی کەمتر، دەتوانێت دەسکەوتی زۆرتر دەستەبەر بکات. لە ڕاستیدا دوای هاتنەسەرکاری ترامپ، تا ڕاددەیەکی زۆر ئەم جیهانبینییە سەرکەوتوو بووە.

ئەوەی کە توێژەرانی لە دوای هاتنی ترامپ تووشی کێشە کردووە بریتییە لەوەی کە کەمتر تیۆرییەکان دەتوانن خوێندنەوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا خەریکە سەرلەنوێ تیۆریی خوێندنەوەی ڕەفتاری سیاسیی نوخبە و کاریگەریی لەسەر بڕیارداڕشتن و دامەزراوەکانی حکوومەت دێتەوە ناو مەیدانی تیۆرییەکانی شیکردنەوەی سیاسی، کە زۆرتر تیۆرییەکی دەروونناسییە و خوێندنەوەیش بۆ کەسایەتیی بڕیاردەر دەکات.

لەبیرمان نەچێت کە ترامپ تەنیا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا نەداوە بەڵکوو بۆ ئەفغانستانیش هەمان بڕیاری داوە. کەواتە، ئەگەرچی ئەم بڕیارەی ترامپ ناڕەزایەتیی وەزیری بەرگری و دوو دەزگەی گەورەی ئاسایشی ئەمریکای لێ کەوتەوە، بەڵام نایشکرێ وەها هزر بکەینەوە کە بڕیارێکی لەناکاو بووە؛ ئەوەی کە بەرچاو نییە بریتییە لەو کەسانەی کە لە پشتی پەردەوە سیاسەتەکانی ترامپ دادەڕێژن؛ چونکە خودی وەزیری بەرگری و کۆمەڵێک بەرپرسی تری پەیوەست بە سیاسەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا، بڕیار بوو لە مانگی دوو واز لە کارەکانیان بهێنن. کەواتە بڕیارەکە بێ ڕاوێژ نەبووە، بەڵکوو جۆری تویتەکەی ترامپ جێگەی سەرسووڕمان بوو کە ئەمەیش خووی ترامپە بەم جۆرە لەبارەی گشت شتێکەوە تویت دەنووسێ.

**مەترسی و لێکەوتەکانی بڕیاری ترامپ بۆ کوردەکان زۆرن کە بریتین لە:**

١- ئەردۆغان مانەوەی خۆی بە دژایەتیکردنی کورد دەبینێتەوە و تا ئێستایش لەم کارەدا سەرکەتوو بووە. ئەردۆغان لە لێداوانێکدا گوتی کە چیتر چاوەڕێی چارەسەری پرسی کورد نەبن. وەزیری بەرگریی تورکیایش

ئاماژەی بەوە کرد کە کوردەکان لەناو سەنگەرەکانیاندا لە خوێن دەگەوزێنین. سیاسەتە هەڵەکانی "پ.ک.ک"ش باشترین دەرفەتی تا ئێستا بۆ تورکیا ڕەخساندووە. ئەوەی کە مەترسییەکە زۆرتر دەکات بریتییە لەوەی کە ترامپ کەسێکی بۆ وەزیری بەرگری دەستنیشان کردووە بە ناوی "پاتریک شانهان". شانهان کەسێکە، بازرگانیی چەک لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا دەکات و زۆریش لە تورکیا نزیکە. مەترسییەکەی تر بریتییە لە هێرشکردنی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوا کە تا شنگال بەردەوام دەبێت؛ واتە تێکدانی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان. پێکدادانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی پاراستنی ئێزیدخان یەکەمین دەرکەوتەی ئەم مەترسییەن. ترامپ ئاماژەی بەوە کردووە کە لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەردۆغاندا، ئەردۆغان بەڵێنی ڕیشەکێشکردنی داعشی پێ داوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە سەرەتایەکە بۆ تووشکردنی تورکیا بە کێشەی گەورەتر. بنەماڵەی ئالی سعوود ئەو ڕیسواییيە گەورەیەی کەیسی خاشقچی لەبیر ناکەن کە ئەردۆغان هۆکارەکەی بوو. هەروەها جەنگ پێویستی بە ئابوورییەکی بەهێزە. تورکیا ناتوانێت تا سەر پێداگری لە ڕۆحی دوژمنکاری بکات.

٢- دەکرێ هێزەکانی سووریا یان داعش بە هاوکاریی عەشایەری عەرەبی سوننە هێرش بکەنە سەر هێزەکانی پەیەدە و هێزەکانی سووریای دیموکرات و بەم شێوەیەش داعش تا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بێت و و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان تێک بدات. بەرپرسی ئاژانسی پاراستن و زانیاریی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە داعش بە شێوەیەکی تر خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە. بەڵام هێزەکانی ڕۆژاوایش کارتێکیان لەبەردەستە، ئەویش بریتییە لە پاشەکشەکردن لەو ناوچانەی سووریا کە بۆ کورد گرنگ نین و بەم جۆرەیش داعش ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ دەکات و کوردیش تەنیا کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە دەکات کە بۆی گرنگن. بەڵام ئایا هێزی هاوپەیمانان ڕێگە دەدات ئەم ناوچانە لە لایەن داعشەوە کۆنترۆڵ بکرێن؟ تێکچوونی بارودۆخی ڕۆژاوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێران گوشار بخاتە سەر حکوومەتی عێراق و لە ڕێگەی حکوومەتی عێراقەوە سنووری مانۆڕدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرتەسک بکاتەوە. لە لایەکی تریشەوە، دەرفەت دەرەخسێ کە ئێران پەلاماری هێزە کوردە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات کە لە هەرێم نیشتەجێن.

## ئایا ڕۆژاوا بەچۆڵی دەمێنێتەوە؟

دوای تویتەکەی ترامپ، فەرەنسا وەک سپۆنسەری مێژوویی سووریا هاتە سەرخەت و ڕەخنەیشی ئاراستەی ئەم تویت - بڕیارەی ترامپ کرد و گوتی: "هاوپەیمان، دەبێت جێگەی متمانە بێت." ئەگەر ئەمە قسەی سەرۆکی

وڵاتێکی ئاسایی بوایە، لەوانەیە لێکەوتەی ئەوتۆی نەبوایە، بەڵام قسەی سەرۆکی وڵاتێکە کە ئەندامە لە ناتۆ و ئەندامی هەمیشەییی ئەنجومەنی ئاسایشی گشتییە. ئەگەرچی خودی فەڕەنسایش تووشی کێشەی هێلەکزەردەکان بووەتەوە کە بەدڵنیاییەوە لە کاراییی سیاسەتی دەرەوەی فەڕەنسا کەم دەکاتەوە، بەڵام لاوازی ناکات. هاوکات وڵاتانی عەرەبی، وەک سعوودیا، ئیسرائیل و ئیماراتیش ئامادەییی سەربازیی خۆیان بۆ پڕکردنەوەی هەر جۆرە بۆشاییەک ڕاگەیاندووە. کەواتە سەختە سووریا بەچۆڵکراوەی بۆ ئێران و تورکیا بمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوە، لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا گەورە بەرپرسانی تورکیا و ئەمریکا لەسەر پرسی سووریا کۆ دەبنەوە. تورکیا هەوڵ دەدات کە خۆی وەک زلهێزی ناوچەکە نیشان بدات بەڵام ئەویش هەروەک ئێران لە قەیرانی قووڵی ئابووریدایە. تورکیا خۆی لە سوودان نزیک کردەوە کەچی خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە سوودان ڕێک خرا. ئەگەرچی خۆپێشاندانەکە لە دژی تورکیا نەبوو، بەڵام پەیامێک بوو کە وڵاتانی ڕکابەری تورکیا بۆ تورکیایان نارد.

## ئایا بەرەکانی جەنگ بەرفراوان دەبێت؟

مەرج نییە بەم بڕیارەی ترامپ بەرەکانی جەنگ بەرفراوانتر بن؛ دەکرێ دەرگەیەک بۆ ڕێککەوتن بکاتەوە، چونکە لە گۆڕەپانەکەدا هەم ژمارەی ئەکتەرە دەوڵەتی و هەمیش ژمارەی ئەکتەری نادەوڵەتی ڕوو لە زیادبووندایە کە گشتیان دەتوانن هاوسەنگیی هێز بپارێزن. بۆیە دەکرێ لەم دۆخەدا ڕێککەوتن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان، ڕێگەچارەیەکی گونجاوتر بێت لە شەڕکردن. هاوکات، دەرفەتێک بێت بوو دووبارە هاتنەوەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە بەبەهێزی. کاتێک کە باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا بوو، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دا و سیاسەتی no boots on the groundی ڕاگەیاند، بەڵام بە هاتنی داعش ناچار بوو پاشەکشە لەم سیاسەتە بکات.

ئەوەی کە ئێستا ڕوو دەدات بە تەختەی شەترەنج دەچێت؛ سەربازەکان جووڵەی یەکەم دەکەن و بەپێی داشەکانی سەر تەختەکە، جووڵەکان جیاواز و مەیدانی جووڵەکردنیش بەرفراوانتر دەبێت، بەڵام دواجار "شا" تەحەکوم بە مەیدانەکە دەکات. زۆرترین دەنگدانەوەی ئەم بڕیارەی ترامپ لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بووە کە لەرزۆکترین وڵاتن؛ کەواتە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکەیش خودی وڵاتانی عەرەبین. کلیلەکەیش بریتییە لە پارە. وڵاتانی عەرەبی ناچارن کە پارەکە بدەن. ترامپیش بازرگانە و بە دوای پارە دەگەڕێت. ئەمریکایش بەتەواوەتی ناکشێتەوە و هێزی ئاسمانییەکەی لە ئاسمانەوە، چاودێریی جووڵەکانی سەر زەوی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٢٧ی دیسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# سووتانی کارتەکانی گوشار لە هاوکێشە نوێیەکانی بەرژەوەندیدا



هۆگر ئیبراهیم حەکیم*

هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی فرەئەکتەرن و پەیوەندییەکان تێیاندا ئاڵۆز و پر کێشەیە، جەنگ و ململانێ تێیاندا دۆخێکی نادیار وەردەگرێ بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئامانج و ئامرازی ئەکتەرەکان. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرەرای ئەوەی ئەکتەرە گەورەکانی دیارن، بەڵام لە هەمان کاتدا پرە لە ئەکتەری بچووک کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستن بە ئەکتەرە گەورەکانەوە.

سەرەرای ئەوەی هەندێ لەو ئەکتەرە بچووکانە لە هەناوی ئەکتەرە گەورەکانەوە دروستبوونە یان بە پاڵپشتیی یەکێک لەو ئەکتەرە باڵایانە دروستبوونە، بەڵام هەندێ کات جووڵەی ئەکتەرە بچووکەکان پێچەوانەی بەرژەوەندیی ئەکتەرە گەورەکانە، ئەو جووڵەیەی پێچەوانەی شەپۆلی بەرژەوەندییەکان بێت، گەورەترین زیان لە پێگەی ئەکتەرە بچووکەکان دەدات.

ژینگەی نێودەوڵەتی لە سەقامگیرترین دۆخیدا کۆمەڵێک هاوکێشەی ئاڵۆزی پر لە ململانێی تێدایە کە سروشتی جەنگێکی لەسەرخۆی وەرگرتووە. ئەگەر دوو ئەکتەری زلهێز هەردوو جەمسەری جەنگە لەسەرخۆیەکەیان گرتبێ، ئەکتەرە بچووک و لاوەکیەکان لە خوارەوە خەریکی جۆرێک لە جەنگ دەبن کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێی دەڵێن جەنگی بە وەکالەت، یان "Proxy war"، ئەوانیش جۆرێک لە بەرژەوەندیی لاوەکی بۆخۆیان دروست دەکەن کە لە پاڵ بەرژەوەندیە باڵاکەی ئەکتەرە زلهێزەکاندا هەوڵ دەدەن بگەنە ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان، بەڵام پێویستە

ئاراستەی بەرژەوەندیەکە هەمان ئاراستەی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی هەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت. ئەوەی لێرەدا پێویستە بپرسین، پێگەی ئەکتەرە بچووکەکان لەو جەنگە لەسەرخۆیانەدا چییە؟ ئایا دەرفەتی بەردەوامبوونیان هەیە؟

لەگەڵ ئاڵۆزبوونی هاوکێشەکان رۆڵ و پێگەی ئەکتەرە بچووکەکانیش ناڕوونتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر زیاد لە هێزێکی گەورە خەریکی ململانێ بن، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک ئەکتەری هەرێمی پێگە مامناوەندیش جووڵە و ئاراستەی تایبەتی خۆیان هەبێت. لە دۆخێکی ئاڵۆزی لەو شێوەیەدا ئەکتەرە بچووکەکان دەبنە کارتی گوشار بەدەست زلهێزەکانەوە کە بەرامبەر یەک بەکاری دەهێنن.

فرەیی کارتەکانی گوشار و سەقامگیرنەبوونی ئەکتەرە بچووک و مامناوەندەکان دەبێتە هۆی ئەوەی تەمەنی جەنگە لەسەرخۆیەکان درێژتر بێت، لەدۆخی بەردەوامیی ئەم جۆرە جەنگەشدا ستراتیژی بەشێک لەلایەنەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە زۆرجار بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ستراتیژی نوێ، کارتەکانی گوشاریش گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەشێک لە ئەکتەرەکان ناچارن بەشێک لەکارتەکانی بەردەستیان بسووتێنن لەبەر دوو هۆکار: یەکەم، بەشێک لەو ئەکتەرە بچووکانە رۆڵێکی کاتییان هەیە و چیتر لەچوارچێوەی هاوکێشەکەدا جێگەیان نابێتەوە، ئەو ئەکتەرانەی لەسەر شێوەی گرووپی چەکدارین لە نموونەی ئەو ئەکتەرانەن کە بۆ ماوەیەکی کاتی دروستبوونە. دووەم، زلهێزەکان بەشێک لە کارتە بێکارەکانی بەردەستیان لەناو دەبەن بۆ ئەوەی لەکۆی هاوکێشەکەدا نەبنەوە بە کارتی گوشار لەسەریان، هێز و گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە نموونەی ئەو ئەکتەرانەن.

لێرەدا دووبارە دەکەوینە بەردەم پرسیارێکی جەوهەری، چ جۆرە ئەکتەرێک زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە وەک کارتێکی گوشار لەناوبچێت؟ ئایا ئایندەی هێزە بچووکەکان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات؟ کۆمەڵێک فاکتەر هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی ئەکتەرەکان ببنە کارتی گوشاری کاتی یان کارتی گوشاری بەردەوام، لەوانە:

**یەکەم:** پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئەکتەرە بچووکەکان، بەتایبەت ئەکتەرە نادەوڵەتەکان، چونکە هەندێ پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەیە دەکەوێتە چوارچێوەی ستراتیژیەتی درێژخایەنی ئەکتەرە زلهێزەکانەوە، بۆیە دەبینین زۆرجار بەردەوامبوونی بەشێک لە ئەکتەرە بچووکەکان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و باڵادەستیەتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا.



سەرچاوە Serchawe

دووەم: دونیـابینی ئەو ئەکـتەرە بچووکـانە، تێڕوانینـی ئەکتەرەکـان بـۆ سروشـتی هاوکێشـەکان رۆڵـی هەیە لە بەردەوامبوونیـان، چەندە بتوانێ خوێندنەوەی دروست بۆ هاوکێشەکان بکـات، ئەوەنـدە زیـاتر دەتـوانێ خـۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنێ و بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە رووداوەکانی دوای جەنگی سارد، دەبینین لەو کاتەوە جەنگی بە وەکالەت فۆرمێکی تـازەی وەرگرتـووە و ئەکـتەرە بچووکەکـان زووتـر دەتـوێنەوە، بەهـۆی لاوازیـی بەشێک لە ئەکـتەرە گەورەکـان. بەڵام دوای رووداوەکـانی بەهـاری عەرەبـی، ئەگەرچی جەنـگ فـۆرمێکی تونـدوتیژی وەرگـرت و بە سـەدان هەزار مـرۆڤ بـوونە قوربـانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەرە لاوەکییەکان روویان لەزیادبوون کرد، بە تـایبەت لە سووریا و عێـراق. لەدوای جەنگی ساردەوە ئـاڵۆزترین هاوکێشە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا پرسی سووریا و عێراق بـوونە، بەشێوەیەک کە فۆرمی ئەکتەرە بچووکەکـانیش گۆڕانکـاری ریشـەیی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێک لەو ئەکتەرانە بـوونەتە کـارتی گوشار بەدەست زیاتر لەلایەنێکەوە و لە زیاتر لە گەمەیەکدا بەشدارن، ئەم دۆخە ئایندەیەکی ناڕوونی بە بەشێک لەو ئەکـتەرانە بەخشـیوە، بەتـایبەت ئەوانەی فـۆرمی گرووپـی چەکـداریان هەیە و دەسـتیان بەسـەر نـاوچەیەکی جوگرافیـدا گرتـووە، هەمیشە لەدانوستـاندن و نزیکبوونەوەدان لە هێـزە گەورەکـان، ئەمـانە دەبـن بەو کـارتەی کە دەسووتێن. ئەگەر لەم گۆشـەیەوە بـڕوانینە پرسـی کـورد لە سـووریا، دەبینـین جگە لەوەی کورد لە سـووریا خـۆی ئەکتەرێکی بچووکە لەکۆی هاوکێشەی جەنگە لەسەرخۆیەکەدا، لەهەمان کاتدا ئەوانیش بەسەر کۆمەڵێک ئەکتەری لاوەکیـی دیکەدا دابەشبوونە، ئەم دابەشـبوونەش بەپێـی بەرژەوەنـدیی هێـزە ئیقلیمـی و نێودەوڵەتیەکـانە، بـۆیە دەبینـین لە چەنـد وێـستگەیەکی گۆڕانکارییەکانـدا بـوونەتە قوربـانی و وەک کـارتێکی گوشـار بەدەسـتی لایەنێکی باڵاتر سووتێنراون، پرسی عەفرین دیارترین نموونەیە، کەوتنـی عەفرین و بەشێکی زۆری نـاوچە کوردنشینەکان پەیوەست بەجۆرێک لە نزیکبوونەوەی هێزە باڵاکانی ئەم گەمە لەسەرخۆیەیە.

لەبەرامبەر ئەمەدا هەنـدێ ئەکـتەر ئەم دۆخە سـتانداردەیان شکاندووە و توانیویـانە پارێزگـاری لەپێگەی خۆیـان بکەن ئەگەرچی لە قۆناغێکدا کارتی گوشار بوونە.

ئەگەر رۆژئاوای کوردستان بە نموونە وەربگرین دوای نەمانی داعش و ئاڵۆزبوونی هاوکێشە سیاسی و هەرێمییەکان، دەبینین ئایندەیەکی ناڕوون چاوەڕوانی ئەو پارچەی کوردستان و هێزە کوردییەکانی سووریا دەکات، بەتایبەت دوای ئەوەی هەر یەکێک لەو هێزانە لەماوەی رابردوودا ببوونە کارتی گوشاری دەوڵەتێکی گەورە بەرامبەر ئەوانی دیکە.

لە دواهەمین پێشهاتیشدا پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاڤا دەرگای سیناریۆ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان والا دەکات، بەشێوەیەک کە خاڵی هاوبەشی نێوان سیناریۆکان ئەوەیە کوردی ڕۆژئاڤا وەک کارتێکی گوشار خەریکە دەکرێنە قوربانیی هاوکێشەیەکی نوێی بەرژەوەندیی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەگەری ڕوودانی سیناریۆی دیکە نەبێت.

ڕاستییەکی تاڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کورد چ لە عێراق و چ لە سووریاش بۆ ئەوەی هەمیشە وەک بەشێکی زیندووی نێو هاوکێشەکان بمێننەوە، دەبێ لەسەر ئەرزی واقع هێزێکی شەڕکەری باشیان هەبێ و دەسەڵاتداریی خۆیان بەسەر خاکێکی دیاریکراودا نیشان بدەن. لەدەرەوەی ئەو هاوکێشەیە کورد وردە وردە دەبنە ئەو کارتەی کە بۆ بەرژەوەندیی باڵاتر بسووتێن.

❋ ماستەر لە زانستە سیاسییەکان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سیناریۆ و پێشهاتەکانی ئایندەی سوریا دوای کشانەوەی ئەمریکا



**لەفارسیەوە - موراد محەمەد.**

دوای ئەوەی دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی دەرکرد لەسوریا،نارەزایەتی و نیگەرانی سەریهەڵدا لەنێوان بەشێک لە سەرانی وڵاتەکەی و تەنانەت هاوپەیمانەکانیدا،لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا دواکات دیارینەکراوە بۆ کێشانەوەی ئەو هێزانە بەڵام وەکو باسدەکرێت ئەوپرۆسەیە پەیوەستە بە گفتوگۆ و هاوپەیمانێتی نێوان ئەمریکا - تورکیا.

هەر هۆکارێک ببێتە هۆی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا پێشهاتی نوێ دێنێتە ئاراوە لەناوچەکەدا.

ئۆرۆ نیوزی فەرەنسی لە ڕاگەیەندراوێکیدا ئاماژەی بە پێشهات و سیناریۆکانی سوریا کردووە دوای نەمانی ئەمریکا لەو وڵاتە.

### دیارترین سیناریۆکان:

#### تورکیا:

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەلی زیاتر بۆ تورکیا دەرەخسێنێت تاوەکو پێشڕەوی بکات بەرەو ڕۆژهەڵات و

ڕووباری فوڕات،چونکە تورکیا لەناوەڕاستی ئەو مانگەوە مانگی ١٢، ئامادەگی دەربڕیوە تاوەکو هێرش بکاتە سەر هێزە کوردیەکانی سوریا.

لەکاتی ڕووبە ڕوو بوونەوەی هێزە کوردیەکان بەرانبەر داعش سوپای تورکیا ئامادەگی هەبوو لەناوچەکە،بەڵام هیچ جۆرە پێشڕەویەکی نەکردووە تاوەکو ڕووبەڕووی هێزەکانی ئەمریکا نەبنەوە،کەواتە دوای کشانەوەی ئەمریکا ئەوا تورکیا دەستدەکات بەجوڵە و مەترسی هێرشکردنە سەر هێزە کوردیەکان لە سوریا.
شارەزایان و لێکۆڵەرەوان ئاماژە بەوەدەکەن هێزە کوردیەکان دەتوانن پلان و جوڵەی تورکیا لەناوبەرن ئەویش بە چونە ناو هاوپەیمانێتیان لەگەل ڕژێمی سوریا و ڕێگە بدەن هێزەکانی نزیک لە ڕژێمی سوریا بێنە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی هێزە کوردیەکان.

لەگەڵ ئەوەی هێزە کوردیەکان سودیان وەرگرتووە لە ململانێ و جەنگی ناوخۆیی سوریا،توانیویانە چەند ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان،بەڵام بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا و هەڵکشانی جوڵەی سەربازی تورکیا ئەوا هێزە کوردیەکان ناتوانن ئەو ناوچانە بپارێزن.

### دیمەشق و هاوپەیمانان:

ڕژێمی سوریا و ڕوسیا و ئێران چاوەڕێن لاوازی هێزە کوردیەکان بەسوودی خۆیان دەستەبەربکەن.

شارەزایان پێشبینی دەکەن ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی هێزەکانی سوریایی دیموکرات دابەشبکەن لە نیوان ئەو هێزانەی کە لایەنگری سوریان - لەگەڵ تورکیا وەکو ئەو ناوچانەی پێشتر پایتەختی داعش بوو(ڕەقە) و دێرەزوور واتا ناوچە پڕ نەوتیەکان.

هەندێک باوەڕیان وایە بە کشانەوەی ئەمریکا هیچ بەربەستێک نامانێت و ئێران با ئاسانی دەستی دەگات بە ڕێگای وشکانی عێراق و سوریا.

سەبارەت بەرووسیا پێشبینی کراوە هێزی سەربازی و دیپلۆماسی زیاتر ڕەوانەی سوریا بکات.

لێکۆڵەروان ئاماژە بەوەدەکەن کە ڕوسیا مۆڵەتی بە تورکیا داوە تاوەکو هێرش بکەنە سەر هێزەکانی سوریای دیموکرات.

## هێزە توندڕەو و چەکدارەکان:

هەروەها هێزە توندڕە و چەکدارەکان ترسیان هەیە کە هێز و ناوچەکانیان لەدەستبدەن،بەهۆی بوونی ئەو هاوپەیمانێتیانە لە ئیدلیب،هەرچەند لایەنگری تورکیایان کردووە دژی هێزەکانی سوریای دیموکرات.

## داعش:

هێزە کوردیەکان کاریگەرترین هێزبوون لە جەنگی دژی داعش لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرپەرشتی ئەمریکا.
سەرباری ئەوەی ترامپ شکستی داعش-ی ڕاگەیاندووە لە سوریا بەڵام هێزەکانی سوریای دیموکرات بەردەوامن لە ئامادەکاری بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی داعش،چونکە ئەگەر هێرشی تورکیا ببێتە هۆی لاوازبوونی هێزە کوردیەکان ئەوا داعش سەرهەڵدەداتەوە لەو ناوچانە.

## ئیسرائیل:

ئیسرائیل تێڕوانین و سەرنجی گەورەی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەیە و زۆرترین زیان بەر ئەو دەکەوێت،

چونکە نائامادەگی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا وادەکات ڕۆڵ و پێگەی ئێران زیاتر بێت لە سوریا، پێشتر ئیسرایل ڕەخنەی لە ترامپ دەگرت سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست،بەڵام ئێستا بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێی وایە سەزەمینی سوریا دەبێتە گۆڕەپانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بزاڤ - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# هەڵهاتن لەئیدارەکەی ترەمپ!



ئومێد عوسمان

رەنگە ژمارەی ئەو وەزیرو دیپلۆماتکارانە کەم نەبن کە لەماوەی حوکمڕانی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا ئیدارەکەیان بەجێهێشتوە، کەبەشێکی زۆریان بەهۆی ناکۆکی و جیاوازی راوبۆچوونەکانیان بوە لەگەڵ خودی سەرۆک، کەدواییینیان دەستلەکارکێشانەوەی بریت ماکگۆرکی نوێنەری واشنتۆن لەهاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژ بە داعش و پێش ئەویش جیمس ماتیسی وەزیری بەرگری ئەمریکا بوو، کە دەستلەکارکێشانەوەکەشیان راستەوخۆ پەیوەندی بە بڕیارەکەی ترەمپەوە هەبوو لەبارەی کشانەوەی هێزەکانیان لەسوریا.

توندترین رەخنە کە تا ئێستا لەلایەن دیموکراسخوازەکانەوە ئاراستەی دۆنالد ترەمپ کرابێت لەلایەن نانسی پیلۆسی سەرکردەی دیموکراسخوازەکانە لەکۆنگرێس کە لەدوا تویتیدا دەڵێت ترەمپ وڵات نوقمی ئاژاوەو پشێوەی دەکات و دەشڵێت لەسایەی دۆناڵد ترەمپدا ئیدارەکەی رووبەرووی زنجیرەیەک قەیران بوەتەوە لەوانە دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری بەرگری، داخستنی بەشێک لە دامەزراوەکانی حکومەت، هەرەسهێنانی بازاڕی بۆرسە، ناسەقامگیری لە پەیوەندیەکانی نێوان ترەمپ و ئەنجومەنی فیدراڵی.

هەڵبەت باش ئەوەی دیموکراسخوازەکان بۆ جارێکی تر توانیان کۆنترۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران بکەنەوە، ئەوا پێدەچێت هەڵمەتێکی دژ بە ترەمپ دەستپێبکەن و وەک رۆژنامەی (TheAtlantic) یش ئاماژەی پێکردوە بەم نزیکانە کارەسات چاوەڕوانی ترەمپ دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو بارودۆخەی کە ترەمپی تێدایە هاوشێوەی ئەو بارودۆخەیە کەریچارد نیکسۆنی سەرۆکی پێشووتری ئەو وڵاتەی تێدابوو کە سەرئەنجام ناچارکرا بەهۆی پرسی (Watergate) لە ٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٤ لەوتارێکی تەلەفیزیۆنیدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت.

خاتوو ئیفلین فارکاس-یاریدەدەری وەزیری بەرگری پێشووی ئەمریکا دەڵێت دۆناڵد ترەمپ خاوەنی ئامانجێکی راستەقینەو روون نیە، بەڵام دیدێکی وێرانکارانەی هەیەو ئەوانەشی کە لەدەوروبەریدا کاردەکەن، ئامادە نین رووبەرووی ببنەوەو هەرکاتێکیش ترەمپ درک بەوە بکات لەدەرەوەی کۆنترۆڵکردنە ئەوا دەست بەنانەوەی ئاژەوەو پشێوی دەکات هەروەک ئەوەی لەئێستادا لەئارادایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## جەنگە گەورەکە بەڕێگاوەیە



**ئارام عەلی عەزیز**

لەگەرمەی ململانێی نێوان تورکیاو ئەمریکا لەسەر خۆرهەلاتی فورات، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە زۆربەی دەوڵەت و ناوەندەکانی تووشی سەرسورمان کردو ئاڵۆزیەکی گەورەیشی هێنایە ئاراوە، لەوەی کە ئایا ترەمپ بۆ لەم کاتە هەستیارەدا ئەم بڕیارەی دا؟ ئایا بەراستی ئەم بڕیارە، دەرچوونی هێزی ئەمریکایە

لەسوریا، یان دووبارە بڵاوکردنەوەو رێکخستنەوەی هێزی سەربازی ئەو وڵاتەیە بەئامانجی هەڵگیرساندنی شەرێکی دیکە؟

بەر لەهەر چشتێک جەنگ و ململانێی ئەمڕۆ لەسوریاو عێراق وخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە بەناوی جەنگی داعش و جەنگی دژە تیرۆر، جەنگی دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکەو دروستکردنەوەی تەوازوناتی هێزە، لەبەرئەوە هیچ لایەنێکی دەولیی و ئیقلیمی بەئاسانی لەهاوکێشەکانی ئەو ناوچەیە ناکشێتەوەو دەستبەرداری نابێت. لەو چوارچێوەیەداو بەلەبەرچاوگرتنی راگرتنی جەنگ لەحودەیدە، – کە بۆ دەستبەسەرداگرتنی گەروی باب ئەلمەندەبە- و وروژاندنی تونێلەکانی حزبوڵای لوبنانی سەر سنوری دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆتایی هاتنی کارەکانی دیمستۆرا لەسوریاو هێنانی کەشتیگەلی ئەمریکی بۆ کەنداوو، گواستنەوەی هێزەکانی ئەمریکای خۆرهەڵاتی فورات بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و هەڕەشەو گەمارۆکانی سەرئێران ئاماژەی خۆئامادەکردنە بۆ جەنگێکی دیکە، کە تیایدا ئێران و هاوپەیمانەکانی بەئامانج دەگیرێن، بەئومێدی راستکردنەوەی هاوسەنگی هێز بەلای ئەمریکادا بەتایبەت دوای شکستی ئەمریکا لەعێراق و ئیفلاسیی دارایی و فەشەلهێنانی عەولەمەو نیولیبرالیزم.

ئەمڕۆ سنوور لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نەماوە، بەتایبەت لەسوریاو عێراق دا، بۆردومانی ئێران بۆ کۆیەو بۆردومانی تورکیا بۆ مەخمورو بوونیی هێزی سەربازیان لەعێراق و سوریا بەهەرێمی کوردستانیشەوە سەلمێنەری ئەمەن. لەو رووەوە کشانەوەی هێزی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی فوراتەوە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان تەنها گواستنەوەی هێزە لەخاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکەی سەلامەت تر لەو جوگرافیایەی کە جەنگ و ململانێیەکی گەورەی تێدایە، بەئامانجی جووڵەیەکی سەربازی دیکە، کەواتە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا تەنها دووبارە بلاوکردنەوەو سەنگەرگرتنی تازەیە لەناوچەکەدا، نەک دەرچوون لەناوچەکە.

لەروی سیاسیەوە نەمانی هێزی سەربازی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی فورات، هاوکێشەی هاوپەیمانێتی دیفاکتۆی نێوان ئێران- تورکیا، روسیا - تورکیا، روسیا - ئێران - ی دژ بە ئەمریکا لاواز دەکات، ئەگەر هەڵینەوەشێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەخۆرهەڵاتی فورات رێگا خۆشدەکات بۆ زیاتر راکێشانی تورکیای تازەدوژمنی ئیسرائیل بۆ ناو زەلکاوی سوریا، کە وەکو ئاشێکی گەورەی لێهاتووە خەریکە هەموان لەناوخۆیدا

دەهاڕێت و کۆتایی بە یەپەگە دێنێت، وەک چۆن ئیسرائیل لەوانەیە بە ئامانجی کۆتایی هێنانی حزبولا پەلاماری لوبنان بدات، نەهێشتنی یەپەگەو حزبولایش خاڵێکن لە نەخشەی سەودای سەددا.

ئەمە لەسەر ئاستی سەربازیی و سیاسی. بەڵام لەسەر ئاستی شەخسی بڕیارەکە، کە بەبڕیاری شەخسی ترەمپ دانراو ناوخۆو دەرەوەی ئەمریکای توشی سەرسوڕمانکرد، هەندێک وا لێکیدەدەنەوە، کە ئەم بڕیارە بۆ لێدانی ئێرانە و وەکو تەوقی نەجاتە بۆ ترەمپ لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

* لەوانەیە راپۆرتی تەحقیقەکەی مولەر سبارەت بەدەستوەردانی روسیا لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، کە ترەمپی گەیاندە کۆشکی سپی ترەمپ تۆمەتبار بکات، بەمەیش لەوانەیە لەو کەشوهەوا ناسازەی ئێستای واشنتۆنی نێوان کۆماریەکان و دیموکراتەکان ترەمپ بە تۆمەتی خیانەت لەسەرکار لاببرێت و دواتریش دادگایی بکرێت.

* دیموکراتەکان بەڵێنیانداوە لێکۆڵینەوە لەپەیوەندی دارایی شەخسی نێوان ترەمپ و محەممەد بن سەلماندا بکەن، کە ئەمەیش کەمتر نیە لەمەترسیەکانی راپۆرتەکەی مولەر. بەتایبەت دوای پشتیوانیکردن و پارێزگاریکردنی ترەمپ و کوشنیر لە محەممەد بن سەلمان لەمەسەلەی تیرۆرکردنی جەمال خاشقچی سەرەڕای بڕیاری کۆنگرێس بەتۆمەتبارکردنی بن سەلمان لەم مەسەلەیەدا.

لەو روانگانەوە ئاگری جەنگی سوریا تەشەنە دەسەنێت و هەموو ناوچەکە دەگرێتەوەو ئاشەکە هەموان دەهاڕێت وشەڕ لە ناوخۆی یەکتر دەخواتەوە، کە تا دوێنێ هەمویان هاوپەیمان بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## گوتەبێژی یەپەگە بۆ ڕووداو: ئەرکی سوپای سووریایە هێرشی تورکیا ڕابگرێت



**لەلایەن سەرباز سیامەند**

نووری مەحموود، گوتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لەبارەی ڕەوشی منبج بە ڕووداوی ڕاگەیاند، دوایان لە سوپای سووریا کردووە ڕێگە لە هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر منبج بگرێت.

گوتەبێژی یەپەگە لە شاری قامشلۆوە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سوپای سووریا وەک هێزێکی دەستووری کە ئەرکی پاراستنی یەکپارچەیی سووریایە، دەبێ ڕێگە لە داگیرکاری تورکیا بگرێت".

دەقی پرسیار و وەڵامەکان:

**ڕووداو: یەپەگە بەشێوەیەکی فەرمی داوای لە حکومەتی سووریا کردووە هێزەکانی لەمنبج بڵاوە پێبکات بۆ ئەوەی ڕێ لە هەڕەشەکانی تورکیا بگیرێت، ئایا حکومەتی سووریا وەڵامی داواکارییەکەتانی داوەتەوە؟**

**نووری مەحموود**: وەکو یەپەگە بە رای گشتیمان ڕاگەیاندووە کە هیچ هێزێکمان لە منبج نییە. لەچەند مانگی رابردوودا هێزەکانی خۆمان لە منبج کشاندەوە، پاشان ڕاوێژکارەکانیشمان لەناو منبج کشاندەوە. چونکە بینیمان ئەنجوومەنی سەربازی منبج ئەو توانایەی هەیە کۆنترۆڵی تەواوی دۆخی ئەمنی ناوچەکە بکات. هەر بۆیە سوپای سووریا وەکو سوپای فەرمی سووریا دەبینین، کە ئەو تاوەکو ئێستاش لەڕووی دەستوورییەوە یەکپارچەیی خاکی سووریا دەپارێزێت. ئەمڕۆش لە منبج مەترسی داگیرکاری هەیە و ئەمڕۆش کە لەلایەن سەرۆککۆماری تورکیا و

ئاکپارتییەوە هەڕەشە لەسەر ناوچەکە هەیە. دەیانەوێت بەسوودوەرگرتن لە ناسنامەی سوپای تورکیا ئەو ناوچەیە داگیربکات. پێویستە سوپای سووریا بە ئەرکی دەستووری خۆی هەڵبسێت بەپێی پێوەرە یاسایی و نێودەوڵەتییەکان. بابەتی دیکەی وەکو دیموکراسی و دەستوورێکی نوێ ئەوە بابەتی دیکەن مرۆڤ دەتوانێت لەسەری بوەستێت.

**ڕووداو**: ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان ئێوە و حکومەتی سووریا ئەنجامدراوە بە نێوەندگیری کێیە و نێوەڕۆکەکەی چییە؟ سوپای سووریا ڕایگەیاند ئەوان چوونەتە نێو منبجەوە، بەڵام ئەمریکا گوتی هیچ هێزێک نەچووەتە ناو منبج، لەلایەکی دیکەش ڕووسیا دەڵێت؛ سوپای سووریا چووەتە ناو منبج، ڕاستی ئەم دۆخە چییە؟

**نووری مەحموود**: بەپێی زانیارییەکانمان سووپای سووریا خۆی ئامادەدەکات بچێتە هەندێک خاڵی نێوان منبج و قەڵغانی فورات یان ناوچەکانی نێوان منبج و ئەو ناوچانەی لەلایەن سوپای تورکیاوە داگیرکراون. سوپای سووریا چوونەتە ئەو خاڵانەوە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە سووپای سووریا نەچوونەتە ناو منبجەوە.

**ڕووداو**: ئایا سوپای سووریا دەچێتە نێو منبج یان تەنیا لە هێڵە سنوورییەکان دەمێننەوە؟

**نووری مەحموود**: شتێکی بەو شێوەیە نییە. وەک ئێوەش دەزانن ئەرکی ئەوان نییە بچنە نێو شارەکەوە، بەڵکو ئەرکی ئەوان پاراستنی یەکپارچەیی ناوچەکەیە لە داگیرکاری و هێرشەکانی دەرەوە. بۆچی بچنە ناو شار کە هیچ کارێکیان لەناو شاردا نییە. هەروەها ئەنجوومەنی سەربازی منبج لەناو شاردا نییە، لە بنەڕەتدا هێزە ئەمنییەکانی ناوخۆ پاراستنی ئەمنیەتی ناوخۆی شارەکە دابیندەکەن. ئەرکی سووپا پاراستنی شار و ناوچەکەیە لە هێرشی دەرەکی و پاراستنی سەروەری سووریایە. بۆیە هیچ ئەرکێکی هێزی سوپای سووریا لەناو منبج نییە و ئەرکیان تەنیا بوونیانە لە خاڵی سنووریدا، کە پێویستە هەبێت.

**ڕووداو**: جیا لە هێزە ئەمنییە خۆجێییەکان، ئایا تاوەکو ئێستا هێزەکانی هاوپەیمانان لە منبج ماون، ئەوان ئاگاداری ڕێککەوتنەکەتانن لەگەڵ حکومەت، ئەوان چ ڕۆڵێکیا هەبووە؟

**نووری مەحموود**: کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تاوەکو ئێستا لەناو منبج ڕووینەداوە، تاوەکو

ئێستا هێزەکانی هاوپەیمانان لە شوێنەکانی خۆیاندان و تەنیا ئەوەی هەیە ئەوەیە کە بڕیارە هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لە خاڵەکانی خۆیاندان و دەستیان بە کشانەوە نەکردووە. کارەکانیشیان بۆ پاراستنی رۆژئاوا و باکووری سووریا بەردەوامە.

**رووداو: لەماوەی رابردوودا کاروانی چەکی سەربازی ئەمریکا بەبەرچاوی دونیا دەچوونە رۆژئاوا، ئایا ئەوان لەکاتی کشانەوەیان چەکەکان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە؟**

**نووری مەحموود:** تاوەکو ئێستا هیچ کشانەوەیەک رووینەداوە، بەرنامەی کشانەوە تاوەکو ئێستا بۆ هێزە ئەمریکییەکان نەهاتووە. هاوکات ئەوەی هاتووە زیاتر زەخیرە بووە، ئەو چەک و زەخیرانە لە شەڕی دژی تیرۆر لە دژی داعش بەکارهێنراون ولە شارۆچکەی هەجین لە شەڕی دژی داعش بەکاردێن. تاوەکو ئێستا هێزەکانی ئەمریکیەکان خاڵەکانی خۆیان جێنەهێشتووە، هێشتان دەستیان بە کشانەوە نەکردووە. ئەو چەک و زەخیرانەی هێنایان بۆ رۆژئاوا، تاوەکو ئێستا شەڕی دژی تیرۆر بەردەوامە و لە شەڕدا بەکارهێنراون و بەکاردێن. هیچ چەکێکی وایان نییە لەکاتی دەستکردنیان بەکشانەوەیان لەگەڵ خۆیان بیکێشنەوە.

**رووداو: بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی فورات هیچ رێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی سووریا ئەنجامدراوە؟**

**نووری مەحموود:** ئەوەی لە راگەیێندراوەکەماندا هاتووە یان ئەوەی کە بۆی رای گشتی دەڵێین رایە، هیچ رێککەوتنێک یان هاوپەیمانییەک هاتبێتە پێشەوە، نییە. ئێمە تەنیا باسمان لە سوپای سووریا کردووە بێتە ئەو سنوورەی خاکی سووریا و ئەرکی دەستووری خۆی جێبەجێبکات. پێشتر یەپەگە لە منبج هەبوو هاوکاری سەربازی ئەنجوومەنی سەربازی منبجی کردووە. ئێستاش کە یەپەگە لەوێ نییە بوونی سوپای سووریا لەوێ شتێکی باش دەبێت. یەپەگە بەناوی منبج قسەی نەکردووە، بەڵکو تەنیا داواکارییەکی کردووە بۆ رای گشتی و سووریا، گەلی منبج و ئەنجوومەنی سەربازی منبج خۆیان بڕیار لەبارەی خۆیانەوە دەدەن.

**رووداو: هیچ رێککەوتن لەنێوان ئێوە و حکومەتی سووریا دروستبووە؟ هیچ گەرەنتییەکتان لە حکومەتی سووریا وەرگرتووە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**نووری مەحمووود**: لە راگەیێندراوەکەماندا داوامان کردووە سوپای سووریا بە ئەرکی پاراستنی خۆی هەڵبستێت. یەپەگە لەوێ نییە و بوونی سوپای سووریا بۆ پاراستنی ناوچەکە لە هەڕەشە شتێکی باشە.

**ڕووداو: لە قامشلۆ و حەسەکە تاکو ئێستا چوارگۆشەی ئەمنی هەیە، ئایا ئەو چوارگۆشە ئەمنیانە وەکو خۆیان دەمێننەوە یان فراوانتر دەبن؟**

**نووری مەحمووود**: ئەمە پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە، بۆچی ئەو چوارگۆشە ئەمنیانە فراوانتر ببن. ئەگەر چارەسەریەکی دیموکراتی لە سووریا بەرەوپێش بچێت، پارێزگاری لە ناسمانەی کوردی بکرێت، هەموو پێکهاتەکانی لەنێو سووریادا هەن. کاتێک مافی هەموو پێکهاتەکان لەبەرچاو بگیرێت دەکرێت سووریایەکی دیموکراتی یەکگرتوو هەبێت. بێگومان ئەو چوارگۆشە ئەمنیەی باسی دەکەن بابەتی قسەلەسەرکردن نییە. بەڵام سوپای سووریا بۆ پاراستنی سەروەری خاکی سووریا زیاتر لە رژێمەکە، واپێویست دەکات گەلی سووریا و ئیمانیاتەکانی سووریا بپارێزێت.

**ڕووداو: ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە، بۆ کوێ و کام وڵاتی دراوسێ دەکشێنەوە؟**

**نووری مەحمووود**: لەگەڵ هێزە ئەمریکییەکاندا بەیەکەوە شەڕی داعشمان کرد و ستراتیژیەتمان هەبوو کە دەبوو درێژەی پێبدرایە، بەیەکەوە شەڕکردنی دژی داعش تاوەکو ئێستا بەردەوامە. شەڕی دژی داعشیش بەکۆتا نەهاتووە. لەبوای پراتیکیش شەڕی هاوبەشی دژی داعش بەردەوامە. بەڵام وەکو بریاری کشانەوە دەرچووە هێشتا نەکەوتووەتە بواری کردەییەوە، ئەگەر هەیە کشانەوەکە درێژە بکێشێت. بەڵام ئەگەر هێزە ئەمەریکییەکان دەست بەکشانەوە بکەن و بۆ کوێ بچن؟ ئەوە پرسێکە پەیوندی بە ئەوان خۆیانەوە هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

# سیناریۆکانی پاش کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا



**بورهان شێخ ڕەئوف**

سیناریۆکان زۆرن لە پاش بڕیارە کتوپڕ و بێ لێکدانەوەکەی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆنالد ترەمپ بە کشانەوەی هێزەکانی لە باکووری سوریا کە ژمارەیان زیاتر لە دوو هەزار کەسە ڕەنگدانەوەو کاردانەوەی زۆری لێکەوتووەتەوە و لێدەکەوێتەوە لە ئایندەدا کارئەکتەرەکانی سەر شانۆی ڕووداوەکانی سوریا چ ناوخۆیی و چ دەرەکی هەر لە کوردەکانی سوریاوە بگرە تا شام و ئەنقەرە و تاران و مۆسکۆش.

### کوردەکانی سوریا دەبنە قۆچی قوربانی؟

ئەوەی مەترسی گەورەی لەسەرە لە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا پێدەچێت کورد بێت، هەرچەندە کورد کە سەرەتا شۆڕشیان دەست پێکرد پشتئەستوور بوون بە توانا و خواست خۆیان و مۆڵەتیان لە کەس وەرنەگرت بۆ ئەو بزاڤە کە وەڵامدانەوەیەکی گونجاو بوو بۆ ئەو بارودۆخەی تێیدا ئەژیان، هەر لە پێنەدانی ڕەگەزنامەی سوری بۆ توێژێکی زۆر لە کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتە نکووڵی کردن لە مافەکانیان هەر لە خوێندن بە زمانی دایک تا دەگاتە مافی کولتووری و سیاسی،بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ڕووداوەکانی شۆڕشی سوریا و سەرهەڵدانی ڕەوت و تاقمی تیرۆریستی جۆراوجۆر لەوانە «داعش»، هەروەها دەستوەردانی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزانی جیهان «ئەمریکا و روسیا» لە سوریا ، کوردەکانی سوریا کەوتنە خانەی ئەمریکا و هێزەکانیان واتە( هەسەدە ) بووە بەشێکی گرنگ و دیاری شەڕی دژی تیرۆر و سەرنجی هەموو وڵاتانی پەیوەست بەو شەڕەی بۆ خۆی ڕاکێشا.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە ئێستا لە دوای بڕیارەکەی سەرۆک ترەمپ لە ١٩ - ١٢ - ٢٠١٨ بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا مەترسی گەورەو ڕاستەوخۆ لە سەر هێزەکانی کوردە لە باکوری سوریا بەو پێیەی بڕبڕەی پشتی هێزەکانی سوریای دیموکراتن ( هەسەدە) کە تورکیا بە درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەزانێت و ئەوانیش بە هێزی تیرۆریست ناوەزەند دەکات و جیاوازی نابینێت لە نێوان ئەوان و داعشدا بە تایبەتی هەر لەم ساڵی ٢٠١٨ دا کانتۆنی عەفرینیان داگیرکرد، ئێستاش هەڕەشەی ئاگراوی توندو تۆڵە ئامێزیان لێدەکەن و بە تایبەتی لێدوانەکانی ئەم دواییەی خلوسی ئاکاری وەزیری بەرگری تورکیا لە هەسەدە کە وتی: سەنگەرەکانیان دەکەین بە گۆڕ بۆیان. بە پێشچاوی هەموو جیهانەوە هەروەها کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لە سەر سنوورەکانی سوریا بەتایبەتی نزیک لە شارۆچکەی مەنبج و هەڕەشەی بەردەوام لە کورد ئاماژەی ترسناکن بۆ سەر ئایندەی کورد لە سوریا و هەروەها کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وەکو داگیرسانی گڵۆپی سەوزی ئەمریکایە بۆ تورکیا لە لایەن ئەمریکاوە.

## چارەنووسی کوردی ڕۆژئاوا

هەرچەندە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی (پەیەدە) هەر لە سەرەتای شۆڕشی سوریا و کشانەوەی هێزەکانی ڕژێم لە ناوچە کوردنشینەکان ئیدارەی خۆسەریان ڕاگەیاند و جۆرێک لە هەماهەنگیان لەگەڵ شامدا هەبوو، بەڵام دەستوەردان و هاتنەناوەوەی ئەمریکیەکان بارودۆخەکەی بۆ ئاڵۆزترکردن و کشانەوەی ئێستاشیان ئەمانی خستۆتە بەر چارەنووسێکی ترسناکەوە، چونکە یان دەبێت لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد ڕێکبکەون کە پێشتر دوو هەڵبژاردەی خستبوونە بەردەست ئەویش گفتوگۆ و دیالۆگ یان یەکلاکردنەوەی سەربازی، کە ئەمەیان پێدەچێت گونجاوترین ڕێگا بێت بە وتوویژ و دان و سان بگەنە چارەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردیەکان، چونکە بە پێچەوانەی ئەمە و بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیایە کە لەسەر سنوورەکان خۆی مەڵاس داوە.

هەرچەندە بڕیارەکە ترەمپ ڕۆڵی کوردی زۆر لاواز کرد سەرەڕای ئەوەی نزیکەی ٣٠% خاکی سوریایان لە بندەستە، هەروەها بەشێکی زۆریی سەرچاوەکانی «نەوت و گاز و ئاویش» لەم ناوچانەدایە.

## پێگەی ئێران لە سوریا

ئەم بڕیارەی ترەمپ ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی ئێران ببێتە خاوەنی ڕێڕەوێک بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست ئەو

خەونەیان بەدی بێت کە ساڵانێکە خەوی پێوە دەبینن و ئەمریکیەکان رێگر بوون، لەلایەکی ترەوە پێدەچێت تورکیا و رژێمی سوریا ئەو ناوچانەی لە بندەستی کوردان، لە نێوان خۆیاندا دابەشیبکەن بە شێوەیەک شارەکانی رەقە و دێرزۆر کە سەرچاوەی نەوت و وزەن بۆ رژێمی سوریا و ناوچە سنووریەکانیش بۆ تورکیا.

## چارەنووسی تاقم و گروهەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا

مەبەست لەو تاقم گروپانەیە کە لە ئیدلبن و لە ژێر هەژموونی تورکیادان، ئەمەش پێدەچێت بە رێکەوتنێک لە نێوان ئەنقەرەومۆسکۆ کۆتایی پێبێت و هێزەکانی سوریا بچنەوە ئەدلب بەرامبەر پێشڕەوی هێزەکانی تورکیا و گروهە وابەستەکانیان لە ناوچە کوردییەکاندا.

## ئەی داعش چی لێدێت؟

هەرچەندە ترەمپ وتی: داعشمان تەواو کردوو کۆتاییمان پێهێناوە، بەڵام تا ئێستاش لە شەرێکی سەختدان لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوریا لە گەڵ هەسەدە، بۆیە دوور نیە بەم بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سەرلە نوێ خۆیان رێکبخەنەوەو پەلاماری تر بدەنەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا هەسەدە هەڕەشەی ئەوە دەکات ئەگەر سوپای تورکیا پەلاماری ناوچەکانیان بدەن، ئەوا ئەمان لە شەڕی داعش دەکشێنەوەو بەرەڤانی لە ناوچەکانی خۆیان دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٣٠ی دیسەمبەری ٢٠١٨

## بڕیارە ترسناکەکە..!



**عەدالەت عەبدوڵلا**

کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، کە نزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار سەرباز ئەبن لەچەند بنکەیەکی جیاجیاداو لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کوردەکانی رۆژئاوا، وا دەردەکەوێت کە بڕیارێکی تاکڕەوانە بێت!. ترەمپ، لەم بڕیارەیدا، بەئاشکرا دیارە کە پرسی بە بکەر و دەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵاتەکەی و تەنانەت ئیدارەکەی خۆیشی نەکردووە!، زۆربەی راوێژکارەکانیشی، ئاگاداری نین، نەشگەڕاوەتەوە بۆ وەرگرتنی بیروڕای فەرماندە سەربازییە مەیدانییەکان، تەنانەت حسابی بۆ پنتاگۆن - یش نەکردووە.

جەنراڵ، «رۆبەرت نایر»، کە فەرماندەی مەشاتی دەریایی ئەمریکییە، هەر زوو بۆ رۆژنامەی ( The Wall Street Journal) ئەوەی درکاند کە ئەو لە رۆژنامەکانەوە بیستوویەتی کە ئەبێ لە سوریا پاشەکشە بکەین!، بێگومان هۆکاری پشت دەست لەکارکێشانەوەی «جێمس ماتیس»ی وەزیری بەرگری ئەمریکاش، هەر ئەمەیە. ترەمپ، لەسەر زاری خۆیەوە، ئەوەی ئاشکرای کردووە کە دژی داواکاریی جەنراڵە سەربازییەکانی وڵاتەکەی بووە لەسوریا کە داوای درێژکردنەوەی ماوەی بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ئەمریکایان کردووە لەو وڵاتەدا.

دروشمی «چیتر ئەمریکا پۆلیسی جیهان نییە»!.. ئەگەر بە کردەیی تەرجەمە بکرێ، بە مانای جۆرێک لە کۆتایی هێنانیشە بە رۆڵی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەک زلهێزێکی جیهانی، لەهەستیاترین ناوچەی دنیادا کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و سەرزەمینی بەرژەوەندییە زیندووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و گرێدراوی حساباتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە..!.

بڕیاری پاشەکشە لە سوریا و ئەفغانستان، بە ئاسانی و بەبێ ناڕەزایی و رەخنەو تەنانەت تووڕەیی ناوخۆیی ئەمریکاو رۆژئاوا-ش بە گشتی تێناپەڕێت و تێش نەپەڕیوە. ئەگەر بیانووی ترەمپ، کە بە پلەی یەکەم، بیانوویەکی ئابووریی بزنسمانییانەی پەتییە، ئەوەبێ کە، «نابێ هەموو بارەکە بە کۆڵی ئەمریکاوە بێت» هەروەک خۆی لە تویتەکانی و لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکانیدا دووپاتی دەکاتەوەو بەکارێکی نادادپەوەرانەی دەبینێت، ئەوا لەوە خراپتر ئەوەیە، بەهۆی ئەو جۆرە بڕیارانەوە، پێگەی زلهێزێکی جیهانی وەک ئەمریکا لەناوچەیەکدا پاشەکشە بکات کە بە چەندین جەنگ و دەستێوەردانی سەربازی و بە خوێنی هەزاران سەربازی ئەمریکی و بودجەی زەبەلاح و لەرێی پلانی وردی پنتاگۆن و ئیدارەکانی پێشووتری ئەمریکا و راپۆرتەکانی دەزگای (CIA)ەوە، هەژموونی بەسەردا کراوە!.

دەست لەکارکێشانەوەی گەورە جەنراڵێکی پێشتر خانەنشینی ئەمریکی وەک «جیمس ماتیس»ی وەزیری بەرگری، لە پۆست و ئەرکەکەی خۆی، زەقترین گوزارشتە لەو مەترسییە ستراتیژییە دوورمەودایەی کە دەشێت لە ئەنجامی ئەو بڕیارەدا، بۆ پێگەی ئەمریکا، دروست ببێت. لەم بوارەدا، ماتیس خاوەن ئەزموونێکی زۆرە، ئەو دەزانێ کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و هەژموونی وڵاتەکەی بەسەریدا، چ نرخێکیان داوە. ماتیس، کە بە بۆنەی پسپۆریی سەربازییەوە، ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بڕیارێکی تایبەتی و ئیستسنائی بۆ دەرکرد کە وەک کاراکتەرێکی بواری سەربازی بتوانێت لەبواری مەدەنیشدا خزمەت بکات، خۆی یەکێک بووە لە ئەستێرەکانی جەنگی روخاندنی رژێمی بەعس (١٩٦٨ - ٢٠٠٣ز)، هەر ماتیس خۆی لە(٢٠٠٤ز)دا فەرماندەیی شەڕەکانی ئەمریکای کردووە لە فەلوجە، بەشداریش بووە لەشەڕی ئەفغانستاندا، بۆیە بەهیچ جۆرێک بۆی هەرس ناکرێت لە پڕێکدا و بەبێ حسابکردن بۆی، بڕیاری کشاندنەوەی سەربازەکانی بدرێت لە سوریادا، چ جای ئەوەی ئەم بڕیارە لە کاتێکدا بێت کە تەواوی جەنراڵ و فەرماندە مەیدانییەکان، لەبەر کۆمەڵێک ئیعتیباراتی ستراتیژی و سەربازی و ئەمنی و مرۆیی، داوای درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانیان بکەن لەو وڵاتەدا.

جگە لەوانە، ترەمپ، بەم سیاسەتانەی، خۆی تووشی بەریەککەوتنی گەورەش کردووە لەگەڵ کۆنگرێس و بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکادا لە جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت بەشێکی زۆری هاوبیرەکانیشی لەحزبی کۆماری پاڵپشتی ئاڕاستەکانی ناکەن و بەم بڕیارانەی کۆشکی سپی ئاسوودە نین، چونکە بە ئاشکرا پاشەکشە بە نفوزی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن و، لەبەرامبەردا نفوزی نەیارە تەقلیدییەکانی واشنتۆن لەناوچەکەدا، بەتایبەتیش ئێرانییەکان، زیاد دەکەن. لەولاوە، روسەکانیش، بەبۆنەیەوە، دەبنە برا گەورەو

زلهێزی بێ رکابەر لە دۆسییەی سوریادا، هاوکات هەڵوێستی یەکە سەربازییە ئەوروپییەکانیش لەو وڵاتەدا لاواز دەبێت، ئەمە جگە لەوەی مەترسیی هەڵکشانی ئێرانییەکان و گروپە میلیشیا وابەستەکانی بەرەو نزیکبوونەوە لە سنورەکانی ئیسرائیل ئەهێننە گۆڕێ و پێگەی وڵاتانی کەنداویش، بەتایبەتیش سعودیەو ئیمارات، لەدۆسییەی سوریادا پاشەکشە پێدەکەن، ئەمە تا ئەو رادەیەی کە، لەم رۆژانەدا، لەئەنجامی نائومێدبوون لە بیرۆکەی روخاندنی رژێمی ئەسەدو بەهۆی بڕیارەکەی ترەمپەوە، هەریەکە لە ئیمارات و بەحرێن، ناچاربوون، سەرلەنوێ، باڵوێزخانەکانیان لە دیمەشق بکەنەوەو سعودیەش لەرێگەی عومەر بەشیری سەرۆکی سودانەوە پەیامی دروستکردنەوەی پردی دیبلۆماسی و سیاسی لەگەڵ ئەو رژێمەدا، بنێرێت!.

لەهەموو ئەوانەش پەیوەندیدارتر بە کوردەوە، دۆخی کوردەکانی رۆژئاوایە کە زەرەرمەندی نمرە یەک دەبن ئەگەر بێت و ئەو بڕیارە، وەک خۆی، بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. کوردانی رۆژئاوا، لەپای ئەم پەرەسەندنە دراماتیکییەدا دەکەونە نێوان بەرداشی تورکەکان و رژێمی ئەسەدەوە، لەو نێوانەشدا، بە ناچاری، دەبێ قاپە ژەهرەکە بخۆنەوەو لەگەڵ (أهون الشرين)دا مامەڵە بکەن کە رژێمی ئەسەدە!، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، کوردەکان، لانیکەم، بەشێک لەسەربەخۆیی ناوچە ئازادکراوەکانیان و کانتۆنەکان لەدەستدەدەن و چیتر دەوڵەت لە دیمەشقەوە دەستوەر دەداتە کاروباری کانتۆنەکانەوەو ناهێڵێ خۆسەربن و ئۆتۆنۆم بژین..!

مەترسییەکی تریش، سەرهەڵدانەوەی داعش و گروپە تیرۆریستییەکانی ترە لە وڵاتی سوریادا، بەتایبەتی کە بەپێی راپۆرتەکانی خودی پنتاگۆن خۆی بێت، نزیکەی ١٥ هەزار داعش لە نێوان سوریاو عیراقدا ماون و لێرەو لەوێ پەلامار و جموجوڵیان هەیە، ئەم فاکتانە مەترسین تەنانەت بۆ سەر جیهانیش. وەزیری ئەمنی بەریتانی، «بێن والاس» بۆ رۆژنامەی (Sunday times)ی بەریتانی بە دەنگی بەرز دەڵێت: رێکخراوی قاعدەو داعش سەرهەڵدەدەنەوەو مومکینە هێڵە ئاسمانییەکانی ئەوروپا بکەنە ئامانج. لەوەش خراپتر، بەریتانییەکان زانیاریی ئەوەیان لایە کە ئەو گروپانە تەنانەت خەریکی ئامادەکردنی تەکنەلۆژیایەکی تایبەتن بۆ خستنە خوارەوەی فرۆکەی مەدەنی. دووپاتکردنەوەی سەرلەنوێی پابەندبوونی هەریەکە لە فەرەنسا و بەریتانیاش بە شەڕی تیرۆرەوە لەسوریا و ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لە دوای بڕیارەکەی ترەمپ، هەر لەم مەترسی و ئەگەرانەوە، سەرچاوە دەگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣٠ی دیسەمبەری ٢٠١٨

## دوکتور کامران مەتین بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریا

## لە بەرنامەی "چشم انداز" دا تا و توێ دەکا.




**وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەن قازی**

بۆچوون و قسەکانی دوکتور کامران مەتین مامۆستای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە زانکۆی ساسێکسی بریتانیا لە بەرنامەی "چشم انداز" ی تێلێڤیزیۆنی مانگیلەی ئیران ئینترنەشنال شەمە ٢٩ی دیسامبری ٢٠١٨ بۆ "لێکدانەوەی هەڵوێستە سیاسی و نیزامییەکانی هێزەکانی ناوچە لە پێوەندیی لەگەڵ دوایین پێشوەچوونەکان لە باکووری سووریا. پێشکێشکاری بەرنامە: عەلی خێرەد پیر

**عەلی خێرەد پیر**: ئاغای مەتین وەکوو یەکەم پرسیاری ئەم بەشە لە بەرنامە چۆن دەکرێ هەڵگەڕانەوەی هێزەکانی نێوە نیزامی کورد، یەکینەکانی پاراستنی گەل بەرەو دەوڵەتی ناوەندی لە سووریا لێک بدرێتەوە؟ ئێمە دەزانین ئەو داوخوازەی کە ئەوانە کردوویانە بۆ ئامادەیی ئەرتەشی سووریا لە بەر چ هۆیەک بووە بەڵام ئەو هەڵگەڕانەوەیە لە ڕووی سیاسییەوە مانای چییە؟

**دوکتور کامران مەتین**: بە باوەڕی من ئەو هەڵگەڕانەوەیە بە تەواوی هەم شیاوی شیکردنەوە و هەم پاساو دانە. کوردەکانی سووریا هیچ کات پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بە تەواوی نەپساندووە. و تەنانەت بەشێک لە داییرەکانی دەوڵەتی ناوەندی هێشتا لە شوێنێکی وەک قامیشلۆ و چەند جێگای دیکە لە کوردستانی سووریا بە شێوەیەکی بەرتەنگ هەن. چونکە لە ڕاستی دا ئەو پرۆژە سیاسییەی کە کوردەکانی سووریا وە دوای کەوتوون بە جۆرێک لە ناوەند کردنەوەی دەوڵەتی ناوەندی یە لە چوارچێوەی سنووره سیاسییەکانی هەنووکەیی سووریا دا. لەو ڕووەوە ئەوان هەمیشە ئەوەیان زانیوە کە دواجار دەبێ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بگەنە ڕێکەوتنێک

چونکە پڕۆژەی سیاسی ئەوان سەربەخۆیی یان جوێبوونەوە لە سووریا نییە و نەبووە. لە ئاکام دا ئەوان کانالە پێوەندییەکانیان هەم لەگەڵ سووریا و هەم لەگەڵ ڕووسیا لە هەموو ئەو سالانە دا کە شەڕی ناوخۆیی قەوماوە پاراستووە و لە برگەی جۆر بەر جۆر دا هەم وتوویژیان کردووە و تەنانەت هاوکاری نیزامی تاکتیکیشیان هەبووە بە دژی داعش. لەئاکام دا ئەوەی کە ئەو وتوویژانە دەستی پێکردووە لە پێوەندیی لەگەڵ پێشگرتن لە پەلاماری دەوڵەتی تورکیا و داگیر کردنی ناوچەکانی کوردستانی سووریا لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هێندێک موزاکەرە کراوە بە باوەڕی من هیچ جێگای واق ووڕمان نییە، بە لام لە میدیاکان دا، بەڵانی کەمەوە لە هێندێکیان دا لە سەر ڕەهەندی ئەو ڕێکەوتنانە زۆر زیادەگۆیی کراوە بۆ وێنە شاری منبیج کە هێندێک لە میدیاکان ڕایانگەیاندبوو دەوڵەتی سووریا چووەتە ناوی، هیچ بوونی ئەرتەشی سووریا لە ناو شارەکەدا نییە و هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی تەنێ لە خەتی تەماس لە نێوان هێزەکانی قەسەدە و ئەرتەشی تورکیا لە دەرەوەی لە ڕاستیدا شاری منبیج ن و لە ڕۆژهەلاتی چۆمی فرات جارێ هیچ پێشوەچوونێک ڕووی نەداوە.

هەر چۆنێک بێ کوردەکانی سووریا لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا خەریکی ڕاوێژ کردن بوون لەگەڵ ڕووسیا لە مەسکەو و ئەمڕۆش نوێنەرانی تورکیا دیداریان هەبوو لەگەڵ مەسکەو. بەگشتی ئاوا وەبەرچاو نایە کە تورکیا هەر وا بە هاسانی ئەو جۆرەی کە پێشتر تەسەوری دەکرد بتوانێ لە ڕەهەندی گەورە دا بچیتە ناو خاکی کوردستانی سووریا و سووریا بە گشتی و دەوڵەتی مەسکەو وا وەبەرچاو دێ لە ڕاستیدا پەیامگەلی زۆر کۆنکرێتی لەو بارەیەوە بە تورکیا دابێ و تەنانەت ڕاپۆرتی ئەوە هاتووە کە لە موزاکەرەکانی ئەمڕۆ دا مەسەلەی عەفرین یش هاتووەتە گۆڕێ و دەوڵەتی ڕووسیا داوای کردووە تورکیا تەنانەت لە عەفرینیش دەرکەوێ کە پێشتر لەبەر نزیکی زۆری کوردەکانی سووریا - دیارە لە ڕوانگەی ڕووسیاوە - لەگەڵ ئەمریکا، دەوڵەتی ڕووسیا ئیزنی دا دەوڵەتی تورکیا ئەو ناوچەیە داگیر بکا و هێزی هەوایی تورکیا لەڕاستی دا چرای کەسکی بۆ هەڵکرا لە لایەن دەوڵەتی ڕووسیاوە. بەڵام لە حاڵی حازر دا بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە هەڵوێستی سەرەکی ڕووسیا ئەوەیە کە دەبێ یەکپارچەیی سووریا بپارێزرێ و کۆنترۆڵی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر خاکی سووریا دا بەتەواوی دابمەزرێتەوە، ئەوە دوور لە زەینە ئەوان بتوانن ڕەزایەت بدەن بە داگیر کردنی بەشێکی گرینگ لە خاکی سووریا بە دەست دەوڵەتی تورکیا و بە باوەڕی من هێور بوونەوەی عەمەلیاتە نیزامییەکانی دەوڵەتی تورکیا لە بەرئەو پارسەنگە تازەیەی هێزەکانە کە ڕووی داوە.

**پرسیار لە لایەن بەردیا گەرشاسبی هاوکاری بەرنامەی "چشم انداز": ئاغای مەتین. ئەوەی کە باکووری سووریا ئێستا بە دەست کوردەکانەوەیە، زیاتر لەبەر ڕێکەوتێک نەبووە، لەبەرِ ڕووداوێک و لەبەرِ هەلومەرجی جیاواز، ئەو**

هەلومەرجەی کە پێک هات و ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندیی سووریا لە باکووری سووریا دەرچوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە شوێنی دیکە نەبەرد بکا، دوایە داعش هات و دوایە لە ژێر چەتری پشتیوانی قورس و قایمی هەوایی ئەمریکا دا کوردەکان بە خێرایی و بە تواناییەوە توانیویانە ئەو هەڵکەوتانە لە دەست داعش دەربهێنن و بە ڕێکەوت شوێنەکە بووە بە ناوچەیەک کە ئێستا هیوایانە ببێتە ناوچەیەکی خۆموختار. ئەو هیوایە چەند لە گەڵ ڕاستی دەخوێنێتەوە یان ڕیشەی مێژوویی هەیە و چەندە دەتوانێ ئیمکانی [پێک هاتنی] هەبێ و ئایا ڕووسیا دەتوانێ ببێ بە ڕزگارکەری کوردەکان کارێکی کە ئەمریکا نەیتوانی بیکا؟

**کامران مەتین**: بەڵێ ئەمن لە سەرەتاوە بڵێم ئەو عیبارەتانەی کە ئاغای عەلیزادە [یەکی دیکە لە میوانەکانی بەرنامە. وەرگێڕ] لە ڕاستیدا پارسەنگی هێزەکان و ڕاستییەکان دەردەبرێ. کوردەکان هیچ جێگایەک نادەنەوە بە دەوڵەتی بەشار ئەسەد، دەوڵەتی بەشار ئەسەد ئەگەر هێزی هەبووبا کە یەک لە سێی خاکی سووریا کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی قەسەدە دایە، ئەوێ ئیدارە بکا و کۆنترۆڵی بکا لە جێدا لەوێ دەر نەدەچوو. لە ڕووی هەژمارەوە ئەرتەشی سووریا لە دۆخێکی ئاوا دا نییە کەبتوانێ ئەوەندە بە خاکی سووریا دا بڵاو بێتەوە و بەشێوەیەکی چالاکانە و کاریگەر ئەوێ ئیدارە بکا. قەسەدە ئێستا نزیکەی ١٠٠٠٠٠ (سەت هەزار) شەرڤانی هەیە و ئەوە هێزێکە کە لە هەر بارودۆخێک دا ڕەوایە دەوڵەتی ناوەندی لە هەڵوێستی بەرابەر ڕا لەگەڵیان دەست بکا بە وتووێژ لەگەڵ کردنیان و ئەوان لە ڕاستیدا ببن بە بەشێک لە هێزە بەرگرییەکان و ئەمنییەتییەکانی گشت سووریا و نەک وەک ژێردەستەی دەوڵەتی ناوەندی هەر بەو شێوەیەی کە لە ساڵی ٢٠١١ دەوڵەتی سووریا هەموو سووریای ئیدارە دەکرد. بە باوەڕی من ئەوە وێناچێ بقەومێ لە بەر ئەو هۆیەی کە هێشتا جەریانی ئۆپۆزیسیۆن درێژەی هەیە لە ئدلیب، مەسەلەی ئیسراییل لە باشووری سووریا لە گۆڕێ دایە و هەمووی ئەوانە دەبێتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی سووریا ئەگەر هەر لە سۆنگەی نیزامیشەوە بێ ئەگەر بیشهەوێ ئەو ئیمکاناتەی نییە کە لە ڕۆژهەڵاتی فرات بە تەواوی بەشێوەی ناوەندی و ڕاستەوخۆ حکوومەت بکا. سەبارەت بە

**عەلی خێرە د پیر**: داوای لێبوردن دەکەم ئاغای مەتین ئێوە بۆچی لەو باوەڕە دان کە پەلاماری نیزامی تورکیا لە ڕاستی دا ئیحتیمالی کەم بووەتەوە یان لانی کەم وەدوایە کەوتووە، ئەگەر ئەرتەشی سووریا ناتوانێ چەترێکی پشتیوانی ساز کا، دەبێ هیوای چی پێی هەبێ؟

**کامران مەتین**: بڕاونە، لە جێدا چەتری پشتیوانی زیاتر سەمبۆلیکە. لە بەر ئەوەیکە دەوڵەتی سووریا سەرەڕای ئەو هەموو جینایەتەی کە کردوویەتی و ئاغای عەلیزادەش ئامازەی پێ کرد، لە ڕوی قانوونییەوە هێشتا لە

ئاستی نێونەتەوەیی دا بە دەوڵەتێکی مەشرووع دادەندرێ. لەئاکام دا ئەگەر هێزەکانی سووریا لە سنووری سووریا - تورکیا دابمەزرێن لە ڕاستید دەوڵەتی تورکیا بە کردەوە خۆی لە بەرانبەر دەوڵەتێک دا دەبینێتەوە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا مەشرووعە. لە ئاکام دا ئەو جۆرە داگیرکاری یان پەڕینەوە لە سنوور زۆر جیاوازە لە دۆخێک کە دەستەیەکی نیزامی کە دەوڵەتی نییە وەک یەکینەکانی پاراستنی گەل لەوێ ئامادەیی هەبێ. لە ئاکام دا لە ڕووی حقووقیشەوە بیانوو لە دەست دەوڵەتی تورکیا دەردەهێندرێ و لە ئاکامدا پێکێشی هێزەکانی پاراستنی گەل یش لە وتووێژەکانیان دا لە گەڵ ڕووسیا و سووریا بە ووردی ئەوەیەکە پاسەوانە سنوورییەکانی دەوڵەتی سووریا لەوێ ئامادەیی سەمبۆلیکیان هەبێ و لە ڕووی ناوەرۆکەوە و لە بناوانەوە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە و ئیدارە کردنیان هەر وا لەدەست قەسەدە دا دەمێنێتەوە و لە جێدا قسە لەسەر ئەوەیە کە چەندوچۆنی ئەو ئیدارەیە چۆن ببێ. لەمەڕ ئەوەی کە وەزعییەتێکی کۆنکرێت و ژێئۆپۆلیتیک ئەو ئیجازەی داوە بە کوردەکان، ئەو هەلەی پێک هێناوە، دیارە لەوەدا گۆمانێک نییە. لەڕووی پارسەنگی هێزەکانەوە لەنێوان کوردەکان و دەوڵەتە ناوەندییەکاندا، ئەوان بە تەنێ و دەستبەجێ دەرەتانی ئەوەیان نییە لە شەڕێکی ڕووبەڕوو لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دا بتوانن هەرێمێک وەدەست بخەن و دەرەتانێکی ئاوا زۆر کەمە. لە ئاکام دا ئەوە بەهاری عەرەبی و لاواز بوونی دەوڵەتی سووریا و دواتر سەرهەڵێنانی داعش بوو کە ئەو دەرفەتەی پێک هێنا هێزە کوردەکان دوای ڕۆیشتنی هێزەکانی بەشار ئەسەد لە کوردستان بتوانن ئەوێ کۆنترۆڵ بکەن و لە شەڕی بە دژی داعش دا هەم مەشرووعییەت و هەم خۆشەویستیی نێونەتەوەیی پەیدا کەن.

بەڵام ئەوەی کە ئەو سەرکەوتنانە تەنێ لە بەر پشتیوانی ئەمریکا بوو بێ من زۆر لەگەڵ ئارگومێنتێکی ئەوتۆ دا نیم چونکە لە کاتی گەمارۆ درانی کۆبانێ دا ئەوە لە بەر گوشاری نێونەتەوەیی بوو کە دەوڵەتی ئەمریکا هاتە مەیدانێ دەنا لەوێ خۆڕاگری بەردەوام بوو، بەڵام لەوەدا هیچ گومان نییە کە لە چەند ساڵی ڕابردوو دا کوردەکان بە باشی کەلکیان وەرگرتووە لەو قەڵشتە ژێئۆپۆلیتیکانە و توانیویانە هەم بۆ ڕووبە ڕوو بوونەوە لەگەڵ داعش پشتیوانیی هەوایی دەوڵەتی ئەمریکایان هەبێ و هەم پێوەندی خۆیان لە ڕووی سیاسی و نیزامییەوە لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیا نەپچڕاندووە و بە باوەڕی من لەو ڕووەوە کوردەکانی سووریا، بۆ وێنە لەبەراوەرد کردن لە گەڵ کوردەکانی عێراق، کە گشت بارە هێلکەی خۆیان لە سەوتەی ئەمریکا ناوە دیپلۆماسی سیاسی خۆیان باشتر هەڵسووڕاندووە. بەڵام بە گشتی هەر وەک گوتم ئەوان زۆر باش دەزانن و بەڕاشکاوی گوتوویانە کە دواجار ئەو لایەنەی موزاکەرەی لەگەڵ بکەن دەوڵەتی سووریایە چونکە ئەوان داوای سەربەخۆیی ناکەن، جا چ بە ڕاست یان بە هەڵە، ئەمن کارم بەو لایەنەی نییە. بەڵام ئەو پرۆژە سیاسییەی کە ئەوان دەیانەوێ وەدی بێنن لە جێدا

بریتی یە لە شلکردنەوەی دەستەڵاتی ناوەند، بریتی یە لە جۆرەیەک لە ئیدارەی خۆسەری ناوچەیی و لە ڕاستیدا شێویەکی کۆنکرێتە لە دیاریی کردنی چارەنووسی خۆ کە ئەوان داوای دەکەن و دەوڵەتی ڕووسیاش لە بەر ئەوەی بە شێوەی فێدراتیڤ بەڕێوە دەچێ بە تەواوی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە جۆر دەردێتەوە بەڵام جیاوازییەکە لە سەر ئاستی ئەو فێدڕالیسمەیە کە دەوڵەتی ڕووسیا و کوردەکان و دەوڵەتی سووریا لە لایەکی دیکەوە داوای دەکەن.

بەڵام دواجار بە باوەڕی من دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا سەرەرای ئەو شۆکەی سەرەتا کە لە هەموو گەمەکارەکان خست و لەوانە کوردەکان لە ڕوویەکەوە دەکرێ وەکوو شتێکی پۆزیتیڤ لێک بدرێتەوە؛ دیارە لەڕوانگەی کوردانەوە، چونکە ئامادەیی ئەمریکاییەکان لەوێ تەنیا ئاڵقەی پێوەندی و تێک هاڵاندنی ڕووسیا، سووریا و ئێران بووە لە ڕاستی دا و تا ڕادەیەکیش تورکیا. بە باوەڕی من لە نەبوونی هێزەکانی ئەمریکا دا قەڵشتەکان و جیاوازییەکانی زۆر قووڵی کە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە لە ناوچە دا هەیە لە خۆوە دێتە ڕوو و هەر ئێستاش ئێمە دەبینین بۆ وێنە هەڵوێستی دەوڵەتی ڕووسیا لەمەڕ پەلامارە زۆر و زەوەندەکانی دەوڵەتی ئیسراییل بۆ سەر هەڵوێست و سەنگەرەکانی ئێران لە سووریا زۆر جیاوازە لە دەوڵەتی سووریا خۆی یان ئێران، یان لە درێژ خایەن دا ئەو شتەی کە ئیران لە سووریا بە دواوەیەتی شتێک نییە کە لە ڕاستیدا ڕووسیا بییەوێ بەڵام ئەوان بە هەبوونی دوژمنێکی هاوبەش لە یەک نزیک بوون بەڵام ئێستا ئەو دوژمنە هاوبەشە خەریکە لە شانۆ دەچێتە دەرێ و تەبیعی یە ئەو ڕێئاڵ پۆلیتیکەی کە پێشتر ئەوانی لە یەک نزیک کردبووەوە ئەلئان بە پێچەوانە خەریکە جیاوازییەکانیان زیاتر و زیاتر پڕڕەنگتر دەکا و ئەگەر کوردەکان بتوانن دیپلۆماسییەکی باش بەرەو پێش بەرن بە باوەڕی من دەتوانن لەو قەڵشت و دەرزانەی کە خەریکن پەیدا دەبن کەلک وەربگرن و بگەن بە دەرجەیەکی بەرز لە خۆسەری ناوچەیی.

**عەلی خێرەد پیر:** ئاغای مەتین دوایین پرسیار لەو بەشەی بەرنامە دا لەگەڵ ئێوە دەهێنمە گۆڕێ سپاستان دەکەم ئەگەر بە کورتی وڵام بدەنەوە. ئاغای عەلیزادە لە قسەکانی دا ئاماژەی کرد بە هۆی ئەوەی کە بۆچی ترامپ ئەو بڕیارەی دا بۆ دەرچوونی هێزەکانی خۆی لە سووریا. ئاغای عەلیزادە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەوە نەتیجە یان بەردەوامی موزاکەرەکانی هێلسینکی یە، بەڵام ڕوانگەیەکی دیکەش هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بڕیارێکی ئەوتۆ لە بەر نەبوونی هاوئاهەنگی یان دژبەری نێوان پێنتاگۆن و وەزاڕەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکایە و لە ڕاستیدا ترامپ بڕیارێکی فەردی و شەخسی داوە، ئەگەر دەکرێ بە کورتی با دیتنی ئێوە بزانین لەو بارەیەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

**کامڕان مەتین**: بە باوەڕی من مەنتیقی بڕیاری ئاغای تڕامپ بە تەواوی لە گەڵ دروشمەکانی سەر دەمی کەمپەینی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری جۆر دەر دێتەوە کە دەیگوت "ئەمریکا یەکەم" و لە ڕاستیدا جۆرەیەک دوورەپەرێزی کە بە ئینگلیسی پێی دەڵێن isolation لە سیاسەتی دەرەوەیی دا کە لەو ڕووەوە لە ڕاستیدا دژلەهەڤییەکی جیدی نابیندرێ. مەسەلەیەکی کە واقی هەموانی وور ماند و لەوانە پێنتاگۆن زەمانی ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە بوو. لە نەتیجە دا ئەوە دروستە کە لە نێوان پێنتاگۆن و هێزە نیزامییەکانی ئەمریکا کە لە سەر زەوی هاوکارییان کردووە لەگەڵ کوردەکان و ئەو پێوەندییانە لە ماوەی ئەو ساڵانە دا تەنەنات جۆرەیەک پێوەندیی عاتیفیشی لە نێو ئەواندا ساز کردووە کە شانبەشانی یەک شەڕیان کردووە و لێیان کووژراوە و هەر وەها جیاوازی نێوان ئاغای تڕامپ و دەوڵەتەکەی کەدەغەدەغەی سەرەکی بارودۆخی ناوخۆیی ئەمریکایە، بۆ نموونە مەسەلەی لەمەڕ دەستێوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دا، مەسەلەی شەخسی و مەسەلەی گەندەڵی ئیداری و ئەوانە و گرینگتر لەوە ئەو بەڵێنانەی کە داویە بەلایەنگرە ئەمریکاییەکانی کەئەوان زیاتر لەگەڵ سەرنجدان و پێوەچارانی مەسەلە ناوخۆییەکانی ئەمریکان تا سیاسەتی دەرەوەیی.

بەڵام پێنتاگۆن و ئەفسەرە پایە بەرزەکانی ئەرتەشی ئەمریکا هەر وەک جاران لە چوارچێوەی سەردەمی شەڕی سارد دا بیر دەکەنەوە و ئەوان دەوڵەتی ڕووسیا بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئەمنییەتی نەتەوەیی ئەمریکا وەحیساب دێنن جا لەو ڕووەوە ئیمتیاز دان بە ڕووسیا لە سووریا لە ژێر هەر بیانوویەک دا بێ بە هاسانی قەبووڵ ناکەن.

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## کورد و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا: لە سفرکردنەوەی کێشەکانەوە بۆ سفرکردنەوەی دەسکەوتەکان



سەرچاوە
Serchawe



پەرویز ڕەحیم

پەرویز ڕەحیم قادر/ مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەڵاحەددین

## پێشەکی

بڕیاری سەرۆک ترامپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا/ڕۆژاوای کوردستان لێکدانەوە و کاردانەوەی جۆراوجۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەوەی کە لەم نێوەدا گرنگە، چارەنووسی پرسی کورد لە سووریا و ئاسەوار و لێکەوتەکانی ئەم پاشەکشەیە لەسەر کورد و پاشان کۆی هاوکێشەکانی سووریا کە دەتوانێت بە گۆڕینی هاوسەنگیی هێز کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەبێت. بۆیە پێویستە ئەو لێکەوتانەی کە تاوەکوو ئێستا ڕوون نین، تاوتوێ بکرێن. پرسیاری سەرەکیی ئەم نووسینە ئەوەیە کە، ئەم کاریگەری و لێکەوتانە چین و چۆن کاریگەری لەسەر ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان (وەکوو کورد لە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان) دادەنێت.

### هاوکێشە و لێکەوتەکانی ئەم بڕیارە بۆ ئەکتەرەکان

١- **تورکیا**: ئەم بڕیارە بۆ تورکیا چاوەڕواننەکراو بوو. هەرچەندە ئەردۆغان لە سەرەتادا بەشک و گومانەوە دەیڕوانییە ئەم بڕیارەی ترامپ، بەڵام کێشەیەکی گەورەی لەکۆڵ تورکیا کردەوە، بەوەی کە پاش هەڕەشەکانی ئەردۆغان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی فورات و بەگشتی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژاوا و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پەیەدە - یەپەگە، مەترسیی پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا، چ وەکوو هێزێکی ئامادە لە گۆڕەپانی ڕۆژاوای کوردستان و، چ وەکوو هاوپەیمانێک (هەرچەندە پڕ لە کێشە) لە ناتۆ و، چ وەکوو دەوڵەتێکی زلهێز و کاریگەر. پاشان لە ئاستی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆیی تورکیادا، بە سەرکەوتنی ئەردۆغان هەژمار دەکرێت.

بێجگە لەمەیش ئەمریکا ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بەم ڕێگەیەوە بەرز دەکاتەوە کە لە قازانجی پێگە و هێزی تورکیادا دەبێت. تەنانەت لە داهاتووی سووریا و، هەروەها لە دانوستانەکانی لەگەڵ حکوومەتی بەشار ئەسەد و تەنانەت ڕووسیا و ئێران، لەمە بەدواوە تورکیا هێز و قورساییەکی زیاتری بۆ پاراستنی نفووز و بەرژەوەندییەکانی دەبێت.

٢- **ئێران**: کۆماری ئیسلامی لە لایەک بە گومان و دڵەڕاوکێ و، لە لایەکی ترەوە بە سەرکەوتنی خۆی دەڕوانێتە ئەم بڕیارە. بەم واتایە کە، هەم دوودڵە لەوەی کە پلانی ئەمریکا چییە و بڕوا بەم بڕیارە ناکات و، لە لایەکی تریشەوە هاوسەنگیی هێز بە دەرچوونی ئەمریکا بە قازانجی خۆی دەزانێت. هەروەها ئێران دەتوانێت نفووزی خۆی لە سووریا بۆ پووچەڵکردنەوە و بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئابڵووقە و گوشار و سزاکانی ئەمریکا بەکار بێنێت. بۆ نموونە مەترسیی زیاتر بۆ سەر ئیسرائیل دروست بکات و لە چارەنووسی داهاتووی سیاسیی سووریا ڕۆڵی کاریگەری هەبێت و هیلالی شیعی وەکوو قەڵغانێکی ئاسایشی-سیاسی- سەربازی و تەنانەت ئابووری بپارێزێت. بەڵام ئەوەی کە دووبارە ئێران نیگەران دەکاتەوە ئەوەیە، کە بڕیارەکەی ترامپ و هەماهەنگی لەگەڵ تورکیا ببێتە هۆی پەراوێزخستن و گەمارۆدانی زیاتری ئێران لە لایەن ئەمریکاوە یاخود تورکیا بەم بڕیارە ڕازی بکرێت، بۆ دژایەتیی ئێران بچێتە بەرەی ئەمریکا؛ هەروەها لە سووریا بە بەرزبوونەوەی نفووزی تورکیا، هاوسەنگیی هێز لە زیانی ئێران بگۆڕدرێت. جگە لەمانەیش ئێران ترسی ئەوەی هەیە کە لە هاوکێشەکانی داهاتووی سووریا، بە هۆی ڕێککەوتنێکی نهێنیی ڕووسیا و ئەمریکا لە لایەک و ئیسرائیل لە لایەکی ترەوە، لاواز بکرێت.

٣- **حکوومەتی بەشار ئەسەد (سووریا)**: ئەم بڕیارە دەتوانێت ببێتە هۆی جێگیربوونی بارودۆخی لەرزۆکی بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی و تەنانەت لە داهاتووی سووریادا پێگەیەی بەهێزی هەبێت. هەروەها لەم ڕێگەیەوە سووریا ڕووبەڕووی ئەمریکا نابێتەوە و بە جۆرێک ئەم بڕیارە، داننانە بە حکوومەتی بەشار ئەسەد و سەرۆریی سووریا. بۆیە بە شکست و وەدەرنانی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستەکان لەو پێگانەی کەو هەیانبوو، ڕژێمی سووریا دەتوانێت ببێتەوە هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی سووریا بە یارمەتیی ئێستا و ڕابردووی سووریا و ئێران. بە ڕوانگەیەی ترەوە، سووریا دڵنیا بۆتەوە کە ئەگەرێکی بەهێزە کە ئەمریکا و ڕۆژاوا مامەڵەی لەگەڵ بکەن و چیتر بە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەیەوە نین؛ واتە وەکوو سیگناڵێکی ئەرێنی و کردەیی دەیبینێت.



سەرچاوە
Serchawe

٤- **دەوڵەتانی عەرەبی**: لە ڕاستیدا بۆ سعوودیا و دەوڵەتانی عەرەبی هاوپەیمانی، ئەم بڕیارە جێگەی مەترسییە؛ بەو پێیەی کە هەست بە مەترسی دەکەن لەوەی کە لە لایەک ئێران زاڵ بێت و هاوکێشەکان بە قازانجی خۆی لە سووریا و عێراق و پاشان لە لوبنان یەکلایی بکاتەوە و بە هۆی بەرزبوونەوەی توانا و هێزی ئێران مەترسی لەسەر ئەو دەوڵەتانە دروست ببێت. لە لایەکی تریشەوە بە دەرچوونی ئەمریکا، تورکیا و قەتەر و بیری ئیخوانییەکان بەهێز و باڵادەست بێت. بۆیە ئەم بڕیارە لە کورتمەودا بۆ ئەو وڵاتانە هاوکێشەیەکی دووسەرەی شکست و دۆڕانە. لە ڕوانگەیەی دیکەیش ئەمە بە گوشار بۆ سەر خۆیان دەبینن کە بە مەرج و ویستەکانی ئەمریکا ڕازی بن. بەتایبەت سعوودیا کە لە کێشە و بابەتی "خاشقچی"دا لە ئاستی هەرێمی و سەرووهەرێمیدا تووشی تەنگوچەڵەمەی سیاسی و دیپلۆماسی بووەوە و تورکیا توانی بە باشترین شێوە بۆ لاوازکردنی سعوودیا کەڵک لەم کارتە وەربگرێت. بۆیە ناچارن لە یەمەن و بەتایبەتی لە سووریا بە هاوکێشەی نوێ ڕازی بن؛ چونکە هێشتاکە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران یاخود ململانێیە جیۆسیاسییەکانیان لەگەڵ ئێران بۆ ئەو وڵاتانە ئەولەوییەتی سەرەکیی هەیە.

٥- **ئیسرائیل**: سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی بەرپرسانی ئیسرائیلدا دژایەتیی ئەم بڕیارە نەکراوە و هەوڵ دراوە نیگەرانییەکان بشاردرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئیسرائیل بارودۆخێکی ئەستەم و ناڕوون و تەنانەت مەترسیدار دروست بووە. بۆشاییی هێز و ئەگەری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە، بۆ ئیسرائیل ویستراو و دڵخواز نییە. بۆیە ئیسرائیل لە ئاستی نافەرمی و، هەروەها ڕای گشتییەوە بەدوودڵی و گومانەوە دەڕواننە ئەم بڕیارە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیا و پاشان دۆستایەتی و پاڵپشتیی ئەمریکا بەگشتی و ترامپ بەتایبەتی، تا ڕاددەیەک دڵنیان. لە لایەکی تریشەوە ئەم بڕیارەی ترامپ، ئەمریکا لە ئەگەری هەر هێرشێک بۆ سەر ئیسرائیل، چ لە لایەن حزبوڵڵاوە بێت یاخود ئێران، هەستیارتر دەکات. جگە لەمەیش ئیسرائیل دەستی کراوەتر دەبێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و هێرشەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە سووریا. بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٥ و ٢٦ی مانگی ١٢ ساڵی ٢٠١٨دا هەر زوو پاش ئەم بڕیارە، ئیسرائیل بە هێرشی ئاسمانی و مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حزبوڵڵا و سوپای پاسداران لە سووریا، ئەو پەیامەی گەیاندە سووریا و ئێران.

٦- **ڕووسیا**: یەکێک لە گەورەترین براوەکانی ئەم بڕیارەی ترامپ ڕووسیایە. بەم واتایە کە پێگە و نفووزی ڕووسیا لە لایەک لە سووریا و لە لایەکی دیکەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر و بەرز دەبێتەوە. هەروەها ڕووسیا دەتوانێت ئەم پێگە و نفووزە لە هاوکێشەکانی دیکە لە جیهان لەگەڵ ئەورووپا و ئەمریکا بەکار بێنێت. لە

ڕوانگەیەکی دیکەوە ڕژێمی سووریا بە یارمەتیی ڕووسیا، دەتوانێت قەیرانی ناوخۆیی تێ پەڕێنێت و پاشان لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییش بەهێز بێتەوە. لێرەوە ڕووسیا وەکوو کاریگەترین ئەکتەر لە هاوکێشەکانی سووریا، لە لایەک دەبێت بەرپرسیارێتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرووپەکانی دژبەری سووریا و گرووپە تیرۆریستییەکان لە ئەستۆ بگرێت و، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بە هۆی نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا و، هەروەها دەستێوەردان لە سووریا، پێکناکۆک بێت؛ کە ئەمەیش دەتوانێت تورکیا لە ڕووسیا دوور بکاتەوە. جگە لەمەیش ڕووسیا بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، پاراستنی هاوسەنگیی هێز و، هەروەها پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی ئیسرائیلی دەکەوێتە ئەستۆ. هەرچەندە ڕووسیا ئەمە باش دەزانێت کە ئەم بڕیارە لەوانەیە ڕووسیا ڕووبەڕووی ململانێی توند و تەنانەت بارگرژی لەگەڵ تورکیا و، هەروەها جەنگێکی نەخوازراوی درێژخایەن بکاتەوە. بۆیە هەوڵ دەدات کە هاوکێشەکان لە قازانجی خۆی یەکلایی بکاتەوە؛ بەو پێیەی کە پەیوەندیی توندوتۆڵی هەیە، هەم لەگەڵ قەتەر و تورکیا و ئێران و ڕژێمی ئەسەد و پاشان لەگەڵ سعوودیا و وڵاتانی عەرەبی بەگشتی و ئیسرائیل بەتایبەتی و، هەروەها ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەکوو کورد و حزبوڵڵای لوبنان و حەماس و هتد.

٧- **یەکێتیی ئەورووپا**: بەرپرسانی باڵای وڵاتانی ئەورووپی وەکوو بریتانیا و فەڕەنسا لەو دەوڵەتان بوون کە نیگەرانیی خۆیان لەم بڕیارە ڕاگەیاند. ئەمەیش بە هۆی ئەوەی کە لە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوا، لە لایەک ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی خوێناوی لە ناوچەکەدا و ئاوارەبوونی سەدان هەزار خەڵکی سڤیڵ هەیە و، لە لایەکی دیکەیشەوە مەترسیی بەهێزبوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە و پاشان باڵادەستیی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لای ئەورووپییەکان جێگەی مەترسییە. بۆیە بۆشاییی هێزی ئەمریکییەکان لە سووریا، دەتوانێت بۆ ئەورووپییەکان مەترسیدار و هەستیار بێت. جگە لەمەیش ئەورووپییەکان لە داهاتووی سیاسی و ئاسایشیی سووریا و پاشان ڕەفتار و بەرژەوەندی و سیاسەتی تورکیا نیگەرانن.

٨- **گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و گرووپە تیرۆریستییەکان**: هەرچەندە ئەم گرووپانە سەر بە وڵات و لایەنی جۆراوجۆرن بەڵام لە ڕاستیدا جگە لە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەکوو داعش، ئەم ئەکتەرانە دەکەونە دۆخیکی دژبەیەک؛ لە لایەک لە لایەن ئێران و ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەدەوە لاواز دەکرێن و لەوانەیە بەتەواوی لە رووی سەربازییەوە دابماڵرێن و، لە لایەکی دیکەیشەوە گەری ئەوە هەیە کە تورکیا بۆ کۆنترۆڵی ڕۆژاوای کوردستان و قایمکردنی پێگەی خۆی، هەم جەنگیان پێ بکات و هەم بیانکاتە قوربانی لەسەر داهاتووی



سەرچاوە Serchawe

هاوسەنگیی هێزەکان. چونکە پاش بڕیاری ترامپ، هیچ کام لە ئەکتەرەکان ڕازی نابن کە ئەم گرووپانە بە یارمەتیی تورکیا بەشێک لە خاکی سووریا کۆنترۆڵ بکەن. هەر لەم خاڵەیشدایە کە ئەگەری سەرهەڵدانی بارگرژیی نێوان تورکیا لە لایەک و، ئێران و سووریا و ڕووسیا لە لایەکی دیکەوە، دێتە ئاراوە. هەروەها دەرفەتێک بۆ خۆڕێکخستنەوەی داعش و گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان دروست دەبێت، بەتایبەتی لە کورتخایەندا.

٩- **کورد لە ڕۆژئاوا:** بڕیارە لەناکاوەکەی ترامپ، کورد بەگشتی و پەیەدە - یەپەگەی بەتایبەتی لە ڕۆژئاوا خستە ڕیزی "دۆڕاوەکان" لە هاوکێشەکانی سووریادا. بەم واتایە کە خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا لە بەردەم دوو ئەگەری سەرەکیی نەخوازراو و ئەگەرێکی لاوازدایە کە هەرسێکیان بە زیانی ئەزموون و پێگەی کورد لە ڕۆژئاوا دەشکێتەوە. ئەگەری یەکەم، هێرشی سەربازیی تورکیا و داگیرکردنی ڕۆژاوایە و، ئەگەری دووەم ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد و هێنانی سوپای سووریا و بە جۆرێک کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کوردە لە سووریا و، ئەگەری سێیەمیش ڕازینەبوون بە هیچ کامە لەم ئەگەرانە و دەستپێکردنی جەنگێکی خوێناوی و خۆسپاردن بە چارەنووس و داهاتوویەکی نادیار. لە ڕاستیدا ئەمریکا کوردی خستۆتە بەردەم دۆخیکی ئەستەم و نەخوازراو و مەترسیدار. بۆیە چ لە ئەگەری هێرشی تورکیا و چ لە ئەگەری هاتنەوەی سوپای ڕژێمی ئەسەد و نەمانی خۆبەڕێوەبەری، ئەوە تورکیا و پاشان ڕژێمی ئەسەد براوەن و کورد دۆڕاو. هەرچەندە چەندین سیناریۆی تریش باس دەکرێت، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین گرنگترین و سەرەکیترینیان بەکورتی بخەینە ڕوو.

**کۆبەند: سیناریۆکان**

١- **ڕێککەوتنی کوردەکان بە پاڵپشتیی ڕووسیا لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد** و هاتنەوەی سوپای سووریا بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی تورکیا: لەم سیناریۆیەدا لەوانەیە سووریا بەم مۆدێلە سیاسییە لە خۆبەڕێوەبەرییە و، هەروەها بوونی هێزی چەکداری کورد - عەرەب لە ڕۆژاوا ڕازی نەبێت و هەڵی وەشێنێتەوە.

٢- **هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوا و کۆنترۆڵی ناوچەکەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد:** کە لەم سیناریۆیەدا تورکیا ئەزموونی سیاسی - سەربازی و دەسکەوتەکانی کورد لە جەنگی دژی داعش لەبار دەبات. هەرچەندە لەم ئەگەرەدا کاردانەوەی ئێران و ڕووسیا و پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئارادایە. بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان زۆر مەترسیدارە و،

ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا سنووری دیکە لەگەڵ عێراق بکاتەوە و دابڕانی ڕۆژاوا و هەرێمی کوردستان، بەتەواوی کوردستان لە هاوکێشەکانی عێراق و ناوچەکە پەراوێز بخات و پاشان تورکیا بۆ قووڵایی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەی شنگال و قەندیل جووڵە بکات.

٤- هێرشی سوپای ئازادی سووریا و گرووپەکانی لایەنگری تورکیا: لەم سیناریۆیەدا تورکیا پاڵپشتی لەم گرووپانە دەکات بۆ هێرش بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان و، لە لایەکی دیکەیشەوە سوپای سووریا هێرش دەکات و جەنگێکی سێلایەنە دروست دەبێت کە دیسانەوە کورد ناتوانێت جەنگی دوو بەرە بکات و دۆڕاوی سەرەکی دەبێت.

٤- پڕکردنەوەی بۆشایی هێزەکانی ئەمریکا لە لایەن ئەوروپییەکان و بەتایبەتی فەڕەنسا: لەم سیناریۆیەدا بە پاساوی تەواو نەبوونی جەنگی دژی داعش لە لایەن ئەوروپییەکانەوە و گرنگیی ڕۆڵی کورد لەم جەنگەدا، تورکیا ناتوانێت هێرشی ڕاستەوخۆ بکات یاخود زۆر ئەستەم دەبێت. لێرە کورد دەتوانێت لە چارەسەرێکی سیاسی لە داهاتووی سووریا بەشدار بێت و مەترسییەکان لاوازتر دەبێت. بەڵام ڕۆڵی ڕووسیا و تورکیا و ئێران و گرووپە چەکدارەکانی تر بەرچاوە و چارەنووسی ڕۆژاوا بۆ کاتێکی نادیار و هاوسەنگیی نوێی هەرێمی هەڵدەگیرێت.

٥- ڕازیبوونی تورکیا بە کۆنترۆڵی ڕۆژاوا لە لایەن هێزەکانی ئەنەکەسە - لەشکری ڕۆژ یاخود بەهاوبەشی لەگەڵ پەیەدە - یەپەگە، لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەکتەرەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٣٠ی دیسەمبەری ٢٠١٨

**لینزی گراهام "کوردەکان لە کاتێکدا بۆ شەڕی داعش هاتنە پێشەوە کە کەسی دیکە لە مەیدان دا نەبوو و سەرکۆمار ئەوە زۆر باش دەزانێ "**



لینزی گراهام " کوردەکان لە کاتێکدا بۆ شەڕی داعش هاتنە پێشەوە کە کەسی دیکە لە مەیدان دا نەبوو و سەرکۆمار ئەوە زۆر باش دەزانێ "

سەناتۆری جمهووری خواز و دۆستی نزیکی دونالد ترامپ، لێنزی گراهام لە ماوەی دە ڕۆژی ڕابردوو دا زۆر جار دژایەتی خۆی لەگەڵ بڕیاری ترامپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەربڕیوە. ڕۆژی یەکشەمە ٣٠ دیسامبر دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ دۆناڵد ترامپ لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی دا باسی ئەو بابەتانەی کرد کە لە گەڵ سەرۆک کۆمار باسیان لێوە کردووە و سەبارەت بە سووریا گوتی:

" ئێمە نانێکی خۆشمان بەیەکەوە خوارد. سەبارەت بە سووریا قسەمان کرد و شتێکی بە من گوت کە من نەمدەزانی. بە بیستنی ئەوە ئێستا زیاتر هەست بە باشی دەکەم سەبارەت بەوەی کە لە سووریا دا هەمانە. ئەو بەڵێنی دا داعش تێک بشکێنێ. ئەو بەڵێنە دەپارێزێ، دیارە هێشتا نەگەیشتووینە ئەو خاڵە بەڵام هەر وەک گوتم ئەمڕۆ ئێمە زۆر لێی نزیک بووینەتەوە و پرێزیدێنت بە تەواوی لەوە تێ دەگا کە پێویستە ئەو کارە جێ بە جێ بکرێ. سەرکۆمار نیگەرانی نفووزی ئێرانە لە [سووریا] و هەر وەها مەترسی توانایەکی بۆ سەر ئیسراییل و ساز بوونی جادەیەکی گەورە لە تارانەوە بەرەو بەیرووت بە مەبەستی گەیاندنی چەک بە لوبنان. سەرکۆمار هەر وەها لەگەڵ تورکیا قسە دەکا بۆ ئەوەی دەستەبەر بین کە شەڕێک لە نێوان تورکەکان و هاوپەیمانەکانمان کوردەکان ڕوو نەدا. جا بۆیە ئەمن زۆرم پێ خۆش بوو ئەوەم لێ بیست. هێشتا هێندێک جیاوازی لە بۆچوونمان دا هەیە بەڵام دەمەوێ پێتان بڵێم سەرکۆمار زۆر لە پەرۆشی سووریا دایە و بیری لێ دەکاتەوە. لە لایەکەوە هێزەکانمان دەکشێنینەوە بەڵام لە هەمان کاتدا بەرژەوەندە نەتەوییەکانمان وەدەست دێنین کە ئەویش بریتی یە لە دەستەبەر بوونی تێکشکاندنی داعش کە قەت سەر هەڵنەهێننەوە و هەڵنەستنەوە. و ئەوەی کە هاوپەیمانەکانمان واتە کوردەکان بپارێزدرێن و ئێران نەبێتە بەرەوەی گەورە لە بەر ئەوەی ئێمە سووریا بە جێ دێڵین. ئەمن ئێستا هەستم زۆر باشە

لە مەڕ ئاڕاستەی جووڵەمان . ئەمن بە سەرکۆمارم گوت سەفەرەکەی بۆ عێڕاق زۆر جێی پێ زانینە. پێم وایە زۆر شت لەو سەفەرە فێر بووە و بە دڵنیاییەوە ئەمنیش ئەمڕۆ زۆر شت لەو فێر بووم.

پرسیار: سەناتۆر ئایا بە سەرکۆمارت گوت کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بە کاوەخۆ بێ و یەکدا بە دوو نەبێ؟

لێنزی گراهام: ئەمن پێم وایە سەفەری سەرکۆمار بۆ عێڕاق بووە هۆی چاو وگوێ کرانەوە. فەرماندەکان لەوێ پێیان گوتووە داعش گورزی قورسی وێکەوتووە بەڵام بە تەواوی تێک نەشکاوە بەڵام لە ناوبردنی بەڕێوەیە. ئەمن لەو باوەڕە دام ئۆپێڕاسیۆن بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی داعش بەردەوام دەبێ و خێراتر دەبێ . سەرکۆمار دڵنیای کردم ئەو دەستەبەر دەبێ ئەو کارە بکرێ و ئەمنیش دڵنیام کردەوە کە هیچ کەس بە قەت ئەوی نەکردووە بۆ تێکشکاندنی داعش و ئێمە زۆر لە ئامانج نزیک بووینەتەوە.

دوایە دیارە مەسەلەی کوردەکان هەیە کە پێویستە ئێمە نیگەرانی بارو دۆخیان بین. کوردەکان بۆ شەڕی داعش لە کاتێکدا هاتنە پێشەوە کە کەسی دیکە لە مەیدان دا نەبوو و سەرکۆمار ئەو مەسەلەیە زۆر باش دەزانێ. ئەو لەگەڵ تورکیا قسە دەکا بۆ دڵنیا کردنی تورکیا کە ناوچەیەکی حائیل ساز بکرێ کە ئەوان پێداویستییان پێیەتی بە لەبەرچاو گرتنی نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە کوردەکانی یەپەگە . بەڵام دوایین شتی کە ئێمە نامانەوێ ڕوو بدا شەڕە بە دژی کوردەکان کە ئەوە گوشار لە سەر داعش کەم دەکاتەوە و لەوەش دەرچێ شتێکی دیکەی کە ئێمە نامانەوێ ئەوەیە کە ئێران ببێتە بەرەوەی گەورە لێرە دا.

دابەزاندن و وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە : حەسەن قازی

سەرچاوە : تێلێڤیزیۆنی سی ئێن ئێن

سەرچاوە: ماڵپەڕی ویبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## ڕێکەوتنەوە لەگەڵ بەشار ئەسەد



**خەڵەف غەفور**

ئەزموونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کەوتووەتە بەردەم مەترسیی لەناوچوون، هۆکارەکانی تەنیا پشتتێکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێگای تویتەکەی دۆناڵد ترەمپەوە نییە، بەڵکو پێگەی جیۆسیاسی بەشێوەیەکە زۆربەی کات و بەتایبەتیش لەسەروەختی گۆڕانکاری و ڕووداوەکاندا چی ڕۆژئاوا یان پارچەکانی دیکەی کوردستان چاویان بکەوێتەسەر و بکەونە بەردەم هەڕەشەکانی پیلان و پلانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بەرئەنجامی لێکتێگەیشتنی زیاتری تورکیا و ئەمەریکایە، لە پەراوێزی ئەوەشدا روسیا و ئێران و سوریایش تائەندازەیەک پێیانخۆشە، هاوکات نەئەوان هێندە باوەڕ بە کشانەوەکەی ئەمەریکا دەکەن، نەئەمەریکایش بەخێرایی یان جێگا هەیمەنەی خۆی وا بەئاسانی بۆ نەیارەکانی چۆڵ دەکات.

خاڵی گرنگ لێرە ئەزموونی کانتۆنەکانە کە لە قەندیلەوە ئاڕاستە دەکرێت، ئەو تێکەڵبوونەی قەندیل و ڕۆژئاوای کوردستان زیانی لە قازانج زیاترە ئەویش بەبوونی دەیان هۆکار کە دەرئەنجامەکەی کۆکبوونی دوژمنەکانی بۆ کۆتایی ئەو ئەزموونە لێکەوتووەتەوە.

هەڵەی زۆر هەن لە ڕۆژئاوای کوردستان، پێش ئەوەی باسی بێ وەفایی ئەمەریکا «کە لەنێوان سیاسەت و وەفادا هیچ جۆرە کارلێک و پەیوەندییەک نییە» بکرێت باشترە سەیری ئەو ئەزموونە بکەین، خاڵە لاوازەکانی بریتی بوون لە نەبوونی بەشداری راستەقینەی هێزە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان و تەخوینکردنیان،

دروستنەکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەپەکەکەییکردنی رۆژئاوا و بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی سوریا و چەندین هۆکاری دیکەیش کە ئەزموونەکەی سەقامگیر نەکرد.

لەگەڵ ئەوانەیشدا چەندی هۆکارێکی تر هەن کە وایانکرد رۆژئاوای کوردستان بکەوێتە بەردەم هەڕەشە و مەترسیی گەورە:

**یەکەم:** شۆڕشی گەلانی سوریا شکستی خوارد و بەشار ئەسەد سەرکەوت و مەترسییەکانی ئۆپۆزسسیۆن و داعش و هێزە توندڕەوەکانی دیکەی لەسەر نەما، وا ئێستا دەستی بەتاڵ بووەتەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانە لە پەیەدە.

**دووەم:** لای ئێران و روسیا ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان جێگا هەیمەنەی ئەمەریکین، پیلانیان هەبوو بۆ ئەوەی دنەی زیاتری بەشار ئەسەد بدەن بەشێوەیەکی یاسایی ئەو ناوچانە وەربگرێتەوە.

**سێیەم:** تورکیا چاوی لەو ناوچانە بوو، شەڕێکی حەتمی لەپێش بوو، دەمێکە خۆی بۆ سازداوە، شەڕەکە لەسەر کات ماوە و دەکرێت، لەمەشیاندا هەر پەیەدە زیانی دەکرد.

**چوارەم:** تەنانەت مانەوەی ئەسەد و بەهێزبوونەوەیشی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل زیانبەخش نییە، هەڵگێڕانەوەی پیلانی روخان بۆ گونجاندنی بەرژەوەندی لەگەڵ ئەسەد لەهەر هێزێکی دیکە ئاسانترە، تورکیا روون و ئاشکرا دژی ئیسرائیلە و ئەردۆغان ئەمەی نەشاردووەتەوە، لەمەشیاندا دوو دووژمنی وەکو سوریا و ئیسرائیل دژی تورکیا کۆکن.

**پێنجەم:** دۆناڵد ترەمپ هێزەکانی وڵاتەکەی بەتەواوی ناکشێنێتەوە، بەڵکو سەرەتای جۆرێک لە رێککەوتن لەسەر ئایندەی سوریا هەیە و ئەسەد دەمێنێتەوە، سوریایەکی یەکپارچە بوونی دەبێت، کانتۆنەکان ناکەونە دەست تورکیا، بەڵام رادەستی سوریا دەکرێنەوە و کوردیش لەو نێوەدا هەندێک مافی سەرەتایی دەبێت.



سەرچاوە Serchawe

رێگای دەربازبوون لەو مەترسییانەی لەسەر رۆژئاوای کوردستان دروستبوونە زۆر نین، بەڵکو باشترینیان رێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد و وەرگرتنەوەی هەندێک مافی دەستوورین، ئەم چارەسەرە راستە ئەزموونی کوردی بەو شێوەیەی پەکەکە دایمەزراندووە ناهێڵێتەوە، بەڵام جۆرێک لە ماف و شوناس بۆ کورد دەهێڵێتەوە. لەو نێوەیشدا لەسەر ئاستی ژێرخان کورد دەتوانێت خۆی بۆ هەلی دیکە ئامادەبکات و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی زلهێز بەشێوەیەکی هارمۆنی گرێ بدات.

نە ئەمەریکا دۆڕاوە و نە تورکیایش براوەیە، رێککەوتنی ئەسەد- پەیەدە دەرفەتی سەرکەوتن بۆ کورد زیاتر دەگێڕێتەوە، خۆ پێشتریش هەر پەیوەندی هەبووە و با لەئێستاوە بۆ خاتری پاراستنی کورد بچێتە قۆناغی ئاشکرا و رەسمییەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## ئایا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، ورە و زاتی زێتر وەبەر کەنداو دەنێ؟



د. جیمس ئێم. دۆرسەی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم

ئەوەی کە پێوەندیی بە سەرکردەکانی کەنداوەوە هەیە و جێگەی نیگەرانی ئەوان بووە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و ئەفغانستان، جەختکردنەوەی سەرۆک دۆناڵد ترامپ بووە لەسەر

"جیهان جێگەیەکی خەتەرناکە"، هەرگیز وەک ئێستا ڕاست نەبووە.

کشانەوەی هێزەکان، هاوکات بووە لەگەڵ پێداهەڵگوتنی ترامپ بە نیازی عەرەبستانی سعوودی، کە گوایا دەیەوێ فاتوورەی ئاوەدانکردنەوە لە سووریا بدا- ئەم هەنگاوانە ساغی دەکەنەوە کە ترامپ هیچ بایەخێکی جیۆستراتیژی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادا- لەوما تەنیا ئێران و پرۆسەی خۆنەگرتووی ئاشتیی ئەفغانی وەک بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان ئەمریکا، عەرەبستانی سعوودی و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبدا دەمێننەوە.

وێدەچێ سەرۆکی ئەمریکا، باراک ئۆباما، کە حەزی لێ نەبووە لە دڵەوە لە ساتەوەختی شۆرشە میللییەکانی ٢٠١١ دا، پشتیوانی لەو سەرکردانەی عەرەب بکا کەوتبوونە بەر هێرش و پەلامار و، لە ئەنجامدا سەرانی تونس و میسر و لیبیا و یەمەن لەسەر کار لا بران؛ ئەم خۆنەبانکردنەی ئەمریکا لەسەر بەجوابنەهاتن لە سەرکردەکانی عەرەب، سۆنگەی بەشک کەوتن و هەندێجار هەڵەشانەی سەرکردەکانی سعوودیا و ئیماراتە کە هەر لەو کاتەوە دەریان بڕیوە و نیشانیان داوە. هەنگاوەکانی ترامپ هەڕەشە لەو دوو وڵاتە دەکەن و بەهەڵواسراویی لە هەوادا ڕایان دەگرێ.

دەکرێ هەمان دەرەنجامیش بۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهۆ، هەڵبهێنجرێ، کە دەردەکەوێ نەتانیاهۆ توانیویەتی سەرکەوتووانە قەناعەت بە ترامپ بهێنێ، پلانی ئاشتیی خۆی [واتە هی ترامپ] بۆ ئاشتەوایی ئیسرائیل- فەڵەستینیەکان  تا پاش ٩ی نیسان بڵاو نەکاتەوە کە بڕیارە هەڵبژاردنی پێشوەختەی تێدا دەکرێ، چونکە ڕەچاو دەکرێ کەمتر بە قازانجی ئیسرائیلییەکان بێ. ئاخر سەرباری دانپێدانان و ناسینی بە فەرمیی قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل، لێ وەک دەگوترێ نەخشەکەی ترامپ [هێشتا ئەو نەخشەیە ڕانەگەیەنراوە- ئاسۆ]، ئەو شارە وەکوو پایتەختی هەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و دەوڵەتی فەڵەستین، دەبینێ.

کشانەوەی هێزەکان و پلانی ئاشتی، ترس و بیمە هەرە خراپەکانی سەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتڕاست دەکەنەوە (بەتایبەتی لە لای سەرکردەکانی کەنداو): ئەوان بەبێ هاوپەیمانێکی پشتپێبەستراو بەجێ هێڵدران کە بێ قەیدوشەرت بەرژەوەندەکانیان بپارێزێ. ئاخر لەمەودوا ئەو سەرکردانە هیچ هێزێک نییە ڕووی تێ بکەن کە بەتەواوی جێگەی ئەمریکا وەک پارێزوانێکی بێئەملاوئەولا، بگرێتەوە.

دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری بەرگریی ئەمریکا، جیمز ماتیس، بە لای سەرکردەکانی کەنداوەوە قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە. حسێن حەبیش کە توێژەرێکە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڵێ: "دوورکەوتنەوەی ماتیس، واتە لەدەستدانی موخاتەبێکی سەرەکی لە وەزارەتی بەرگری؛ ئەو وەزارەتە بۆ خۆی ئاژانسێکە لە ئاستی حکوومەتدا کە دەوڵەتانی کەنداو، بکارن مامەڵەی لەتەکدا دەکەن. هەروابێتەوە واتا لەدەستدانی کەسایەتییەکی سەرەکی و گەورە کە تا ڕاددەیەک وەک ئەوان [واتە وەک سەرانی کەنداو] سەیری واقیعەتییە ستراتیژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد. لە ڕاستیدا دەستلەکارکێشانەوەی ماتیس، کە لەبەر ناتەباییی سیاسی بووە لەگەڵ سەرۆکدا، لە ڕوانگەیەکی عەرەبی کەنداوەوە، لە ئاییندەدا چاوەڕوانی خێر لە واشنتۆن ناکرێ."

ترامپ ساغی کردەوە کە جێگەی بەقا و بڕوایێ نییە. هەوەڵ جار ترامپ ڕێگەی بە کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی ئێران دا [ لە سەرەتای نۆڤەمبەری ٢٠١٨] کە نەوت لە ئێران بکڕن و سزاکان ئەوان نەگرێتەوە، دەرفەتی بە وەبەرهێنانی هیندستان لە بەندەری "چابەهار"ی ئێرانی دا، لەوما سەرباری سزا توندە سەپێنراوەکانی سەر ئێران لە لایەن سەرۆک ترامپەوە، سعوودیا و ئیمارات ئەمە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندە جیۆپۆلیتیک و ئابوورییەکانی خۆیان دەبینن. سووریا و ئەفغانستان ئەو فاکتەیەیان پشتڕاست کردەوە کە ناکرێ پێشبینی بکرێ و بزانرێ کە ترامپ چ دەکا و، متمانە پێکراو نییە.

سێ هێزە سەرەکییەکەی دیکەی جیهان: ئەورووپا، ڕووسیا و چین، تا ڕاددەیەک دەکارن وەک ئەمریکا خۆیان نمایش بکەن، بەڵام نە ئەو توانایایەن هەیە و/ یان نە بەرژەوەندییان لەوەدا هەیە وەک پارێزوانی سەرکردەکانی کەنداو، جێگەی ئەمریکا بگرنەوە بەو شێوە و مۆدیلەی کە ترامپ لە دەسپێکی سەرۆکایەتییەکەیدا گەرەکی بووە نیشانی بدات.

عەرەبستانی سعوودی و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب، ناکۆکی و جیاوازیی بنەڕەتییان لەگەڵ هەر سێ هێزەکەی دیکەی جیهاندا هەیە. ئاخر ئەو هێزانە دژی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران وەستانەوە و دەیانەوێ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکەی ٢٠١٥ ڕزگار بکەن، کە کۆتوبەندی خستبووە سەر بەرنامەی نیوکلیاریی کۆماری ئیسلامی. بە هەمان شێوە، ئەو سێ هێزە جیهانییە ڕەتیان کردەوە پشتیوانی لە بایکۆتی ١٨ مانگەی ئابووری و دیپلۆماتیی عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات بکەن لە دژی قەتەر و، داوایان کرد چارەسەرێکی بەپەلە بۆ ئەو قەیرانەی نێوانیان بدۆزرێتەوە.

ڕووسیا زۆری پێ خۆشە و بەتاسەوەیە کە چەک بە دەوڵەتانی کەنداو بفرۆشێ. ئاخر وڵاتانی کەنداو لە کڕیارە هەرە گەورەکانی چەک و تفاقن لە جیهاندا؛ ڕووسیا دەیەوێ ئەو بۆشاییەی بە هۆی سیاسەتی ئەمریکاوە لە کەنداو دروست بووە، بۆ خۆی بقۆزێتەوە و؛ وەک دەوڵەتێکی نائەندامی ئۆپیک، سەرمایەگوزاری بکا و تان وەبەر هەوڵ و تەقەڵلاکانی کەنداو بنێ کە یاری بە بەرهەمهێنان و نرخەکانی نەوت لە جیهاندا بکەن، بەڵام ڕووسیا نایەوێ ببێتە میراتگری ئەمریکا و چەترێکی دیفاعی بۆ ناوچەکە.

لی شین سیم کە شارەزایەکی بواری وزە و کاروباری ڕووسیایە دەڵێ: "تەکەزی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، لەسەر کەنداو نییە... پێم وا نییە ڕووسەکان قازانجێک لە گیروگرفتەکانی نێوان سعوودییەکان و ئەمریکییەکاندا ببینین و، بیانەوێ ڕۆڵێکی گەورەتری تەناهی لەوێ بگێڕن." هەروا خاتوو سیم ئاماژە بۆ گازاندە و ڕەخنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە شازادە موحەمەدی بن سەلمان دەکا، لەبەر کوشتنی ڕۆژنامەنووس "جەمال خاشقچی" و، مەحکوومکردنی ڕەفتار و ئاکاری سعوودیا لە جەنگی یەمەندا.

هەرچی "چین"یشە نە ئەو توانایەی هەیە و نە دەیەوێ جێگەی ئەمریکا لە کەنداودا بگرێتەوە. بە پێچەوانەوە: چین پێی خۆش بووە سوود لە پارێزوانیی ناوچەییی ئەمریکا وەربگرێ؛ ئەمەیش سۆنگەی ئەوە بووە ئەمریکا، چین بە مفتەخۆر تۆمەتبار بکا. وەک لەو پرۆژانەی لە ئۆراسیادا دەبیندرێ و پێوەندییان بە ژێرخانی چین و وزەوە هەیە- وەک پرۆژەی پشتێند و ڕێگە- پشتیوانیی چین بەبێ کۆتوبەند نایەتە دی. هەمان شت بۆ ئەورووپایش ڕاستە.

لەوەیش زێتر، هێرش و پەلاماری هووڤییانەی چین بۆ سەر موسڵمانە تورکەکان، کە گرووپەکانی دیکەی موسڵمانانیش لەو وڵاتە دەگرێتەوە، لەگوینە خاڵێکی ڕەش بێ لە پێوەندییەکانی نێوان کەنداو- چیندا.

نادڵنیاییی سعوودیا و ئیمارات، کە هەنووکە هێزێکی جیهانی نییە بەدەم پێداویستییەکانیانەوە بێ، خۆی لە هەوڵە ئاشکراکانیاندا دەبینێتەوە بۆ دروستکردنەوەی پردەکان لەگەڵ سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەددا کە لە جەنگی ناوخۆدا، ئەو دوو وڵاتە دەیانەویست لای ببەن.

سەردانی ئەم دواییەی سەرۆکی سوودانی، عومەر بەشیر، بۆ دیمەشق، وەک سەردانی یەکەمین سەرکردەی عەرەبی

لە هەڵایسانی جەنگی ناوخۆوە لە ٢٠١١، زۆرتر وەک دەسپێکی توانەوەی بەستەڵەکی پێوەندییەکانی نێوان سووریا-عەرەب سەیری دەکرێ. عەلی مەملووک، کە سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی سەربازیی سووری و بە کەسێکی نزیک لە ئەسەد ناسراوە، چەند رۆژێ دوای ئەو سەردانە، لە قاهیرە لەگەڵ سەرۆکی هەواڵگریی میسریدا، عەبباس کەمال، کۆ بووەوە.

میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب، بەگوێرەی راپۆرتگەلێکی پشتڕاستنەکراوەوە، کونسڵخانەکەی خۆی لە دیمەشق نوێ دەکاتەوە کە لە دەسپێکی بەرپابوونی جەنگی ناوخۆ لەو وڵاتەدا، لە ئەنجامی پچڕانی پێوەندییەکانی کەنداو بە سووریاوە، بەتاڵ و چۆڵ بووە.

سەرباری ئەم نادڵنیاییەی سەرکردەکانی کەنداو، سەرۆک ترامپ زۆر شتی بۆ لێکدانەوە و مەزەندە و مەزەندەکاری جێ هێشتووە، کاتێ بەم دواییە لە تویتەردا سوپاسی عەرەبستانی سعوودیی کرد کە ڕازی بووە "پارەی پێویست، لە بری ئەمریکا کە بۆ بیناکردنەوەی سووریا پێویست بووە، تەرخان بکات."

لە تەک ئەوەی کە عەرەبستانی سعوودی هیچ سەرنج و کۆمێنتێکی دەرنەبڕیوە، ڕوون و خویا نییە کە داخوا ترامپ مەبەست و نیازی لەو ئاماژەیەی چی بووە. لە ئۆکتۆبەردا، یەکجێ دوا بە دوای کوشتنی خاشقچی، عەرەبستانی سعوودی ١٠٠ ملیۆن دیناری بە ئەمریکا دا، وەک یارمەتییەک بۆ هێنانەئارای سەقامگیریی هەندێ ناوچەی سووریا. ئەو بۆشاییەی کە بە هۆی ترامپەوە هاتووەتە ئاراوە، ئەو پێداگریی زۆرەی کەنداو دەخاتە بەر مەترسییەوە و لەوانەیە ئەنجامگەلێکی خراپ و نالەبار و نەویستراویشیان لێ بکەوێتەوە.

هاوکارێکی نزیک لە سەرۆکی تونس، ئەلباجی قائید ئەلسبسی، لە سەرەتای ئەمساڵدا [٢٠١٨] جەختی کردەوە کە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب، کۆمەکی دارایی بە سبسی نیشان داوە، ئەگەر سبسی نموونە و مۆدێلی عەبدلفەتاح سیسی لە تونس بگرێتە بەر. سیسی پاش کودەتا سەربازییەکەی ٢٠١٣ کە موحەمەد مورسی تاکە سەرۆکی هەڵبژێراوی دیموکراتییانەی لەسەر کار لا برد، ئۆتۆکراتییەتێکی هووڤییانەی بەسەر میسردا سەپاندووە.

عەرەبستانی سعوودی لە مانگی ڕابردوودا بەڵێنی دا کە ٨٣٠ ملیۆن دۆلار بە تونس بدا، لە پاش سەردانەکەی شازادە موحەمەد بۆ ئەو وڵاتە کە وەک بەشێک لەو گەشتەی، نیاز و مەرام لێی، نیشاندانی مانەوەی پێگەی

بەهێزی شازادە موحەممەدە بووە، سەرەڕای کوشتنی خاشقچی.

ترامپ، لە بێباکینواندن بەرانبەر ئەو تۆمەتانەی کە لەوانەیە شازادە موحەممەد لە کوشتنی خاشقچیدا بەرپرسیار بێ، جبهانی وەک جێگە و شوێنێکی خەتر وەسف کرد. سەرکردەکانی کەنداو بە لای زۆرەوە، هەمان هزریان هەیە لە وەڵامی سەرۆککۆماردا کە وێدەچێ ترامپ نەیەوێ بەتەواوی بەرژەوەندییەکانی ئەوان لەبەرچاو بگرێ.

سەرچاوە: https://besacenter.org

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٢ی جانێوێری ٢٠١٩

## کشانەوەکەی ئەمریکا و ئایندەی رۆژئاوای کوردستان



د.کاوە رەزا

لەچەند رۆژی رابردوودا، لەبڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا، دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا، بڕیاری کشانەوەی سەرجەم هێزە ئەمریکییەکانی لە رۆژئاوای کوردستانو باکووری سوریا دا، ئەم بڕیارەی ترەمپ بۆ دۆستو نەیارو هەموولایەک جێی سەرسوڕمانو شۆک ئاسابوو، تەنانەت لای هەریەکە لە جێمس ماتێس وەزیری بەرگریی ئەمریکاو برێت مەکگۆرکی نوێنەری ئەمریکا لە هاوپەیمانیی دژی داعشیش، جێی نیگەرانی بوو، بۆیە هەردووکیان دەستیان لەکارەکانیان کێشایەوە.

جیاواز لە هەر لایەک، هێزەکانی سوریای دیموکرات لە رۆژئاوای کوردستان، کە هەنوکە جۆرێک لە حوکمی خۆبەڕێوەبەرییان لە ناوچە کوردییەکانی باکوورو خۆرهەڵاتی سوریادا هەیە، ئەم کشانەوە پێشوەختەیان بە خەنجەر لە پشتدان لەلایەن ئەمریکاوە وێناکردو هەڕەشەی کشانەوەی هێزەکانیان لە دیرەزورو خۆرهەڵاتی فورات بۆ سنوورەکانی تورکیا کرد، ئەمەش بۆ پاراستنی رۆژئاوای کوردستان لەو هێرشەی کە بڕیارە تورکیا بیکاتە سەر منبجو ناوچە سنوورییەکانی تری رۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەم بڕیارەی رۆژئاوای کوردستان جۆرێک بوو لەئینزارکردنی ئەمریکا.

هەرچەندە تا هەنوکە بە تەواوی رووننەبۆتەوە، کە شێوازی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا بەتەواوەتییە، یاخود چەند بنکەیەکی سەربازی لەو وڵاتە دەهێڵێتەوە، لەبەرئەوەی سیاسەتەکانی ترەمپ هەمیشە لێوانلێوە لە هەڵبەزودابەزی رۆژ، بەجۆرێک تا سێ مانگی تر نازانرێت سیاسەتەکانی ترەمپ، جیهانو ئەمریکا بەرەو کوێ ئاڕاستە دەکات؟.

ئەوەی جێی خوێندنەوەیە ئەوەیە کە پێدەچێت بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لەمکاتەدا، بۆ خۆئامادەکردن بێت بۆ لێدانی گورزی سەربازیی لە وڵاتێکی دراوسێ، بۆیە ئەگەری هەیە هێزەکانی تری ئەمریکا لە هەریەکە لە عیراقو ئەفغانستانیش زۆر کەمبکاتەوە، یاخود بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، زۆری‌و کەمیی هێزەکان گۆڕانکاریی تێدا بکات لەهەریەکە لەو وڵاتانەدا بۆ ئاستێک کە نەتوانرێت بکرێنە ئامانج.

گریمانەدەکرێت لەکاتی هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتێکی دراوسێ، رۆژئاوای کوردستان بتوانێت بە سەلامەتی لێی دەرچێتو بگرە بتوانێت سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی فراوانیش بکات، لەبەرئەوەی لەو نێوەندەدا حکومەتەکەی بەشار ئەسەدیش رزگاری نابێتو دەخرێنە ناو بازنەی جەنگەوە، لەمکاتەشدا ئەگەری ئەوە هەیە کە بۆشاییەکی ئەمنی گەورە سەراپای سوریا بگرێتەوەو هێزەکانی سوریای دیموکراتیش بتوانن پڕیبکەنەوە. بۆیە بۆ حەسمکردنی بردنەوەی جەنگەکە بە کەمترین زیان، دوور نییە ئەمریکا لەم قۆناغەدا تورکیاو هێزە هاوپەیمانەکانی، بەکاربهێنێتو لە بەرامبەردا هەندێکی تری لە خاکی رۆژئاوای کوردستان بەشێوەیەکی تاکتیک تەسلیم بە تورکیا بکات.

لەلایەکی دی ئەمریکا کە بە ملیارەها دۆلاری لە یارمەتیدانی هاوپەیمانەکانی‌و جەنگی داعشدا سەرفکردووە،

مەحاڵە بیر لەوە بکاتەوە کە بە تەواوی خاکی سوریا جێبهێڵێت، بۆیە چاوەڕواندەکرێت بەشێک لەو هێزانە بۆ هەولێر، یاخود تورکیا بکێشێتەوەو لە دوای تەواوبوونی گورزە سەربازییەکان بیانگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان تا دەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست.

ئایندە وەڵامدەرەوەی زۆر پرسیار دەبێت لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، هەرچەندە قوڵی ستراتیژیی ئەمریکاو ئیسرائیل لە شامو خاکی سوریادایە، بەڵام پێناچێت تورکیا ئەو پارووە چەورەی لەسوریا دەستبکەوێت کە خەونی پێوەدەبینێت، باشترین وەڵامیش بۆ ڕەشبینی تورکیا لەو ئامانجەدا، دروستکردنی دیواری کۆنکرێتیيە لەسەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە نزیکەی هەشت سەد کیلۆمەتر.

لەم دیدگایەوە تێدەگەین، کشانەوەکەی ئەمریکا جگە لە تاکتیکێکی سەربازیی بەولاوە هیچی تر نییە، ئایندەی ڕۆژئاوای کوردستانیش گەر لە ئایندەدا لە ئێستا باشتر نەبێت، هەرگیز خراپتر نابێت، ڕەنگە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبانو کۆتاییهێنان بە جەنگی یەمەنو بێدەنگی لە جموجوڵی هێزەکانی داعش لە هەریەکە لەسوریاو عیراق لە هەمان چوارچێوەو بەرنامەی پلانەکانی ئەمریکادا بێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەو جەنگەی کە ناوچەکە چاوەڕێیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣ی جانێوێری ٢٠١٩

# ترەمپیش بیری خستینەوە



**هێمن لهۆنی**

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە دوایین کۆبوونەوەی ئیدارەکەیدا لە گوتارێکدا لەبارەی سووریا زۆر شتی بیری کورد خستەوە، لەوانە: کورد ئەکتەرێکی نانێودەوڵەتییە و دەبێ خۆی، خۆی بپارێزێ.

## پەیامەکانی ترەمپ بۆ کورد:

**یەکەم:** ئێوە شەڕکەرێکی باشن، بەڵام کاتێک باشن کە ئەمریکا ٣٠ فڕۆکەی ئێف ١٨ دەنێرێ لە پێشتانەوە و بەبێ ئەمریکا شەڕکەرێکی باش نین.

**دووەم:** راستە خۆتان بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانن، بەڵام لە ژێرەوە نەوت بە ئێران دەفرۆشن و هاوبەشی ئێرانن.

**سێیەم:** دەمانەوێ بتانپارێزین، بەڵام خۆ ناکرێ هەتاهەتایە سەربازی ئەمریکا بۆ ئێوە لە سووریا و عێراق بمێنێتەوە.

ئەم قسانەی ترەمپ سەرەتای گۆڕینی ئاشکرای گوتاری ئەم ئیدارەیەیە لەبارەی کوردەوە لە سووریا و عێراقیش، ئیدی ئەو خەیاڵ و غرووورەی زوو زوو لە سەرکردەکانی کورد دەدات، دەبێ جارێکی دیکە بەرمانبدات.

غرووری سیاسی و نەخوێندنەوەی هاوکێشە سیاسییەکان زۆرکات کوردیان بە هەڵەدا بردووە، هەمیشەش لۆمەی دەرەوەی خۆمان کراوە.

لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەتی رۆژئاوا و باشوور و باکوور، دۆخێک هاتووەتە پێش کە ئەنجامی بەشێک لە غروور و زیاتر حیسابکردنە بۆ هێزە نێودەوڵەتییەکان و زیاتر خۆ بینینە لەوەی هەین.

پێویست ناکات هەمیشە کە کارەساتێک بەسەر کورددا دێت، ئەو قەوانە بڵێینەوە کە لە حەفتاکانەوە بە کیسنجەر دەستپێبکەین و ئەمریکا بکەینە خائین و وڵاتێکی دیکە بکەینە دۆست.

ئەگەر لە بیری خۆمان نەبەینەوە هاوکێشەکە زۆر ئاسانە؛ کورد ئەکتەرێکی نادەوڵەتییە لە ناوچەیەکی جوگرافیا داخراو کە مەیدانی ململانێکانی هێزە ئیقلیمییەکانە.

زۆر کات، کورد کە لەسەر حیسابی ئەم هێزە ئیقلیمیانە لەگەڵ هێزە گەورەکان گرەوی کردبێ، سەرکەوتوو نەبووە.

هەموومان بیرمانە کاتێک هەرێمی کوردستان لە گرژییەکی زۆردابوو لەگەڵ تورکیای دراوسێ یارییەکی دۆڕان-دۆڕان بوو بۆ هەردوولا. کاتێکیش پەیوەندییەکان چوونە پێش، ئاوەدانی و ژیانێکی زۆرباش لە باشووری کوردستان دروستبوو. لەوەش گرنگتر ئەو پەیوەندییە باشەی هەولێر و ئەنکەرە بووە هەوێنی ئاشتی بۆ باکوور و خوێن نەڕشتن لە تورکیا. هەموو جیهانیش دەستخۆشی لێکردین.

دوای شەڕی داعش، جارێکی دیکە لە تێگەیشتن لەو هاوکێشەیە کورد کورتیهێنا، بۆیە ئێستا دۆخەکە بەمشێوەیەیە کە دەیبینین.

کورد نابێ چاوەڕوانی ئەمریکا بکات، هیچ کاتێکیش ئەمریکا بە کاری خۆی نازانێ کورد بخاتە بەرامبەر هاوپەیمانێکی ناتۆی خۆی. کورد لە رۆژئاوا بێ یان باشوور بۆ ئەوەی بگات بە ئەمریکا باشترین رێگە لە ئەنکەرەوەیە.

گرنگە نییە کێ لە تورکیا حوکم دەکات، گرنگە ئەوەیە تێبگەین کە جیۆپۆڵتێکسی تورکیا لەم ناوچەیەدا و پێگەکەی کردوویەتییە تەنیا هاوپەیمانی قبوڵکراوی رۆژئاوا بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە.


کوردانی ڕۆژئاوا دەبوو زۆر لە سەرەتاوە غروور نەیانگرێ و لەگەڵ تورکیا ڕێککبکەوتنایە، ئێستا ڕۆژئاوای کوردستان وەک مۆدێلێک بوو لە باشوور، بەڵام ئیستیفزازکردنی ئەنکەرە بە خەیاڵی ئەمریکاوە هیچ ئەنجامی درێژخایەنی نییە.

ئەوەی ئێستا ترەمپ دەیڵێت، سیاسەتی ئەمریکایە و باوەڕی خۆیەتی بۆ سیاسەتی دەرەوە.

کورد لە هەموو پارچەکان گەر دەیەوێ سیاسەت بکات و بمێنێتەوە دەبێ بە خەیاڵی زلهێزەکان خەون دروست نەکات، ڕێگەچارە یەکبوونی خۆی و حیسابکردنە بۆ هاوکێشە ئیقلیمییەکان، دواتر هەڵبژاردنی باشترین ڕێگە بۆ مانەوە و خۆشگوزەرانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٣ی جانێوێری ٢٠١٩

## کشانەوەی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا



**شادمان مەلا حەسەن**

بڕیاری کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە سوریا یاخود لە ڕۆژئاوای کوردستان کەوا هاوکار و پشتیوانی جەنگاوەرانی یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات بوو لەگەڵ هاوپەیمانەکانی تری لە وڵاتانی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی دژ بە شەڕی تیرۆرستانی داعش. دوو هەفتە لەمەوبەر لە پڕێکدا دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا رایگەیاند کەوا لە نزیکترین کات هێزەکانیان لە سوریا پاشەکشە پێدەکەن،چونکە شەڕی داعش تەواو بوو کاری ئەوانیش هەر ئەوەندە بووە،تەنانەت زیاتریش رۆیشت گوایە بە سەرۆکی تورکیای گوتووە ئەوە سوریا بۆخۆت چی لێدەکەی، لێیبکە.

ئەم بڕیارەی سەرۆکی ئەمریکا بووە جێگای سەر سوڕمانی هەموو دونیا لەناوخۆی ئەمریکا زۆرینە ناوەندە سیاسیی و میدیاکان بەکارێکی خراپیان وەسف کرد .کار گەیشتە ئەوەی وەزیری بەرگری و نوێنەری ترەمپ بۆ شەڕی تیرۆر دەست لەکار بکێشنەوە،ئەندامانی کۆنگرێس بە روون و ئاشکرا هەڵوێستی دژیان نیشاندا .ئەوروپا بەتایبەت فەرەنسا و بریتانیا زۆر بەڕاشکاوی دژی هەنگاوەکە وەستانەوە .ئەوەی زۆر خۆشحاڵ بوو دەوڵەتی تورکیا بوو ئەویش وەک سروشت دژی بوونی کوردە لە هەموو شوێنێک.

ئەوروپییەکان لە ئەنجامەکەی دەترسن لە حالەتی کشانەوەی ئەمریکا، تورکیا کارەساتێک دەقەومێنی و خەڵکێکی زۆر ئاوارە و دەربەدەر دەبێ و جارێکی تر شەپۆلی پەناهەندە و تیرۆر روو لە ئەوروپا دەکاتەوە،چونکە دەزانن ئەوانەی تورکیا پشتیوانیان دەکات کێن .بۆ رووسەکان کشانەوەی ئەمەریکا کارێکی باشە بەڵام زەحمەتە روسەکان وابە ئاسانی رێگا بدەدەن تورکیا ئەم هەنگاوە بنێ،چونکە هەنگاوی تورکیا واتە رێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا و وەستانەوە دژ بە روسیا ، کەواتە روسیا کە خاوەنی سوریایە بۆ وابە ئاسانی رێگا دەدات تورکیا بێت و لایەکی تری سوریا داگیر بکات، بەڵکو رێگاکە ئاسانترە لەگەڵ کوردەکان رێک دەکەوێ و زۆر بەئاسانتر سوریا بەسەر یەک دەخاتەوە.

بۆ وڵاتانی کەنداو خراپییەکەی لەوەیە تورکیا ئەو ناوچانە بگرێ و ئێرانیش بەم شێوەی ئێستا لە سوریا بمێنێتەوە لە هەردووکیان زیانی گەورەی بۆ ئەوان و بۆ ئیسرائیل هەیە . بۆ ئەمریکیەکان جگە لەوەی متمانە لەدەست دەدەن لەلایەن میللەتان لەهەمان کاتدا شکست و پاشکەشەیەکی گەورەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر بە تەوژمی روسەکان.

کەواتە لە هەموو دۆخێکدا رەوشەکە ئالۆزە و بەکشانەوەی ئەمریکا ئالۆزتر دەبێت بۆیە ئەم هەنگاوەی ئەمریکا پێویستی بەچارەسەرێکی گونجاوە، بۆیە ئەمریکا پاشەکشەکردن دوادەخات تاکو چارەسەرێکی وا دەدۆزێتەوە کە روو سورانەتر لێیدەرچێ .هەرچەندە زەحمەتە بەیەکجاری چۆڵی بکات و بکشێتەوە .چونکە ئەگەر ئێستا وڵاتانی



سەرچاوە
Serchawe

کەنداویش بەرەو ئاشتبوونەوە دەڕۆن لە سوریا تاکە هۆکار بۆ ئەوەی پشکیان لە داهاتووی سوریا هەبێ لە ئاوەدانکردنەوە و پێگەی خۆیان لەم وڵاتە بەهۆی بوونی هێزەکانی سوریای دیموکراتە بۆیە لە هەموو حالەتێک پاشەکشەکە سەرناگرێ بێ ئەڵتەرناتیڤێکی چاکتر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣ی جانێوێری ٢٠١٩

## ئەمریکا لە نێوان حزووری نیزامیدا



خالید حەسەنپوور

ڕۆژی ١٩ی دێسامبر ترامپ لە ڕێگای تووێتێکەوە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکای لە سووریە ڕاگەیاند. ئەو هەواڵە کتوپڕە هەم دۆستانی ئەمریکا و هەم دوژمنان و تەنانەت بەشێک لە دەوڵەتی ئەمریکاشی تووشی سەرسووڕمان کرد. کەمتر لە ١٠ ڕۆژ بە سەر ئەو بڕیارەدا تێنەپەڕیبوو کە سیناتۆری کۆماریخوازەکان، لینزی گرام ڕایگەیاند کە جارێ ئەمریکا پاشەکشە ناکا هەتا ئاخرین ئاسەواری داعش لەنێو نەچێ و هاوپەیمانە کوردییەکەش پارێزراو نەبێ. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی هەیە بە ناتەبایی لە سیاسەتی دەرەوەی ترامپدا، ئەوە یەکەمجار نییە کە ئیدارەی ترامپ هەڵوێستی لەو چەشنە دەگرێ. بەڵام هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ستراتیژیی ئەمریکا لە سووریەوە هەیە، ڕووسیە و ئەمریکا دوای چاوپێکەوتنەکەی پۆتین و ترامپ لە هێلسینکی، لەسەر قەدەری سووریە دەکرێ بڵێین لە قەوارە گشتییەکەیدا پێک هاتوون. ئەگەرچی خاڵەکانی ئەو سازانە ئاشکرا نەکراون و ڕانەگەیەندراون، بەڵام دەکرێ بڵێین لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد هەتا هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و پاراستنی



سەرچاوە Serchawe

تەواوییەتی خاکی سووریە ڕێک کەوتوون. کە باسی تەواوییەتی خاک دەکرێ، وێدەچێ مەبەستەکە هەر بەتەنیا کوردی ڕۆژئاوا نەبێ، بەڵکوو ئێرانیش بگرێتەوە و جارێ ئەوەندە ڕوونە کە پێکهاتنی نێوان ئەو دوو گەورە هێزە بەتەنیا لەسەر مەسەلە گرینگەکانە و هێشتا لای لە وردەکارییەکان نەکردووەتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە بەڕاستی سووریە چەندە گرینگیی هەیە بۆ ئەمریکا کە دەیهەوێ لە داهاتوودا هێزە سەربازییەکانی لێ بکێشێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەپێشدا دەبێ بڵێین کە ئەمریکا نە هیچکات سووریەی بە ناوچەی نفووزی خۆی زانیوە و نە بە شێوەیەکی ستراتیژیکی لێی ڕوانیوە. لە ١٩٥٠ بەملاوە سووریە هەمیشە هاوپەیمانیی هەبووە دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و پاش نەمانی یەکیەتیی سۆڤییەتیش پێوەندییەکانی دەگەڵ ڕوسیە هەر بە شێوەی ڕابردوو درێژە داوە. هەر ئەو پێوەندییە مێژووییەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئەسەد لە ڕووی ستراتیژییەوە ببەسترێتەوە بە ڕووسیە. پاش سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی سووریە بوو کە ئیدارەی ئۆباما لە ژێر گوشاری بیروڕای گشتیدا کەوتە بیری ئەوەی کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی سووریە وەربدا.

بە کورتی دەگەڵ ئەوەی کە ئەمریکا لە زەمانی ئۆبامادا دەیەویست ڕوویکەردێکی ئەکتیڤتر لە جاران بەرامبەر بە بارودۆخی ئەو وڵاتە بگرێتە بەر، بەڵام لەلایەک بە هۆی نەبوونی پێوەندیی دۆستانە و لەمێژینە دەگەڵ ئەسەد و لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی نەبوونی لیبراویی سیاسیی بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی دژە دێموکراتیکی ئەسەد، کارتێکەریی لەسەر سیاسەتی سووریە زۆر کەم بوو. پاش ئەوەی ترامپ هاتە سەرکار، وا وێدەچوو کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕوویکەردێکی جیدیتر لەمەڕ سووریەوە بگرێتەبەر و، دەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ترامپ هێزێکی سەربازیی نارد بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و بە کردەوە دەگەڵ لایەنی کوردی و هێندێک لایەنی سەرانسەی هاوکاریی هەبوو، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا ئەوەی شەقڵی لە سیاسەتی سووریە و گۆڕەپانی سەربازیی دەدا هەر ڕووسیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون. دەکرێ بڵێین کە هەم ئیدارەی ئۆباما و هەم ئیدارەی ترامپ بە شێوەیەکی بێپلان و حیساب بۆنەکراو چوونە نێو گەمەی سووریەوە. بۆیە ئەمریکا وەک گەورە هێزێک یان نەدەبوو بچێتە نێو سووریەوە، یان ئەگەر دەچوو دەبوو بە لیبراوییەکی زۆرتر و بە هێزێکی زۆرتر چووبا نێو گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی ئەو وڵاتەوە.

دەکرێ بڵێین لایەنێک کە بەچوونەدەرێی هێزەکانی ئەمریکا تووشی زیان دەبن، کوردەکانن و ئەوەی پێی دەڵێن «هەسەدە»یە. ئەگەرچی یەپەگە لە سەرەتاوە پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئەمریکاوە نەبوو، بەڵام لە ڕەوتی شەڕی کووبانی ڕا ئەرتەشی ئەمریکا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتیی شەڕوانەکانی یەپەگەی دا. ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو هەتا ئەو جێگایەی هێزەکانی یەپەگە و ئەرتەشی ئەمریکا بەرەیەکی سەربازییان لەدژی داعش پێک هێنا. لەو کاتەوە بەستراوەیی ئەو هێزانە بە ئەمریکاوە تا دەهات زیاتر دەبوو. ئەوە ئەگەر لەسەر گۆڕەپانی سەربازی بەو جۆرە بوو، لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەو چەشنە نەبوو. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە داوڕۆژی کوردی سووریەوە هەبوو، ڕەنگبێ چارەنووسی کورد لەو وڵاتە، بە حزووری ئەمریکا یان بێ حزووری ئەمریکا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبا.

سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە ڕایانگەیاندبوو کە لە سووریە جیا نابنەوە و، سازوکاری ئیدارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیشیان بەجۆرێک ڕێک خستبوو، کە لە ڕووی قەوارەوە بە بەشەکانی دیکەی سووریەوە وەسڵ ببنەوە. بەڵام ناتەبایەکی کە لە سیاسەتی بەڕێوەبەریی ئەو بەشەدا هەبوو ئەوە بوو کە لە لایەک نیازی جیابوونەوەیان لە سووریە نەبوو و، لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی سیاسی و سەمبولیکەوە جۆرێک تەعبیریان لە خۆیان دەکرد کە دەبوونە مایەی هەڕەشە لە سەر دەوروبەری خۆیان. هەروەها هەر لەو پێوەندییەدا مەسەلەیەکی دیکە کە ئەویش وەک کەموکووڕییەکی جیدیی سیاسی خۆ دەنوێنێ ئەوەیە، مادام ئەجێندای جیابوونەوە لە سیاسەتی کوردی سووریەدا نەبوو و نییە، پێویست بوو کە سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژئاوا دەنگی پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا، لە سەر گۆڕەپانەکانی شەڕ بە قازانجی ڕێژیمی ئەسەد لەگۆڕێدا بوون ببیستێ. ئەگەر یەپەگە واقعبینانە چاوی لە بارودۆخی سیاسی و سەربازیی سووریە کردبا و، بە پێی ستراتیژیی خۆی - کە مانەوە بوو لە چوارچێوەی سووریەدا - جووڵابایەوە، دەبوو زۆر زووتر دەگەڵ ڕێژیمی ئەسەد بکەوێتە گفتوگۆوە. ئەو کارە دەبووە هۆی ئەوەیکە بەوەخت پێش بە تەڕاتێن و شەڕفرۆشییەکانی تورکیە بگرێ.

بە چوونەدەرێی ئەمریکا لە سووریە و ڕۆژئاوا، هەتا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە دەستێوەردانی تورکیە لە بارودۆخی سووریەوە هەیە، پارسەنگیی سیاسی و سەربازی هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. چونکە هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و داگیرکردنی ئەو ناوچەیە، بەر لە هەموو شتێک بە چرای سەوزی ڕووسیە ڕووی دا. ڕووسیە بەهۆی هێرشی تورکیە بە تیرێک دوو نیشانەی ئەنگاوت. لەلایەک ئەمریکا و تورکیەی وەک دوو هێزی هاوپەیمان



سەرچاوە
Serchawe

لە ناتۆدا لە بەرامبەر یەکتردا ڕاگرت و، لە لایەکی دیکەوە بە جووڵاندنی سپای تورکیە بۆ نێو خاکی ڕۆژئاوا، کوردەکانی ناچار کرد کە پەنا بۆ ڕژێمی ئەسەد بەرن و ڕێگای سازان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بگرنەبەر. هەرچەند حزووری ئەمریکا لە کورت ماوەدا بە سوودی یەپەگە بوو، بەڵام حزووری ئەمریکا خۆی لە خۆیدا ببووە هۆی گرێدانی ئەجیندای سیاسیی تورکیە، سووریە و ڕووسیەش لە نێو گەمەکەدا. سروشتییە کە دەرچوونی ئەمریکا لە سووریە، قەڵەشتی بەرژەوەندیی نێوان لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سووریە هەتا دێ لە درێژ ماوەدا زیاتر دەکا. ڕووسیە هەتا ئێرە بۆ ئەوەی بەرەی سووریە لەو قوڕاوەی کە تێی کەوتووە بێنێتە دەرێ، وەک دەڵێ ‹›تەواوییەتی ئەرزیی بپارێزێ‹› سیاسەت و ستراتیژییەکی زۆر پلانمەند و حیساب بۆکراوی گرتووەتە بەر. ستراتیژیی سەربازیی ڕووسیە لە نێو شەڕی سووریەدا، هەتا ئێستا ئەوە بووە کە هێزە بچووکەکان بە هێزە گەورەکانی لەسەر گۆڕەپانی سووریە و دەرەوەی سووریە لە نێو ببا، یان بە هۆی گوشاری هێندێکیان بۆ سەر هێندێکی دیکە ملکەچی دەوڵەتی ناوەندییان بکا. نیشانەکان لە ئێستاوە دەری دەخەن کە ئەو ڕوویکەردە لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامیش دەگرێتەوە. سپای قودس کە هەتا ئێستا هۆکارێک بووە بۆ سەقامگیریی ڕژێمی ئەسەد، لەمەو بەدواوە بە زاڵبوونەوەی حکوومەتی ئەسەد بەسەر بارودۆخی سووریەدا، بە هۆی هەڕەشەی ئەمنی لەسەر ئیسرائیل، دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیریی لە سووریەدا. بۆیە ئەگەر سووریە بەرەو بارودۆخێکی ئارامتر هەنگاو بنێ و، گەمارۆکانی ئابووریی ئەمریکاش کاریگەرییان لەسەر ئێران هەبێ، لەوانەیە یەکەم جێگا لە ناوچەدا کە کۆماری ئیسلامی بەجێی بێڵێ، سووریە بێ.

ماوەتەوە بڵێین ئایا پاشەکشەی سەربازیی ئەمریکا لە هێندێک وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەمانای پاشەکشەیە لە سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە لە ئاستی جیهان و ناوچەدا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە سەرنج بدەینە هاتنەدەری یەکلایەنەی دەوڵەتی ئەمریکا لە بەرجام وەک پەیمانێکی نێونەتەوەیی و، هەوڵی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە بەرنامەی ناوکیی کۆرەی باکوور و هێنانە سەرمێزی وتووێژی سەرۆکی ئەو وڵاتە، «کیم ئیل سونگ» و هێمنکردنەوەی شێوە دوورگەی کۆرەیە. هەروەها ڕەوانەکردنی گەلەکەشتییە شەڕکەرەکانی ئەمریکا بۆ کەنداوی فارسیش یەکێکیتر لەو هەوڵانەیە کە نیشان دەدا ئەمریکا بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ئەو ناوچەیە بێلایەن و سەیرکەر نییە . بەڵام شکی تێدا نییە ئەولەوییەتی سیاسەتی ترامپ لەو دەورەیەدا دە پێشدا بارودۆخی نێوخۆیی ئەمریکایە. بۆیە ئەو ئیدارەیە لەژێر تیشکی دوو هۆکاری بنەڕەتی، واتا چارەسەری بارودۆخی ئابووریی ئەمریکا و کەمکردنەوەی خەرجەکانی، بۆ بەکردەیی کردنی سیاسەتەکانی خۆی لە ئاستی جیهاندا، لە ڕووی سەربازییەوە وەک سێ دەیە لەمەو بەر، دەچێتەوە نێو قاوخی خۆی و؛ هەوڵ دەدا لە

ڕێگای شکڵبەندیی دیکە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کەمتر خەرجی تێبچێ حزووری سیاسی و سەربازیی خۆی بپارێزی.

ڕۆژی ١٩ی دێسامبر ترامپ لە ڕێگای تویتێکەوە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکای لە سووریە ڕاگەیاند. ئەو هەواڵە کتوپڕە هەم دۆستانی ئەمریکا و هەم دوژمنان و تەنانەت بەشێک لە دەوڵەتی ئەمریکاشی تووشی سەرسووڕمان کرد. کەمتر لە ١٠ ڕۆژ بە سەر ئەو بڕیارەدا تێنەپەڕیبوو کە سیناتۆری کۆماریخوازەکان، لینزی گرام ڕایگەیاند کە جارێ ئەمریکا پاشەکشە ناکا هەتا ئاخرین ئاسەواری داعش لەنێو نەچێ و هاوپەیمانە کوردییەکەش پارێزراو نەبێ. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی هەیە بە ناتەبایی لە سیاسەتی دەرەوەی ترامپدا، ئەوە یەکەمجار نییە کە ئیدارەی ترامپ هەڵوێستی لەو چەشنە دەگرێ. بەڵام هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ستراتیژیی ئەمریکا لە سووریەوە هەیە، ڕووسیە و ئەمریکا دوای چاوپێکەوتنەکەی پۆتین و ترامپ لە هێلسینکی، لەسەر قەدەری سووریە دەکرێ بڵێین لە قەوارە گشتییەکەیدا پێک هاتوون. ئەگەرچی خاڵەکانی ئەو سازانە ئاشکرا نەکراون و ڕانەگەیەندراون، بەڵام دەکرێ بڵێین لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد هەتا هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و پاراستنی تەواوییەتی خاکی سووریە ڕێک کەوتوون. کە باسی تەواوییەتی خاک دەکرێ، وێدەچێ مەبەستەکە هەر بەتەنیا کوردی ڕۆژئاوا نەبێ، بەڵکوو ئێرانیش بگرێتەوە و جارێ ئەوەندە ڕوونە کە پێکهاتنی نێوان ئەو دوو گەورە هێزە بەتەنیا لەسەر مەسەلە گرینگەکانە و هێشتا لای لە وردەکارییەکان نەکردووەتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە بەڕاستی سووریە چەندە گرینگیی هەیە بۆ ئەمریکا کە دەیهەوێ لە داهاتوودا هێزە سەربازییەکانی لێ بکێشێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەپێشدا دەبێ بڵێین کە ئەمریکا نە هیچکات سووریەی بە ناوچەی نفووزی خۆی زانیوە و نە بە شێوەیەکی ستراتیژیکی لێی ڕوانیوە. لە ١٩٥٠ بەملاوە سووریە هەمیشە هاوپەیمانیی هەبووە دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و پاش نەمانی یەکیەتیی سۆڤییەتیش پێوەندییەکانی دەگەڵ ڕوسیە هەر بە شێوەی ڕابردوو درێژە داوە. هەر ئەو پێوەندییە مێژووییەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئەسەد لە ڕووی ستراتیژییەوە ببەسترێتەوە بە ڕووسیە. پاش سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی سووریە بوو کە ئیدارەی ئۆباما لە ژێر گوشاری بیروڕای گشتیدا کەوتە بیری ئەوەی کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی سووریە وەربدا.

بە کورتی دەگەڵ ئەوەی کە ئەمریکا لە زەمانی ئۆبامادا دەیەویست ڕوویکەردێکی ئەکتیڤتر لە جاران بەرامبەر بە

بارودۆخی ئەو وڵاتە بگرێتە بەر، بەڵام لەلایەک بە هۆی نەبوونی پێوەندیی دۆستانە و لەمێژینە دەگەڵ ئەسەد و لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی نەبوونی لیبراڵیی سیاسیی بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی دژە دێموکراتیکی ئەسەد، کارتێکەریی لەسەر سیاسەتی سووریە زۆر کەم بوو. پاش ئەوەی ترامپ هاتە سەرکار، وا وێدەچوو کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕوویکەردێکی جیدیتر لەمەڕ سووریەوە بگرێتەبەر و، دەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ترامپ هێزێکی سەربازیی نارد بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و بە کردەوە دەگەڵ لایەنی کوردی و هێندێک لایەنی سەرانسەری هاوکاریی هەبوو، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا ئەوەی شەقڵی لە سیاسەتی سووریە و گۆڕەپانی سەربازیی دەدا هەر ڕووسیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون. دەکرێ بڵێین کە هەم ئیدارەی ئۆباما و هەم ئیدارەی ترامپ بە شێوەیەکی بێپلان و حیساب بۆنەکراو چوونە نێو گەمەی سووریەوە. بۆیە ئەمریکا وەک گەورە هێزێک یان نەدەبوو بچێتە نێو سووریەوە، یان ئەگەر دەچوو دەبوو بە لێبڕاوییەکی زۆرتر و بە هێزێکی زۆرتر چووبا نێو گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی ئەو وڵاتەوە.

دەکرێ بڵێین لایەنێک کە بەچوونەدەرێی هێزەکانی ئەمریکا تووشی زیان دەبن، کوردەکانن و ئەوەی پێی دەڵێن «هەسەدە»یە. ئەگەرچی یەپەگە لە سەرەتاوە پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئەمریکاوە نەبوو، بەڵام لە ڕەوتی شەڕی کووبانی ڕا ئەرتەشی ئەمریکا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتیی شەڕوانەکانی یەپەگەی دا. ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو هەتا ئەو جێگایەی هێزەکانی یەپەگە و ئەرتەشی ئەمریکا بەرەیەکی سەربازییان لەدژی داعش پێک هێنا. لەو کاتەوە بەستراوەیی ئەو هێزانە بە ئەمریکاوە تا دەهات زیاتر دەبوو. ئەوە ئەگەر لەسەر گۆڕەپانی سەربازی بەو جۆرە بوو، لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەو چەشنە نەبوو. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە دواڕۆژی کوردی سووریەوە هەبوو، ڕەنگبێ چارەنووسی کورد لەو وڵاتە، بە حزووری ئەمریکا یان بێ حزووری ئەمریکا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبا.

سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە ڕایانگەیاندبوو کە لە سووریە جیا نابنەوە و، سازوکاری ئیدارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیشیان بەجۆرێک ڕێک خستبوو، کە لە ڕووی قەوارەوە بە بەشەکانی دیکەی سووریەوە وەسڵ ببنەوە. بەڵام ناتەبایەکی کە لە سیاسەتی بەڕێوەبەریی ئەو بەشەدا هەبوو ئەوە بوو کە لە لایەک نیازی جیابوونەوەیان لە سووریە نەبوو و، لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی سیاسی و سەمبولیکەوە جۆرێک تەعبیریان لە خۆیان دەکرد کە دەبوونە مایەی هەڕەشە لە سەر دەوروبەری خۆیان. هەروەها هەر لەو پێوەندییەدا مەسەلەیەکی دیکە کە ئەویش وەک کەموکووڕییەکی جیدیی سیاسی خۆ دەنوێنێ ئەوەیە، مادام ئەجێندای جیابوونەوە لە

سیاسەتی کوردی سووریەدا نەبوو و نییە، پێویست بوو کە سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژئاوا دەنگی پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا، لە سەر گۆڕەپانەکانی شەڕ بە قازانجی ڕێژیمی ئەسەد لەگۆڕێدا بوون ببیستێ. ئەگەر یەپەگە واقعبینانە چاوی لە بارودۆخی سیاسی و سەربازیی سووریە کردبا و، بە پێی ستراتیژیی خۆی - کە مانەوە بوو لە چوارچێوەی سووریەدا - جووڵابایەوە، دەبوو زۆر زووتر دەگەڵ ڕێژیمی ئەسەد بکەوێتە گفتوگۆوە. ئەو کارە دەبووە هۆی ئەوەیکە بەوەخت پێش بە تەڕاتێن و شەڕفرۆشییەکانی تورکیە بگرێ.

بە چوونەدەرێی ئەمریکا لە سووریە و ڕۆژئاوا، هەتا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە دەستێوەردانی تورکیە لە بارودۆخی سووریەوە هەیە، پارسەنگیی سیاسی و سەربازی هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. چونکە هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و داگیرکردنی ئەو ناوچەیە، بەر لە هەموو شتێک بە چرای سەوزی ڕووسیە ڕووی دا. ڕووسیە بەهۆی هێرشی تورکیە بە تیرێک دوو نیشانەی ئەنگاوت. لەلایەک ئەمریکا و تورکیەی وەک دوو هێزی هاوپەیمان لە ناتۆدا لە بەرامبەر یەکتردا ڕاگرت و، لە لایەکی دیکەوە بە جووڵاندنی سپای تورکیە بۆ نێو خاکی ڕۆژئاوا، کوردەکانی ناچار کرد کە پەنا بۆ ڕێژیمی ئەسەد بەرن و ڕێگای سازان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بگرنەبەر. هەرچەند حزووری ئەمریکا لە کورت ماوەدا بە سوودی یەپەگە بوو، بەڵام حزووری ئەمریکا خۆی لە خۆیدا ببووە هۆی گرێدانی ئەجێندای سیاسیی تورکیە، سووریە و ڕووسیەش لە نێو گەمەکەدا. سروشتییە کە دەرچوونی ئەمریکا لە سووریە، قەڵەشتی بەرژەوەندیی نێوان لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سووریە هەتا دێ لە درێژ ماوەدا زیاتر دەکا. ڕووسیە هەتا ئێرە بۆ ئەوەی بەرەی سووریە لەو قوڕاوەی کە تێی کەوتووە بێنێتە دەرێ، وەک دەڵێ ‹‹تەواوییەتی ئەرزیی بپارێزێ›› سیاسەت و ستراتیژییەکی زۆر پلانمەند و حیساب بۆکراوی گرتووەتە بەر. ستراتیژیی سەربازیی ڕووسیە لە نێو شەڕی سووریەدا، هەتا ئێستا ئەوە بووە کە هێزە بچووکەکان بە هێزە گەورەکانی لەسەر گۆڕەپانی سووریە و دەرەوەی سووریە لە نێو ببا، یان بە هۆی گوشاری هێندێکیان بۆ سەر هێندێکی دیکە ملکەچی دەوڵەتی ناوەندییان بکا. نیشانەکان لە ئێستاوە دەری دەخەن کە ئەو ڕوویکەردە لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامیش دەگرێتەوە. سپای قودس کە هەتا ئێستا هۆکارێک بووە بۆ سەقامگیریی ڕێژیمی ئەسەد، لەمەو بەدواوە بە زاڵبوونەوەی حکوومەتی ئەسەد بەسەر بارودۆخی سووریەدا، بە هۆی هەڕەشەی ئەمنی لەسەر ئیسرائیل، دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیریی لە سووریەدا. بۆیە ئەگەر سووریە بەرەو بارودۆخێکی ئارامتر هەنگاو بنێ و، گەمارۆکانی ئابووریی ئەمریکاش کاریگەرییان لەسەر ئێران هەبێ، لەوانەیە یەکەم جێگا لە ناوچەدا کە کۆماری ئیسلامی بەجێی بێڵێ، سووریە بێ.

ماوەتەوە بڵێین ئایا پاشەکشەی سەربازیی ئەمریکا لە هێندێک وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەمانای پاشەکشەیە لە سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە لە ئاستی جیهان و ناوچەدا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە سەرنج بدەینە هاتنەدەری یەکلایەنەی دەوڵەتی ئەمریکا لە بەرجام وەک پەیمانێکی نێونەتەوەیی و، هەوڵی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە بەرنامەی ناوکیی کۆرەی باکوور و هێنانە سەرمیزی وتووێژی سەرۆکی ئەو وڵاتە، «کیم ئیل سونگ» و هێمنکردنەوەی شێوە دووڕگەی کۆرەیە. هەروەها ڕەوانەکردنی گەلەکەشتییە شەڕکەرەکانی ئەمریکا بۆ کەنداوی فارسیش یەکێکیتر لەو هەوڵانەیە کە نیشان دەدا ئەمریکا بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ئەو ناوچەیە بێلایەن و سەیرکەر نییە . بەڵام شکی تێدا نییە ئەولەوییەتی سیاسەتی ترامپ لەو دەورەیەدا دە پێشدا بارودۆخی نێوخۆیی ئەمریکایە. بۆیە ئەو ئیدارەیە لەژێر تیشکی دوو هۆکاری بنەڕەتی، واتا چارەسەری بارودۆخی ئابووریی ئەمریکا و کەمکردنەوەی خەرجەکانی، بۆ بەکردەیی کردنی سیاسەتەکانی خۆی لە ئاستی جیهاندا، لە ڕووی سەربازییەوە وەک سێ دەیە لەمەو بەر، دەچێتەوە نێو قاوخی خۆی و؛ هەوڵ دەدا لە ڕێگای شکڵبەندیی دیکە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کەمتر خەرجی تێبچێ حزووری سیاسی و سەربازیی خۆی بپارێزێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٩

## زلهێزەکان دێنەوە هەولێر



**هێمن عەبدوڵڵا**

بەپێی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەم هەفتەیە پۆمپیۆ گەشتێکی درێژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی

دەبێت. ناوی ئەو وڵاتانەش نووسراوە کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانیان دەکات و عێراقی تێدا نییە، بەڵام وەک من ئاگادارم دەچێتە ئەوێش و کۆتایی هەفتەی داهاتووش هەم پۆمپێیۆ و هەم وەزیری دەرەوەی فەرەنسا میوانی کوردستانن و لە هەولێر دادەبەزن.

سەردانی پۆمپێیۆ پێش بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە سووریا پلانی بۆ دانرابوو، بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و ئەجێندای سەردانەکەی ئەویش گۆڕانی بەسەرداهاتووە. کاتی خۆی ئۆباما لە قاهیرە وتارێکی دا و تێیدا هەوڵی دا وێنە جوانەکەی ئەمریکا بە وڵاتانی موسڵمان و بەتایبەتیش عەرەب پیشانبدات. پۆمپێیۆ دیسان لە قاهیرە هەمان کار دەکاتەوە، بەڵام بەشێکی دیکەی سەردانەکەی بۆ تەواوکردنی ئەو سەردانەیە کە جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، بۆ ئیسرائیل و تورکیا کردوویەتی و ئامانج لێی سنووردارکردنی ئەو زیانەیە کە بڕیارەکەی ترەمپ لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای داوە. لە رۆژانی رابردووشدا پاشەکشەیەکی بەخشکەیی بە بڕیارەکەی ترەمپەوە دەرکەوتووە، بەتایبەتیش بۆ کوردی رۆژئاوا، وێنەی هاوپەیمانێکی بەجێهێڵدراو خەریکە کاڵ دەبێتەوە و هەم بۆڵتن و هەم پۆمپێیۆش ئەوەیان بەئاشکرا پشتڕاست کردووەتەوە.

هاتنی پۆمپێیۆ و لەگەڵیشیدا وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ هەولێر، تەنانەت ئەگەر بەناوی هەماهەنگی بۆ درێژەپێدان بە شەڕی داعشیش بێت، بەڵام لەڕووی سیاسی و مەعنەوییەوە بۆ کوردی باشوور و رۆژئاوای کوردستان سەردانێکی گرنگ دەبێت. فەرەنسا بە سەرۆک و وەزیری دەرەوەیەوە لە ساڵ و نیوی رابردوودا هەڵوێستی کورددۆستانەی زۆری هەبووە. هەرچەندە لودریانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بەر لە ئەنجامدانی گشتپرسی هۆشداریی دایە هەولێر و داوای کرد دوابخرێ، بەڵام هەم وەک وەزیری پێشووی بەرگریی فەرەنسا لە قۆناخی دەستپێکردنی شەڕی داعش و هەم وەک وەزیری نوێی دەرەوەی فەرەنساش کۆششی زۆری کرد بۆئەوەی پاش شازدەی ئۆکتۆبەر هەموو دەرگاکان، بەتایبەتی لەڕووی دیپلۆماسییەوە، بەسەر هەولێردا دانەخرێن.

ئێستاش کە فەرەنسا و ئەڵمانیا بەئاشکرا باسی جیاکردنەوەی رێگەی خۆیان لە سیاسەتی بەرگری و دەرەوەیاندا لە ئەمریکا دەکەن، فەرەنسا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریا وەک هێڵی نێوەڕاست و نێوانکار لەنێوان رووسیا و ئەمریکادا دەردەکەوێت.

پۆمپیۆش کە داکۆکیکارێکی سەرسەختی سیاسەتەکانی ترەمپە و بە پێچەوانەی تیلەرسنەوە کۆتایی بە بانێک و دوو هەوای سیاسەتی دەرەوە لەنێوان کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەتایبەتیش سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، هێناوە، وەک کەسێکی بڕوادار بە دژایەتیی ئێران و لە هەندێک هەلوێستی لێزاندراویشیدا وەک دۆستی کورد ناسراوە. بۆیە سەردانی ئەو دوو کەسە بۆ هەولێر، لەم دەستپێکی ساڵی ٢٠١٩ یەدا، سەردانێکی گرنگ دەبێت.

ئەوەی لە گوتاری گۆڕدراوی ئەمریکادا لەدوای بڕیارەکەی ترەمپەوە دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە دەیانەوێ تورکیا رازی بکەن، بەڵام دەشیانەوێ کوردی ڕۆژئاوا پارێزراوبێت. واتە ناڵێن دەبێ یەپەگە یان پەیەدە یان هەسەدە پارێزراوبێت. کاتێک پۆمپیۆش گوتی: نامانەوێ کورد لەلایەن تورکەکانەوە قەتلوعام بکرێن، نەیگوتبوو نامانەوێ ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن لە سووریا لە شەڕدا بەرامبەر تورکیا بدۆڕێن. ڕەنگە بۆ هەموو لایەکیش باشتربێت کە لە کۆتاییدا ڕێگەیەکی نێوەڕاست بدۆزنەوە هەم تورکیا رازی بکات و هەم کوردیش ئەوەی هەیانە لەدەستیان نەچێت.


لەوەشدا، ئەگەر پەکەکە هەنگاوی هەلە نەهاوێژێت، دەکرێ هەولێر هەم بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەنقەرە و هەم بۆ هەماهەنگیش لەگەڵ ئەمریکا و فەرەنسای دۆستی کورد ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. ئەمەش تەنیا بەوە دەکرێت کە پەکەکە تێبگات لەوەی چیدیکە ناتوانێ درێژە بە حوکمی تاکحیزبی بدات لە ڕۆژئاوا و دەبێ هەم هەولێر رازی بکات و هەم بیانووش بۆ ئەنقەرە نەهێڵێتەوە تا دژایەتیی بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## سوریا و کورد پاش بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا




**فەرید ئەسەسەرد**

پاش پەرەسەندنی کاردانەوە توندەکانی دژ بە بڕیارە کتوپڕەکەی سەرۆکی ئەمریکا ترەمپ سەبارەت بە دەستبەجێ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، ئێستا واشنتن سەرقاڵی چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی بڕیارەکەیە. بڕیارەکە دوو ڕاستیی دەرخست. یەکێکیان ئەوەیە کە ترەمپ هیچ دەربارەی سیاسەتی نێودەوڵەتی نازانێ و دووەمیان ئەوەیە کە ئەمریکا هەمیشە ئامادەیە دەست لە هاوپەیمانەکانی هەڵگرێ.

لەهەوڵێکدا بۆ جوان کردنی دەموچاوی ئەمریکا، وەزیری دەرەوە مایک پۆمپیۆ لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی نیووز ماکس، پەیوەند بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا، ڕایگەیاند کە ئەمریکا کار بۆ دوو ئامانج دەکا. یەکێکیان دەستەبەرکردنی دۆخێکە کە تێیدا تورکیا پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نەکەوێتە وێزەی کوردەکانی سوریاوە. ئەوی تر، پاراستنی کەمینە ئاینییەکانی سوریایە. بەڵام هەر ئەم لێدوانە، دەشێ ببێ بە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانێکی تر لەگەڵ تورکیا. هەرچەند پۆمپیۆ ڕوونی نەکردۆتەوە چۆن ئەمریکا پاش کشانەوەی هێزەکانی ڕێ لە هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردەکانی دەگرێ و چۆن کەمینە ئاینییەکانی سوریا دەپارێزێ، بەڵام ئەم ناڕوونییە شتێکی تازە نییە لە سیاسەتی ئەمریکادا، بە تایبەتی لەسەردەمی ترەمپ دا، تەنانەت دەکرێ بگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئەمریکا بە کردەوە دەوڵەتێکی بێ سیاسەتی دەرەوەیە، چونکە پرۆسەی دروست کردنی بڕیار لە واشنتن، لەوەتەی ترەمپ هاتۆتە سەرکار، سەرلێشێواوییەکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ.

بڕیاری کشانەوەی هێزەکان لە سوریا، بەو شێوازەی کە ترەمپ گوزارشتی لێ کرد، ئەمریکای وا هێنایە بەرچاو کە لە ئاستی لێپرسراوەتییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی نیە، بە تایبەتی کە بڕیارەکە بەو پەرپوتییەی پێی ڕاگەیەنرا،



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەری سەرهەڵدانی دوو شەڕی زیاد کرد، یەکێک لەنێوان کورد و تورکیا و ئەوی تر لەنێوان سوریا و تورکیا.

هەروەها جۆن بۆلتۆن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کە بەنیازە سەردانی تورکیا بکا، لە پەیجی تایبەتی خۆی هەوڵیداوە فریای ناوبانگی وڵاتەکەی بکەوێ، بۆیە نوسیویەتی ئەمریکا دەستبەرداری هاوپەیمانەکانی نابێ لەسوریا کە دیارە لێرە مەبەستی کوردەکانی سوریایە. بەڵام ئەم رەستەیەش خۆی لەخۆیدا پەیامێکی بۆ تورکیا تێدایە. بۆلتۆن مەبەستێتی ئەو پەیامە بگەیەنێ، بەر لەوەی سەردانی ئەنکەرە بکات.

لە ڕاستیدا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو ، کات و شێوەی کشانەوەکەیە. هەرچەند ئەمریکا لە سەرەتادا بە بیانوی شەڕی دژی داعش خۆی لەسوریا هەڵقورتاند، بەڵام لەسەرەتای خۆتێهەڵقورتانەکەدا دوو ئامانجی سەرەکیی هەبوو. یەکێکیان روخاندنی رژێمی ئەسەد بوو، ئەوی دیکە بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی روسیا. دواتر، ئامانجێکی تری زیاد کرد، ئەویش تەنک هەلچنینە بە فاکتەری ئێرانی و دەستوپێوەندەکانی لە سوریا. لە ڕاستیدا ئەمریکا هیچ کام لەم ئامانجانەی بەدی نەهێناوە، بۆیە زوو تا درەنگ هەر سوریای بەجێ دەهێشت. بەڵام بۆ وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا، رەوا نییە پاشاگەردانی لە پاش خۆی بەجێ بێڵی و گوێ نەداتە چارەنوسی هاوپەیمانەکانی.

بە بەراورد، فەرەنسا زۆر لە ئەمریکا بە ئەخلاقتر دەرکەوت و ئامادەیی نیشاندا کە نەیەڵێ کشانەوەی کتوپڕی هێزەکانی ئەمریکا زیان بە کورد بگەیەنێ. ئەمەش فەرەنسای سەردەمی بڕیاری ٦٨٨ وەبیر دێنێتەوە.

گەلی ئەمریکا حەز ناکا وڵاتەکەی دەستبەرداری لێپرسراوەتییە نێودەوڵەتییەکانی بێ، هەروەک ئەوەشی پێ خۆش نییە حکومەتەکەی وەک حکومەتێکی سپڵە و بێ وەفا لە جیهان بناسرێ. ئەوی راستی بێ، جیهان هێشتا زۆر پێویستی بە رۆڵی نێودەوڵەتیی ئەمریکایە بۆ دابین کردنی ئاشتی و چارسەرکردنی قەیرانەکان بەڵام ئەمە پێویستی بە سەرۆکێکە لە مانای لێپرسراوەتی بگات.

ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، ئەمریکا چ هێزەکانی، خێرا یان هێواش بکێشێتەوە یان نەکێشێتەوە، کورد چیتر ناتوانێ متمانە بە سیاسەتی ئەمریکا بکا. ئێستا کوردەکان باشتر پەی بەوە دەبەن کە کێشەکانیان لە دیمەشق چارەسەر دەکرێ و لێرە بە دواوە پێویستە وەک بژاردەیەکی ستراتیجی مامەڵە لەگەڵ ئەم

بژاردەیە بکەن. ئەمەش رێ بۆ ئەوە خۆش دەکات کە سوریای نوێ لەسەر بنەمای سێ گروپە سەرەکییەکەی عەلەوییەکان و سوننە میانڕەوەکان و کورد بنیات بنرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٧ی جانیۆری ٢٠١٩

## کورد لە پاشەکشەیەکی مەترسیداری بەردەوامدایە!



**نەوزادی موهەندیس**

ئەوەی لەم کۆتایی ساڵی ٢٠١٨دا دەیبینین و پێشتریش بۆ چەند ساڵی رابوردو بینیومانە، ئەوەیە کە مەسەلەی کورد و سەنگ و قورسایی کورد لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی دونیا و زلهێزەکانیشدا رۆژ بە رۆژ لە پاشەکشەی بەردەوامدایە کە ئەمەش بۆ خۆی مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئایندەی نەتەوەکەمان.

هەڵویستی وڵاتانی ناوچەکە هەر لە عێراق و سوریا و ئێران و تورکیا و دواتریش زلهێزەکانی روسیاو ئەمەریکاو تەنانەت ئەوروپییەکانیش((جگە لە هەندێکیان)) هەموانیان وەک گەلەکۆمیەکی نێودەوڵەتی دژ بەکورد رەفتار دەکەن وەک سەردەم و ساڵی ١٩١٦ و رێککەوتنی سایکس-بیکۆی شوم و هەموانیان لەخەمی رێکخستنەوەی پەیوەندی و بەرژەوەندیەکانیاندان و هیچ گوێ نادەنە هاوپەیمانە کوردەکانیان کە لە رۆژانی سەخت و دژواری دژ بە داعش و تیرۆریستان هەموانیان کوردیان بردە بەرەی پێشەوە و سەنگەری یەکەمی ئەو جەنگە و هەرچی قوربانی و خوێن و فرمێسک و کاولکاری کوردستانە بەسەر کوردیاندا هێنا تەنها بە ئافەرین و دەستلەپشدان و پێدانی هەندێک تەقەمەنی و چەک و چۆڵی بێئەرزش و فریودانیان بەبەڵێنە هەنگوینیەکانیان کە پڕاوپڕبو لە ژەهری کوشندە.

کوردیش بە ساویلکەیی لەلایەک و دڵخۆشبون و خۆشباوەڕی لەلایەکی تر و لەلای سێهەمیشەوە بەهۆی دڵسۆزی و تینوێتی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بەکالاَوپێتاووەوە خۆی تەسلیم کردن و هەمو ئیدارە و ئیرادەیەکی خۆی خستە خزمەت بەرژەوەندیەکانیانەوە.

ئێستاش کە لەکۆتایی جەنگی تیرۆیستان و داعش نزیکبونەتەوە و گەرەکیانە پێکەوە رێککەوتن بکەن و دۆخە نەخوازراوەکەی چەند ساڵی ڕابودو ئاسایی بکەنەوە و وەک جاران دۆست و هاوپەیمانی یەکتربن و هەموانیشیان لەسەر مێزی گفتوگۆکان کێک و دەسکەوتەکان دابەشبکەن لەنێوان خۆیاندا لەسەر حسابی کورد و کوردستان و ئەوەی کە تەنها زەرەرمەندی یەکەم و گەورە دەبێت تەنها کوردی بێ دەوڵەت و بێ سیادە و سەربەخۆییە.

ئەوەتا (٧) ساڵە جەنگ لەسەر خاک و گەلانی سوریا و عێراق دەکرێت و هەموان رژێمەکەی بەشار ئەسەد و بەعس بە دیکتاتۆر و خوێنڕێژ و دژ بەگەلانی سوریا دادەنێن و هەوڵی زۆریاندا بۆ روخاندنی کەچی ئێستا هاوکێشەکان هەڵگەڕاونەتەوە و هەموانیان پێیان باشە بەشار ئەسەد بمێنێتەوە و هەریەکە خەریکی ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانێتی لەگەڵ سوریاو هەشە هەڵپەی کردنەوەی سەفارەتەکەیەتی و هەشە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی سوریای کاولکراو دەدات. ئیدی ئەوەی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بێویژدان و دور لە عەدالەت و کەڕ و کوێرە بەرامبەر بەکورد و کوردستان و ئەمڕۆش دونیای و سەردەمی بەجیهانیبون دوبارەکردنەوەی پەردەیەکی رەشی بێویژدانی سیاسەتی دوێنێی شوم و نەگریسە بەرامبەر بەکوردی هەژار و بێ خاوەن و بێ دەوڵەت.

ئەمەریکا و ترامپی سەرۆکەکەی هەرزو بەیداخی سپی هەڵکرد لەبەردەم بەرژەوەندیە ئابوریەکانی لەگەڵ تورکیا و لەبەردەم هەژمونی بەهێزی روسیا و ئێران لەسوریا و عێراقیشدا، سیاسەتە سەرکێشی و سەرشێتیەکانی ترامپی ئەمەریکا هەمو ناوچەکە و دونیاشی توشی هەیەجان و شڵەژانی گەورەو چاوەڕواننەکراو کردوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە ئەمەریکا هەرچی پلانێکی پێشوەختەی هەبێت و نهێنی بێت ئەوەی کە دەخوێنرێتەوە تەنها بریتیە لە دەستهەڵگرتن لە کوردو کوردستان و وەکو دیاریەکی سەنگین و بەنرخ لەسەر سینیەکی زێڕین لەم سەری ساڵی نوێی 2019دا پێشکەشی تورکیا و سوریا و ئێرانی دەکات و ئەو کوردەی ببوە قەڵغانی پارێزگاری لە خودی بەرژەوەندی ئەمریکیەکان و ئەوروپی و تەنانەت ئیسرائیلی هاوپەیمانیان و و سعودی و ئیماراتیەکانیش، ئێستا بەتەنها و تەنها بەجێیدەهێڵن بۆ قەدەرێکی نادیاری خوێناوی و تاریک و ناڕون.

خۆشبەختانە کورد لە ساڵی (١٩٩١)ەوە دواتر ساڵی (٢٠٠٣)ەوە ئەستێرەی بەختی کشاو ناو و ناوبانگی کەوتە سەر زاری هەموان و لەساڵی (٢٠١٤)شەوە لەقۆناغی جەنگی دژی داعش کورد هێندەی تر کەوتە بەر دڵی زلهێزە دونیایی و ناوچەییەکان و قوربانی زۆریدا لە پێناو ئاشتی و ئازادی جیهانیداو هەر ئەمەش کوردو مەسەلەکەی کردە مەسەلەیەکی گەرموگوڕ و گەلێک بەناو دۆستی بۆ پەیداکرد، بەڵام بەداخەوە کورد و مەسەلەکەی لە ئێستادا بەم شێوەیە لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا لە پاشەکشەیەکی بەردەوامدایە، ئەوەتا لە عێراقدا ساڵ بەساڵ ڕۆڵ و کاریگەری کورد بچوک و بچوکتر و لاواز و بێهێزتر دەبێت و مافەڕەوا دەستوریەکانیشی پێشێل دەکرێت و بودجە و موچە و موستەحەقاتی دارایی نادرێتی. لەسوریا بە بەرچاوی هەمو دونیای دیموکراسیەوە هەنجەن هەنجەن دەکرێت و دوێنێ عفرین و ئەمڕۆ مەنبەج و سبەینێش کوبانی و ئەوانیتر دەخرێتەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سوریا و سوپای سوریا ، لە کوردستانی باکوریش ماوەی زیاد لە 2 ساڵە دۆخی کورد پەشێو و لێکترازا و لاواز و پەرتوبڵاوبۆتەوە دوای شکستی هەدەپە و گیرانی دەمیرتاش و هاوڕێکانی و گرتنە بەری سیاسەتێکی دوژمنکارانەی ئەتاتورکیانەی توندی ئەردۆگان و سوپا و حکومەتەکەی، لە ئێرانیش ئەوە هەر باس ناکرێت کە ڕژێمی ئێرانی چۆن دژایەتی کورد و مەسەلەکەی دەکات بەشێوەیەک پارت و سەرکردە سیاسی و جەماوەری کوردیش بچوکترین جوڵە و چالاکی سیاسی و عەسکەریان بۆ ناکرێت.ڕۆژانە چالاکوان و گەنجی کورد لە سێدارە دەدرێن و بەند و راوەدو دەکرێن.

بەم شێوەیە گەر کورد و مەسەلەکەی ئاوها پاشەکشە بکات و بچوک و لاواز و قەتیسبکرێت، بەڕاستی ئومێدی زۆر ناکرێت بۆ ئایندەیەکی ڕۆشنتر.

**⁕ لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا بۆچی ئەم دۆخە هاتۆتە پێش؟ هەڵەو خەتای کوردە یان زلهێز و بەناو هاوپەیمانەکانە؟**

لەوەڵامدا دەکرێت بوترێت، کە کورد کەمتەرخەم نەبوە لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی وەک هاوپەیمانێک یان شەریکێکی سەرسەختی دژی تیرۆریستان و ئەرکە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانی بەوپەڕی باشی بەڕێوەبردوە، بەڵام نەیتوانیوە کە خوێندنەوەیەکی راست و دروست و تێگەیشتنێکی واقعیانەی سیاسیانە بۆ روداو و پێشهات و هاوپەیمانی و دۆستایەتیەکانی بکات و نەیتوانیوە بەباشیش بەرژەوەندی و ڕۆڵ وکاریگەری ئابوری بخوێنێتەوە و کاریان لەسەر بکات، کورد بەهۆی پێگە جیۆسیاسی و ئابوری و ئەمنییەکەیەوە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و

داگیر و دابەشکردنەکەیەوە هەر ئەوەندەی بۆدەکرێت لەگەڵ چوار وڵات و ڕژێمی سەردەستی تاکڕەو و نادیموکراسی و دوژمن و داگیرکەردا و هەرئەوەندەش دەتوانێت ڕۆڵببینێت لەچوارچێوەی سیاسەتە نێودەوڵەتیەکاندا کە قۆناغە سەختەکان تێبپەڕێنێت و بتوانێت تارادەیەک خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سیاسەت و دیدگا و بەرژەوەندی زلهێزەکاندا، بەڵام بەهۆی نەبونی دەسەڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد هەموانیان هێندە گرنگی پێنادەن و تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان و لەخزمەتی ستراتیژەکانیاندا وەک تاکتیک بەکاریدێنن،بۆیە گوناە و تاوانی گەورە ناکەوێتە ئەستۆی کورد خۆی بەڵکو گوناە و تاوانە گەورەکە دەکەوێتە ئەستۆی زلهێزەکانی دونیا و ناوچەکە کە پابەندنین بەهاوپەیمانی و دۆستایەتی و بەڵێنەکانیانەوە بۆ کورد.

کورد ئەوەندە تاوانی هەیە کە لەناوخۆی خۆیدا یەک و یەکگرتو نیەو دڕدۆنگ و لێکترازاو و خاوەن ئیرادە و ویست و بڕیار و ناوەندێکی دەسەڵاتی یەکگرتوی بەهێز نیە و هەریەکەو لەبەشی خۆی و لەبەشەکەی خۆشیاندا هەریەکە سەرگەرمی حیزبایەتی تەسک و قێزەون و ململانێی ناڕەوایە و هیچ کات بەتەنگ مەسەلە گەورەکەی نەتەوە و نیشتیمانەوە نین و هەزاران بیانوی بێئەرزشیش دادەتاشن بۆ هەڵوێست و گوتار و کردارە دور لە کوردایەتیەکانیان.

بەم شێوەیە دەبینین کە ١٠٠ ساڵە زەمەن وەستاوە و هیچ گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی وەدینەهێناوە بۆ کوردو کوردستان و هەر بەداگیرو دابەشکراوی ماوەتەوە (١٩١٦). ئەمەریکاو روسیا وەک دو زلهێزی دونیا هیچ کات بە راستگۆیی و راستەقینە لەپشت پشتیوانی مەسەلەی کوردەوە نەبون لەهیچ پارچەیەکدا و نمونەی زیندوش روخاندنی دەسەڵاتەکەی مەلیک مەحمود و کۆماری مهاباد و شۆڕشی ئەیلول و ئێستاش شۆڕشی کورد لە ڕۆژئاوادا و لەباکوریش هیچ کات بەئێستاشەوە پشتیوانیان لەشۆڕش و خەباتی کوردایەتی نەکردوە.

بۆیە ئەرکی سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی کوردە کە بەشێوەیەکی نوێ و واقعیانە پلان و بیر و نەخشەی خەباتی خۆیان دابڕێژنەوە دور لەو سیاسەت و خەبات و ڕچە و ڕێبازە کلاسیکیەی کە (١٠٠) ساڵە بەرهەمی نەبوە، بۆ ئەوەی هەمو ئەو مەترسییە گەورانەی کە لەئەنجامی ئەم پاشەکشە گەورە و پڕ مەترسیانەی هاتونەتە پێشەوە بڕەوێنەوە و ئایندەیەکی گەشتر و روناکتر مسۆگەر بکەن بۆ ئێستا و نەوەکانی ئایندەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٧ی جانیۆری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی سیما سابێت لە تێلێڤیزیۆنی مانگیلەی "ایران اینترنشنال" پرۆفیسۆر عەبباس وەلی سەبارەت بە سەفەری وەفدی ئەمریکا بۆ تورکیا




وتووێژی سیما سابێت لە تێلێڤیزیۆنی مانگیلەی "ایران اینترنشنال" لە بەرنامە ئەخباری سەعات ۳:۳۰ دوای نیوەڕۆی یەکشەمە ٦-ی ژانڤییەی ۲۰۱۹ لەگەڵ پرۆفیسۆر عەبباس وەلی سەبارەت بە سەفەری وەفدی ئەمریکا بۆ تورکیا

دابەزاندن و وەگێڕان لە فارسییەوە: حەسەن قازی

سابێت: ئاغای وەلی لە پێشدا گوتیان دەرکەوتنی بە مەرج. بە باوەڕی ئێوە ئەوە چۆن دەبێ ، یانی وەزعییەتی هێزە ئەمریکاییەکان لە سووریا چۆن دەبێ؟

وەلی: بە دیتنی من بە پلەی یەکەم ئەوە ئاڵۆزیی ئێستای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سووریا نیشان دەدا. و دەیسەلمێنی ئەو بڕیارەی کە ئاغای ترامپ بە سەری خۆی دابووی چەندە لێکەوتەی بە زەرەری بووە بۆ سیاسەتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوەیی ئەمریکا لە سووریا. بە باوەڕی من ئێستا سەفەری ئاغای بۆڵتۆن ئەو مەسەلەیە نیشان دەدا ، ئێمە هەر ئەمڕۆ بیستمان سێیەمین ئەندامی باڵای وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، پێنتاگۆن دەستی لە کار کێشاوەتەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە لێکەوتەکانی ئەو بڕیارەی ئاغای ترامپ هەر درێژەی هەیە سەرەڕای ئەوەی کە تێکۆشاون ئەو مەسەلەیە بە جۆرێک پاساو بدەن ، بەجۆرێک سەنگ وسووکی کەن. ئەوەی کە ئاشکرایە مەسەلەی سەرەکی ئێستا ئەو خیلافانەن کە لە هەرێم دا هاتوونەتە پێشێ و لێکەوتەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوەیی

ئەمریکا. هەر ئەوەی کە ئاغای بۆڵتۆن و هەر وەها ئاغای پۆمپێئۆ لەو هەرێمە دان و لە سەر چالاکییەکانیان بەردەوامن نیشان دەدا کە دەیانەوێ بە شێوەیەک پێشی ئەو زەرەرانە بگرن کە ئەو بڕیارەی ئاغای ترامپ لە نێوەخایەن و درێژخایەن و تەنانەت کورتخانەنیش دا لە ستراتێژی ئەمریکای داوە لە ناوچە ، ئەوانە کەمتر بکەنەوە.

**سابێت**: جەنابی وەلی ڕێگام بدە با هەر لێرە قسەت پێ ببڕم ، ئەگەر دەکرێ ئەوە هێندێک شی بکەیەوە. چۆن دەکرێ پێشی ئەو زەرەرانە بگیرێ یان بە لانی کەمەوە تەئسیری کەمتر بکرێتەوە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا؟ چ فەرموولێک ئێستا دەکرێ لە سووریا هەڵبسووڕێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەو نیگەرانییانەی کە ئیسراییل هەیەتی لە ئێران ، و هەر وەها ئەو نیگەرانییانەی کە لە نێوان کوردەکان و تورکیا دا هەیە؟ کوردەکان وەکوو هاوپەیمانانی ئەمریکا پێیان وایە پشتیان بەر دراوە.

**وەلی**: بە ووردی هەر وایە، ئاغای بوڵتۆن لێرە دا دەبێ وولامی فشاری ئیسرائیل بداتەوە، ئیسرائیل دەزانێ ئەو بڕیارەی ئاغای ترامپ داویەتی؛ کاتێک کە دەڵێ سووریا جگە لەخیز و مەرگ شتێکی دیکە نییە، ئەوە بەو مانایەیە کە بەڕێزیان سیاسەتێکی زۆر منداڵانەی هەیە لە سووریا و ئیسرائیلییەکان ئەوە قەبووڵ ناکەن. ئیسرائیلییەکان دەزانن سووریا چەند بۆ ئێران گرینگە، بۆ پاراستنی نفووزی ئێران لە هیلالی شێعە دا و پێوەندیی وی لەگەڵ حیزبولا و باشووری لوبنان و هەر وەها گەمارۆ دانی ئیسرائیل. ئیسرائیلییەکان ئەوە قەبووڵ ناکەن و بەو پێیە ئەوان حەول دەدەن ئەمریکا پێمل بکەن ئەو سیاسەتەی خۆی بگۆڕێ یان بەلانی کەمەوە تا ڕادەیەکی زۆر سەنگووکی بکا. لە لایەکی دیکەوە بە باوەڕی من کوردەکان لێرە دا عاقڵانە جووڵاونەتەوە، لە هەمان کاتدا کە بەردەوامن لە سەر خەبات بە دژی داعش و دەڵێن خۆیان بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانن و هاوپەیمانییەکەیان لەگەڵ ئەمریکا هیچ نەگۆڕاوە، بە ناوبژیوانی ڕووسیا لەگەڵ ئەسەدیش دەستیان بە مامڵە کردووە و ئەمریکا لەو مامڵەیە زۆر دەترسێ و دەزانێ ئەگەر ئەو مامڵەیە جێ بە جێ ببێ گوشاری تورکیا بۆ سەر سنوور زۆر زیاتر دەبێ و ئەمریکا لێرە دا چونکە پای ڕووسیا هاتووەتە ناو نێوان و ئەوەیکە ئەگەر ڕووسیا بتوانێ دەستەبەر ببێ کە ئەسەد جۆرێک خۆموختاری بە کوردەکان بدا ، لێرە دا مەسەلەکە بەربڵاوییەکی زۆر زیاتر پەیدا دەکا لە هەرێمی باکووری سووریا. ئەمن لەو باوەڕە دام سبەینێ جان بۆلتۆن لە ئانکارا دەست بە وتووێژ دەکا و لە پلەی یەکەم دا دەیەوێ تورکەکان پێمل بکا کە پەلاماری عەسکەری نەکەن [ بۆ سەر سووریا ] و لە پلەی دووەهەم دا مەسەلەیەکی دیکەی کە دەیهێنێتە گۆڕێ ئیحتیماله ساز کردنی ناوچەیەکی تامپۆن بێ لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەمریکا

دا کە بتوانێ تەزمینێک بدا بە تورکەکان. بەڵام ئەوەیکە ئایا حکوومەتی ئاغای ئەردۆغان دەتوانێ یان دەیەوێ شتێکی ئاوا قەبووڵ بکا لە هەلومەرجی ئێستا دا زۆر دژوار وەبەرچاو دێ.

**سابێت**: سپاستان دەکەم، فەرموون ڕستەکەتان تەواو کەن

**وەلی**: بە بۆچوونی من ئەمریکا ئێستا سیاسەتی سەرەکی ئەوەیە لێکەوتە نێگاتیڤەکان و ئەو سەدەمەیەی وەستراتێژییەکەی لە سووریا و تەنانەت لە عێراق کەوتووە ئەوانە کەمتر و کەمتر بکاتەوە و وەک بە ئینگلیسی دەڵێن لەوێ جۆرێک damage limitation بکا، پێشی زەرەر بگیرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وببنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٧ی جانیۆیری ٢٠١٩

## ئیدارەی ئەمریکا و هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



**هیوا مەجید خەلیل**

دکتۆرا لە گەشەسەندنی سیاسی

### پێشەکی

شرۆڤەکارانی سیاسەتی نێودەوڵەتی هەوڵ دەدەن، بە پشتبەستن بە تیۆرییەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بارودۆخی ئێستای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا

هەڵبسەنگێنن. بەڵام سەختە بتوانرێت بە پشتبەستن بە تاکە تیۆرییەک، هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی کەسێک بکرێت کە رۆژانە لە رێگەی تویتەوە بڕیارە سیاسییە گرنگەکان دەردەبڕێت. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا پانتاییەک هەیە کە بتوانرێت بە پشتبەستن بەم تیۆرییانە خوێندنەوەیەک بۆ سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بکرێت. ئەوەی کە پێویستە بزانین، هەر تیۆرییەکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە بەستێنێکی تایبەتدا کار دەکات. واتە لەوانەیە وڵاتێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی تر، رێچکەی جیاواز بگرێتە بەر. بۆ نموونە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتێک، پەنا بۆ رێچکەی لیبراڵیزم ببات و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتێکی تریش پەنا بۆ رێچکەی رياڵیزم ببات. واتە بەپێی واقعەکان هەڵسوکەوت بکات. دەبێ رەفتارگەرایی، دەروونناسی، رياڵیزم و قازانج و زیانە ئابوورییەکان تێکەڵ بکرێن، تا بتوانین لە سیاسەتی ئێستای حکوومەتی ئەمریکا تێ بگەین. هەڵبەت ئەم سیاسەتەیش گشتیان پلانبۆدارێژراون و بەوردی جێبەجێ دەکرێن. واتە هەر ئەوە نییە کە ترامپ لەخۆڕا و بە تویتێک سیاسەتێک دادەڕێژێت، بەڵکوو تەنیا شێوازی گەیاندنی، سەرنجڕاکێش و شۆکهێنەرە.

## ئەمریکا و سووریا

لە ڕێکەوتی ٢ - ١ - ٢٠١٩ لە کۆبوونەوەی کابینەی وەزاریی حکوومەتی ئەمریکا، دۆناڵد ترامپ چەند خاڵێکی ورووژاند کە جێی سەرنجن. یەکێک لە خاڵەکان لەبارەی سووریا بوو، کاتێک دەڵێت ئەم وڵاتە بریتییە لە بیابان و مردن (sand and death) و ئێمە هەتاهەتایە لە سووریا نامێنینەوە. لە ڕاستیدا، وشەی بیابان و مردن تەنیا بۆ سووریا بەکار نایەت بەڵکوو ئەم وشەیە زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی هەم لە ڕووی جوگرافی و هەم لە ڕووی ڕووداوە سیاسییەکانەوە دەگرێتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە بریتییە لەوەی کە دۆناڵد ترامپ وەک لێکدانەوەی ئابووری، لێکدانەوە بۆ سیاسەتیش دەکات، کە دەکرێ تا ڕادەیەک ڕاستیش بکات. بۆ نموونە، هەر لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم و سەرهەڵدانی ململانێ لە نێوان جەمسەری کۆمۆنیزم و جەمسەری کاپیتالیزم، ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٩ لە چوارچێوەی پلانی مارشاڵ و بەرنامەی خاڵی چواری (Point Four Program)، یارمەتیی دارایی بۆ زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، لەنێویشیاندا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابین کرد تا ئەم وڵاتانە نەکەونە باوەشی یەکێتیی سۆڤیەتەوە. بەڵام نە یەکێتیی سۆڤیەت بوونی ماوە و، نە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا توانییان سەقامگیریی ناخۆیی دابین بکەن و تەنانەت بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی جیهانی.



سەرچاوە
Serchawe

ترامپ دەڵێت پارەیەکی زۆری ئەمریکا لەم وڵاتانەدا خەرج کراوە بەبێ ئەوەی کە دەسکەوتێکی ئەوتۆی لێ شێن ببێت یاخود دەرەنجامێکی هەبێت. ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕوو دەدات، بریتییە لەوەی کە ئەگەرچی دەوڵەتەکان بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر و زۆرتر دەبێت، ئەکتەرە نا-دەوڵەتییە چەکدارەکانن. ئەمریکایش ناتوانێت لەگەڵ گشت ئەم ئەکتەرە نا-دەوڵەتییە چەکدارانە مامەڵە بکات. چونکە ئەم ئەکتەرانە کەمترین پابەندییان بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە. لە لایەکی ترەوە، زۆرێک لە خودی ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتییە چەکدارانە لە لایەن وڵاتانی هەرێمایەتییەوە پشتیوانی دەکرێن بۆ ئەوەی کە مەرامەکانیان بەجێ بگەیەنن. بۆیە ئیدارەی ترامپ هەست دەکات کە چیتر پێویست ناکات وەکوو جاران، بەبێ دەسکەوت خۆی خەریکی ئەم ناوچەیە بکات. بۆیەیش لەوانەیە چوون بەرەو ناوچەکانی تری جیهان، وەک ئاسیای دوور، بەسوودتر بێت.

## ئەمریکا و کورد

ترامپ لە هەمان کۆبوونەوەدا ئاماژەی بە کورد کرد. بۆ ترامپ کورد هەموویان یەکن (ئەگەرچی زانیاریی ورد و درشتی لەسەر کوردەکان و ناکۆکیی نێوان کوردەکانی هەیە). ترامپ وەکوو گەلێکی خاوەن ماف مامەڵە لەگەڵ کوردەکان ناکات، بەڵکوو وەک شەریک (partner)ێکی کاتی و شەڕکەر سەیری کوردەکان دەکات. شەریک و هاوپەیمانیش لێکجیاوازن. سەختە دەوڵەتێک بتوانێت لەگەڵ ئەکتەرێکی ناودەوڵەتی ببێتە هاوپەیمان، بەڵام دەتوانێ ببێتە شەریک. ترامپ دەڵێت ئێمە پارێزگاری لە کوردەکان دەکەین بەڵام کوردەکان نەوت بە ئێران دەفرۆشن، کەچی من گەمارۆم خستووەتە سەر ئێران. ئەگەرچی ئەم قسەیە ڕاستە بەڵام قەبارەی ئەو بڕە نەوتەیش هێندە زۆر نییە کە خودی ترامپیش ئاماژەی پێ دا، تا ببێتە جێگەی نیگەرانیی زلهێزێکی وەک ئەمریکا. لە لایەکی ترەوە، خودی ئەم قسەیە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ترامپ ئاگاداری ورد و درشتی ئەو ڕووداوانەیە کە لە جوگرافیای کوردستاندا ڕوو دەدات. بەڵام بە دیوێکی تردا، ئەمە هۆشداری و ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد. وێنەی کورد وەک نەوتفرۆش بە ئێرانی نەیاری ئەمریکا، وێنەیەکی مزدەوەج و لاستیکی لەناو مێشکی ئیدارەی ئەمریکادا دروست دەکات و دەرەنجامی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە. هاوکات ئەم قسەیە گرنگیی بەهای نەوت لە بەستنی هاوپەیمانێتی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەردەخات. کەواتە کورد، کارتێکی بەهێزی بەدەستەوەیە ئەگەر بزانێت چۆن سوودی لێ وەرگرێت.

لەم دۆخەدا پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە هەرێمی کوردستان، واتە سەرۆکایەتیی حکوومەت،

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نووسینگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە کونسڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر و بەغدا و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ستافی نووسینگەی ترامپەوە بکەن تا ئەم وێنەیە لە مێشکی دۆناڵد ترامپدا دەربهێنن. دەبێ ئەوەیش بزانین کە ترامپ نیگەرانیی خۆی تەنیا لەو بڕە نەوتە دەربڕی کە بە ئێران دەفرۆشرێت، نەک لەسەر ڕێککەوتنەکان و ئەو نەوتەی کە بە وڵاتانی تر دەفرۆشرێت. هاوکات بۆ خودی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش ڕوون بکرێتەوە کە کام لایەن نەوت بە ئێران دەفرۆشن، جا هەر کەس و هەر لایەنێک بێت. لە لایەکی ترەوە، خودی ئەمەیش دەرفەتێکی باشە بۆ حکوومەتی هەرێم کە نەوت لە دەست چەند بەرپرسێک و قاچاخچیی نەوت دەربهێنێت. ئەم قسەیەی ترامپ مانای ئەوە دەدات کە وێنەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە لایەن ئیدارەی ئێستای ئەمریکا، وێنەیەکی باش نییە. ئەگەرچی لە ڕووی شەڕکردنەوە وێنەکە، وێنەیەکی باشە.

کەواتە پێویستە هەوڵ بدرێت وێنە خراپەکە لا بدرێت و وێنە باشەکە باشتر بکرێت. چونکە لەبیرمان نەچێت لە دوای ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا ئەوەی کە کوردی باشووری پاراستووە ئەمریکا بووە، تەنیا لە ڕووداوەکانی هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک نەبێت کە ئەمریکا چاوپۆشیی لێ کرد؛ کە ئەویش بابەتێکی جیاوازە و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت. دەبێ ئاگادار بین، کە ترامپ تەنیا ئەم هۆشدارییەی بە گەلێکی بێدەوڵەتی وەک کورد نەدا، بەڵکوو باس لە ئەڵمانیایش دەکات و لە هەمبەر ئەڵمانیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا نارەزایی دەردەبڕێ و دەڵێت ئێمە دەتانپارێزین، کەچی ئێوە بازرگانی لەگەڵ ڕووسیادا دەکەن. ڕاستە کە ترامپ لە حاڵی حازردا نارەزایەتیی لەسەر گرێبەستەکانی حکوومەتی هەرێم لە بواری نەوتەوە دەرنەبڕیوە، بەڵام دەکرێت لە داهاتوودا هەمان کێشە بۆ هەرێمی کوردستانیش دروست ببێت. واتە هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆزنەفتی ڕووسی گرێبەستی هەیە. لەبیرمان نەچێت ڕووسیا هەر لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە مەبەستی بووە کە بە دەریاکانی ئازاد و ناوچە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگات تا کۆنترۆڵی هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕی جیهانی، بەتایبەتیش بازاڕی ئەورووپا بکات. تێکدانی کۆماری کوردستانیش لە مەهاباد لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە هۆکارەکەی ئەو بڕە نەوتە بوو کە حکوومەتی ئەوکاتی ئێران بە یەکێتیی سۆڤیەتی دا.

## لێکدانەوەیەکی تر

ئیدارەی ئێستای ئەمریکا وەها هەست دەکات کە پارەیەکی زۆری لەم ناوچەیەدا خەرج کردووە، بەبێ ئەوەی کە

دەسکەوتی ئەوتۆی هەبێت و لە ئەرزی واقعیشدا وڵاتانی وەک ئێران، ڕووسیا و تورکیا و بریکارە نا-دەوڵەتییەکانی ئەم وڵاتانە، ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبن. هەر بۆیە دەکرێت ئەمریکا وەها نیشان بدات کە پێویستی و منەتی بەم ناوچەیە نییە و بە کشانەوی لەم ناوچەیەدا دۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر بکات و بۆ ماوەیەک دەستێوەردانێکی ئەوتۆ لە کاروباری ئەم ناوچەیەدا نەکات و دواتر بە هێزێکی زۆرترەوە بێتە گۆڕەپانەوە. چونکە ڕاستە ڕووسیا دەوڵەتێکی گەورە (کبری)یە، بەڵام زلهێز (عظمی) نییە. سەختە ڕووسیا بتوانێت ئیدارەی گشت ئەو ناکۆکییە ئایینی، سیاسی، ئابووری و کەلتوورییانە بدات کە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەیە. ئەمریکا لەم جۆرە کارانەیشدا ئەزموونی هەیە. ڕوونترین ئەزموون کێشەی وڵاتانی ناو یۆگوسلاڤیا و کێسی بۆسنیای و سربیا بوو کە تا ئەمریکا نەهاتە ناو مەیدانەکەوە، ئەورووپا نەیتوانی کێشەکە چارە بکات؛ ئەگەرچی کێشەکە لەناو جەرگەی خودی ئەرووپادا بوو.

## پوختە:

باشترە هەرێمی کوردستان ئەم لێدوانەی ترامپ لەبارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە ئێران بەجددی وەرگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەهێز بکات و هەندێ جاریش وەها دەربخات کە تەنانەت دەتوانێت لە بری وڵاتانی ناوچەکە ببێتە بەدیلی ئەم وڵاتانە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ بە مەرجێک کە لە لایەن ئەمریکاوە پشتیوانیی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ترەمپ چی پێ گوتین؟



**دیدار عوسمان**

سەرۆک ترامپ بە بڕیاری کشانەوەی لە سووریا، جگە لە هاوپەیمانەکانی دەست و پێوەندەکانیشی تووشی سەرسوڕمان هاتن. سەرباری دەستلەکارکێشانەوەی چەند بەرپرسێک، هەوڵەکان بە ئامانجی چاوپێداخشانەوە چڕتر بوونەوە.

لیندزی گراهام، سیناتۆری کۆمارییەکان، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک ڕای گەیاند: بە زیرەکانە لە سووریا دەکشێینەوە و سێ خاڵی گرنگ بۆ دۆخی ئەوێ لە بەرچاو دەگرین:

١- داعش دوایی بێت.

٢- ئێران جێگرەوە نەبێت.

٣- کورد پارێزراو بێت.

ئەم لێدوانە تا ڕادەیەک بۆ کوردی ڕۆژئاوا مایەی پێشوازی و دڵخۆشی بوو، چوون دوای بڕیاری کشانەوە، تورکیا لە ڕێی گرووپە توندڕەوەکانیەوە، هەڕەشەی سەربڕینی کوردی دەکرد. ئامادەکاریی کورد بۆ جێگرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە سووریا، سەربازانی ئەسەد بوون.

سەرۆک ترەمپ، ئەوەی پەیوەست بوو بە کورد بەگوێیدا داینـاوە، کە ناخوازێت لەگەڵ ئێراندا کڕین و فرۆشتنی نەوتیمان لەنێواندا هەبێت. ئەو باش لەو پەیوەندییە ژێربەژێرەی بازرگانانی نەوت تێگەیشتووە، کە چ خزمەتێک بە ئێران دەکەن.

ئیدارەی ئێستەی ئەمەریکا دەخوازێت بەر بە هەموو ئەو کلاوڕۆژنانە بگرێت، کە وزە بۆ ئێران دەگوازنەوە. لەو نێوەندەشدا سەرانی شازدەی ئۆکتۆبەر، تا ئێستە لە بەتاڵانبردنی نەوتی کەرکووک ڕووە و تەهران بەردەوامن و دووریش نییە وەک بەرپرسانی دیکەی ئێرانی، بخرێنە نێو لیستی تیرۆرەوە.

لە سووریا ئەوەی پەیوەستە بە ئاستی ناوخۆی کوردەوە، بوونی پەیوەندییەکی بەهێزە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئەمەریکا وەک هاوپەیمان لێیان دەڕوانێت. نزیکیی ئەجێندەی پەکەکەش لە ئێرانەوە، هێندەی دیکە باری سەرشانی ڕۆژئاوا قورستر دەکات. گەر ئەمانە ڕاستەڕێ نەکرێن لە کوتانی خەرمانەکەدا، لۆیەک گەنممان پێ نابڕێت.

فەڕەنسا وەک هەمیشە و ڕوونتر لە ئەجێندەی هەر هاوپەیمانییەک دەستباری کوردە. سەرۆک ماکرۆن، جگە لە پەیوەستبوون بە مانەوەی لە سووریا، لە سەرۆک پۆتین ـ یشی خواستووە، کە کوردەکان بپارێزێت. ئومێدی ئەوەیشی لێ دەکرێت کە هاوشێوەی باشوور، ناوچەیەکی دژە فڕین لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاواش بڕیاری لەسەر بدرێت.

بەهۆی خیانەتی شازدەی ئۆکتۆبەرەوە، کورد لە باشوور نەیتوانی بەری ڕەنجی بچنێتەوە، بگرە ئەوەی هەشیبوو لەدەستی دا. بۆیە یەکدەستی و دوورکەوتنەوە لە دوژمنەکانی ئەمەریکا، کورد لە ڕۆژئاوا باشتر سەرپێ دەخات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# کاریگەریی جیۆپۆلیتیکی سووریا لەسەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر سووریا



بێستوون عومەر نووری

مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەلاحەددین

## دەسپێک

تورکیا و سووریا دوو دەوڵەتی دراوسێی یەکترن، بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لە هەر یەکێکیان ڕوو بدات، کاریگەریی لەسەر دەوڵەتی بەرامبەر دەبێت. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی سیاسەتەکانیان بەرامبەر بە یەکتر بەجێگیری نەمێنێتەوە، بە هۆی ئەو قەیرانانەی کە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن؛ تەنیا لە هەندێ پرسدا کە تاوەکوو ئێستا سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە سووریا بەنەگۆڕی ماوەتەوە، وەک پرسەکانی: ئاو، سنوور، یەکپارچەیی خاکی سووریا، تائیفی و مەزهەبی. ئەم پرسانەیش تا ڕاددەیەکی زۆر تاکلایەنەن و تورکیا تێیدا بەرپرسیاری یەکەمە. بەڵام لە بەرامبەر ئەمانەدا گۆڕانکاری لە سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر سووریا ڕووی داوە، بەتایبەت دوای 2011 و، تاوەکوو ئێستایش سەبارەت بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریا، گۆڕانکاریی بەردەوام لە سیاسەتی تورکیا ڕوو دەدات.

## ناساندنی چەمکی جیۆپۆلیتیک

جیۆپۆلیتیک، وەک هەر چەمکێکی تر، پێناسەیەکی گشتگیر و تۆکمەی نییە کە هەموو زانایان لەسەری هاوڕا بن، بەڵکوو هەر یەکەو لە گۆشەنیگای خۆیەوە پێناسەی جیۆپۆلیتیک دەکەن. زۆربەی پێیان وایە بریتییە لە سیاسەتی

هێز، یان رەنگدانەوەی جوگرافیای دەوڵەت لەسەر سیاسەتدا. هەروەها "رۆدۆڵف کیلین" زانایەکی سویدییە، دەڵێت: "جیۆپۆلیتیک بریتییە لە ژینگەیەکی سروشتی بۆ دەوڵەت و رەفتاری سیاسی." هەروەها "هاوسهۆڤەر" دەڵێت: "جیۆپۆلیتیک زانستێکی نەتەوەییی نوییە بۆ دەولەت." واتا دەتوانین بڵێین جیۆپۆلیتیک بریتییە "لەو زانستەی کە لە داهاتووی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە و توانا ستراتیژییەتەکانی دەوڵەت بەکار دەهێنێت لە پێناو گەیشتن بە هێزێک و پێگەیاندنی کیانی نەتەوەیی." کەواتە تایبەتمەندیی جیۆپۆلیتیک بۆ دەوڵەت زۆر گرنگە؛ لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و ئاسایش، کاریگەریی لەسەر پێگەی دەوڵەت دەبێت.

## گرنگیی جیۆپۆلیتیکی سووریا

بێ گومان پێگەی سووریا لە رووی جیۆپۆلیتیکییەوە زۆر گرنگە بۆ تورکیا، چونکە سووریا دەکەوێتە باشووری رۆژاوای ئاسیا و بە درێژاییی دەریای ناوەڕاست دەکەوێتە نێوان لوبنان و تورکیا. بە درێژاییی مێژوو ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ کاری بازرگانی و سیاسی، چونکە خاڵی بەیەکگەیاندنی سێ کیشوەری "ئاسیا"، "ئەفریقا" و "ئەوروپا" بووە. سووریا رێڕەوێکی بازرگانیی زۆر گرنگە بۆ زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاڵی یەکلاکەرەوەی ململانێی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیلە و بە درێژاییی ٨٢٢ کم لەگەڵ سووریا هاوسنوورن. کەواتە سووریا لەسەر چەند ئاستێک گرنگە بۆ تورکیا، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**یەکەم: ئاستی ئابووری: خاڵی بەیەکگەیانی ئەم شوێنانەیە:**

١- عێراق بە دەریای ناوەڕاست و جیهان دەگەیەنێت.

٢- خاڵی ترانزێتی وشکانییە بۆ ئەوەی بە ئەوروپا بگات.

٣- تورکیا دەگەیەنێتە وڵاتانی کەنداو. ئەگەر بێت و سووریا دەرگەی خۆی بەسەر تورکیادا دابخات، ئەوا تورکیا لە نەوتی وڵاتانی کەنداو بێبەش دەبێت؛ هەرەها تورکیا ناتوانێت کاڵاکانی هەناردەی وڵاتانی کەندا و ئەفریقا بکات.

**دووەم: لە بواری سیاسی:** سیستەمی سیاسیی سووریا وای کردووە کە نزیک بێت لە ئێران؛ بە شێوەیەک ئێران نفووزی خۆی تێدا زیاد کردوو. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پرۆژە و ستراتیژییە سیاسییانەی کە لە

چوارچێوەی تیۆری "قووڵایی ستراتیژی" دایان ڕشتبوو، هەرەس بهێنێت، بەتایبەت لەو بوارەی کە تورکیا نایەوێت وەک دەوڵەتی پاشکۆ بمێنێتەوە بەڵکوو دەیەوێت ببێت بە دەوڵەتی ناوەند. واتا پێگەی خۆی بەرز بکاتەوە و، پرۆژە جیاوازەکانی جێبەجێ بکات و سەرکردایەتیی سوننەمەزهەب بکات و ڕێگە لە نفووزی ئێران بگرێت. تورکیا نەیتوانی لە عێراق ڕێگە لە نفووزی ئێران بگرێت، بۆیە ئەگەر لە سووریایش وا بێت، ئەوا پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی سوننەمەزهەب دەپچڕێت؛ بەڵام ئەگەر تێیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا پرۆژەی هیلالی شیعی هەرەس پێ دەهێنێت، چونکە خاڵی پچڕانی ئەم پرۆژەیە سووریایە.

**سێیەم: لەسەر ئاستی ئاسایش:** ئەم ڕوانگەیە، پەیوەستە بە پرسی تیرۆریستان و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، چونکە بەشێک لە هێزە کوردییەکانی سووریا زۆر بەئاشکرا وێنەی "عەبدوڵڵا ئۆجەلان" و ئاڵای پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵدەدەن. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا ترسی لە سنوور هەبێت سەبارەت بە سووریا، چونکە سنووری تورکیا و سووریا لەسەر یەکترن و لەسەر سنوور بەئاسانی دەتوانرێ هەڕەشە لە تورکیا بکرێت؛ چونکە ڕژێمی سووریا تا ڕادەیەک کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی لە دەست نییە و هەر لەم ناوچانەوە چەند جارێک هێرش کراوەتە سەر خاکی تورکیا لە لایەن "داعش"ەوە.

## ڕەنگدانەوەی پێگەی سووریا لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە سووریا

بە هۆی ئەوەی تورکیا ناتوانێت خۆی لەو گۆڕانکارییانەی لە سووریا ڕوو دەدەن، بە دوور بگرێت، بۆیە ئەوە وای لە تورکیا کرد لە دوای ٢٠١١ هەنگاوی جیاواز بەرامبەر بە سووریا بگرێتە بەر؛ چونکە تورکیا لەژێر تیۆریی "قووڵایی ستراتیژی" هەنگاوی دەنا، بۆ ئەوەی هەر گۆڕانکارییەک لە سووریا ڕوو بدات، لە بەرژەوەندیی تورکیا بێت. گرنگترین قۆناغەکان بریتین لە:

١- **قۆناغی ئامۆژگاریکردن:** لە سەرەتای شۆڕشی سووریا لە ٢٠١١، تورکیا ئەم هەنگاوەی گرتە بەر، بۆ ئەوەی یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزێت و، ئەوگۆڕانکارییانەی لە سووریا ڕوو دەدەن نەبێتە هۆی دابەشبوونی سووریا؛ ئەمەیش لە ڕێگەی ئەوەی سەرۆکی سووریا داواکاریی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات. بە شێوەیەک وەزیری دەرەوەی ئەوکات، "ئەحمەد داوود ئۆغلۆ"، لە ٦ - ٤ - ٢٠١١، سەردانی سووریای کرد و لەو سەردانەدا پەیامی ئامۆژگاریی "ئەردۆغان"ی گەیاندە "بەشار ئەسەد"، بەو پێیەی کە بۆ هێورکردنەوەی خۆپیشاندەران، پێویستە "ئەسەد"

چاکسازی بکات؛ بەڵام لەم هەنگاوەدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە "ئەسەد" هیچ چاکسازییەکی ئەنجام نەدا، وا لە خۆپیشاندەران بکات واز لە داواکارییەکانیان بهێنن. تورکیا هەنگاوی دووەمی گرتە بەر.

٢- **پاڵپشتیکردنی ئۆپۆزیسیۆن**: دوای ئەوەی لە قۆناغی یەکەمدا تورکیا سەرکەوتوو نەبوو، هەنگاوی دووەمی گرتە بەر؛ بە شێوەیەک یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆنە سوننە عەرەبەکانی سووریای دەدا بۆ ئەوەی ڕژێمی سووریا لە دەسەڵات نەمێنێت. تورکیا یارمەتیی لۆجستیی زۆری پێشکەش بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کرد، تا گەیشتە ئەو ڕاددەیەی کە جێگەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریای لە خاکی خۆی کردەوە. هەروەها چەند کۆنگرەیەکی بۆ ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا ڕێک خست؛ گرنگترینیان بە ناوی "مؤتمر السوری للتغییر" ٢٠١١. هەموو ئەو هەنگاوانەی تورکیا لە پێناو ئەوە بوو، کە گۆڕانکارییەکان لە سووریا ڕوو بدات و "ئەسەد" دەسەڵات جێ بهێڵێت. هەر یەکە لە ڕووسیا و ئەمریکا دەستوەردانیان کرد؛ ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی تورکیا نەتوانێت ئەم هەنگاوەیش جێبەجێ بکات.

٣- **چارەسەری سیاسی**: دوای ئەوەی تورکیا لە هەنگاوی دووەمدا سەرکەوتوو نەبوو، پەنای بۆ هەنگاوی سێیەم برد. تورکیا بۆی ڕوون بووەوە ناتوانێت لە ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە گوشار بخاتە سەر بەشار ئەسەد دەسەڵات جێ بهێڵێت، بە هۆی ئەوەی بەشێک لە دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی پاڵپشتیی مانەوەی بەشار ئەسەد دەکەن، بەتایبەت "ڕووسیا" و "ئێران". بۆیە هەوڵی دا بە ڕێگەی سیاسییانە پرسی سووریا چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی "دەوڵەتی کوردی" دروست نەبێت؛ چونکە ئەگەر ئەم هەنگاوەی لەم قۆناغەدا نەگرتبووایە بەر، ئەوا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە پاڵپشتیی ڕژێمی سووریا دەکە، تووشی ململانێ دەبوو.

٤- **قۆناغی دەستوەردانی سەربازی**: ئەم قۆناغە دوای ئەوە هات کە تورکیا ترسی زیاتری بۆ دروست بوو، چونکە هێزە کوردییەکان، بەتایبەت "پەیەدە" و "یەپەگە" (باڵی سەربازیی پەیەدە) نەیانتوانی خۆیان لە سیاسەتەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە دوور بگرن. ئەمە لە لایەک؛ لە لایەکی تر، ترسی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا؛ هەر بەو هۆیەوە تورکیا نزیکەی (٨٥١) گومانلێکراوی بە تۆمەتی تیرۆریستی دەستگیر کرد و، هەروەها تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی، تورکیا ناوچەی ئارام لەسەر سنوور دروست بکات، لە بەرامبەردا ڕێگە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بدات خاکی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر "داعش" بەکار بهێنێت؛ تا گەیشتە ئەو قۆناغەی تورکیا هێزی سەربازی بەکار بێنێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە هێزێکی هەرێمیی بەهێزە و ملکەچی هیچ لایەک نابێت، بەڵام بە شێوەیەکی



سەرچاوە Serchawe

قۆناغبەندی بریتین لە:

ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات: ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ٢٤ی ئابی ٢٠١٦ دەستی پێ کرد؛ بە شێوەیەک هێزی سەربازیی تورکیا چوونە ناو خاکی سووریا بۆ پاڵپشتیکردنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)؛ بە جۆرێک هێزی تورکیا بەرەو حەلەب و تەرابلس پێشڕەویی کرد و، توانی کۆنترۆڵی ناوچەی باب و ئەعزا بکات.

ئۆپەراسیۆنی چڵەزەیتون: ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ٢٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٨ کاتژمێر پێنجی ئێوارە دەستی پێ کرد. بەرپرسانی تورک ئەم دەستوەردانەیان بەگوێرەی ماددەی (٥١) نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەستوەردانێکی یاسایی ناو دەبرد و ئامانجی تورکیا لەم دەستوەردانە سەربازییە، بریتی بوو لەدوورخستنەوەی "یەکینەکانی پاراستنی گەل" (یەپەگە) لە عەفرین. لە ڕوانگەی تورکیاوە ئەمانە مەترسییان بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا دروست کردووە.

**ئۆپەراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی فورات**: ئەگەرچی ئەم ئۆپەراسیۆنە هێشتا دەستی پێ نەکردووە، بەڵام تورکیا ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی و، "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئەم ئۆپەراسیۆنە دوا دەخەن و، لە لایەکی ترەوە تورکیا بەردەوامە لە ناردنی هێزی سەربازیی زۆر بۆ سەر سنوور و، بۆ ئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنە ئامادەکاری دەکات.

### بۆچی تورکیا دەستوەردانی سەربازی لە سووریادا دەکات؟

پێش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی یەکەم، "ئەردۆغان" ئاماژەی بەوە کرد کە ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوام دەبن تا "منبج" ئازاد دەکەینەوە. بێ گومان لێرەدا چەند هۆکارێک هەن بۆ ئەوەی تورکیا بەردەوامی بە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی بدات لەناو خاکی سووریا:

١- **بوونی هێزە چەکدارە کوردییەکان، بەتایبەت "پەیەدە"** (پەیەدە حزبی یەکەمی سیاسییە لە سووریا و "یەپەگە" خۆیشی سەر بەو حزبەیە و باڵە سەربازییەکەیەتی) و "یەپەگە". لە ڕوانگەی تورکیاوە ئەم هێزانە باڵێکی

سەربازیی پەکەکەن؛ واتا سیاسەتەکانی پەکەکە جێبەجێ دەکەن. بۆیە دوورخستنەوە، یان بێهێزکردنی ئەم هێزانە، شکستهێنانە بە دروستکردنی پەناگەیەکی تری پەکەکە و، ڕێگری لە دروستبوونی قەندیلێکی تر دەکات.

٢- **دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان** بە هەموو شێوەیەک لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت لە سیاسەتی تورکیادا جێگەی قبووڵ نییە. بۆیە ئەگەر هێزە کوردییەکان بەهێز بن و بگەن بە ئاوی فورات، ئەوا ڕێگەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ئاسانتر دەبێت؛ بۆیە تورکیا ڕێگری لەم هەنگاوەیش دەکات.

٣- **پێشاندنی هێزی سەربازیی خۆی بەرامبەر بە کاراکتەرە هەرێمییەکان،** بەتایبەت ئێران، کە سەرکردایەتیی شیعەمەزهەب دەکات. بۆیە دەیەوێت خۆی وەک کاراکتەرێکی هەرێمیی بەهێز نیشان بدات و، بیسەلمێنێت کە سەرکردایەتیی سوننەمەزهەب دەکات، کە تاوەکوو ئێستا نەیتوانیوە بیکات. بێ گومان تورکیا تەنیا لە سووریا دەتوانێت شکست بە بالی هیلالی شیعی بهێنێت.

٤- **لە ئەگەری گۆڕینی ڕژێمی سووریا و یان گۆڕینی سیستەم لە سووریا،** پێویستە تورکیا وەک کاراکتەرێک هەژمار بکرێت و، بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگیرێت؛ چونکە ئەگەر بێت و تورکیا نفووزی نەبێت لە سووریا، ئەوا بەرژەوەندیی ئابووری، سیاسی و ئاسایشییەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە.

٥- **لە ڕوویەکی ترەوە "ئەردۆغان"** هەوڵی ئەوە دەدا بارگرژی و گرفتە نێوخۆییەکان لە ڕێگەی دەستوەردانی دەرەکییەوە چارەسەر بکات، بۆ ئەوەی لایەنەکان و هێزە سەربازییەکان بیر لە هەڕەشەکانی دەرەوە بکەنەوە؛ بە شێوەیەک کە ئەولەوییەت بە ئاسایشی نیشتمانی دەدات. ئەمەیش وا دەکات "ئەردۆغان " لە ئەگەری دووبارە ئەنجامدانەوەی کودەتا پارێزراو بێت.

٦- **بەگوێرەی تیۆرییە ستراتیژییەکان،** جیۆپۆلیتیکی سووریا بە شێوەیەکە کە دەکەوێتە نیوەڕاستی " دڵی زەوی"، هەروەها لەسەر ئاوە گەرمەکانە. بۆیە هەر دەوڵەتێک دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا بگرێت، دەتوانێت خەونەکانی بەدی بهێنێت و، خەونی "ئەردۆغان" بنیاتنانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە بە شێوازێکی نوێ؛ بۆیە پێویستی بەم ناوچەیە هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

**داهاتووی تورکیا لەژێر دەستوەردانە سەربازییەکاندا، دوو ئەگەرمان دەخاتە بەردەم:**

**ئەگەری یەکەم:** بریتییە لە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی "ئەردۆغان"، چونکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی زۆر دەبێتەوە. ئەمە لە لایەک؛ لە لایەکی ترەوە ململانێی نێوخۆیی لەنێو حزبی داد و گەشەپێدان هەیە؛ بە جۆرێک هەست بەوە دەکرێت دەسەڵاتی تاکڕەوی "ئەردۆغان" ڕێگە بە کەسانی تر نادات دەستیان لە بڕیارە سیاسییەکاندا هەبێت. بینیمان هەر یەکە لە "عەبدوڵڵا گوڵ" و "داوود ئۆغلۆ" وازیان لە ئاکەپە و دەسەڵات هێنا. هەروەها ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکانی تورکیا قووڵتر دەبێتەوە و، دەگات بە قۆناغێک "ئەردۆغان" متمانەی هاونیشتمانیان لەدەست دەدات و بۆ جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەر ناکەوێت.

**ئەگەری دووەم:** مانەوەی ئەردۆغان. ئەم ئەگەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "ئەردۆغان" سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی "ترامپ" لە تورکیا جێبەجێ دەکات کە بریتییە لە دروستکردنی ململانێی زیاتر لە سووریا؛ چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەر شوێنێک گەر نەیشتوانێت بەتەنیا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەوە هەوڵی ئەوە دەدات زیاتر ئاڵۆزی دروست بکات؛ بۆ نموونە: سووریا، یەمەن، عێراق و... . هەر بۆیە لە سەرەتادا ئەمریکا پشتگیریی لە هێزە کوردییەکان دەکرد و، لە هەموو ئۆپەراسیۆنەکاندا تورکیای لە مەترسییەکانی دەستوەردانی سەربازیی ئەو وڵاتە لە سووریا ئاگادار دەکردەوە، بەڵام دواجار هەر بێدەنگ دەبوون؛ تەنانەت گەیشتە ئەو قۆناغەی، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بدات لە سووریا. ئەمەیش دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆز بوونی سووریا و، دووبارە زیندووبوونەوەی هێزە توندڕەوەکان، لەنێویاندا "داعش".

**داهاتووی کوردستانی ڕۆژاوا لەو نێوەندەدا!**

گەر ئاوڕێک لە مێژووی کورد بدەینەوە، لە هەموو قۆناغە هەستیارەکاندا ئەمریکا پشتی لە کورد کردووە و یارمەتیی نەداوە؛ هەر لە ڕێککەوتننامەی "جەزائیر" (١٩٧٥) بگرە، تا ١٦ی ئۆکتۆبەر و، بە دوای ئەمانەیش پشتی لە کوردی ڕۆژاوا کرد و، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دا. ئەمەیش دەرخەری ئەوەیە ئەمریکا ڕاستگۆ نەبووە لەو بەڵێنانەی کە بە کوردی داوە، کە پێشتر ئاماژەی بەوە دەدا ڕێگە بە هیچ لایەن و هێزێک نادەین هێرش بکەنە سەر کوردەکان، بەتایبەت "منبج و عەفرین"؛ بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گڵۆپی سەوزی بۆ



سەرچاوە Serchawe

تورکیا هەڵکرد! ئەمە لە لایەک و، لە لایەکی ترەوە کوردانی ڕۆژاوایش وەک هەموو کوردانی پارچەکانی تر، نەیانتوانی یەکهەڵوێست و یەکگرتوو بن؛ بۆیە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت خەونەکانی کورد لەناو ببردرێت و، هەموو ئەو ئەگەرانە ئەوەمان پێ دەڵێن، کە داهاتووی کورد لە ڕۆژاوا بەرەو خراپی دەچێت. تەنانەت ئەو مافانەی کە لە ڕەشنووسی دەستووری سووریادا سەبارەت بە کورد نووسراوە، کە لە لایەن "ڕووسیا" ئامادە کراوە، ئەگەری ئەوەی هەیە ئەو مافانەیشیان پێ نەدرێت و بگەڕێنەوە بۆ خاڵی "سفر"؛ واتا دەگەڕێنەوە ژێر هێژموونی ڕژێمی سووریا

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ٨ی جانێوێری ٢٠١٩

## ڕۆژاڤا پاش بڕیارەکەی ترەمپ



**د. نەوزاد هێتوتی**

پاش ئەوەی ئەمریکییەکان دەستبەرداری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننی بوون لە سووریا، بیریان لە سوودوەرگرتن لە هێزی یەپەگە کردەوە، وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ شەڕی دژی داعش.

بەرپرسانی ئەمریکا پێیان وابوو کە بۆ لەناوبردنی داعش لە عێراق، زۆر گرنگە بەرەیەکی تری شەڕ لە سووریا دژی ئەم گرووپە بکرێتەوە. ئەمەش سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی سەربازی بوو لەنێوان ئەمریکا و یەپەگە. ئەم ستراتیژەی ئەمریکا توانی سەرکەوتنی گەورە لە ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچەکانی باکووری سووریا تۆمار بکات و داعش تووشی شکستی گەورە بکات.

بەڵام ئەوەی بەردەوام لە ناوەندە سیاسی و ئەکادیمییەکاندا جێگەی پرسیار و گومان بووە، ئەوە بووە کە ئەمریکا هیچ پرۆژەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە سووریا نەبووە و تەنیا لە روانگەیەکی سەربازی و بۆ تێکشکاندنی داعش پەیوەندییان لەگەڵ یەپەگە سازکردووە. ئەمەش بەپێچەوانەی خواست و داواکارییەکانی کورد بووە کە دەیانەوێت ئەمریکا لە ڕوانگەیەکی سیاسی و ستراتیژیی درێژخایەنەوە سەیری پرسی کورد بکات. ئەمریکییەکان لە زۆربەی لێدوانەکانیاندا زۆر بە راشکاوی ئاماژەیان بەوە کردووە کە پەیوەندییان لەگەڵ یەپەگە پەیوەندییەکی کاتی و تاکتیکییە و مەبەستی سەرەکیش لەوە تێکشکاندنی داعشە. بۆیە هیچ کاتێک، هیچ بەرپرسێکی ئەمریکی بە ئاشکرا باسی ئەوەی نەکردووە کە پاڵپشتی لە کیانێکی سیاسی کوردی لە رۆژئاڤا دەکەن.

ئەوەی زیاتر ئەم ڕوانگەیەی ئەمریکای سەلماند، بڕیاری لەناکاوی ئیدارەی ترەمپ بوو لە ١٩ی دیسەمبەری ٢٠١٨، بۆ کشانەوەی بەپەلەی تەواوی هێزەکانی لە سووریا، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ چارەنووسی کورد و رۆژئاوای کوردستان بکات، یان قسەیەک لەگەڵ بەرپرسەکانی کورد بکات.

بەتایبەت لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا، کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەی راستەقینە دەبێتەوە و ئەگەری زۆر هەیە لەلایەن تورکیا، رژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی و داعشەوە هێرشیان بکرێتە سەر و هەوڵی داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستان بدەن.

ئەم بڕیارە لەناکاوەی ترەمپ، ڕووبەڕووی شەپۆلێکی فراوانی گلەیی و ناڕەزایەتی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا و لەسەر ئاستی دەرەکی، بەتایبەت لەلایەن هاوپەیمانەکانی بووەوە. زۆربەی گلەیی و ڕەخنەکان بەو ئاراستەیە بوون کە ئەم بڕیارە، لە دەرەوەی ڕاوێژکردن بە بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا وەک وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، کۆنگرێس و هەروەها دۆستەکانی لە ناوچەکەدا دراوە.

لەلایەکی تریشەوە، ئەم بڕیارە، دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنە نەیارەکانی ئەمریکا، بەتایبەت ئێران، رووسیا و ئەسەد بەهێزتر ببن و دەبنە تاکە هێزی بڕیاردەر لە گەمەی سیاسی و سەربازیی سووریادا و تەنانەت کاریگەری دەکاتە سەر گۆڕینی هاوسەنگی لە بەرژەوەندیی ئێران لە تەواوی ناوچەکەدا. وێڕای ئەوەی زۆربەی چاودێران پێیانوابووە کە ئەم هەنگاوەی ترەمپ، دەبێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوەی داعش کە هێشتا بە تەواوەتی لە سووریا تێکنەشکاوە و دەتوانێت دووبارە خۆی رێکبخاتەوە. هەروەها بەشێکی زۆر لە بەرپرس و سیاسییەکانی



سەرچاوە
Serchawe

ئەمریکا و تەنانەت میدیاکانیان، ئەم سیاسەتەی ترەمپیان بە خیانەت لە کورد پێناسە کرد و پێیانوابوو کە کورد نزیکترین دۆست و هاوبەشی ئەمریکان لە ناوچەکەدا و قوربانییەکی زۆریان داوە لە شەڕی دژی داعش و نابێت بەو ئاسانییە پشتیان تێبکەین.

گوشارەکان ترەمپیان ناچار کرد کە سەبارەت بە چۆنێتی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا نەرمی پێشان بدات و رازی بێت بەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بە بەرنامە پاشەکشە بکەن. بەشێوەیەک وەک سیناتۆری کۆمارییەکان گراهام ئاماژەی پێکردووە، گەرەنتی سێ خاڵی سەرەکی بکات:

**یەکەم**: دڵنیابوون لە تێکشکاندنی هەمیشەیی داعش.
**دووەم**: ئێران ئەو بۆشاییەی پاش کشانەوەی ئەمریکا پڕناکاتەوە. سێیەم کشانەوەکە بەشێوەیەک بێت زیان بە کورد نەگەیەنێت و پارێزراو بن.

ترمپ لە دووی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ بەشێک لە قسەکانی گراهامی پشتڕاست کردەوە، وێڕای جەختکردن لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەکشێنێتەوە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کورد دەپارێزن.

هەرچەندە لێدوانەکانی لیندسی گراهام و ترەمپ بۆ پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان جۆرێک لە گەشبینی دروست کردووە، بە تایبەت بێ پاڵپشتی ئەمریکا، ڕۆژئاوای کوردستان هیچ بژارەیەکی لەبەردەمدا نییە و ناچارە بۆ رێگری لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی عەفرین روو لە رژێمی ئەسەد و رووسیا بکات. بێگومان ئەمەش وادەکات کە کورد لە پێگەیەکی لاوازەوە گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی ئەسەد بکات و پێناچێ دیمەشقیش ئامادە بێت دان بە کیانێکی کوردیدا بنێت.

بەڵام ئەوەی راستی بێت هێزەکانی ئەمریکا چ بەشێوەیەکی خێرا یاخود لەسەرخۆ لە سووریا بکێشنەوە، مەسەلەی پاراستنی کورد وەک ترەمپ ئاماژەی بۆ دەکات، زۆر گومان و پرسیار هەڵدەگرێت. بە تایبەت لە کاتێکدا کە ئەمریکا هیچ پرۆژەیەکی سیاسی نییە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، چۆن و بە چ شێوەیەک دوای کشاندنەوەی هێزەکانی، دەتوانێت کورد بپارێزێ؟ ئایا ئەمریکا ئامادەیە ناوچەی دژەفڕین لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات، یان لە رێگەی هێزی ئاسمانییەوە پاڵپشتیی کورد بکات؟ بەتایبەت کە رووسیا بەتوندی دژی هەر جۆرە پرۆژەیەکی لەو

جۆرەیە و ئامادەیە لە ئەنجوومەنی ئاسایش ڤێتۆ لەدژی بەکاربهێنێ. ئەمە بەدەر لەوەی ناوچەی دژەفڕین پارەیەکی زۆری تێدەچێت، کێ ئەو خەرجییە لەئەستۆ دەگرێت؟ یان هەندێک سەرچاوە باسی ئەگەری دورستکردنی ناوچەی دابڕاو دەکەن، بەڵام دیار نییە بەبێ هێزەکانی ئەمریکا ئەم ناوچە دابڕاوە چۆن دروست دەکرێت و کام هێز ئەم ناوچەیە دەپارێزێ؟

بەڕاستی ئەو پرسیارەش هەیە، ئەمریکا ناتوانێت هەتا هەتایە کورد بپارێزێ، کەوایە بۆچی پێش کشانەوەی لە سووریا، پێگەی سەربازی و سیاسیی خۆی بەکارناهێنێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و تەنانەت قەیرانی سووریا بەگشتی، بە شێوەیەک کۆتایی بە شەڕی خوێناوی لەو وڵاتە بهێنێ؟.. بۆچی ئەم پرسە بۆ رووسیا، ئێران و ئەسەد و تورکیا بەجێدەهێڵێ، لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتانە هیچ دیفاکتۆیەکی کوردی قەبوڵ ناکەن؟

بۆیە ئەمریکا بە شێوەیەکی خێرا بکشێتەوە یان لەسەرخۆ، بۆ رۆژئاوای کوردستان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە پاڵپشتیی کورد نەکات و کار نەکات بۆ چارەسەری پرسی کرد لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵی یان هەر فۆرمێکی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٩ی جانیوێری ٢٠١٩





کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٨ی کوردی = جانیۆیری ٢٠١٩ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe